# کۆمپانیایەکی نەوت 200 ملیۆن دۆلار بۆ گەرمیان خەرجدەکات



**تایبەت بە رووداو**

د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت لە کوردستاندا سوودێکی زۆریان بۆ خەڵکی کوردستان هەیەو گوتی "یەکێک لەو کۆمپانیا بیانیانە 200 ملیۆن دۆلار لەسەر ئەرکی خۆی بۆ گەرمیان خەرجدەکات". ناوبراو ئاشکرایکرد کە25 گرێبەستی نەوتیان لەگەڵ 30 کۆمپانیای جیهان مۆرکردووەو، بەبێ مەترسی تەنیا 4%ی سوودی پرۆژەکان بۆ ئەوانە و، گوتی ئێستا هەرێمی کوردستان توانای ناردنە دەرەوەی 100 هەزار بەرمیلی هەیە و لە چوار ساڵی داهاتوودا دەبێتە 1 ملیۆن بەرمیل، پێشبینیش دەکات بەمزووانە لەگەڵ بەغدا بگەنە رێککەوتن بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت.

8 »

# لەعێراق ژنان 3 ملیۆن خێزان بەخێودەکەن



**رووداو-بەغدا**

"ئەگەر خێرو سەدەقەی هاوسێکانمان نەبووایە، خۆم و هەردوو منداڵەکە دەمردین"، ئوم ئەحمەد، مێردەکەی و کورە تاقانەکەی لە رووداوی تەقینەوەی خۆکوژی لەدەستداوە، بووکەکەشی دوو منداڵی کورەکەی بەسەردا جێهێشتووە و چووەتەوە ماڵی باوکی.
ئەو نووسراوێکی بەدەستەوەیەو لەبەردەم چاودێری کۆمەڵایەتی وەستاوە تاوەکو مووچەیەکی بۆ ببڕنەوە، بەڵام تا ئێستا هیچی بۆ نەکراوە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ، نزیکەی 3 ملیۆن خێزان لەعێراقدا هەن، کە بەخێوکردنیان کەوتووەتە ئەستۆی ئافرەتان، کە زۆربەیان پیاوەکانیان لە جەنگە زۆرەکانی سەدام، یان لەتەقینەوەو کارە توندوتیژییەکانی پاش ساڵی 2003 لەدەستداوە.

12 »

# پارتی هەست بە بەشخوراوی دەکات



**تایبەت بە رووداو**

ئاسۆ عەلی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی سەر بە باڵی ریفۆرم، کە هەمیشە رەخنەی لە رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی هەبووە، لەبەر ئەوەی پێیوابووە، پارتی برا گەورەیی و یەکێتیش برا بچووکی لەو رێککەوتنەدا بەرکەوتووە. بە (رووداو)ی راگەیاند ئەمجارە دوای راگەیاندنی دروستبوونی لیستی نەوشیروان مستەفا و وەکیەکی کورسییەکانی لەگەڵ یەکێتی دا لە لیستی هاوبەش دا " پارتی هەست بەجۆرێک لەبەشخوراوی دەکات"، گوتیشی لەبەرامبەردا لەوانەیە پارتی داوای کورسی زیاتر لە یەکێتی بکات، بەڵام ئەو پێیوایە لەبەرامبەردا " یەکێتی ئامادە بێت دوای هەڵبژاردنیش سەرۆکایەتی حکومەت بۆ نێچیرڤان بارزانی بهێڵێتەوە".

3 »

Rûdaw
رووداو
ژمارە (51)
دووشەممە 2009/4/13
24ی نەورۆز 2709
(750) دینار
www.rudaw.net

## سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵلا گول بۆ (رووداو):

# دەبێ کێشەکانی نێوان ئیدارەی کوردی و بەغدا پێش هەمووشتێک چارەسەربکرێن

**تایبەت بە رووداو**

سەرۆک کۆماری تورکیا لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداو)دا رایگەیاند کە حکومەتی کوردستان لەو چەند مانگەی دواییدا هەنگاوی باشی ناوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی PKK و پێشنیازەکانی مام جەلالی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە کەرکووک بە "باش" وەسفکردن.

> **ئیدارەی کوردی هەنگاوی باشی هاویشتووە بۆ رووبەڕووبوونەوەی PKK**

عەبدوڵلا گول، سەرۆک کۆماری تورکیا، لەکاتی پێشوازیکردنی لە 12 رۆژنامەنووس لە رۆژی 2009/4/11 لە ئیستەنبوڵ، کە هاوکارمان نورەدین وەیسی تێیدا بەشداربوو، وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسانی دایەوە. عەبدوڵلا گول هەفتەی رابردوو رایگەیاند، ئەگەرعێراق ناتوانێ هێرشبکاتە سەر پارتی کرێکارانی کوردستان PKK ئەوا تورکیا ئامادەیە ئەوە بکات. لەوبارەوە لە وەڵامی پرسیارێکی (رووداو) کە ئایا ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە بەنیازن هێرشبکەنە ناو خاکی عێراق، عەبدوڵلا گول گوتی " ئێمە ئەوە لە عێراق چاوەڕێ دەکەین کە ئەم پرسە یەکلابکاتەوە"، هەروەها گوتیشی ئەو رێکخراوە زیان بە کورد دەگەیێنێ، چونکە ئەوە پێچەوانەی دەستووری عێراقیشە کە " دەزانن رێکخراوە تیرۆریستییەکان لە باکووری عێراقدا و لەناوخاکی کوردیدا هەن و لەوێوە هێرش دەکەنە سەر تورکیا". گوتیشی "لەوانەیە عێراقییەکان بڵێن راستە ئەوان لەسەر خاکی ئێمەن، بەڵام ئێمە ناتوانین هیچ شتێکیان بەرامبەر بکەین چونکە ئەوانە لەناوچەیەکدان کە لە ژێر کۆنترۆڵی کەسدا نییە، لەوانەیە عێراقییەکان پێمان بڵێن ئێمە ناتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین ئێوە وەرن خۆتان تاقی بکەنەوە، بێگومان ئەوکاتە ئێمە بەشداری دەکەین". بەڵام لەهەمانکاتیشدا گوتی "رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر تەنها بەچەک ناکرێت". سەبارەت بە هەنگاوەکانی حکومەتی



عەبدوڵلا گول، سەرۆک کۆماری تورکیا (فۆتۆ: رووداو)

هەرێمی کوردستانیش گوتی " ئێمە پێمانوایە لەم چەند مانگەی دوایی هەنگاوی باش نراوە چ لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراق بێت چ لەلایەن ئیدارەی کورد بێت لە باکووری عێراق. عێراقییەکان و سەرکردایەتی کورد لەباکووری عێراق هەستیان کردووە ئەو مەسەلەیە بۆ هەموو لایەک خراپە و زیان بە هەمووان دەگەیێنێت، بۆیە دەستیان بە گرتنەبەری هەندێک رێوشوێن کردووە".
سەبارەت بە کێشەی کەرکووکیش گوتی، ئەوە یەکێکە لەو کێشانەی "کەپێویستە بەر لە هەموو شتێک چارەسەر بکرێ"، ئەو سێ خاڵەشی بەو شێوەیە ریزکرد " خاڵی یەکەم بریتییە لە دابەشکردنی داهات و یاسای نەوت وگاز، خاڵی دووەم بریتییە لەو گرژییەی لە نێوان ئیدارەی کوردی لەباکووری عێراق وحکومەتی ناوەندی هەیە. خاڵی سێیەمیش پرسی کەرکووکە". لەو بوارەشدا گوتی نابێ کەس بە پاوانخوازی کێشەی کەرکووک چارەسەربکات و پێشنیازەکانی مام جەلالی سەرۆک کۆماری عێراقی بە باش وەسفکردن و گوتی" بەڕێز سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی چەند تێبینییەکی باشی دەربڕیوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە کەرکووک".

6 »



**د. فوئاد مەعسوم: یەکێتی هەڵوێست بەرامبەر لیست دروستکردنی نەوشیروان مستەفا وەردەگرێت**

## ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی :

# لێدوانەکەی نەوشیروان وەڵامدانەوەی هەڕەشەکانی د.بەرهەم و کۆسرەت و مەلا بەختیار بوو

**رووداو- سلێمانی**

فەرید ئەسەسەرد بە (رووداو)ی راگەیاند یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی کە نەوشیروان مستەفا مەکتەبی سیاسی بە ئەنجوومەنی قیادەی سەورەی سەردەمی بەعس شوبهاند، لێدوانەکانی پێشتری کۆسرەت رەسوڵ و بەرهەم ساڵح و مەلابەختیار بوون کە " بە ناوەڕۆک هەڕەشە لە نەوشیروان مستەفا کراوە، بەبێ ناوهێنانی".
نەوشیروان مستەفا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (الشرق الاوسط)، رایگەیاند بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و بەتووندی هێرشیکردە سەر خۆسەپاندنی حیزب بەسەر کاروباری حکومەتدا وگوتی " مەکتەبی سیاسی حیزب وەک مەجلیس قیادە سەورەی سەردەمی پێشووی لێهاتووەو هەمان رۆڵ دەگێرێت". لەهەمانکاتدا کاتێک رۆژنامەکە لێیدەپرسێ: ئایا لەرووی یاساییەوە دەکرێ بە لیستێکی جیاواز لە یەکێتی بەشداری هەڵبژاردن بکەن لەکاتێکدا ئێوە هێشتا یەکێکن لە ئەندامە دیارەکانی، ئایا ئەوە ناکۆک نییە لەگەڵ پەیرەوی ناوخۆی یەکێتی؟ نەوشیروان مستەفا دەڵێ " لە رووی یاساییەوە بۆمان هەیە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکەین، هەروەک چۆن ئەندامانی هەموو حیزبێک مافی ئەوەیان هەیە لیستی جیاواز لە لیستی حیزبەکانیان دروستبکەن".
بەڵام د.فوئاد مەعسوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند" هەر ئەندامێکی یەکێتی لیست دروستبکات، لەیەکێتیدا نامێنێت، چونکە حیزب یەک لیستی دەبێت و ئەگەر بووە دوو لیست ئەویتری لەدەرەوەی حیزبە". د.فوئاد مەعسوم هەرچەندە دەڵێ کە ئەو لیستە کاریگەری گەورەی لەسەر یەکێتی نابێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێ یەکێتی لەبەرامبەر ئەو لیست دروستکردنە بەرامبەر سەرکردە دابڕاوەکانیان کە ئێستا لە کۆمپانیای وشەن هەڵوێستێک وەردەگرێت " چونکە هیچ حیزبێک قبوڵناکات کەسانێک لەنێو حیزبەکەیدا بن و لیستێکی دیکەیان هەبێت، ئەوە قاعیدەیەکی گشتییە".
لەلایەکی دیکەوە، فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی لێدوانەکەی نەوشیروان مستەفا، ئەو قسە و وتارانەن کە پێشتر لەلایەن بەرپرسانی یەکێتییەوە لەسەر نەوشیروان مستەفا دراون" لێدوانەکانی هەردوو جێگرەکەی سکرتێری گشتی، لە 2009/3/19 لەیادی رادیۆی گەلی کوردستان و کۆبوونەوە لەگەڵ گەنجان لە هەولێر، یەکێک لە هۆکارەکان بوون، چونکە لە ناوەڕۆکیاندا تۆزێک هەڕەشە کراوەتە سەر نەوشیروان مستەفا، بەبێ ناوهێنانی".
رۆژی 2009/4/4 لە هۆڵی تەلاری هونەر، کۆسرەت رەسوڵ و مەلا بەختیار و ئەرسەلان بایز، لەگەڵ خوێندکارانی سلێمانی کۆبوونەوەو مەلا بەختیار لەو کۆبوونەوەیەدا پارچە شیعرێکی خوێندەوە "خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشیرەتی جافا، مێرولە واچاکە نەچێت بەگژ قولەی قافا"، فەرید ئەسەسەر پێیوایە "ئەو وتەیەی مەلا بەختیار، گرژییەکەی زیاتر کرد، کاردانەوەی نەوشیروانیش ئەوەبوو".
بەڵام لەهەمانکدا گوتی هەر هۆکارێک هەبێت، ئەم لێدوانانە دروست نین"خۆزگە نەگەیشتبایەتە ئەو رادەیە، لەهەموو بوارێکدا هیچ دەزگایەک لەناو هیچ حیزبێکی کوردستانیدا ناکرێت بەمەجلیسی قیادەی سەورە بشوبهێندرێت، چونکە حیزبی بەعس هەموومان دەزانین چ رەفتار و سیاسەتێکی هەبوو".

3 »

## سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی:

# هەندێک لە پەرلەمانتاران تەنیا بۆ مووچە وەرگرتن لە پەرلەمانن

**رووداو-هەولێر**

جەعفەر ئیمینکی، سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی رەخنەی لە کاری پەرلەمانی کوردستان گرت کە لاوازی هەبووەو، گوتی "هەندێک لە پەرلەمانتاران تەنیا بۆ مووچە وەرگرتن لە پەرلەمان بوون".
ناوبراو لە بارەی کاندیدەکانی پارتی بۆ ئەو خوولەی هەڵبژاردن گوتی "هەوڵمانداوە زیاتر کەسانی ئەکادیمی و تەکنۆکرات و تەشریعی ببەینە پەرلەمان، چونکە پەرلەمان لەو خوولەدا کاری تەشریعی زۆری لەبەردەمدایە". ناوبراو ئاشکراشیکرد کە رەنگە پارتی بەشێک لە پەرلەمانتارانی ئەو خوولە بۆ خولی داهاتوو هەڵبژێرێتەوە"بەتایبەتی ئەوانەی ئەزموونیان لە پەرلەمان زۆرە".
جەعفەر ئیمینکی راشیگەیاند ئامادەسازی تەواویان کردووە بۆ هەڵبژاردن و، لقەکانی پارتیش راسپێردراون تا کاندید لە سنووری لقەکانیان دەستنیشانبکەن "دوای ئەوەی ناوەکان لە لقەکانەوە بەرز دەکرێنەوە بۆ مەکتەبی سیاسی، لەوێ کاندیدەکان دەستنیشاندەکرێن".
هەروەها شۆرش ئیسماعیل، لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند کە پرۆژەیەکیان پێشکەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووە و داوایان کردووە کاندیدەکانی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە لە بڕوانامەی ماستەر کەمتریان نەبێ و چەند زمانێکیش بزانن.

7 »

## حکومەتی کوردستان پارەی نییە

# بەغدا دابینکردنی بودجەی هەڵبژاردن رەتدەکاتەوە

**تایبەت بەرووداو**

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە وەڵامی نووسراوێکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە 2009/3/19دا، دەڵێ ئێمە خەرجی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان نادەین. هەرچەندە بەپێی هەندێ سەرچاوە بەغدا رازیبووە لە سەر دابینکردنی پارەکە، بەڵام ئەندامێکی کۆمسیۆنی باڵا بە (رووداو)ی راگەیاند " هیچ وەڵامێکی تازەمان بەفەرمی وەرنەگرتووە".
دوای داوایەکی فەرمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کە داوای دابینکردنی 37 ملیۆن دۆلاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان کردبوو دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بە نووسراوی ژمارە 98/1/2ی رۆژی 2009/3/19 ئەو داوایەی رەتکردووەتەوەو، دەڵێ دەبێ بودجەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەسەر 17%ی پشکی کوردستان بدرێ، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیدات.
سامی ئەترۆشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق، دەڵێت پێویستە حکومەتی ناوەندی بودجەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دابین بکات "لەبەرئەوەی یەک کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن هەیە لە عێراق، ئەگەر هەرێمی کوردستان کۆمسیۆنێکی سەربەخۆیان دروستکرد ئەوکات دەبێت هەرێمی کوردستان بیدات". هەروەها د.عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەرێمی کوردستان کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن روونیکردەوە کە گرفتی سەرەکییان بودجەیە، لەبەر ئەوەی ئیشەکە بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سپێردراوە، لەرووی یاساییەوە واپێویست بوو کە ئەو پارەیە لەبەغدا تەرخان بکرێت، "بەڵام، چارەسەر ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی پارەکە تەرخانبکات".
سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، رایگەیاند دوای سەردانی بەرپرسی نووسینگەکانی کۆمسیۆن لە کوردستان بۆ عێراق، رۆژی 2009/4/13 دەستدەکرێ بە تۆمارکردنی ئەو قەوارانەی دەیانەوێ بەشداری هەڵبژاردن بکەن. ئەو ئەندامەی کۆمسیۆنی باڵا لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستا رازینەبووە لە سەر دانی پارەکە " حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەیی دەربڕیوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، بەڵام کێشەی نەبوونی سیولەی نەقدی هەیە، بەهۆی پەسەندنەکرانی بودجەی ئەمساڵی عێراق".

2 »

## زەکەریا بۆ (رووداو): راست نییە، ژنم نەهێناوە



ئەو وێنەیە لە ئەرشیفی زەکەریا عەبدوڵلاوە بەتایبەت دراوەتە (رووداو)

**تایبەت بە رووداو**

هونەرمەند زەکەریا عەبدوڵلا دەڵێ دەیەوێت پرۆژەیەکی نیشتەجێکردن بۆ گەنجان ئەنجامبدات و، لەهەمانکاتدا دەنگۆیەکانی ژنهێنانی خۆی رەتکردەوە.
ئەو هونەرمەندە کە لەگەڵ هاوپشکی دیکەدا خاوەنی پرۆژەی کۆمەڵگەی ناز سیتی (شوقەکانی زەکەریا)یە لە هەولێر، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ (رووداو)، لە وەڵامی ئەوەدا کە دەگوترێ بەنهێنی ژنی هێناوە دەڵێ " نەخێر راست نییە وکەسێکی دیاریکراو لە ژیانی مندا نییە، ئەوەی بیری لێ دەکەمەوە تەنها خۆشەویستی دایکمە".
هەر لەو هەڤپەیڤینەدا کە هاوکارمان (کارزان حەیدەر) ئەنجامیداوە، زەکەریا باسی زۆر تایبەتمەندی خۆی دەکات و، دەڵێ لەبەر خۆشەویستییەکەی بۆ دایکی، جگە لە وڵات هەموو سوێندەکانی بە دایکی دەخوات و دەڵێ " ئەگەر لە دەرەوەی کوردستان بم رۆژانە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکەم، ئەگەر لە کوردستانیش بم رۆژ نا رۆژێک سەردانی دەکەم، ئەگەر دەرفەتیشم زۆر کەم بێ. زۆر شەوانیش لای ئەو دەمێنمەوە. دایکم زۆر پیر بووە".
کۆمەڵگەی ناز سیتی کە تاوەکو ئێستا گەورەترین پرۆژەی نیشتەجێبوونی هاوچەرخە لە هەولێر، بەپێی راپۆرتێکی گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانی 7 وەزیر و 100 پەرلەمانتار تێیدا نیشتەجێن.
زەکەریا عەبدوڵلا کە هەوادارێکی زۆری هەیە لەنێو گەنجانی کوردستان، بە (رووداو)ی راگەیاند کە بیری لەوە کردووەتەوە پرۆژەیەکی تایبەتی نیشتەجێکردن کە پڕ ئاسانکاری بێت و گەنجان بتوانن ماڵی تێدا دابنێن، تایبەت بە گەنجان دروستبکات.

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە**

## ڕاپۆرتە هەواڵ

### کرێکارێکی کۆمپانیای جەنائین بەر کابیسەی زبڵ دەکەوێت



ڕوداو-هەولێر

ڕۆژی 2009/4/11 کرێکارێکی کۆمپانیای جەنائین بەناوی محەممەد زێوەر، لە کاتی کارەکەی لەگەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر کەوتە ناو یەکێک لە کابیسەکانی کۆکردنەوەی زبڵ و هەردوو ڕانەکانی و حەوزی شکا، دواتر گیانی لەدەستدا. پاشان شوفێری کابیسەکەش لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا. سەعید ئیسماعیل خۆشناو ڕاوێژکاری کۆمپانیای جەنائین ڕایگەیاند "کۆمپانیا بەگوێرەی ئەو گرێبەستەی لەگەڵ کرێکارەکەدا کردوویەتی ئامادەیە قەرەبووی کەسوکاری بکاتەوە".

## وەزارەتی کارەبا:

# ئەو هاوینە 22 کاتژمێر کارەبا دەبێ

ڕوداو-هەولێر

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند کە چوار یەکەی وێستگەی کارەبای چەمچەماڵ دەکەوێتە کارو بە کارەبای مۆلیدەوە دەتوانن ڕۆژانە 22 تا 24 کاژێر کارەبا بدەنە هاووڵاتیان. بەوشێوەیەش هاووڵاتیان دڵنیا دەکاتەوە کە هاوینێکی فێنکیان دەبێ.

هاووڵاتیان لە کوردستان پێش ئەوەی هاوین بێت دەکەونە خەمی بوونی کارەبا، لەبەر ئەو گەرمایەی لەو وەرزەدا بەسەر کوردستاندا دێت . بەڵام وەزارەتی کارەبا ئەمساڵ هەواڵی خۆشی لەلایە، کە جگە لە دڵخۆشی بۆ هاووڵاتیان دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ هاتنی وەبەرهێنەرانی بیانیش بۆ هەرێمی کوردستان.

لەسێ مانگی سەرەتای ئەمساڵ، تێکڕای کارەبای بەرهەمهاتوو لە وێستگەی کارەبای هەولێر 419 مێگاوات بووە، لەهەردوو وێستگەی دەربەندیخان و دووکان 21 مێگاوات، لە تۆڕی نیشتیمانی عێراق 119 مێگاوات، لە تورکیا 140 مێگاوات و لەئێرانیش 9.26 مێگاوات کارەبا بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە .

بەپێی گوتەی، دڵشاد محەممەد، ڕاوێژکاری وەزارەتی کارەبا، بەکەوتنە کاری ویستگەی کارەبایی 750 مێگاواتی چەمچەماڵ، کە بوودجەکەی 550 ملیۆن دۆلارە، کارەبایەکی زیاتر دەدرێتە هاووڵاتیان. کە بڕیارە ئەو هاوینە دوو یەکەی کە 120 میگاوات کارەبا بەرهەمبێنن لەکاردا بن .

دڵشاد محەممەد، بە (ڕوداو)ی ڕاگەیاند "لەماوەیەکی زۆر کورتدا یەکەیەکی وێستگەی کارەبای چەمچەماڵ دەکەوێتە کار، پاش ئەوەش بە ماوەی چوار هەفتە یەکەی دووەم دەکەوێتە کار، هەروەها کار لەیەکەی سێیەم و چوارەمیشدا بەردەوامەو پاش مانگی شەش ئەوانیش دەکەونە کار و یەکەی پێنجەم و شەشەمیش سەرەتای ساڵی ئایندە دەکەوێتە کارەوە" .

ڕاوێژکار و وتەبێژی وەزارەتی کارەبا، هەرچەندە ئاماژە بەوە دەکات کە کوردستان پێویستی بە1800 مێگاوات کارەبایە، بەڵام دووپاتیکردەوە کە هاوینی ئەمساڵ لەساڵی ڕابردوو باشتر دەبێت "ئەمساڵ نزیکەی 1000بۆ 1100 مێگاوات کارەبای خۆمان مسۆگەرە و بەو بڕە کارەبایەی کە لەتۆڕی نیشتیمانی عێراقەوە وەریدەگرین و بەو کارەبایەی لە وڵاتی تورکیاوە دێت بۆ دهۆک دەتوانین 80%ی پێویستی هەرێمی کوردستان لەکارەبا دابین بکەین" .

لەبارەی ژمارەی ئەو کاژێرانەی کارەباوە کە دەدرێنە هاووڵاتیان، دڵشاد محەممەد، دەڵێت" تاوەکو ئێستا 9 تاوەکو 10 کاژێر کارەبامان دابینکردووە، بۆ سێ مانگی داهاتوو بڕی کارەباکە دەبێتە 12 کاژێر، دوای مانگی شەش بەکەوتنە کاری یەکەکانی دیکەی ویستگەی چەمچەماڵ بڕەکە زیاتر دەبێ و دەتوانین بۆ هاوین بەمۆلیدە ئەهلییەکانەوە نزیکەی 22 بۆ 24 کاژێر کارەبا بدەینە هاووڵاتیان" .

وتەبێژی وەزارەتی کارەبا، ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لە هەڵگرتنی مۆلیدە ئەهلییەکان دەکەن وگوتی "هەتا دڵنیا نەبین لەدابینکردنی کارەبای تەواو بۆ هاووڵاتییان، هیچ بڕیارێک نادەین بۆ هەڵگرتنی موەلیدە ئەهلییەکان" .



## وەزیری پێشمەرگە:

# لە کوردستان هەر هێزێک لەدەرەوەی وەزارەت بمێنێتەوە بە میلیشیا دادەنرێ

ڕوداو- هەولێر

وەزیری پێشمەرگە ڕەتیکردەوە کە لەدوای یەکخستنەوەی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە هیچ هێزێک لەدەرەوەی وەزارەت بمێنێتەوەو ڕایگەیاند کە یەکخستنەوەی وەزارەتەکەیان لەو پرۆسەیەدا تەنیا هەنگاوی یەکەمە. گوتیشی "هەر هێزێک لەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا بمێنێتەوە بەمیلیشیا دادەنرێ" .

پێشتر دەنگۆی ئەوە هەبوو کە پارتی و یەکێتی هەندێک لەهێزەکانیان لەدەرەوەی وەزارەت دەهێڵنەوە، چونکە ژمارەی هێزەکانی ئێستای پێشمەرگە زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی وەزارەتی یەکگرتووی پێشمەرگە لەچوارچێوەی هێزەکانی پاسەوانی هەرێمدا دەتوانێ لەخۆیان بگرێ، بەتایبەتیش کە بودجەی وەزارەت دەکەوێتە سەر بودجەی وەزارەتی بەرگریی عێراق و دەبێت لەسەر ژمارەو قەبارەی ئەو هێزە لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەون . ئەو دەنگۆیەش کاتێک هاتەئارا کە ماوەیەکی کەم پێش ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە، مام جەلال بڕی 100 دۆلاری بۆ مووچەی پێشمەرگەکانی خۆی زیادکرد.

مستەفا چاوڕەش بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگەی یەکێتی، لەوبارەوە لە لیدوانێکدا بۆ (ڕوداو) گوتی "بەرنامەمان هەیە بۆ یەکخستنەوەی هەموو هێزی پێشمەرگەو هەرکاتێک ئەوەکرا جیاوازیی لەمووچەکانیاندا نامێنێ" . هەروەها ڕایگەیاند کە جارێ قسە لەسەر ئەوە نەکراوە هێزی چەکدار لەدەرەوەی وەزارەت دەمێنێ یان نا، گوتیشی "ئێمە ئەو وەزارەتەو ئەو حکومەتە بەهی هەموو کورد دەزانین و هی هیچ حیزبێک نییە، ئەگەر لەداهاتوو لەو هێزەی لەهەردوولا هەمانە، شتێک زیادە وەک هێزێکی یەدەک مایەوە لەدەرەوەی وەزارەت، بۆ شتێکی دیکە سوودی لێوەردەگرین" .

بەرپرسی مەڵبەندی ڕێکخستنی پێشمەرگە هەر لەوبارەوە گوتی "هەردوولا خەڵکێکی زۆرمان هەیەو ڕەنگە هەندێکیان ئیدی تەمەنیان بۆ ئەو کارە دەست نەدات، ناکرێ پاڵیان پێوەبنێین، ئەوانە وەک هێزێکی یەدەک و پشتیوان ڕەنگە بمێننەوە" .

بەڵام جەعفەر شێخ مستەفا وەزیری پێشمەرگە کە ڕۆژی 2009/4/6 لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان سوێندی یاسایی خوارد، ڕایگەیاند کە یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت تەنیا قۆناخی یەکەمەو دەبێ هەنگاوی دیکەی بەدوادابێت. گوتیشی "هەنگاوی دووەممان ئەوەیە کە هیچ هێزێک لەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە نامێنێ و هەموو هێزە چەکدارەکان دێنە ژێر فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە" .

شێخ جەعفەر جەختی لەوەکردەوە کە نە فەرمانده‌یی لەشکری کوردستان کە سەرپەرشتی پێشمەرگەی پارتی دەکات و نە فەرماندەیی هێزی پێشمەرگە کە سەرپەرشتی پێشمەرگەی یەکێتی دەکات نامێنن و گوتی "هەر هێزێک لــەدەرەوەی وەزارەتی پێشمەرگە بمێنێ بەمیلیشیا دادەنرێ و لەدەرەوەی یاسایە، ئەوەش قابیلی قبووڵ نییە" .

بەپێی یاسای وەزارەتی پێشمەرگە لەهەرێمی کوردستان کە یاسای ژمارە (19)یەو لە 2007/7/2 لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، دەبێت هێزی پێشمەرگە ببێتە هێزێکی نیزامیی مەشقپێکراو تاکو شیاوبێ بۆ بەرگریکردن لەهەرێمی کوردستان و، وەزیری پێشمەرگە بەرپرسە لەهەموو چالاکی و جموجوڵەکانی . لەهەمانکاتدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەیە.

بودجەو قەبارەی هێزەکانی پاسەوانی هەرێم دوو لەو کێشانەن کە بەرەورووی وەزارەتی نوێ دەبنەوەو هێشتا لەگەڵ بەغدا یەکلایی نەکراونەتەوە . شێردڵ حەوێزی سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لەپەرلەمانی کوردستان، وێڕای ئاماژەدان بەوەی کە یەکخستنەوەی تەواوی هێزەکان کاتی دەوێ، گوتیشی "ئێستا هەردوولا بۆ ئەو مەبەستە چەند لیژنەیەکیان پێکهێناوە، دەبێ سەرجەمی هێزەکان لەسەر شێوەی ئەو یەکە سەربازیانەی لەعێراق هەن ڕێکبخرێن" . شێردڵ حەوێزی ڕایگەیاند کە ئەو یاسایەی لەپەرلەمانەوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دەرچووە، تارادەیەکی زۆر لەیاسای وەزارەتی بەرگریی عێراق دەچێ و هێزەکان بەپێی ئەو یاسایە پێکدەهێنرێن. بەڵام گوتی "ئێستا دوو کێشە هەیە، یەکەم ئەوەیە کە وەزارەت لەچوارچێوەی سیستمی بەرگری و ئاسایشی عێراقەو دەبێت بودجەکەی لەچوارچێوەی بودجەی سیادی بێت و لەسەر بودجەی وەزارەتی بەرگریی عێراق بێت، دووەمیش کێشەی ژمارەی ئەو هێزەیە، کە تائێستا ئەو دوو کێشەیە لەگەڵ بەغدا چارەسەر نەکراون" .

بەپێی سەرچاوەکان ژمارەی پێشمەرگەی پارتی و یەکێتی بەگشتی نزیکەی 180 هەزارە، بەڵام حکومەتی عێراق دەیەوێت ژمارەکە لە 60هەزار تێنەپەڕێت.

لەچوارچێوەی وەزارەتی نوێدا وەک دەستووری عێراقیش ئاماژەی پێکردووە، هێزەکانی پێشمەرگە دەبنە پاسەوانی هەرێم، بەڵام شێردڵ حەوێزی گوتی "بەو ژمارەیەی لەگەڵ بەغدا لەسەری پێکدێین نەک بەو ژمارەیەی ئێستا لای خۆمان هەیە، بەوپێیە دەبێت ژمارەیەکی زۆر خانەنشین بکرێن و ئێمە لەپەرلەمان یاسای خانەنشینیشمان دەرکردووە" .



# نەتەوە یەکگرتووەکان نووسینگەیەک بۆ چاودێری هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکاتەوە

## سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان: بەپێی ڕێوشوێنە تازەکان کەس ناتوانێ ساختەکاری بکات

عەلی حەمە ساڵح
ڕوداو-هەولێر

بەپێی وەڵامی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بۆ نووسراوێکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە2009/3/19دا، حکومەتی عێراق دەڵێ ئێمە خەرجی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان نادەین، بەڵام ئێستا کۆمسیۆنی باڵا دەڵێ حکومەتی عێراق خەریکە ڕەزامەند دەبێت لەسەر دابینکردنی پارەکە.

### کێشەی بودجەی هەڵبژاردن

د.عەلی قادر، سەرۆکی دەستەی هەرێمی کوردستانی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی باڵای هەڵبژادنەکانی عێراق، ڕایگەیاند کە ئامادەکارییەکی باشیان کردووە بۆ دانانی پلانێک بۆ تەواوی قۆناخەکانی هەڵبژاردن و سیستەمی تۆماری دەنگدەران و قەوارە سیاسییەکان و متمانەدان بەچاودێر و بریکاری قەوارە سیاسییەکان.

گرفتی دابینکردنی خەرجی هەڵبژاردنەکانی کوردستان تاوەکو ئێستا یەکلایی نەکراوەتەوە، چونکە حکومەتی عێراق تاوەکو ئێستا ڕەزامەندی لەسەر دانی پارەکە نەکردووە . بەپێی نووسراوی ژماری 98/1/2ی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە 2009/3/19 کە واژۆی عەلی موحسین، ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی لەسەرە، بودجەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەبێ لەسەر 17%ی پشکی کوردستان بدرێ، واتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بیدات. کە کۆمسیۆنی باڵا داوایکردبوو بەغدا 37 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانبکات.نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا لە 2009/4/6 لە پەرلەمانی کوردستان گوتی خەرجی ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەسەر خەرجییە سیادییەکانە، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی "ئەوە نابێتە کێشە" .

سامی ئەترۆشی، ئەندامی لیژنەی دارایی لەپەرلەمانی عێراق، دەڵێت پێویستە حکومەتی ناوەندی بودجەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دابین بکات "لەبەرئەوەی یەک کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن هەیە لە عێراق، ئەگەر هەرێمی کوردستان کۆمسیۆنێکی سەربەخۆیان دروستکرد ئەوکات دەبێت هەرێمی کوردستان بیدات" .

بەپێچەوانەی قسەکانی سامی ئەترۆشی، د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزیری دارایی عێراق گوتی "پێشتر خەرجییەکانی هەڵبژاردن لەچوارچێوەی نەفەقاتی سیادی بوو، بەغدا لێی بەرپرسیار بوو، بەڵام ئێستا نەفەقاتی هەڵبژاردن لەچوارچێوەی نەفەقاتی سیادی نەماوەو لەنەفەقاتی ئاسایی دەدرێت، بۆیە دەمێنێتەوە سەر بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، ئەگەر بیانەوێت دەتوانن خۆیان بەشێوەیەکی ئیستیسنائی تەحەمولی بکەن وەک ساڵانی ئایندە، ئەگەر نەشیانەوێت بەپێی یاسا دەتوانن نەیدەن" .

د.عەلی قادر، گوتی ئەوە ڕوندەکاتەوە کەگرفتی سەرەکییان بودجەیە، لەبەر ئەوەی ئیشەکە بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق سپێردراوە، لەڕووی یاساییەوە واپێویست بوو کە ئەو پارەیە لەبەغدا تەرخان بکرێت،" بەڵام، چارەسەر ئەوەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی پارەکە تەرخانبکات، پارەکەش ئەوەندە زۆر نییە لەنێوان 37 ملیۆن بۆ 40 ملیۆن دۆلار دایە" .

### هیچ قەوارەیەک نابێ لە 3 کەس کەمتربێ

دوای تۆمارکردنی ناوی قەوارە سیاسییەکان بۆ هەڵبژادن، قەوارەکان دەتوانن هاوپەیمانی لەنێوان یەکتر دروستبکەن. بە مەرجێک بەرنامەی کار و دروشمی هەڵبژاردنیان پێشکێش بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بکەن و لیستێکی هاوبەشیان هەبێت بۆ ناوی کاندیدکراوەکان، لە2009/4/25 یش بەدواوە ناوی پاڵێوراوانی قەوارە سیاسییەکان تۆمار دەکرێت.

لەبارەی پێناسەی قەوارەی سیاسی، د.عەلی، دەڵێت "هەرهاووڵاتییەکی کوردستان بۆی هەیە قەوارەیەکی سیاسی دروستبکات، بەمەرجێک لیستەکەی لە سێ کەس کەمتر نەبێت و یەکێکیان ژن بێت، مەرج نییە، قەوارەکە حیزب بێ یان کەسانی سیاسی بن" .

لە گەڵ دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردن دا، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان هەڵمەتێک بۆ ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان بۆ هەڵبژاردن دەستپێدەکات، بەڵام هەڵمەتی پڕوپاگەندەکردن دواتر دەبێت. د.عەلی قادر، گوتی "قەوارە سیاسییەکان بۆ ناساندنی خۆیان بە جەماوەر و پڕ وپاگەندە کردن کاتێکی باشیان دەدرێتێ، هەوڵدەدەین ماوەکەی لە 45 ڕۆژ کەمتر نەبێت تاوەکو 24 کاژێر پێش ڕۆژی هەڵبژاردن" .

بەپێی گوتەی بەرپرسی ئۆفیسی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، لەلایەن چەندین لاوە بە وردی چاودێری هەڵبژاردنەکان دەکرێت، بەتایبەت ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کە هاوکاری هونەریش پێشکێش بۆ کۆمسیۆن دەکەن.

عەلی قادر، دەڵێت"بەسەدان باجمان بۆ چاودێرانی نێودەوڵەتی ئامادەکردووە، هەروەها بوار دەدەینە وڵاتان لەڕێگای کونسولخانە و باڵیۆزخانەکان و کۆمکاری عەرەبی و ئەو ڕێکخراوانەی گرنگی بەمافی مرۆڤ و دیموکراسی دەدەن چاودێری هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەن، ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە دەیانەوێت چاودێری ڕاست و دروستی هەڵبژاردنەکان بکەن باجی تایبەتمان بۆ دروستکردوون، ڕاگەیاندنەکانیش بۆیان هەیە تیمی چاودێر پێکبێنن" .

هەردوو ڕێکخراوی (یونامی و ئایفس)ی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چاودێریکردنی هەڵبژاردن، نووسینگەی خۆیان لەنێو بارەگای دەستەی هەرێمی کوردستانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژادنەکانی کوردستاندا کردووەتەوە .

د.عەلی قادر گوتی "ئەو دوو ڕێکخراوە بۆ هاوکاریکردنی هەڵبژاردنەکان کاردەکەن، بەشێکی زۆری پسپۆرەکانیان ئێستا لە کوردستانن، بوونی ئەوان هاندەرێکە بۆ ئێمە تاوەکو لایەنی شەفافی بەڕوون و ئاشکرا باس بکەین و دڵنیاش دەبینەوە لەوەی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی جیهان ئەم هەڵبژاردنە بەڕێدەکەین" .

سەبارەت بە پاراستنی ناوەندەکانی دەنگدانیش د.عەلی قادر دەڵێت "کوردستان ئارامەو پێویستمان بەئەمریکا نییە بۆ پارێزگاریکردن لەناوەندەکانی دەنگداندان جگە لە پۆلیس ڕێگا بەهیچ هێزێکی دیکە نادەین پارێزگاری ناوەندەکانی دەنگدان بکەن، بەڵام ئەمریکییەکان دەتوانن لەڕێگەی ڕێکخراوەکانیانەوە چاودێری هەڵبژاردن بکەن" .

د.عەلی قادر گوتی لەهەر شوێنێک ڕێژەیەک دادەنرێت ئەگەر خروقات بکرێت ئەو سندوقە ئەژمار ناکرێت"هەر هاووڵاتییەک زیاتر لەدەنگێک بدات، ئەوە سزا دەدرێت و سزاکەشی بەندکردن و غەرامەکردنە، هەر لیست و لایەنێکیش سەرپێچی بیکات سزا دەدرێت، لەوانە غەرامەکردنی قورس و دوورخستنەوەی کاندیدو لێسەندنەوەی مافی بەشداریکردنی قەوارە سیاسییەکان لەهەڵبژاردندا" .

ژمارەی دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان 2 ملیۆن و 570 هەزار دەنگدەرە، هەر ناوەندێکی دەنگدانیش لەسەر بنەمایەک دادەنرێت کە لە 500 دەنگدەر زیاتری نەبێت، بەو پێیەش ژمارەی بنکەکانی دەنگدان 1200 تاوەکو 1400 بنکەی دەنگدان دەبێت.

دەستەی هەرێمی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، پێداگیری لەوە دەکەن، کە بەرنامەیەکیان داڕشتووە هیچ کەسێک ناتوانێت زیاتر لەدەنگێک بدات. د.عەلی قادر، بەرنامەکەی بۆ (ڕوداو) ئاشکرا کردو گوتی " فایلەکانمان لەسەر بنەمای وێستگەکانی دەنگدانە، لەسەنتەرێکدا هاووڵاتی لەیەک سندوقدا ناوی هەیە، ساڵانی ڕابردوو لەهەموو سندوقەکاندا ناوی هەبوو، لەفایلی ئەو سندوقەشدا دەبێت واژۆ بکات، ئەگەر ناویشی نەبوو ڕێگای پێنادرێت لە هیچ شوێنێک دەنگ بدات" .

به گومانی دەستکاریکردنی نمرەی تاقیکردنەوەی قوتابیان لیژنەیەک لەسەر ڕاگری پێشووی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەڵاحەدین پێکدەهێنرێت

# "مەبەستی شەخسی لە پشت وروژاندنی ئەو بابەتەوە هەیە"

ڕوداو-هەولێر

بەپێی سەرچاوەیەک، لەسەردەمی ڕاگری پێشووی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین دەستکاری نمرەی سەر پەڕاوی تاقیکردنەوەی چەند قوتابییەک کراوەو نمرەیان بۆ زیاد کراوە، ڕاگری پێشووی کۆلیژەکەش ڕەتیکردەوە کە ئەو بە شەخسی بڕیاری زیادکردنی نمرەی بۆ هیچ قوتابییەک دابێ و گوتی "مەبەستێکی شەخسی لە پشت وروژاندنی ئەو بابەتەوە هەیە" .

بەهۆی بوونی گومان لە پەڕاوی تاقیکردنەوەی چەند قوتابییەک لە کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین، ماوەیەکە دانی بڕوانامە بۆ دەرچووانی ئەو کۆلیژە ڕاگیراوەو سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددینیش لیژنەیەکی لیکۆڵینەوەی لەو مەسەلەیە پێکهێناوە .

د.سەعید سلیڤانەیی، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین بۆ کاروباری زانستی لە لیدوانێکدا بۆ (ڕوداو) پشتڕاستیکردەوە کە ماوەیەکە بڕوانامەدان بەدەرچووانی کۆلیژی زمان ڕاگیراوە و، هۆکارەکەشی ڕوونکردەوەو گوتی "زانیاریمان هەیە، کە هەندێک لە پەڕاوی تاقیکردنەوەکان گومانیان لەسەرە کە دەستکاری کرابن، بەڵام تا ئێستا هیچ شتێک مەعلوم نییە" . د.سەعید گوتیشی "تاوەکو ئێستا لێژنەکە دوو دانیشتنی لەو بارەیەوە کردووە، لەم نزیکانەش جارێکی دیکە کۆدەبێتەوە، بۆیە تا نزیکەی 20 ڕۆژی دیکە بڕوانامەدان لەو کۆلیژە نادرێ" .

سەبارەت بە ژمارەی ئەو پەڕاوانەی گومان دەکرێ نمرە بۆ خاوەنەکانیان زیاد کرابێ، د.سەعید سلیڤانەیی گوتی "نزیکەی 15-20 پەڕاو جێگەی گومانن، کە دوو لە خاوەنی ئەو پەڕوانە زانکۆیان تەواو کردووە، بەڵام ئەوانی دیکە هێشتا قوتابین" .

لەبارەی چۆنیەتی ئاشکراکردنی ئەو دەستکاریکردنە، د.سەعید گوتی "دەگەڕێینەوە بۆ تۆماری بنەڕەتی، ئەگەر شتێکی تێدا بێ جێگەی گومان بێ، بەدوایدا دەچین، پاشان دەگەڕێینەوە تۆماری یەکەمجار، ئەگەرشتێکی وا دەرچوو ئێمە بانگی لێژنەی تاقیکردنەوە دەکەین و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکەین" .

بەپێی ئەوزانیاریانەی لەسەرچاوەیەکەوە کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێ دراونەتە (ڕوداو)، دەستکاریکردنی ئەو پەڕاوانە لەسەر داوای د.عەلی جوکل، ڕاگری پێشووی کۆلیژی زمان بووە، مامۆستاکانیش بەو مەرجە ڕازیبوون نمرەکان زیاد بکەن، بەمەرجێک ئەو واژۆ بکات کە ئەوە لەسەر داوای ئەوە.

د.عەلی جوکل، کە ئێستا مامۆستایە لە کۆلیژی پەروەردەی بنیات، لە لیدوانێکدا بۆ (ڕوداو) وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو زانیارییانە، گوتی "مەبەستی شەخسی لە پشت وروژاندنی ئەو بابەتەوە هەیە"، لەو بارەوەش پەنجەی گومان بۆ ڕاگری ئێستای کۆلیژی زمان درێژ دەکات و دەڵێت "لەگەڵ ڕاگری ئێستا قسەم نییە" .

د.عەلی گوتیشی "دەستکاریکردنی پەڕاوی تاقیکردنەوە لە دەسەڵاتی مندا نییە، هەتا ئێوارە هاوار بکەم، بڵێم نمرەی فلان تەلەبە زیاد بکەن، ئەگەر مامۆستاکە ڕازی نەبێت قسەی من نایخوات، بە خەیاڵیشمدا نایێت واژۆم لەسەر هیچ کاخەزێکی شەخسی کردبێ و گوتبێتم نمرە بۆ فلان قوتابی زیاد بکەن" .

ئەو پێیوایە بەدحاڵیبوونێک لە بابەتەکەدا هەیە و گوتی "لە تاقیکردنەوەکاندا زۆرجار بەهۆی کەمی ڕێژەی دەرچوون کێرڤ دەدرێتە قوتابی، تەنیا یەکجار لەوانەیەکی خۆم کرێڤم داوە، بەڵام هەموو کات داوام لە مامۆستاکان کردووە، کە یارمەتی قوتابیان بدەن لەکاتی تەماشاکردنی پەڕاوی تاقیکردنەوەکان" .

## ڕاپۆرت

**ئیسماعیل زایر 3 ڕۆژنامەنووس لەبەر پشوودانی نەورۆز دەردەکات**



**ڕووداو-هەولێر**

بەهۆی دەوامنەکردنیان لە سێ ڕۆژی پشووی جەژنی نەورۆزدا، ئیسماعیل زایر سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الصباح الجديد) سێ ڕۆژنامەنووسی نووسینگەی هەولێری ڕۆژنامەکەی دەرکرد، کە هەرسێکیان کوردن. عەبدولرەحمان پاشا کە یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە دەرکراوەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دووهاوکاری دیکەشی (جوان میرانی و وەفا زەنگەنە) دوای ئەوەی بۆ هەرسێ ڕۆژی پشووی جەژنی نەورۆز مۆڵەتیان لە ئەحمەد مەهەنای سەرنووسەری جێبەجێکاری ڕۆژنامە وەرگرت "کەچی دوای چوونەوەمان بۆ ڕۆژنامە ئیسماعیل زایر پێیگوتین ئێوە دەرکراون و، تائێستاش بەهەوڵی چەند کەس و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕازینەبووە بۆ گەڕاندنەوەمان".



## د.فوئاد مەعسوم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی :

# لیستی نەوشیروان کار لە یەکێتی ناکات

لە دیمانەیەکی تایبەتدا لەگەڵ (ڕووداو)، د.فوئاد مەعسوم، پێیوایە لیستی نەوشیروان مستەفا کاریگەری لەسەر یەکێتی نابێت و هەر یەکێتییەکیش لیست دروستبکات ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێ.

هەڤپەیڤین: عەلی حەمە ساڵح

**ڕووداو: پێتوایە هەڵبژاردنی ئەمساڵی پەرلەمان دیموکراسیانە دەبێ یان پڕ گرفت؟**

**د.فوئاد:** وای بۆدەچم کە گرژی دروست نابێت، چونکە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر و بەتایبەت یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان گرژی تێدا دروست نەبوو، دەبێت دیموکراتیش بەرپا بێت و هەموو کەسیش ئازادە خۆی کاندید بکات.

**ڕووداو: بەپێی ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتی، بواری ئەوە دەدرێ ئەندامی هیچ کام لەم دوو حیزبە لیستی جیاواز دروست بکەن؟**

**د.فوئاد:** ڕێگری هیچ کەسێک ناکەین و ئازادن. بەڵام هەر ئەندامێکی یەکێتی لیست دروستبکات، لەیەکێتیدا نامێنێت، چونکە حیزب یەک لیستی دەبێت و ئەگەر بووە دوو لیست ئەویتری لەدەرەوەی حیزبە.

**ڕووداو: نەوشیروان مستەفا، لیست دروست دەکات، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن؟**

**د.فواد مەعسوم:** یەکێتی نیشتیمانی کوردستان یەک لیستی دەبێت.

**ڕووداو: ئەو لیست دروست دەکات؟**

**د.فواد مەعسوم:** ئەوە هی یەکێتی نییە.

**ڕووداو: ئەی بڕیاری یەکێتی بۆ نەوشیروان مستەفا چی دەبێت، هەر ئەندامی یەکێتی دەبێت؟**

**د.فواد مەعسوم:** ئەوەی لەناو یەکێتیدا بێت و بچێت لیست دروست بکات هی یەکێتی نییەو یەکێتی وەکو حیزب ئیجرائاتی خۆی بەرامبەریان دەکات.

**ڕووداو: ئەو ئیجرائاتە چییە؟**

**د.فواد مەعسوم:** ئەوە دەبێت کۆبوونەوەی بۆ بکرێت.

**ڕووداو: ئەگەری ئەوە هەیە گرووپی کۆمپانیای وشە لە ئەندامێتی یەکێتی دەربکرێن؟**

**د.فواد مەعسوم:** باس دەکرێت، چونکە هیچ حیزبێک قبوڵناکات کەسانێک لەنێو حیزبەکەیدا بن و لیستێکی دیکەیان هەبێت و ئەوە قاعیدەیەکی گشتییە.

**ڕووداو: پێتوایە لیستی نەوشیروان مستەفا کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر یەکێتی؟**

**د.فواد مەعسوم:** نا، کاریگەری نابێت.

**ڕووداو: ئەگەری گەڕانەوەی نەوشیروان بۆ ناو یەکێتی ماوە؟**

**د.فوئاد:** ئەوە دەگەڕێتەوە بۆخۆی.

**ڕووداو: بەڵام دەگوترێت بەکۆمەڵێک مەرج ئامادەیە بۆ گەڕانەوە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** لەمێژە گوتوومە، پێمان خۆشە بگەڕێتەوە، بەڵام بەبێ مەرج.بەبێ مەرجی هەردوولا، نە ئێمە مەرجی لەسەر دادەنێین بۆ گەڕانەوەو نە ئەویش مەرج دابنێت.

**ڕووداو: واتە مەرجتان قبوڵ نییە؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** نەمەرجیمان قبوڵەو نەمەرجیش بەرسەریدا فەرزدەکەین.

**ڕووداو: پێتوایە یەکێتی و پارتی بەهەمان ئەندازەی پێشوو پێگەیان لە پەرلەمان و حکومەتی کوردستاندا بمێنێتەوە؟**

**د.فوئاد:** ئومێدم وایە.

**ڕووداو: ئومێدە، یان پێشبینی دەکەیت؟**

**د.فواد مەعسوم:** ئەمە ئومێدە، هەڵبژاردن لەپێشە، یەکێتی و پارتی بەلیستێکی هاوبەش دەتوانن خزمەت پێشکەش بکەن، چونکە قۆناخێکی گرنگمان لەپێشە، ئەگەر لیستەکانمان یەک نەبێت کاریگەری لەهەڵوێست و هێز و توانامان دەکات بۆ قۆناخی داهاتوو.

**ڕووداو: لیستی کۆمپانیای وشە بڕیاریداوە بۆ پەرلەمانی عێراقیش لیستی خۆیان هەبێت، ئەمە لەبەرژەوەندی کورددایە؟**

**د.فواد مەعسوم:** بۆ پەرلەمانی عێراق ئەگەر لیستی دیکەش هەبێت، دەبێت هەماهەنگی تەواو هەبێت لەنێوانماندا بۆ نموونە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی هەیە هیچ کێشەیەکمان نییەو هەماهەنگی تەواو هەیە.

**ڕووداو: ئەمریکییەکان ئامادەن چاودێر و پاسەوانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بکەن، هەڵوێستی سەرکردایەتی کورد چییە؟**

**د.فواد مەعسوم:** هیچ لایەنێک مافی نییە خۆی بسەپێنێت وەک چاودێر، بەڵام پێمان خۆشە چاودێری نەتەوەییەکگرتووەکان و ئەمریکا و وڵاتانی تر هەبێت، بەڵام نەک فەرزبکرێت بەسەرماندا.

**ڕووداو: قسەیەک هەیە کەهەندێک لایەن کار بۆ ئەوە دەکەن کە سەرۆک کۆمار نەدرێتەوە بەکورد، پێتوایە لە هەڵبژاردنی ئایندەدا، کورد دەتوانێ پۆستی سەرۆک کۆمار بەدەست بهێنێ؟**

**د.فواد مەعسوم:** تاوەکو ئێستا هیچ لایەنێکی سەرەکی لەهێزە عێراقییەکان باسی ئەوەیان نەکردووە کە مام جەلال نەبێتەوە بەسەرۆکی کۆمار.

**ڕووداو: دەبێتەوە بە سەرۆک کۆمار؟**

**د.فواد مەعسوم:** ئەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، مام جەلال ئەگەر کەسی دیکەش هەبێت بەرامبەری خۆی بپاڵێوێت، مام جەلال زۆرترین دەنگ دەهێنێت.

**ڕووداو: چۆن لەئایندەی یەکێتی دەڕوانیت، پێتوایە تووشی بچوکبوونەوە ببێت؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** نەخێر، یەکێتی بەردەوام دەبێت، یەکێتی زۆرجار ئینشیقاقی دیوە، هەر ئەوانەی ئینشیقاقیان کردووە، جارێکیتر هاتوونەتەوە ناو یەکێتی.

**ڕووداو: لە کۆنگرەدا باسی قۆناخی پاش تاڵەبانی دەکرێت؟**

**د.فوئاد مەعسوم:** نەک قۆناخی پاش ئەو، بەڵکو چۆن بەردەوام دەبین و چۆن سیاسەتی خۆمان دادەڕێژینەوە، تەمەن بەدەست خوایە، مام جەلال لەخوا بەزیادبێ تەندروستییەکی باشی هەیە، تەنیا چۆکییەتی زۆرکەسیش بەشەلی دەڕوات و گۆچانی پێیە، مام جەلال لەرووی زیهنی و چالاکییەوە زۆرباشە. ئێستا باری تەندروستی لە هەموو کاتێکی ئەم دواییە باشترە، پاش ئەوەی نەشتەرگەری دڵی بۆ کرا، ئێستا رەوشی تەندروستی زۆرباشە. یەکێتی هێزێک نییە بپووکێتەوەو هی کەسێک بێت ئەگەر ئەو کەسە نەما یەکێتی تەواوبێت، شتی وانییە.

**یەکێتی زۆرجار ئینشیقاقی دیووە، هەر ئەوانەی ئینشیقاقیان کردووە جارێکیتر هاتوونەتەوە ناو یەکێتی**



# لیستەکەی نەوشیروان مستەفا ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لاسەنگ دەکات

**ئاسۆ عەلی لە باڵی ریفۆرم : لەبەرامبەر دروستبوونی لیستی نەوشیروان و وەکیەکی کورسییەکانی لەگەڵ یەکێتی پارتی هەست بە بەشخوراوی دەکات**

**ڕووداو- هەولێر**

سەرئەنجام نەوشیروان مستەفا، بێدەنگیی شکاندو بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی هەرێمی کوردستاندا بەلیستێکی سەربەخۆ بە زمانی خۆی ڕاگەیاند. بەو ڕاگەیاندنەش ئیدی هیچ مانایەکی بۆ ئەو وەڵامە ئامادەیەی بەرپرسانی یەکێتی نەهێشتەوە کە هەرکاتێک لەبارەی لیستی نەوشیروانەوە پرسیاریان لێدەکرا وەڵامەکەیان ئەوەبوو کە "هێشتا خۆی هیچی نەگوتووە".

نەوشیروان مستەفا لەهەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) کە ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، تۆپەکەی فڕێدایە گۆڕەپانی یەکێتی کە چاوەڕواندەکرێ لەچەند ڕۆژی داهاتوودا دواوەڵامی خۆیان بدەنەوە. سەرۆکی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە لەو هەڤپەیڤینەدا گوتی "ناکۆکییەکانی نێوانمان گەیشتووەتە ڕێگەی نەگەڕانەوە"، هەروەها ڕایگەیاند کە بەشداری کۆنگرەی داهاتووی یەکێتی ناکات و خۆیشی بۆ جێگرتنەوەی تاڵەبانی کاندید ناکات. سەبارەت بە ناکۆکییەکانیشی لەگەڵ مام جەلال گوتی "ئێمە لە ئاراستە سیاسییەکاندا ناکۆکین، نەک لەسەر سەرۆکایەتی حیزب". هەروەها گوتیشی کە دوای هەڵبژاردن لیستەکەیان ناچێتە پاڵ لیستی یەکێتی.

نەوشیروان مستەفا بە ئەندام مانەوەی خۆی لە ڕیزەکانی یەکێتیدا ڕەتناکاتەوە کاتێک ڕۆژنامەکە پرسیاری لێدەکات کە ئایا لەرووی یاساییەوە دەکرێ بە لیستێکی جیاواز لە یەکێتی بەشداری هەڵبژاردن بکات لەکاتێکدا ئەو هێشتا یەکێکە لە ئەندامە دیارەکانی، ئەو لەوبارەوە دەڵێ " لەرووی یاساییەوە بۆمان هەیە بە لیستێکی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردن بکەین، هەروەک چۆن ئەندامانی هەموو حیزبێک مافی ئەوەیان هەیە لیستی جیاواز لە لیستی حیزبەکانیان دروستبکەن"، بەڵام لە هەمانکاتیش ڕەخنەی توند لەباڵادەستیی حیزب بەسەر کاری حکومەتدا دەگرێ و مەکتەبی سیاسی حیزبەکان بە "مەجلیسی قیادە سەورەی سەردەمی پێشوو" دەشوبهێنێ.

ئەم لێدوانانە لەکاتێکدایە کە هەرێمی کوردستان هەنگاو بەهەنگاو لەهەڵبژاردنی پەرلەمان نزیک دەبێتەوەو سەرکردایەتی یەکێتی کە بڕیاریداوە لەگەڵ پارتی بەیەک لیستی هاوبەش بەشداریی بکات، پێناچێ بتوانێ لەوە زیاتر دۆسیەی نەوشیروان مستەفاو باڵی ریفۆرم بەهەڵواسراوی بهێڵێتەوە کە هەندێ لە چاودێران پێیانوایە لەم هەڵبژاردنەدا



دەنگێکی بەرچاو لەجەماوەری یەکێتییەوە دەبات، جگە لە خەڵکی دیکەش، کە دواجار ئەوەش کاریگەری دەخاتە سەر ڕێککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی. هەرچەندە بەرپرسانی پارتی بۆ خۆلادان لەدروستکردنی گوشار بۆسەر مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی تائێستا خۆیان لەلێدوان لەو بابەتە لادەدەن، بەڵام هەندێ لەلایەنگرانی نەوشیروان مستەفا بەجۆرێک لەدڵنیاییەوە باس لەوەدەکەن کە دابەزینی لیستی نەوشیروان مستەفا ڕێککەوتننامەی ستراتیژی وەک خۆی ناهێڵێتەوەو لەبەر ڕۆشنایی ئەم پەرەسەندنە نوێیە یەکێتی و پارتی ناچار بەدووبارە داڕشتنەوەی دەکات. ئاسۆ عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی کە یەکێکە لەسەرکردەکانی باڵی ریفۆرم لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "ڕێککەوتنەکە بە دابەزینی لیستی کاک نەوشیروان وەک خۆی نامێنێتەوەو دەبێتە ڕێککەوتنێکی دیکە لەسەر دابەشکردنەوەی پۆستەکان و ڕێژەی ئەندامانی لەهاوپەیمانێتیەکی نوێکراودا دادەڕێژێتەوە، چونکە پارتی ڕازیبووە بەنیوەی کورسییەکانی پەرلەمان و جێگۆڕکێی سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت لەگەڵ یەکێتی، ئەو ئەگەرەی لەبەرچاو نەبووە کە بەشێکی کاریگەری یەکێتی بەشداری لەپێکهێنانی لیستێکی دەرەوەی هاوپەیمانێتیەکەدا بکەن"، گوتیشی "لەبەردەم ئەم دۆخەدا پارتی هەست بەجۆرێک لەبەشخوراوی دەکات و داوا دەکات یەکێتی بەرێژەیەکی کەمتر ڕازی بێت".

ئاسۆ عەلی ڕایگەیاند کە دڵنیایە لیستی نەوشیروان مستەفا، بەشێکی زۆری دەنگەکانی لەجەماوەری یەکێتییەوە دەستدەکەوێت، بۆیە بەدووری نازانێ یەکێتی و پارتی لەسایەی ئەو دۆخە نوێیەدا لەسەر نەخشەی سیاسی نوێ ڕێکبکەونەوە، گوتیشی "پێشبینی دەکەم کە یەکێتی ئامادە بێت دوای هەڵبژاردنیش سەرۆکایەتی حکومەت بۆ نێچیرڤان بارزانی بهێڵێتەوە".

هەروەها ڕاشیگەیاند کە یەکێتی و پارتی لەبنەماوە لەسەر بنچینەی (وەکیەکی) ڕێکنەکەوتوون ئەگەرچی ڕووکەشی ڕێککەوتنەکەش وەکیەکییە، بەڵام گوتی "لەڕاستیدا قبوڵکردنی براگەورەیی پارتییە لەلایەن یەکێتییەوە، لەمەودوا ڕەنگە ئەو هاوکێشەیە زۆر لاسەنگتریش بێت لەوەی کە پێشتر کراوە، بەدڵنیاییەوە لە ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتیدا، پارتی براوەو یەکێتیش بەڕۆڵێکی کەم کاریگەرتر لەنێو ئەو ڕێککەوتننامەیەدا جێگەی دەبێتەوە".

## یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی لەترسی ئەزموونی جەزائیر و فەلەستین نایانەوێ لیستی ئیسلامی دروستبکەن

# بزووتنەوەی ئیسلامی داوای دروستکردنی لیستی ئیسلامی دەکات و کۆمەڵیش دەڵێ بزووتنەوەیان قبوڵ نییە

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو- سلێمانی**

بزووتنەوەی ئیسلامی گلەیی لە کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی دەکات کە تا ئێستا وەڵامی داواکەیان نەداوەتەوە بۆ دروستکردنی لیستی هاوبەشی ئیسلامی، ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکگرتووش دەڵێ "پێمانگوتوون تا گفتوگۆی چوار حیزبەکە بۆ پێکهێنانی لیستی هاوبەش یەکلایی نەکەینەوە، بیر لەڕێگەی دیکە ناکەینەوە".

بەهۆی کەرتبوونی حیزبی زەحمەتکێشان، ڕەنگە چوار حیزبەکە نەگەنە ڕێککەوتنێک بۆ دروستکردنی لیستی هاوبەش و ئەوکات ئەگەری دروستبوونی لیستێکی ئیسلامی هەیە.

کامیلی حاجی عەلی، بەرپرسی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "بزووتنەوە بوونی لیستێکی هاوبەشی نێوان حیزبە ئیسلامییەکان بۆ هەڵبژاردن بە پێویست دەزانێ، هەر بۆیەش داوای لە کۆمەڵ و یەکگرتوو کرد بۆ پێکهێنانی ئەو لیستە هاوبەشە، بەڵام ئەوان تا ئێستا وەڵامیان نەداوەتەوە".

ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو ڕەتیکردەوە کە وەڵامی بزووتنەوەیان نەدابێتەوەو، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "بەرەسمی وەڵامی بزووتنەوەمان داوەتەوە، تا گفتوگۆکانی چوار حیزبەکە یەکلایی نەکەینەوە، بیر لەڕێگەی دیکە ناکەینەوە".

محەممەد حەکیم، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی بەبێ ئاماژە کردن بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی گوتی "لەگەڵ یەکگرتوو باسمان لە لیستی ئیسلامی کردووە، بەڵام ئەگەر وەک چوار حیزبەکە بگەینە ئەنجام، لیستی ئیسلامی دروست ناکەین".

بەشێک لە لایەنگرانی ئیسلامییەکان، پشتگیری لە لیستی ئیسلامی دەکەن، بەڵام ئەبوبەکر عەلی دەڵێت "یەکگرتوو دژی دابەشکردنی گۆڕەپانی سیاسی کوردستانە بۆ بەرەی عیلمانی و ئیسلامی".

سەبارەت بەسووربونی یەکگرتوو و کۆمەڵ لەسەر لیستی چوار حیزبەکە، کامیلی حاجی عەلی دەڵێ "ئەوە ئارەزووی خۆیانە، بەڵام ئێمە پێمان باشە ئێمەی ئیسلامییەکان پێکەوەبین".

پێشتریش ئەنوەر عەنەبی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە ڕایگەیاندبوو کە ئەوان هەمیشە گوتوویانە پڕۆژەی ئیسلامیان هەیە، بەڵام یەکگرتوو و کۆمەڵ نایێنە پێشەوە.

زانا سەعید ڕووستایی ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی، ئۆباڵی پەراوێزخستنی بزووتنەوەی گێڕایەوە بۆ هەڵوێست و سیاسەتەکانی بزووتنەوە خۆی و گوتی "بزووتنەوەی ئیسلامی بۆخۆی هەنگاوی باشی نەهاویشتوە لەپتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵ". ڕووستایی بە باشی نازانێت تەنانەت بزووتنەوە بێتە ناو لیستی چوار حیزبەکەشەوە "چونکە پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵ هێشتا باش نییە". زانا گوتیشی "لیستی نیشتمانیمان زۆر لە لیستی ئیسلامی پێ باشترە و نامانەوێ بەرەی ئیسلامی و علمانی دروست بکەین". لە کاتێکدا چوار حیزبەکە خەریکی کۆبوونەوەو گفتوگۆ بوون بۆ دروستکردنی هاوپەیمانێتی بۆ هەڵبژاردن، ژمارەیەک لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی زەحمەتکێشان بڕیاری تەجمیدکردنی قادر عەزیزی سکرتێری حیزبەکەیان دا، لەپرێس کۆنفرانسێکیشدا قادر عەزیز گوتی "ئەوان ڕێگرن لەبەردەم دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسلامییەکان".

بەڵام محەممەد حەکیم، ڕەتیکردەوە کێشەی نێوخۆیی زەحمەتکێشان کۆتایی بەگفتوگۆکانی هاوپەیمانی چوارقوڵی هێنابێت و باڵی مەکتەبی سیاسی زەحمەتکێشان دژی هاوپەیمانێتی بن "ئەوان سەردانیان کردووین و ئامادەیی خۆیان بۆ درێژەدان بەگفتوگۆکان و ڕێککەوتن لەچوارچێوەی چوار حیزبەکەدا دەربڕیوە".

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەگفتوگۆکانی کۆمەڵ و یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی گوت کۆمەڵ و یەکگرتوو لەگەڵ بوونی لیستێکی ئیسلامی نین، چونکە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی لوبنان و جەزائیر و حیزبی ڕەفای تورکیایان



کۆمەڵ و یەکگرتوو دەیانەوێ لەگەڵ سۆسیالست و زەحمەتکێشاندا لیست دروست بکەن

لەبەرچاوەو دەزانن ئەگەر زۆرینەش بەدەست بێنن، کێشەی پێکهێنانی حکومەتیان بۆ دروستدەکرێت، هەروەها مەیدانەکە بۆ هێزی ئیسلامی و علمانی دابەش دەبێت. ئەبوبەکر عەلی، لەبارەی ئەزموونی ئەو وڵاتانە دەڵێت "بەدڵنیاییەوە ئەوئەزموونانە کاریگەریان لەسەر دیدوبۆچونی یەکگرتوو هەیە بۆدروستکردنی بڕیارو هەڵوێستە سیاسییەکانی".

سەرچاوەیەکی ئاگاداریش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە ئێران و تورکیا پێیان خۆشە لیستێکی ئیسلامی هەبێ بۆ هەڵبژاردن، بەڵام فەرید ئەسەسەرد، لێپرسراوی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان گوتی "بەڵگەیەکی دروست نییە بۆ فشاری ئێران و تورکیا، بەڵام روونە کە ئێران پێی باشە هەرسێ هێزە ئیسلامییەکە، ئەو حیزبانە بەشداری پێبکەن کە نزیکن لەئێرانەوە، کە یەکێکیان حیزبی سۆشیالستە". ئەسەسەرد هەروەها گوتیشی "پێدەچێت ئیسلامییەکان دەنگی زیاتر لەپێشوو بەدەستبێنن، بەڵام ئەو دەنگە ناهێنن کە بتوانن حکومەت دروست بکەن".

ژێدەرێکی نزیک لەگفتوگۆکانی چوار حیزبەکەش بۆ (ڕووداو) گوتی، لەقۆناخی ئێستادا لەتبوونی زەحمەتکێشان ئاستەنگی بۆ دانیشتنەکانی ئەو چوارحیزبە دروستکردووەو هەریەک لەکۆمەڵ و یەکگرتووش دەیانەوێ لەگەڵ سۆشیالیست وزەحمەتکێشان مەسەلەی قەبارەو پێگەی جەماوەری هەر لایەنێکی نێو هاوپەیمانێتیەکە لەبەرچاوبگیرێت، لەوەشدا مەبەست کورسی کەمتر دانە بە سۆسیالیست و زەحمەتکێشان.

لە هەڵبژاردنی ڕابردووی پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی 2005 ئەنجامدرا زەحمەتکێشان بە هاوپەیمانی لەگەڵ سەربەخۆکان بەشداربوو و کورسییەکی بەدەستهێنا، کۆمەڵی ئیسلامیش بەسەربەخۆ بەشداربوو و 6 کورسی بەدەستهێنا، محەممەد حەکیم دەڵێت "تەنیا ئێمە لە کۆمەڵی ئیسلامی قەبارەی خۆمان دەزانین، کە لەهەڵبژاردنی ڕابردوو 87 هەزار دەنگمان هێنا".

# ڕیپۆرتاژ



## ئەمریکا هیچ پلانێکی بۆ سەربەخۆیی کوردستان نییە

کامێز لاچین-رووسیا

پرۆفیسۆر ئۆلگا ئیڤانۆڤا ژگالینا، سەرۆکی بەشی کوردۆلۆژی لە ئەنیستۆی زانستی رۆژهەلات لە رووسیا، بە(ڕووداو)ی راگەیاند: کشانەوەی سوپای ئەمەریکا لە عێراق، لەوانەیە ببێتە هۆی خراپبوونی پەیوەندییەکانی کورد و هەندێکی هێزی دیکەی عێراق. بەلام گوتی تورکیا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا کارێکی وا ناکات هەرێمی کوردستان داگیربکات "چونکە ترافیکی ئەو دواییەی نێوان ئەنقەرەو هەولێر کە بەرێگای بەغدا دەکرێ، نیشاندەدات کە کورد و تورک گەیشتوونە رێککەوتن".ژگالینا لەهەمانکاتیشدا گوتی " ئەمریکا هیچ پلانێکی نییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان".



## ستافۆرد کلاری، راوێژکاری کاروباری مرۆیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

# کورد وەفاداری بوشن و حەز لە ستایلی ئۆباما دەکەن

ڕووداو-ئەمریکا

ستافۆرد کلاری کە کاری مرۆیی لە کوردستان دەکات رایگەیاند هەرکەسێک خەڵکی دوورگەی هاوای بێت و لە هەر شوێنێکیش بێت، دەتوانێت هەموو کارێک ئەنجامبدات و بە خۆیشی بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ئەو قسەیە.

کلاری ئێستا لە عێراقە و کاری مرۆیی دەکات و راوێژکاری مرۆیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

کلاری لە ساڵی 1968وە چووەتە ریزی رێکخراوی ئاشتییەوە، دوای ئەوەی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سایراکەس لە ئەمریکای تەواوکردووە، لە زانکۆی بەناوبانگی هارفەرد، لە بواری ئیدارە خوێندوویەتی.

کلاری کە زیاتر لە 40 ساڵ شارەزایی لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان هەیە، زۆر کاری لە ناوچەکانی کیشوەری ئاسیا و رۆژهەلاتی نێوەڕاست کردووە.

لەم بارەیەوە کلاری گوتی" لە مانگی ئەیلولی 2006، لە زانکۆی هیلۆی هاوای وتارێکم پێشکێشکرد، ئەمەش بەمەبەستی هاندانی گەنجانی دوورگەی هاوای بوو بۆ پتەوکردنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانیان".

ئێستا کلاری دوو مانگ و نیو لە هاوین و دوو مانگ و نیو لە زستان لە هاوای دەباتە سەر و ماوەکەی دیکەی هەمووی لە کوردستانە، مانگی شوباتی رابردوو کلاری خۆی ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە کوردستان.

لە کوردستان کە کلاری بە سەقامگیر و ئارام پێناسەی دەکات، رایگەیاند کە سەربازانی ئەمەریکی بەردەوام لەنێو بازاڕەکاندا بە تەنیا پیاسە دەکەن، بەبێ ئەوەی چەکیشیان پێ بێت.

کلاری بەم شێویە باس لە کوردستان دەکات "هەروەکو هەمیشە باسیدەکەم هەموو لایەکیش کۆکن لەسەر بۆچوونەکەم، هەموو کەسێک دەتوانێت کلیلی ئۆتومبێلەکەم ببات و بەبێ هیچ مەترسییەک سەردانی هەموو ناوچەیەکی ئەو هەرێمە بکات".

خێزانی کلاری هەر لە دوورگەی هاوایە، بەڵام کوڕێکی لەگەڵ خۆیدا لە کوردستان کار دەکات.

کلاری لە ساڵی 1991وە لە کوردستان کار دەکات و خزمەتکردنەکەی لەو کاتەوە دەستیپێکرد کە یەکێک بوو لە کارمەندانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە پرۆگرامی هاوکاری و فریاکەوتن و لە ساڵی 2000یشەوە ناوبراو گرانایی کارەکانی خستووەتە سەر پەرەپێدانی کاری ئیداری لە کوردستان.

لە ساڵی 1991، رێکخراوە مرۆییەکان دەستیانکرد بە یارمەتیدانی کورد بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان کە لەلایەن دەسەڵاتی سەدامەوە رووخێنرابوو.

سوپای سەدام لە ساڵی 1991، لە کوردستان کشایەوە و لە ساڵی 1992 کوردستان لەژێر چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵبژاردنی سازدا و حکوومەت و پەرلەمانی خۆی دامەزراند. کلاری ئەوەشی راگەیاند وادیارە کە قەیرانی ئابووری ئەمدوایەی جیهان ئەوەندە کاریگەری لەسەر کوردستان نەبووە.

ناوبراو لەم بارەیەوە گوتی" کوردستان بەپێچەوانەی وڵاتانی دیکەوە، لە بەرامبەر ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئێستا، لە بارودۆخێکی باشدایە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی بانکەکانیان ئەوەندە پێشکەوتوو نییە و کارتی بانک هەر نییە. ئێرە کۆمەڵگایەکی کاشە و کارتی بانک لە هیچ شوێنێک نابینیت و داهاتی حکوومەت لە نەوت فرۆشتنەوە دێت نەک لە باج وەرگرتن و حکوومەت بەخۆی گەورەترین پارە خەرجکەری هەرێمەکەیە".

لەکاتی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، کلاری رایگەیاند کە زۆربەی کورد حەزیان دەکرد جۆن مەکینی کاندیدی کۆمارییەکان بەسەر باراک ئۆبامای سەرۆکدا سەربکەوێت.

لەم بارەیەوە ستافۆرد کلاری گوتی" بۆ هەتا هەتایە، کورد سوپاسگوزاری سەرۆک بوش دەبن بەوەی کە لەدەست سەدام حوسێن رزگاری کردن و هەستیان بە وەفادارییەک کرد کە هەر لە پشت کۆمارییەکان بمێننەوە، بەهۆی ئەو کارەی سەرۆکەکەیان، لەبەرئەوە پاڵپشتی جۆن مەکینیان دەکرد. بەڵام لەدوای هەڵبژاردنەکان هەستیان گۆڕاوە و بە گەرموگوڕییەوە دەڕواننە سەرۆک ئۆباما، لە هەمانکاتیشدا نیگەرانن بەوەی کە کشانەوەی هێزەکان مەترسی بۆ سەر داهاتووی ئەوان دەبێت لەم تاکە بەشە ئارامەی وڵاتەکە".

### قەیرانی ئابووری کاری لە کوردستان چونکە کارتی بانک هەر نییە و حکومەت گەورەترین پارە خەرجکەرە

کلاری ئەوەشی درکاند کە زۆربەی کوردەکان حەز لە ستایلی ئۆباما دەکەن، وەکو سەرۆک و لەو بارەیەوە دەڵێ" ئەو کوردانەی لە ئەمریکا و ئەوروپا هاتوونەتەوە لە دوای رووخانی سەدام، ستایشی خۆیان بۆ ئیدارەی ئۆباما و سیستەمی ئەمریکی دەردەبڕن، دوای گەڕانەوەشیان، خەڵکێکی زۆر پیرۆزبایی هاتنە سەر دەسەڵاتی ئۆبامایان لێکردم".

هەروەها کلاری باس لە عێراقیش دەکات و دەڵێ " شارە گەورەکانی وەکو موسڵ و کەرکووک کە ماوەی کازێرێک لە هەولێری پایتەختەوە دوورن، هێشتا ناکۆکی و شەڕ و کوشتاریان تێدا ماوە، بەڵام ناوچەکانی دیکە رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو باشی دەچن و گوێبیستی ئەوەش بووم کە چەند خێزانێک گەڕاونەتەوە شاری بەغدا، کە ئەمەش باشترین هێمایە بۆ باشبوونی بارودۆخەکە".

**لە ماڵپەڕی bigislandweekly.com-ی ئەمەریکی وەرگیراوە.**



# 100گۆڕی بەکۆمەڵی کورد لە حەمرین ماون



سۆران بەهائەدین

Soran2025@yahoo.com

ڕووداو-هەولێر

سەربازێکی کوردی سوپای عێراق، کە لە هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکەی چیای حەمرین بەشداری کردووە، وردەکاری دۆزینەوەی ئەو گۆڕە بە کۆمەڵە دەگێڕێتەوەو دەڵێت بەپێی قسەی خەڵکی ناوچەکە رەنگە زیاتر لە 100 گۆڕی بە کۆمەڵ لە چیای حەمرین هەبن.

شێرکۆ عەبدوڵڵا، کە سەربازە لە فەوجی سێی لیوای 16ی سووپای عێراق، رۆژی 2009/3/24 بەشداری لەهەڵدانەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵی کوردانی قوربانی دەستی رژێمی پێشووی عێراق کرد و، گوتی لەکاتی هەڵکەندنی گۆڕەکەدا جلوبەرگی ژنان و پیاوانی کورد هاتنەدەرەوە، کە ئەمەش دەیسەلمێنێ ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە کوردن، شێرکۆ دەڵێت "هەرگیز ئەو رۆژەم لەبیر ناچێت، دیمەنەکانی نێو ئەو گۆڕە هەموومانی گریاند".

دوای ئەوەی فەوجەکەیان ئاگادار دەکرێتەوە، کە گومان دەکرێ گۆڕی بە کۆمەڵ لەناوچەی چیای حەمرین هەبێ، نزیکەی 25 سەربازی فەوجەکەو ئاسایشی خورماتوو بە شوفڵێکەوە دەچنە ئەو شوێنەی پێشبینیان دەکرد گۆڕێکی بەکۆمەڵ بێت، بەڵام هیچیان نەدۆزیەوە، بۆیە بۆ وەرگرتنی زانیاری پەنا دەبەنە بەر خەڵکی ناوچەکە.

بەپێی قسەی شێرکۆ ئەوێ ناوچەیەکی چۆڵەوانی بوو، بۆیە ئەستەم بوو بتوانن بە وردی شوێنی گۆڕەکە دەستنیشانبکەن. بۆیە پەنا دەبەنە بەر جوتیارێک و شوانێکی نزیک ناوچەکە، شێرکۆ گوتی "جوتیارەکە هیچ زانیارییەکی لەبارەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان نەبوو، بەڵام زانیاری زۆری لەلا بوو".

وەک شێرکۆ باسیکرد، ئەو شوانە عەرەبە تەمەنی لە دەوروبەری 50 ساڵ بوو و باسی ئەوەی کرد کە لە ساڵی 1989 بە چاوی خۆی بینیویەتی حکومەتی بەعس رۆژانە لەو ناوچەیە چاڵی هەڵکەندووە و شەوانەش چاڵەکانی پڕکردووەتەوە، بەڵام شێرکۆ ئەوەشی نەشاردەوە کە گومانی لەزانیارییەکانی شوانەکە هەیە "پێدەچوو شوانەکە خۆی دەستی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا هەبووبێ، چونکە شوانەکە گوتی: هەر ئەفسەرێک دەبووایە 100 کەس گولله باران بکات، دوو ئەفسەر رازی نەبوون، گوتیان بشمانکوژن خەڵک ناکوژین، لەبەرئەوە بە فەرمانی عەلی کیمیایی هەردووکیان گولله بارانکران".

بەپێی قسەی ئەو شوانە، تەرمێکی زۆر ژێرخاک نەکراون و هەر لەوێ ئاژەڵی کێوی خواردوونی "کەس نەیدەوێرا بێتە ئەو دەڤەرە تەرمەکان بشارێتەوە".

دوای ئەوەی شوانەکە شوێنی ئەو چاڵانەیان پێدەڵێ کە سوپای عێراق ئەوکات لێیدەدان، ئەوان بە شۆفڵ دەستدەکەن بە هەڵکەندنی شوێنەکە، بەڵام وەک شێرکۆ دەڵێت "2-3 مەترمان هەڵکۆڵی هیچمان نەدۆزییەوە، بۆیە دەستمانکرد بە هەڵکەندنی شوێنێکی دیکە، بینمان خاکەکەی فشۆڵە، بۆمان دەرکەوت گۆڕی بە کۆمەڵە".

شێرکۆ گوتی "چاڵەکەمان ئەوەندە قوڵکرد شۆفڵەکە لەناویدا بزر ببوو، لەناکاو سێ تەرم دەرکەوتن، هەرسێکیان ژن بوون و جلی کوردییان لەبەر بوو، شێرکۆ و هاوڕێکانی بە بینینی دیمەنەکە دەتاسێن "رووداوەکە هەموومانی تاساند، دوو ئاسایشمان لەگەڵ بوو 13کەسیان ئەنفال کرابوو، زۆر گریان".

دوای دڵنیابوون لە گۆڕەکە، تیمەکە گۆڕەکە دادەپۆشنەوە، تا حکومەت خۆی هەڵیبداتەوە، چونکە بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق، نابێ هیچ کەس و لایەنێک جگە لەوان، هیچ گۆڕێکی بە کۆمەڵ هەڵبداتەوە. ئێستا ناوچەکە پاسەوانی لێ دانراوە. شێرکۆ باس لەوەدەکات، ئەگەر لە دوای ئێسک و پرۆسک بگەڕێین لەو ناوچەیە، شوێن زۆرە کە چاڵکراوەو پاشان پڕ کراوەتەوە.

بەپێی قسەی شێرکۆ بەر لە هەڵکەندنی گۆڕەکە شوانەکە ناوچەکەی جێهێشت، بەڵام پێیگوتبوون، ئەگەر ئەو چاڵانە گۆڕی بە کۆمەڵ بن، ئەوا نزیکەی 100 گۆڕی بەکۆمەڵ لەو ناوچەیە هەن.

ئەگەر ئەو پێشبینییە راست دەربچێ، ئەوا حەمرین نەک هەر سنوورێکی سروشتی نێوان خاکی کوردستان و عێراقە، بەڵکو سنوورێکە بە خوێن و گۆشتی کورد، کوردستان لە عێراق جیادەکاتەوە.

## پرۆفیسۆرێکی زانکۆی ئازادی ئەمستەردام:

# کوردستانیش وەک ئیسرائیل دەتوانێ دەوڵەت بێت بەڵام جارێ نا



ڕووداو- ئەمستەردام

سەرەتای ئەمساڵ لە زانکۆی ئازادی ئەمستەردام بۆ یەکەمجار کورسییەکی خوێندن بۆ ئیسلام لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا دانرا و پرۆفیسۆر تایل سۆنیێریش وەک سەرپەرشتیاری ئەو خوێندنە تازەیە ناسێندرا. سۆنیر زۆرتر لە سێ ساڵ لێکۆڵینەوەی لە بارەی ئیسلام و وڵاتە ئیسلامییەکانەوە کردووە. ئەو کە زۆر بە کوردستانیشدا گەڕاوە لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) دەڵێت:" هەرچەندە هاوسۆزیم هەیە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، بەڵام هێشتا بوونی بە مەحاڵ دەزانم".

### سێوی رزیو

سۆنیر سەبارەت بە گرنگیی هەبوونی کورسییەکی خوێندن بۆ ئیسلام لە زانکۆیەکی ئەوروپیدا دەڵێت:" ئێستا ئیسلام لە ئەورووپادا لە قۆناغی گواستنەوەدایە، واتە خەریکە لە ئایینێکی هێندراوەوە دەبێتە ئایینێکی خۆگونجاندوو. لە بەرئەو دینامیکییەیشی پێویستە بە بەردەوامی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێت. بیست ساڵ لەمەوبەر هاوکارێکی دیکەم لێکۆڵینەوەیەکی باشی لەوبارەیەوە کردبوو، ئێستا کە ئەو لێکۆڵینەوەیە دەخوێنیتەوە سەرت سووڕدەمێنێ کە لەو ساڵانەدا چەند گۆڕان بە سەر ئیسلام لە ئەورووپادا هاتووە".

بە بڕوای سۆنێر پێویستە ئەورووپا و رۆژئاوا چاکتر لە ئیسلام تێبگەن " زۆر کەس وادەزانێت ئەگەر لە رۆژئاوا لەدایکبووبێت و خوێندبێتت، ئیتر بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبیتە مرۆڤێکی رۆشنگەر و تێگەیشتوو". زۆر جاریش زۆربەی ئەوروپییەکان کە باس دێتە سەر توندڕەوی ئیسلامی لە ئەورووپا دەڵێن" ئەوە شتێکی نامۆیە بە کۆمەڵگای ئێمە و لەودیوی سنوورەکانەوە بۆمان هاتووە، ئێمە هەمیشە باشین و ئەوانە خراپن. ئەوانە وەک بەشە رزیوەکەی سێوێک وان کە دەبێ لێبکرێنەوە". بەڵام بە بڕوای سۆنیر ئەوە تێنەگەیشتنێکی گەورەیە" زۆربەی ئەو گەنجانەی لەو ساڵانەی دواییدا کاری تێرۆریستییان لە لەندەن و ئیسپانیا کرد و تەنانەت محەممەد عەتای پلان داڕێژەری کارەساتی 11ی سێپتێمبەریش کوڕی ئەو قوتابخانە و کۆمەڵگا ئەوروپییە بوون، کە مرۆڤی هەمەچەشن، بە بیروڕای هەمەچەشن بەرهەم دێنێت". بە بڕوای ئەو پرۆفیسۆرە هۆڵەندییە بەشدارییپێنەکردنی موسوڵمانە توندڕەوەکان لەو گفتوگۆیانەی لە ئەورووپا سەبارەت بە کێشەکانی نێوان رۆژئاوا و ئیسلام دەکرێن کارێکی زۆر هەڵەیە"سەیرکە ئێمە دەتوانین لەگەڵیان کۆک نەبین و ئەگەر بۆمانکرا دەستگیریشیان بکەین، بەڵام قەت نابێ ئەوەمان لە بیربچێت کە ئەوانە شێت نین و ئەوەی دەشیکەن ئەوەیە کە ئاراستەیەکی ئایینی و سیاسیی جیاوازیان گرتووە. بۆیەش پێویستە لە جیاتی پشتگوێخستن قسەیان لەگەڵ بکرێ و گوێیان لێبگیرێ".

### ئیسلام پاشڤەڕۆ نییە

سۆنیێر رەتیدەکاتەوە کە ئیسلام ئایینێکی پاشڤەڕۆ و دواکەوتووبێت و دەڵێت:" کە وابێ دەبێ مەسیحییەت و یەهودییەتیش پاشڤەڕۆبن". بە بڕوای ئەو وەک چۆن لەو ئایینانەی دیکەدا هەموو مرۆڤەکان وەک یەک نین، ئاواش هەموو موسوڵمانان وەک یەک بیر ناکەنەوە. " بۆ نموونە هەندێک موسوڵمان هەنە کە پێیان وایە دەبێت ئیسلام بێ زیاد وکەم وەک ئەوەی کە لە قورئاندا هاتووە پراکتیزە بکرێت. لە کاتێکدا ئەوە راست نییە و قورئان کتێبێکە کە دەبێ لێکدانەوە بۆ دەقەکانی بکرێت. ئەوەش خاڵێکی گرنگی جیاکەرەی ئیسلامە لە ئایینەکانی دیکە، بۆ نموونە مەسیحی. چونکە لە ئیسلامدا بوار بۆ ئیجتیهاد هەیە کە دەکرێ هەندێ جار زیاتر لە بۆچوونێک و لێکدانەوەیەک سەبارەت بە دەقێکی دیاریکراو هەبن. ئەوەش دەرفەتی ئازادیی زیاترت دەداتێ لە ئایینەکەدا". نموونەیەک کە تایل سۆنێر دەیهێنێتەوە دەربارەی کۆمەڵێک قوتابیی موسوڵمانی زانکۆی ئەمستەردامە کە ماوە ماوە ئێوارە دانیشتن بۆ خواردنەوەی حەلالّ سازدەکەن" زۆر کەس دەڵێت شتی وا چۆن دەبێت؟! منیش دەڵێم ئەوە هەم لە روانگەی ئیسلامەوە دەبێت و هەمیش بۆیە دەبێت چونکە لە هۆڵەندا ئەو جۆرە موسوڵمانانەش هەنە کە باوەڕیان بەو شێوەیەی ژیان هەیە".

سۆنیێر پێیوایە کە موسوڵمانانی ئەوروپا دەتوانن رۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە سەرلەنوێ لێکدانەوە و شیکردنەوەی قورئان و ئیسلام. هەرچەندە دەشزانێت کە ئەوە زوو روونادات و زۆر کەس رێگە لە هەوڵی وا دەگرن، بەڵام ئەو دەڵێت: " سەرەڕای هەموو ئەوانەش گۆڕان هەر روودەدات".

### جارێ مەحاڵە کوردستان ببێتە دەوڵەت

سۆنیێر ماوەیەکی زۆر بە کوردستاندا گەڕاوە و لێکۆڵینەوەی کردووە. ئەو لەو بارەیەوە نایەوێت وەکو مامۆستای زانکۆ هیچ لێدوانێک بدات، چونکە وەک خۆی دەڵێت ئەمە بواری شارەزاییی وی نییە. سۆنیێر نایشارێتەوە کە هەواداری سازبوونی دەوڵەتێکی کوردییە: " هەندێک کەس دەڵێن: کوردەکان جیاوازیی گەورەی ناوخۆییان هەیە وەک مەسەلەی ئایینەکان و هەبوونی زاراوەگەلی سەربەخۆی وەک کرمانجی و سۆرانی و زازاکی.بۆیەش قەت ناتوانن ببنە دەوڵەت. من جارێکیان لە کۆڕێکیشمدا سەبارەت بە کوردستان ئەوەم روونکردەوە کە ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر هەڵەیە ئەگەر پێمانوابێت بۆ سازکردنی دەوڵەتێک پێویستە تەنیا یەک کولتور و یەک زمان هەبێت. بە بڕوای من دەکرێ کولتوری جیاواز پێکەوە ببنە یەک دەوڵەت بە مەرجێک هەمووان خواستێکی بەهێزیان بۆ پێکەوە بوون هەبێت. ئەو خواستە بەهێزەش کوردەکان هەیانە. باشترین بەڵگەشم ئیسرائیلە کە بەو هەموو کولتورە جیایانەوە کە خەڵکەکەی هەیەتی کەچی خواستی پێکەوە بوون کردوونی بە دەوڵەت".

بەڵام سۆنیێر دەڵێت: " سەرەڕای ئەوەش لە کاتی ئێستادا دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە مەحاڵ دەزانم. چونکە نە ناوچەکە بۆی ئامادەیە و نە ئەو دەوڵەتە نوێیەش هێندە هاوسێی چاکی دەبن کە لەگەڵیان بتوانێ بژیێت." بۆیەش چاکترین شت بۆ کورد بە بڕوای ئەو مامۆستایەی زانکۆی ئازادی ئەمستەردام ئەوەیە کە ئابووریی خۆی بەهێز بکات و پێگەی خۆی بە شێوازی ئاشتیخوازانە لەو وڵاتانەی بەسەریدا دابەشکراوە بەهێز بکات. " هەقە کورد ئایدیاڵیان هەبن، بەڵام ریاڵ پۆڵەتیکیش (سیاسەتی واقیعبینانە) نابێ لە بیر بکەن."

## کوردستانی

### خێزانێکی ڕۆژهەڵاتی لە شاری وان ماندەگرن



ڕووداو-DIHA

خێزانێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ماوەی 3 ساڵە چاوەڕێی مافی پەنابەرێتی دەکەن، دوای ئەوەی داواکەیان لەلایەن نووسینگەی کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە وان ڕەتکرایەوە، خێزانەکە لەبەردەم نووسینگەکە دەستیان بەمانگرتن کرد. ئەحمەد پەنا لەساڵی 2006 لەگوندی خوڕخوڕی شاری سەلماسی ئێران رایکردووە بۆ شاری وان. پەنا گوتی " ئێمە لێرە لەبەر ئەوەی پەنابەرین بۆمان نییە کاربکەین، پارەم نییە نان بۆ منداڵەکانم بکڕم، بۆیە بڕیاری مانگرتنمان لەخواردن داوە".



# ئۆباما لە پەرلەمانی تورکیا کوردی لەبیر نەکرد

## سەرنووسەری ڕۆژنامەی (تودەی زەمان): پەیامی ئۆباما بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەکاتێکی گونجاودا هات

**هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-هەولێر**

هەروەک چاوەڕواندەکرا، باراک ئۆباما لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا و لەکاتی پێشکێشکردنی وتارەکەی بۆ جیهانی ئیسلامی لە پەرلەمانی تورکیاوە، باسی کێشەی کوردی لە تورکیا کرد و داوایکرد ڕێ بە خوێندنی کوردی بدرێ و تورکیا بەردەوامبێت لە ریفۆرمەکانی لەو بوارەدا، بەڵام پابەند بە لیستی تیرۆری ئەمریکاوە، کە پارتی کرێکارانی کوردستانPKKیشی تێدایە.

ئۆباما لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا، وەک ڕاگەیێندرا 8 دەقیقە لەگەڵ ئەحمەد تورکی سەرۆکی پارتی کوردی DTP (پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی) دانیشت، لەو دانیشتنەدا، جەخت لە چارەسەری پرسی کورد بەشێوازی دیموکراسیانە کرا. ئۆباما کوردی وەکو کەمینەیەک ناوبرد، هەندێک لە چاودێرانی کورد پێیانوایە ئەوە هەڵەیە چونکە کورد نەتەوەیەکی 20 ملیۆنییە لە تورکیا، چاودێرانی تورکیش پێیانوایە هەڵەیە چونکە هەموو پێکهاتەکانی تورک گەلێک بەنێوی گەلی تورک پێکدێنن.

تا ئێستا بەر لە ئۆباما 25 سەرۆکی وڵاتانی بیانی و بەرپرسی دەزگا نێودەوڵەتییەکان لەبەردەم پەرلەمانی تورکیا وتاریان خوێندووەتەوە. یەکەم کەس گارستان مایەری سەرۆکی پەرلەمانی ئەڵمانیای فیدراڵ بوو، کە لەساڵی 1964 وتاری خوێندەوە. دوا هەمینیشیان، جۆسی مانوێل بارۆسۆ، سەرۆکی کۆمسیۆنی بەرفراوانکردنی یەکێتی ئەوروپا بوو لەساڵی 2008.

پێش ئۆباما، بیل کلینتن سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکا، لەساڵی 1999 وتارێکی لەبەردەم پەرلەمانی تورکیا خوێندەوەو داوای لەتورکیا کرد کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکات.

ڕۆژی 6ی ئەم مانگە، باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمەریکا، لەبەردەم پەرلەمانی تورکیا وتارەکەی خۆی خوێندەوە، تێیدا جەختی لە ڕۆڵی گرنگی تورکیا لەهەرێمەکە کرد. هەروەها داوایکرد تورکیا لەمەڕ چارەسەری پرسی ئەرمەن و قوبرس هەنگاوی بەپەلە بنێ، هەروەها پاڵپشتی خۆی بۆ یەکپارچەیی خاکی تورکیا و بەرەنگاربوونەوەی PKK دەربڕی، لەهەمانکاتدا داوای لە تورکیا کرد ڕێ بەخوێندن بەزمانی کوردی بدات و دەرفەتی زیاتر بدا بەکورد و ریفۆرمی زیاتر بۆ دابینکردنی مافەکانیان بکرێت.

بوڵەند گونەش، سەرنووسەری ڕۆژنامەی TODAYS ZAMAN کە بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێت و لە پارتی داد و گەشەپێدانی دەسەڵاتدار AKPەوە نزیکە، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) پەیامەکەی ئۆبامای بە "گرنگ" وەسفکرد و گوتی "سەرۆکی ئەمەریکا، بە ئاشکرا رایگەیاند کە ئەوان ڕێگا بەهیچ کارێک نادەن بەزیانی تورکیا تەواو ببێ"، هەروەها گوتیشی "پەیامی چارەسەری کێشەی کورد بە شێوازی دیموکراتیانە لەلایەن ئۆباماوە لەکاتی گونجاوی خۆیدا هات".

دوای خوێندنەوەی وتارەکەی، ئۆباما لەگەڵ هەر یەک لە سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی تورکیا بەجیا کۆبووەوە، لەنێویشیاندا ئەحمەد تورکی سەرۆکی فراکسیۆنیDTP. بەڕای چاودێران دیدارەکە گرنگ بوو، چونکە یەکەمجارە سەرۆکێکی ئەمەریکی لەگەڵ سەرکردەیەکی کوردی باکووری کوردستان دابنیشێت.

فەرەیدون یازاڕ، نووسەر و سیاسەتمەدار قسەکانی ئۆبامای بۆ چارەسەری کێشەی کورد بە"باش" وەسفکرد، بەڵام دەڵێت ناوبردنی کورد بە کەمینە، ناڕەوایەتییە و کێشەی کورد ئاڵۆزتر دەکات "ئۆباما بەو قسەیەی بە ئاشکرایی پشتگیری تورکیای کرد".

بوڵەند، بەپێچەوانەی قسەکانی یازار، جەخت لەوەدەکاتەوە کە ئۆباما "بەنیازی کەمکردنەوەی قەبارەو ڕۆڵ و مافی کوردان، ئەو قسەیەی نەکردووە، بەڵام لە ڕووی یاساییەوە بەکارهێنانی دەستەواژەی کەمینە بۆ کورد هەڵەیە، چونکە کورد ڕەگەزێکی سەرەکی تورکیان".

چاودێران پێیانوایە، ئۆباما نەیتوانی بەهۆی ئەو قەیرانانەی ئەمریکا لەئەنجامی سیاسەتی سەرۆکی پێشووی تێیکەوتووە، ڕاشکاوانە سەبارەت بەکێشەی کورد قسە لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا بکات، بۆ ئەمەش تەنیا بە ئاماژەی کورت و لەچوارچێوەی هێڵە گشتییەکان قسەی کرد. پەیامەکانیشی بۆنی ئەوەیان لێدێ کە ئەمەریکا لەداهاتوو جدیتر دەبێت لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا.

ئیسرا چیفتچی، کچە ڕۆژنامەنووسی کورد، دەڵێت نازانرێت تا چەند ئۆباما خوازیارە تورکیا لەو کێشانە ڕزگاری بێ، بەڵام پێویستە زۆر بە باشی پەیامەکانی بخوێندرێنەوە "بەتایبەتی کاتێک لەبارەی چارەسەری کێشەی کورد دەڵێ ئەو کێشەیە بە شەڕ چارەسەر نابێ".

بەڵام فەرەیدون یازار، ڕەشبینە لەبەرامبەر پەیامی ئۆباما بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەو پێیوایە "کاتێک ئۆباما بە ئەحمەد تورک دەڵێ من لەمەوپێش چەندین جار لەگەڵ سەرکردە کوردەکانی عێراق دانیشتووم، بەڵام ئەمە جاری یەکەمە لەگەڵ سەرکردەیەکی کوردی تورکیا کۆدەبمەوە، پەیامێکی گرنگ نییە. چونکە ئۆباما کوردی بەکەمینە داناو هەروەها بۆ چارەسەری کێشەی کوردیش شتێکی ڕاشکاوانەی نەگووت".

لە درێژەی قسەکانیدا یازاڕ دەڵێ "تورکیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتێکی گرنگە، ئەمەریکا خوازیارە لەزۆر مەسەلە سوود لەتورکیا وەربگرێ، بۆ ئەمەش دەربارەی پرسی کورد چی نوێی نەدرکاند".

ئەوەی زیاتر یازاری نا ئومێد کردووە، وەڵامی ئۆباما بوو بۆ یەکێک لە خوێندکارانی زانکۆی ئیستەنبوڵ،سەبارەت بەوەی ئایا کوردانی عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆ دادەمەزرێنن.

ئۆباما گوتی: ڕێگا بەکارێک نادەین، زیان بەیەکێتی خاکی تورکیا بگەیێنێ.



چەند ساڵە کوردانی باکووری کوردستان لە ناخۆشترین بارودۆخدا هێمای سەرکەوتن بەرز دەکەنەوە (فۆتۆ:DIHA)

# ئۆباما چی لەبارەی کوردەوە گوت

## ئۆباما بۆ تورکیا: خوێندنی کوردی بکەنەوە



ئۆباما (فۆتۆ:AFP)

**ڕووداونێت — واشنتن**

سەرۆک کۆماری ئەمریکا داوای لە تورکیا کرد بە ڕێگەدان و دەستکردن بە پرۆسەی خوێندنی کوردی ڕووبەڕووی پارتی کرێکارانی کوردستان PKKببێتەوە.

بەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دەقی وتارەکەی باراک ئۆباما کە لە ڕۆژی 2009/4/6 لە بەردەم پەرلەمانی تورکیا پێشکێشی کرد بڵاوکردەوە. لەو وتارەدا ئۆباما لەبارەی شەڕی PKKەوە دەڵێت " بێگومان عێراق و تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی مەترسییەکی هاوبەشی تیرۆرکاری بوونەتەوە، ئەو مەترسییەش، ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست دەگرێتەوە کە هەوڵدەدات عێراقییەکان پەرت بکات و وڵات کاول بکات. هەروەهاPKKیش دەگرێتەوە. هیچ پاساوێک نییە بۆ تیرۆرکاری بەرامبەر هیچ دەوڵەتێک. ئەز وەک سەرۆک و هاوبەشێکی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) بەڵێن دەدەم کە هەموو پشتیوانی و هاوکاری خۆم دژی چالاکییەکانی PKK ی تیرۆریست پێشکێشی ئێوە بکەم. ئەو هەوڵانەش بنج گرتوو دەبن بە بەردەوامبوون لە پەیوەندییەکانی هاوکاری نێوان تورکیا و حکومەتی عێراق و سەرکردە عێراقییە کوردەکان و، لە ڕێگەی بەردەوامی هەوڵەکانمان بۆ دەستەبەرکردنی خوێندن و دەرفەتەکان بۆ کوردان لە تورکیا".

سەرۆکی ئەمریکا لەبەردەم پەرلەمانی تورکیادا گوتی" پەندێکی تورکی هەیە دەڵێ : (تۆ ناتوانی ئاگر بە بڵێسە دابمرکێنیەوە). ئەمریکا و تورکیاش ئەوە دەزانن، بەڵام هەندێک هەن هەر دەبێ بە هێز ڕووبەڕوویان ببیەوە، بەڵام هێز بەتەنیا ناتوانێ کێشەکان چارەسەر بکات و، ئەلتەرناتیڤی توندڕەوی نییە. دوارۆژیش موڵکی ئەو کەسانە دەبێت کە ئاواکارن، نەک ئەوانەی کاولکاری و وێرانکاری ئەنجامدەدەن، ئەوەش ئەو دوارۆژەیە کە دەبێ ئێمە کاری بۆ بکەین و پێویستە پێکەوە کاری لە پێناودا بکەین".

دوای وتارەکەی لە پەرلەمان، سەرۆکی ئەمەریکا بەجیا وبۆ ماوەی پێنج دەقیقە لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکی پارتە بەشدارەکانی ناو پەرلەمانی تورکیا کۆبووەوە. بەڵام دانیشتنی لەگەڵ ئەحمەد تورک سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی DTP حەوت دەقیقەی خایاند و تێیدا ئۆباما گوتی " شەڕی چەکداری ناتوانێ کێشەی کورد چارەسەر بکات". ئەحمەد تورکیش جەختی لەسەر هەمان بۆچوون کردەوە، پرۆژەیەکی پێشکێشی ئۆباما کرد، کە تێیدا داواکراوە کێشەی کورد بە دانی ئۆتۆنۆمی بە باکووری کوردستان چارەسەر بکرێت.

"لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست 40 ملیۆن کورد هەیە، 20 ملیۆن کورد لەتورکیا دەژین. تاوەکو پرسی کورد لەناو کەش و هەوای ئارام و بەئاشتیانە چارەسەر نەکرێ، ئارامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرقەرار نابێت. ئێمە جەختمان لەچارەسەری پرسی کورد بە ئاشتیانەو لەچوارچێوەی یەکێتی تورکیا کردەوە".

ئەحمەد تورک، گوتی "بەڕێز ئۆباما گوتی تاوەکو ئێستا لەگەڵ چەند ڕێبەرێکی کورد کۆبوومەتەوە، بەڵام ئەمە جاری یەکەمە لەگەڵ سەرۆکێکی کوردی تورکیا کۆدەبێتەوە، گوتی ڕێز لەگەلی کورد دەگرم و کێشەی کورد بە توندوتیژی چارەسەر ناکرێ". ئەحمەد تورک گوتی ئەویش بە ئۆبامای گوت " ئێمە لایەنگری توندوتیژی و هێرشکردن نین و خوازیارین کێشەکە بە ئاشتی و دیموکراسیانە چارەسەر بکرێت، 17هەزار کوژراوی بکوژ نادیارمان هەن پێویستە لێکۆلینەوە لەوەبکرێ و ئەمریکا دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ لەوەدا بگێڕێ، کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا کێشەی 40ملیۆن مرۆڤە".

ئۆباما ڕۆژی 2009/4/7 لە دانیشتنێکدا لەگەڵ ژمارەیەک خوێندکاری زانستگەکانی تورکیا لە ئیستەنبول، لە وەڵامی پرسیاری خوێندکارێک سەبارەت بە ڕای ئەو لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە هەرێمی کوردستان، گوتی " تورکیا هاوپەیمانی ئێمەیە و هەڵوێستی ئێمە ڕوونە کە پێویستە یەکپارچەیی خاکی تورکیا بپارێزرێ وئێمە دژی هەموو هێرشێکی تیرۆریستی PKK ین دژی تورکیا، بەڵام پێویستە مافی کەمینەی کوردیش لەبەرچاو بگیرێت وئازادییان هەبێت ونابێ بچەوسێنرێنەوەو دەبێ وەک هاووڵاتیانی دیکەی تورکیا دەرفەتی یەکسانیان پێ بدرێت".

باراک ئۆباما، لەڕۆژی /2009/4 لەکاتی سەردانی بۆ بەغدا، دوای تەواوکردنی گەشتەکەی بۆ تورکیا، بە سەردانێکی پێشتر ڕانەگەیێندراو دوێنێ گەیشتە بەغدا و لە کەشێکی ئاسایشی زۆر توونددا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق کۆبووەوە. لە کۆشکەکانی کۆمەڵگەی فاو کە بەدەست هێزەکانی ئەمریکاوەیە، پێشوازی لە سەرۆک کۆماری عێراق، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی عێراق کرد. ئۆباما لەکاتی دانیشتنی لەگەڵ سەرۆک کۆماری عێراق و دوو جێگرەکەی گوتی ئەمریکا بایەخی عێراق دەزانێ و بەهەستیاریی و بەرپرسانە کشانەوەی هێزەکانی لە هەژدە مانگی داهاتوودا ئەنجامدەدا و گوتیشی " عێراق زۆر گرنگە بەلای ئەمریکاوە".

ئۆباما لە کاتی کۆبوونەوەیدا لەگەڵ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش، گوتی " من مێژووی ئەو کارەساتانە دەزانم کە بەسەر کورد هاتوون و لەبیرمن". ئەویش دوای ئەوەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی ئەوەیکرد کە کورد لە وڵاتێکی ڕووخاو و گوند وێرانکراو و کیمیابارانکراودا هەستاوەتەوەو، ئێستاش چاوی لەوەیە ئەمریکا بەبێ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بە جێنەهێڵێت . ئۆباماش گوتی هەست بەو پێشکەوتنە دەکات، هەروەها خۆشحالی خۆی بەرامبەر کەمبوونەوەو نەمانی کێشەکان لەگەڵ تورکیا نیشاندا و گوتیشی کە بەر دەوام دەبن لە هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## بەعسی سووریا ژمارەیەک کوردی دیکە بێسەروشوێن دەکات

# 207 کەس لە گەڕەکە کوردییەکانی حەلەب دەستگیردەکرێن

**سیروان حەجی بەرکۆ**
**ڕووداو- بەرلین**

مستەفا ئۆسێ، چالاکڤانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕایگەیاند کە لە مانگی ئاداری ڕابردوو، حکومەتی سووریا چەندین هاووڵاتی کوردی دەستگیر کردووە بە بیانووی بەشداری کردنیان لە ئاهەنگەکانی نەورۆز.

لە چەند هەفتەی ڕابردوودا، حکومەتی سووریا لەشارەکانی حەلەب و دیمەشق دەستیکردووە بە هەڵمەتی دەستگیرکردنی هاووڵاتیانی کورد، بەهۆی چالاکیەکانیان سزای داون، هەروەها چەندین مامۆستای کوردی بۆ شوێنە دوورەکان گواستووەتەوە.

مستەفا ئۆسێ، سەرۆکی کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ و ئازادی گشتی لە سووریا DAD، هۆکاری دەستگیرکردنی هاووڵاتیانی کوردی گەڕاندەوە بۆ بەشداریکردنیان لە بۆنەکانی ئادار و جەژنی نەورۆز. ئۆسێ گوتی "چەندین کەس لە 12ی ئادار بەهۆی ئەوەی یادی پێنجەمین ساڵڤەگەڕی کارەساتی قامشلۆیان کردەوە دەستگیر کران، هەروەها ڕۆژی نەورۆزیش 207 کەس لە گەڕەکە کوردنشینەکانی حەلەب دەستگیر کراون، کە دەیانویست جەژنی نەورۆز پیرۆز بکەن".

لەلایەکی دیکەوە لقی سەربازی دەزگای ئەمنی سووریا، لە ناوچەی سەرێکانیێ 12 هاووڵاتی بەتۆمەتی بەشداریکردن لە ئاهەنگی نەورۆز دەستگیر کرد. پارتی یەکێتی کورد لە سووریا، لە بەیاننامەیەکدا داوا لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات سنوورێک بۆ ئەو هەڵسوکەوتە ڕەگەزپەرستییەی سووریا دابنێن، هەروەها هۆشداری داوەتە حکومەتی سووریا، کە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە کاردانەوەی خراپی دەبێ.

ساڵی ڕابردوو، قیادەی قوتری حیزبی بەعسی سووریا، بڕیاریدا کە نابێ بەبێ مۆڵەت کۆبوونەوەی جەماوەری ساز بدرێن، پارتە کوردییەکانیشی لەو بڕیارە ئاگادار کردەوە، بەڵام وەک ئۆسێ دەڵێت "کورد گوێنادەنە بڕیاری بەعسییەکان. زۆر کەس لەوانەی دەستگیرکراون لە زیندانەکانی دەزگا ئەمنیەکاندان، هەندێکیشیان دراونەتە دادگا،



ڕۆژنامەنووس فاروق حەجی مستەفا
لەلایەن حکومەتی سوریا بێسەروشوێنکراوە

بە گشتی ڕەوشەکە زۆر خراپە".

ڕژێمی بەعسی سووریا بۆ بێدەنگکردنی هاووڵاتیانی کورد، هەمان ئەو سیاسەتەی بەعسی عێراق پەیڕەوی دەکرد بەکاردێنێت، ئەویش گواستنەوەی مامۆستایان وفەرمانبەرانە بۆ جێگەیەکی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونیان. بۆ نموونە دوو فەرمانبەری نەخۆشخانەی لە دێرک، بەهۆی بەشداریکردن لە یادکردنەوەی کارەساتی قامشلۆ، گواستەوە بۆ شارێک کە 300 کم لە شارەکەی ئەوانەوە دوورە. ئۆسێ دەڵێت "ئەو کەسانەی گواستراونەتەوە، زۆربەیان چالاکڤانی سەربەخۆی کوردن، ئەوان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و تەنیا لەبەر کوردبوونیان دەگوازرێنەوە".

ئۆسێ ئاماژەی بەوەدا بە هۆی ئەو گواستنەوەیەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی کورد زیانێکی زۆری داراییان بەر دەکەوێت "بۆ نموونە ئەگەر مامۆستایەک مانگانە 15 لیرەی سووری وەربگرێ، ئەوکات یان دەبێ زۆربەی مووچەکەی بۆ کرێی هاتووچۆی شوێنی کارەکەی تەرخان بکات یان ئەوەتا بەناچاری ماڵی خۆی بۆ شوێنی کارەکەی بگوازێتەوە". گوتیشی "بەم شێوەیە ڕژێم چالاکڤانان ناچار دەکات لە هەرێمی کوردییەوە کۆچ بکەن".

زۆربەی چالاکڤانانی کورد بە شێوەی نایاسایی دەستگیر دەکرێن، زۆر لەوانەی دەستگیرکراون چارەنووس و شوێنی گرتنیان دیار نییە و، کەسوکاریان نازانن لە چ هەلومەرجێکدا دەژین. مستەفا ئۆسێ لەو بارەیەوە دەڵێت "مرۆڤ دەتوانێ بڵێ ڕژێمی سووریا بە شێوەیەکی تیرۆریستیانە خەڵک دەگرێت. هێزە ئەمنییەکان کە چالاکڤانانی کورد دەستگیر دەکەن، خۆیان ئاشکرا ناکەن کە سەر بەکام دەزگان. دەزگا ئەمنییەکان سەردانی زیندانیان قەدەخە دەکەن، ڕەوشی ئەوان بەرەو تاریکی دەبەن، تا بەهۆی ئەوەوە زۆر بیانترسێنن".

ڕۆژی 2009/4/5 لقی ئەمنی سیاسی لە شاری حەلەب ڕۆژنامەنووسی کورد فاروق حەجی مستەفای دەستگیرکرد. فاروق کە بەردەوام ڕاپۆرت و وتارەکانی لە ڕۆژنامەکانی (المستقبل)ی لوبنانی و (الحیاه)ی لەندەنی و (البیان)ی ئیماراتی و چەندین ڕۆژنامەی دیکەدا بڵاودەکاتەوە، ناوەندی سکایز ڕایگەیاند کە " شوێنی زیندانیکردنەکەی تاوەکو ئێستا نادیارە". ناوەندی سکایز ئەوەشی ڕاگەیاند، کە فاروق چەند جارێک لەو ماوەیەدا لەلایەن ئەمنەوە بانگرابوو. سکایز لە بەیاننامەیەکدا دەڵێ " فاروق حەجی مستەفا، پێش دەستگیرکردنی دەیگوت، نازانم دەزگای ئەمن بۆچی هێندە بانگم دەکات، مەگەر هەر لەبەر ئەوەبێ کە لەو ماوەیەدا لەکاتی هاتنی ڕۆژنامەڤانی ئەڵمانی ئیڤا سیفلسبێرگ بۆ ناوچە کوردییەکان، لەگەڵی دانیشتم".

مستەفا ئۆسێ، ئاماژەی بەوەدا کە زیندانیانی کورد لە زیندانی دەزگا ئەمنییەکانی سووریا ڕووبەڕووی ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی زۆر دەبنەوە، هەروەها جنێوی پیس بە خێزان و کەسوکاریان دەگوترێ بۆ ئەوەی ورەیان بڕوخێنن، دواتر ڕەوانەی زیندانی ئاساییان دەکەن، لەوێ ئەشکەنجە نامێنێ، بەڵام سووکایەتپێکردن بەردەوام دەبێ".

سەبارەت بەو تۆمەتەی دەدرێتە پاڵ دەستگیرکراوانی کورد، ئۆسێ گوتی "ئەوانەی لەدادگای دیمەشق بە ئەندامێتی ڕێکخراوێکی قەدەخە و هەوڵدان بۆ پارچەکردنی سووریا، پەیوەستبوون بەوڵاتێکی بێگانە تاوانبار دەکرێن، لە سێ ساڵ زیندانیکردن کەمتر سزا نادرێن، بەڵام سزای دادگای سەربازی کەمێک سووکترە"، گوتیشی "زۆربەی زیندانییەکان ڕەوانەی بەردەم دادگای سەربازی قامشلۆ دەکرێن، لەو دادگایەش حوکم لەشەش مانگ زیندانی کردن زیاتر نییە".

# کاروباری سیاسی

## شیروان وائیلی: چالاکییەکانی PKKمان پەکخستووە



ڕووداو- رادیو دجلە
شیروان وائیلی وەزیری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق رایگەیاند کە ئەو لیژنەیەی لەلایەن وەزارەتەکەیانەوە بۆ چاودێری و بەدواداچوونی جموجوڵەکانی PKK پێکهێنرابوو، سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێناوەو بەهەماهەنگی لەگەڵ بنکەی عەمەلیاتی بەغداو لەرێی گۆڕینەوەی بەردەوامی زانیاری، توانی چالاکییەکانی ئەو رێکخراوە لەناو خاکی عێراقدا بەتەواوی پەکبخات.

## سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول بۆ (ڕووداو):

# لە سەردانەکەمدا بۆ عێراق دڵخۆشبووم وخەمباریش بووم



لە هوتێلی سویسی شاری ئیستەنبولدا، کە هوتێلێکی پلە یەکی شارەکە نییە، سەرۆکی تورکیا پێشوازی لە چەند رۆژنامەوانێکی دیاریکراوی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەورووپا کرد کە (ڕووداو)یش تێیدا ئامادەبوو. دوای خۆناساندم وەک رۆژنامەنووسێکی کورد، دوا ژمارەی هەفتەنامەی (ڕووداو)م پێشکێشی سەرۆک گول کرد کە دیمانەیەکی خۆی تێدابوو لەگەڵ تەلەڤزیۆنی EURONEWS، گول بە زەردەخەنەوە رۆژنامەکەی وەرگرت وگوتی "من کوردی نازانم، بەڵام دواتر دەپرسم بزانم چیتان نووسیوە". ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج بوو، سەرۆکی تورکیا وەک کەسێکی زۆر سادە هاتە بەرچاو کە تەنها دوو پاسەوانی بێ چەکی لەگەڵ بوو. دوای ئەوەی یەکی نوقڵێکیان بەسەر ئامادەبووان دابەشکرد، گول وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسە بەشدارەکانی دایەوە، ئەمەی خوارەوە دەقی وەڵامی پرسیارە پەیوەندیدارەکانە بە عێراق و کوردستان.

**نوورەدین وەیسی**
**ڕووداو-ئیستەنبول**

**پرسیار: چەند رۆژێک لەمەوبەر لە لێدوانێکدا راتانگەیاند ئەگەر حکومەتی عێراق لە دژی پارتی کرێکارانی کوردستان رێوشوێنی پێویست نەگرێتەبەر، ئەوا تورکیا خۆی هەنگاوی پێویست لەمبارەیەوە دەهاوێژێت. ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە لەم نزیکانە تورکیا لەشکرکێشییەکی دیکە دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان؟**

**گول:** دیارە عێراق وڵاتێکی دۆست و هاوسێمانەو وڵاتێکی هەمەڕەنگە، لە عەرەب وتورکمان وکورد وشیعەو سوننە پێکدێت، هەروەها ئاینی جۆراوجۆریش لەعێراقدا هەن وەک ئیسلام و مەسیحی. ئێمە دەزانین خەڵکی عێراق بەدەست زۆر ئێش و مەینەتی ناڵاندوویانە ئەمەش زۆر ئازارمان دەدات، چونکە عێراق وڵاتێکە خاوەنی توانایەکی ئابووری و مرۆیی زۆرە. ئەگەر کاتی خۆی سەرکردەو بەرپرسەکانی عێراق کاری خۆیان بە راست و دروستی کردبایە ئەوا عێراق پێگەیەکی دیاری لە نێوان وڵاتانی دنیا دەبوو. بەڵام ئەوەی بینیمان پێچەوانەکەی بوو، بۆیە هەموو لایەنەکانی عێراق لە عەرەب وکوردو تورکمان ومەسیحی تووشی گرفت وئازاری زۆر بوون. ئێمە بە ئازارەکانی خەڵکی عێراق دڵمان دێشێت چونکە خۆمان بە دۆست وخزمی خەڵکی عێراق دەزانین، بە تورکمان وکورد وعەرەبەوە. بۆیە یەکپارچەیی ویەکێتی عێراق زۆر زۆر گرنگە و پێویستە هەموو لایەنەکانی عێراق لە ژێر چەتری یەک وڵاتدا بژین. بێگومان ئێمە دەست لە کاروباری عێراق وەرنادەین، بەڵام ئێمە وەکو دۆست ودراوسێیەک راسپاردەکانی خۆمان پێشکێش دەکەین، هەرچەندە عێراق زاڵ بێت بەسەر کێشەو گرفتەکانی ئەوە جێی دڵخۆشی ئێمەیە. وەک دەزانن پێش دە رۆژ لەگەڵ خێزانەکەم سەردانی عێراقم کرد و شەوێکیش لەوێ مامەوە، کە ئەمەش لەو کارە دەگمەنانەیە کەبەم دواییە لە عێراق روویداوە. من لەو سەردانەم بۆ عێراق دڵخۆشبووم وخەمباریش بووم. خەمباربووم چونکە ژیانی خەڵکی عێراقم لەژێر سێبەری چەکدا بینی، تانکەکانم دیتن، چەکم لە هەموو شوێنێک بینی. من پێشتر شاری کابولی ئەفغانستانم بینیوە، بەڵام باوەڕتان هەبێت ئەو رێوشوێنە ئەمنییانەی لەبەغدا بینیم لە کابول نەمبینین، بۆیە ئەوە زۆر خەمباری کردم. بەڵام لەهەمانکاتدا رۆشنایییەکیش لە عێراق هەیە، چونکە من بارودۆخی عێراقیشم پێش 3 ساڵ لەیادە، بۆیە هەستم بە گەشبینی کرد کە بارودۆخی عێراق بەرەو باشتر دەڕوات. ئەوەی دڵخۆشی کردم ئەوەبوو کە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی عێراق کۆبوومەوە، ئەوەش دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ من. لەو دەعوەتە نانخواردنە ئێوارەییەی کە سەرۆک جەلال تاڵەبانی و دەعوەتی نانخواردنی نێوەڕۆی بەڕێز نوری مالیکی رێکیان خستبوو، هەستمکرد ساردیی نێوان لایەنەکان بەرەو توانەوە دەچێت. چونکە چەند لایەنێک پێشتر شەڕیان دەکرد لەنێوخۆیان، بەڵام لەو دانیشتنانەدا لەگەڵ یەک کۆبوونەوە. سێ خاڵ و کێشە هەیە کەپێویستە بەر لە هەموو شتێک چارەسەر بکرێن. چەند ئەو کێشانە زوو چارەسەر بکرێن ئەوەندە عێراق لە ئامانجەکانی نزیک دەبێتەوە. خاڵی یەکەم بریتییە لە دابەشکردنی داهات وقانوونی نەوت وگاز، خاڵی دووەم بریتییە لەو گرژییەی لە نێوان ئیدارەی کوردی لەباکووری عێراق وحکومەتی ناوەندی هەیە. خاڵی سێیەمیش پرسی کەرکووکە. پرسی کەرکووک بۆ ئێمە زۆر گرنگە، چونکە کاتێک ئێمە لە گەڵ دۆستە ئەورووپایی وئەمەریکاییەکانمان دادەنیشین هەمیشە پێیاندەڵێین عێراق نموونەیەکی بچووکی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو کەرکووکیش نموونەیەکی بچووکی عێراقە. ئێمە دەزانین چەند پێکهاتەیەکی سەرەکی لە کەرکووک دەژین وەک عەرەب وتورکمان وکورد. بەهۆی ئەو کێشانەش هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک نەکرا وچەند لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی راستییەکان پێکهات بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک. ئێمە پێمانوایە چارەسەری ئەو کێشەیە بە رێگەی تەوافوق دەبێت بە جۆرێک کە ئەو لایەنانە بگەنە رێککەوتنێکی سەرکەوتوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە نێوخۆیان. ئێمە دەبینین چەند دەستپێشخەریەکی باش دەکرێن. بەڕێز سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی چەند تێبینییەکی باشی دەربڕیوە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە کەرکووک، جا ئەگەر تەوافوق لەسەر ئەوپرسانە بکرێت ئەوکاتە دەکرێ چارەسەرێکی باش بۆ کێشەکە بدۆزرێتەوە. دیارە دەبێ فرەنەتەوەیی ومەزهەبی وەکو لایەنێکی گەش ودەوڵەمەندی عێراق سەیربکرێت. نابێ ببێتە هۆیەک بۆ لەیەکجیابوونەوەی لایەنەکان بەڵکو دەبێ هۆکارێک بێت بۆ لەیەک نزیکبوونەوەیان. پێویستە عەقل ومەنتیق بگیرێتەبەر، چونکە گرتنەبەری توندڕەوی وپاوانخوازی ئەنجامی خراپ وئاڵۆزی لێدەکەوێتەوە کە ئەوکات چارەسەرەکان زەحمەت دەبێت.

تورکیا بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی عێراق دەکات و ئەوەشمان لە سیاسەتەکانمان سەلماندووە. ئێمە بانگهێشتی هەموو لایەنەکانمان کردووە کە بێن سەردانمان بکەن وگفتوگۆمان لەگەڵ بکەن، هاوکاری هەموو لایەنەکانیشمان کردووە. ئێمە دەمانەوێ هاوکاریەکی زیاتری عێراق بکەین، بەڵام بەداخەوە تیرۆر رێ لەو ئارەزووەی ئێمە دەگرێت. وەک دەزانن رێکخراوە تیرۆریستییەکان لە باکووری عێراقدا و لەناوخاکی کوردیدا هەن و لەوێوە هێرش دەکەنە سەر تورکیا. ئەمەش کارێکە دژی دەستووری عێراقە کە جەخت لەسەر قەدەخەیی بوونی رێکخراوە تیرۆریستییەکان لەسەر خاکی عێراق دەکاتەوە. لەکاتی سەردانم لە عێراق لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی بەشێوەیەکی ئاشکرا پێیگوتن یان دەبێ واز لەچەک بێنن یان دەبێ وڵاتەکەمان بەجێ بهێڵن. بۆیە دەڵێم ئەو رێکخراوە تیرۆریستیانەی کە لە دەستووری عێراقدا قەدەخەکراون نابێ لەسەرخاکی عێراقدا بمێنن. ئەو مەسەلەیە کار لەپەیوەندییەکانمان دەکات لەگەڵ برا کوردەکانمان، چونکە ئەوان لەبەری دیکەی سنوورەکەمانن و ئێمەش حەزدەکەین زیاتر دەستی هاوکاریان بۆ درێژبکەین، بەڵام تیرۆر رێگرە لەبەردەم ئەمە. بێننە پێش چاوی خۆتان ئەگەر رێکخراوێکی تیرۆریستی تورکی هەبێت ئایا ئێمە بەهەمان شێوە موراعاتیان دەکەین، یان ئەگەر ریکخراوێکی هاوشێوەی عەرەبی هەبێت ئایا وڵاتانی عەرەبی هەموویان پشتیوانی لێدەکەن؟ بۆیە ئەگەر رێکخراوێکی تیرۆریستی لەنێو برا کوردەکانمان هەبێت پێویستە هەڵوێستی برا کوردەکانمان ئەوە بێت کەدژی ئەو رێکخراوە بێت وپێویستە پێیان بڵێن ئێوە زیانمان پێدەگەیێنن. بێگومان ئێمە ئەوە لە عێراق چاوەڕێ دەکەین کە ئەم پرسە یەکلابکاتەوە. ئەگەر عێراق توانای ئەوەی نییە ئەو پرسە یەکلا بکاتەوە چونکە جارێ هێزە سەربازییەکەی ئامادە نییە، ئێمە لەم رووەوە دەتوانین هاوکاری یەکتربکەین. لەوانەیە عێراقییەکان بڵێن راستە ئەوان لەسەر خاکی ئێمەن، بەڵام ئێمە ناتوانین هیچ شتێکیان بەرامبەر بکەین چونکە ئەوانە لەناوچەیەکدان کە لە ژێر کۆنترۆلی کەسدا نییە، لەوانەیە عێراقییەکان پێمان بڵێن ئێمە ناتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین ئێوە وەرن خۆتان تاقی بکەنەوە، بێگومان ئەوکاتە ئێمە بەشداری دەکەین. بەڵام جگە لەمە دەمەوێ بڵێم کە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر تەنها بەچەک ناکرێت. بەڵام ئەگەر رێکخراوێک گوتی ئێمە هەتا دوایی چەک بەکاردێنین، ئێمەش هەتا دوایی بەرگری دەکەین. بێگومان دەوڵەتیش بەهێزترەو لەوانەیە ئەو بنکانە لەناوببات. بەڵام دەبێ هەموو شێوازەکانی دیکەش بۆ رووبەڕوبوونەوەی تیرۆر بەکاربێنین جا هەر شێوازێکتان لە مێشکدا بێت. ئێمە پێمانوایە لەم چەند مانگەی دوایی هەنگاوی باش نراوە چ لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراق بێت چ لەلایەن ئیدارەی کورد بێت لە باکووری عێراق. عێراقییەکان و سەرکردایەتی کورد لەباکووری عێراق هەستیان کردووە ئەو مەسەلەیە بۆ هەموو لایەک خراپە و زیان بە هەمووان دەگەیێنێت، بۆیە دەستیان بە گرتنەبەری هەندێک رێوشوێن کردووە، ئێمە هیواداریین ئەو هەوڵانە بەرهەم وئەنجامی باشیان هەبێت. ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەربکەین دەتوانین هاوکاری زیاتری گەلی عێراق بکەین. خۆشتان دەزانن تورکیا ئێستا لەهەموو وڵاتێک زیاتر هاوکاری عێراق دەکات ورۆژانە زیاتر لە 3 هەزار تا 4 هەزار بارهەڵگر لە سنووری تورکیاوە دەچنە ناو عێراق. من گەشبینم و ئومێدشم هەیە کە کێشەکان چارەسەر دەبن.

### ئێمە دەست لەکاروباری عێراق وەرنادەین، بەڵام ئێمە وەکو دۆست و دراوسێیەک راسپاردەکانی خۆمان پێشکەش دەکەین

### سەرکردایەتی کورد لەباکووری عێراق هەستیان کردووە PKK زیان بە هەمووان دەگەیێنێت بۆیە دەستیان بە گرتنەبەری هەندێک رێوشوێن کردووە

### ئەو رێوشوێنە ئەمنییانەی لەبەغدا بینیم لە کابولیش نەبوون

**پرسیار: لەکۆتایی سەردانەکەت بۆ عێراق وا بڵاوکرایەوە کە تورکیا مەسەلەی بەردانی ئاوی فوراتی بۆ عێراقی بەستووەتە بە دژایەتیکردنی PKK لەلایەن عێراقەوە؟**

**گول:** یەکەمجارە شتی وابیبیستم کە ئەو قسەیە درابێتە پاڵ من. ئێمە ناوچەکە وەکو یەک حەوز دەبینین، ئەو ئاوانەی سەرچاوەیان تورکیایە دەچنە سوریا وعێراق. ئەو بەنداوانەی لە تورکیا دروستکراون لەوانەیە پرسیاری لای هەندێک کەس دروستکردبێت. بەڵام ئەو بەنداوانە لە قازانجی سوریا وعێراقیشن. من بە توندی ئەوە رەتدەکەمەوە کە تورکیا ئەو بۆچوون وئاراستەیەی هەبێت، چونکە ئێمە ناوچەکە وەک ناوچەیەکی ئابووری تەواوکەری یەکتر دەبینین. من دەمەوێ نموونەیەکتان بدەمێ لەبارەی ئەوەی بەنداوەکانی تورکیا لە قازانجی عێراق وسوریادایە: ساڵی پار بارانێکی کەم باری، بەڵام ئەو ئاوەی بۆ عێراق وسوریا بەرماندایەوە کەمتر بوو لە رێژەی باران بارینەکە ئەو ئاوەش لە ئاوی بەنداوەکانی تورکیا بەردرایەوە، بەڵام خۆشبەختانە ئەمساڵ باران بارینەکە باشبوو بۆیە ئاو بۆ هەمووان هەیە. بۆیە ئەو گومانانەی دەکرێن پاشماوەی پروپاگەندەکانی سەردەمی شەڕی ساردن.

**پرسیار: لەکاتێکدا تورکیا بانگەشەی دیموکراتی وسیکیولاریزم دەکات، ئایا دژبەیەکی نییە دژایەتی بوونی سەرۆک وەزیرانی دانیمارک راسمنسن بکات بۆ پۆستی سکرتێری نەیتۆ لەکاتێکدا ئەو کەسێکی لیبرال ودیموکراتخوازە؟**

**گول:** ئێمە لەبارەی پۆستەکە راوێژمان لەنێو ئەندامانی نەیتۆ کرد وبۆ زانیاریشتان چەند وڵاتێکی دیاریکراو دەستنیشانی دەکەن کێ ببێتە سکرتێری گشتی رێکخراوەکە کەبۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لە پۆستەکەی پێویستە دەستنیشانکردنەکەی بەراوێژ بێت. مەسەلەیەکی دیکە پەیوەندی بەتەلەڤزیۆنێکی کوردییەوە هەیە کە لە دانیمارک پەخش دەبێت کە هانی تیرۆر دەدات و ئێمەش دژایەتی تیرۆر دەکەین. بەڵام دواجار لە رێگەی دانوستانەوە کە کولتوورێکی ئەورووپاییە گەیشتینە رێککەوتن لەبارەی پۆستی سکرتێری گشتی نەیتۆ.

### سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی چەند تێبینییەکی باشی پێشکەشکردووە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لە کەرکووک بەشێوەیەکی دادپەروەرانە



عەبدوڵڵا گول پێشوازی لە نورەدین وەیسی دەکات (فۆتۆ:ڕووداو)

# "دەیانەوێ PKK بکەنە DTP"

**فرات کەلەهکی**
**ڕووداو- هەولێر**

رۆژنامەڤانانی تورکیا خوێندنەوەی جیا جیایان بۆ سەردانەکەی ئۆباما هەیە بۆ تورکیا. بەتایبەت کە بۆ یەکەمجارە سەرۆکێکی ئەمریکا لەگەڵ سەرۆک حیزبێکی کوردی باکووری کوردستان دابنیشێت، هەرچەندە ئەو حیزبە (پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی)، خاوەنی 22 کورسییە لەپەرلەمانی تورکیا، بەڵام تا ئێستا تورکیا ئامادە نییە لەگەڵی دابنیشێت. ئۆباما لە کۆبوونەوەکەی لەگەڵ ئەحمەد تورک کە حەوت خولەکی خایاند، رایگەیاند ئەوان دژی توندوتیژین و پێویستە کێشەکان بەدانوسان چارەسەر بکرێن.

نووسەرو رۆژنامەنووسانی تورکیا سەردانەکەی ئۆباما بە "ئەرێنی" وەسفدەکەن. رۆژنامەنووس جەنگیز چاندار لەوتارێکدا کە ژمارەی رۆژی 8ی ئەم مانگەی رۆژنامەی رادیکاڵی تورکی بڵاو کراوەتەوە دەڵێت "ئەوە یەکەمجارە سەرۆکێکی ئەمریکی لەگەڵ سەرۆکی هەموو ئەو پارتانە کۆببێتەوە کە لەپەرلەمان فراکسیۆنیان هەیە. ئەوەی گرنگیش بوو DTP توانی بەرێگای دیداری ئۆباما رەوایەتییەکی نێودەوڵەتی بەدەستبێنێت، ئیدی زەحمەتە ئەو پارتە لەتورکیا بڕیاری داخستنی بدرێت".

هەروەها دەڵێت "بێگومان سەرۆکی ئەمەریکا دەزانێ DTP کێیە. دانیشتنی ئەو لەگەڵ DTP واتە ئەمەریکاش لایەنگری بێ چەککردنی PKKو چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکات. ئامانج ئەوەیە PKK بکەنە DTP، نەک DTP بکەنە PKK".

ئۆباما لە گوتارەکەی خۆی لە پەرلەمانی تورکیا، باسی مەسەلەی ئەرمەنییەکان و کوردی کرد و داوای لەتورکیا کرد کە رووبەڕووی مێژووەکەی ببێتەوە. تەها ئاکیۆڵ، لە وتارێکیدا کە رۆژی 8ی ئەو مانگە لە رۆژنامەی میللیەت بڵاو کراوەتەوە، دەڵێ دەرفەتی نوێ لەبەردەم هەردوو وڵات دروستبووە، لەهەمانکاتدا هەردوولا دەکەونە ناو قۆناخێکی مەترسیدار لەمەودوا زووبەزوو مەسەلەی ئەرمەن و کورد دەکەوێتە رۆژەڤەوە. هەروەها ئاکیۆڵ دەڵێ "بەهێزبوونی پەیوەندی ئەمەریکا و تورکیا چارەسەری ئەو دوو کێشەیە ئاسانتر دەکات، بەپێچەوانەشەوە، بەهۆی ئەو دوو کێشەیەوە بەشێوەیەکی جدی پەیوەندی تورک و ئەمەریکا خراپ دەبێت".

### کەمە نەتەوە هەرا دەنێتەوە

ئۆباما کاتێک لە ئەستەمبوڵ قسەی بۆ گەنجان کرد، لە وەڵامی پرسیاری گەنجێکدا کە گوتی رات لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردی لە عێراق چییە؟ ئۆباما وەک خۆ دزینەوە لەوەڵامی پرسیارەکەدا گوتی "ئێمە لە دژی پارچەبوونی تورکیاین و بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەو هەڵوێستەمان. لەو باوەڕەدام ئەگەر کورد وەکو کەمایەتی ببنە خاوەن مافی یەکسان و لەناو کۆمەڵگا بە ئازادانە پێش بکەون، کێشەکە چارەسەر دەبێ".

بەکارهێنانی دەستەواژەی کەمینەی کورد، بووە جێی مقۆ مقۆییەکی زۆر، تورک و کوردی نیگەران کرد، چونکە کورد خۆی بە کەمینە نازانێ لە تورکیا، تورکەکانیش دەڵێن جگە لە نەتەوەی تورک هیچ نەتەوەو کەمینەیەکی دیکە لە تورکیا بوونی نییە.

رۆژنامەڤان نازلی ئلجاک پێیوایە بەکارهێنانی وشەی جیاکاری لەجیاتی کەمینە راستتر دەبوو، ئەو دەڵێت " بۆ ئەمەریکا باسکردنی کەمەنەتەوەکانی بە رەگەز ئەفریقی چەند ناخۆش بێ، بۆ ئێمەش بەکارهێنانی دەستەواژەی کەمە نەتەوەی کورد ئەوەندە مایەی سەرسامییە". نازلی جەختیشیکردەوە کە کورد کەمە نەتەوە نییە و دەڵێ "ساڵانێکە لە تورکیا کێشەکە لە رەتکردنەوەی بوون و ناسنامەی کوردی سەرچاوە دەگرێ".

### نەتەوە پەرستەکان دڵگرانن

رۆژنامەڤان ئەمرە ئاکۆز لە وتارێکیدا لە رۆژنامەی سەباحی تورکی پێیوایە پەیامەکەی ئۆباما ئەوەندەی پەیوەندی بە سیاسەتی ناوخۆی تورکیاوە هەبووە ئەوەندە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە نەبوو. باس لە نەتەوە پەرستەکانی تورکیا دەکات و بە کارەکتەری رێگر لەبەردەم ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا ناویان دەبات.

ناوبراو دەڵێت "بێگومان ئەو ئەکتەرانە کە لایەنگری سیاسەتی نەتەوەپەرستی-نەتەوەیین. ئەوانەی دیارن بریتین لە CHP، دەنیز بایکاڵ و داروودەستەکەی، هەموو MHP، پارتی سەعادەت (کە دەستی بەدزینی دەنگی AKP کردووە)، بەشێک لە هێزە چەکدارەکانی سوپای تورکیا، بەشێک لە MİT و ئەوانەی وەک ئەوانن".

### هەلێکی تازە لەبەردەم تورکیا

رۆژنامەڤانی بەنێوبانگی تورکیا محەمەد عەلی بیراند، لە وتارێکیدا وێرای ئەوەی باس لە رادەستکردنەوەی ئۆجەلان و هەنگاوەکانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد دەکات، دەڵێ تورکیا نەیتوانی ئەو هەلانە بقۆزێتەوەو سوودیان لێوەربگرێ.

بیراند ئەمەریکا وەکو هێزێکی باڵا (super) ناوزەند دەکات و دەڵێ "ئەمەریکا گرانایی بداتە سەر هەر مەسەلەیەکی وەکو ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا، ئەرمەن و پرسی کورد، ئەوا کاری ئەنقەرە ئاسان دەبێ. ئێستا هەلێکی تازە بە رێگاوەیە. هەڵوێستی دەسەڵاتی ئۆباما، لەوانەی پێش خۆی جیاوازە. بەدەستی پڕهات. بێگومان داواکاری هەیە. لەبەرامبەریشدا زۆر شتمان دەداتێ".

هەروەها بیراند دەڵێ "حەسرەتی من ئەوەیە ئایا ئەو هەلە دەقۆزینەوە، یان جارێکیتر بە کێشمەکێشمە بچووکەکان خەریک دەبین، یان بە ململانێ سیاسییە نەزۆکەکان ئەو هەلەش لەدەستدەدەین".





## تەحسین قادر، وەزیری سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# دەمانەوێ ئەمساڵ 12 بەنداو دروستبکەین

**تەحسین قادر عەلی، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە بە زەحمەت دەتوانێ بجوڵێ و زۆر بەزەحمەت توانی ئەو دیدارەش ئەنجامبدات، ئەو دەڵێ داوام کردووە لەبەرپرسیارێتییەکەم بمبەخشن و کەسێکی تەکنۆکرات و گەنج، یان ژنێک لەجێگەی من دابنێن:**

**ڕووداو –سلێمانی**

**ڕووداو: بارودۆخی ئاو ئەمساڵ چۆنە؟**

**تەحسین قادر:** ڕاستە ئەمساڵ باران و بەفرێکی زیاتر باریوەو لە پار باشتر بوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو هێشتا نەگەیشتووەتە ئاستی پێشووی خۆی، ئەگەر بگاتە سەرووی 400-500 ملم دەتوانین بڵێین وشکەساڵی نابێت. هێشتا زووە بۆ ڕاگەیاندنی وشکەساڵیش چونکە ئێمە بێئومێد نین لەمانگی چوارو مانگی پێنجیش باران ببارێت.

**ڕووداو: دەستدرێژیکردنە سەرسەرچاوەکانی ئاو هێشتا ماوە؟**

**تەحسین قادر:** دەستدرێژیکردنە سەر ئاوی ژێر زەوی زیاتر زەقە .ئەو دەستدرێژییە لە سلێمانی زیاتر بووە تا هەولێرو لە هەولێریش زیاتر بووە تا دهۆک. بەڵام تەواوبوونی پرۆژەی ئیفرازی هەولێر و ڕاکێشانی ئاوی دوکان بۆ سلێمانی کاریگەری باشی دەبێت لە کەمکردنەوەی دەستدرێژی بۆ سەر ئاو. لەساڵی 2006ەوە دەست بەکاری جددی کراوە، ئەمەش پشووی درێژو بودجەی زۆرباشی دەوێت، ئەو بودجەیەی ئێستا هەمانە بۆ پرۆژەو بەرنامەکان زۆر کەمە، ئێمە هاوکاری وڵاتان و بانکی نێودەوڵەتیمان دەوێت و بۆ سەرەتای ئەم کارانەش شەفافیەتی کارو ئاشکراکردنی بودجە گشتییەکان پێویستە،

## دەستدرێژیکردنە سەر ئاوی ژێر زەوی لە سلێمانی زیاترە

بۆ ئەوەی پێشانی ڕێکخراوەکان و دەرەوەو بانکی نێودەوڵەتی بدەین، تاوەکو بەباشی و ڕاستەوخۆ مامەڵەمان لەگەڵ بکەن، چونکە ئێمە هەتا لەکاردا شەفاف نەبین،ناتوانین بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە مامەڵە لەگەڵ دەرەوە بکەین.

**ڕووداو: چەند جارێک وەزارەتی ژینگە بەدواداچوون و کاری مەیدانی کردووە بۆ سزادان و داخستنی ئەو کارگەو پرۆژانەی هەڕەشە لە سەرچاوەکانی ئاو و ژینگە دەکەن، کەچی ئێوە لەوبارەیەوە بەردەوام بێدەنگن، بۆچی؟**

**تەحسین قادر:** وەزارەتی ژینگە ئەنجوومەنێکی هەیە کە بەڕێوەبەری گشتی ئێمە وەک نوێنەری وەزارەتەکەمان تێیدا ئەندامە و ئەو بابەتانەی پەیوەندیدارن بەپیسبوونی ئاوەوە نوێنەری ئێمە دەیوروژێنێت، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی ژینگە هەماهەنگی باشمان هەیە و دەیان جار بەرەسمی داوامان لە وەزارەتی شارەوانی کردووە کەپاشەڕۆکان چارەسەر بکات.

### بەنداوی بێخمە نزم دەکرێتەوە

**ڕووداو: پرۆژەی بەنداوی بێخمە گەیشتە کوێ؟**

**تەحسین قادر:** پرۆژەی بەنداوی بێخمە لەلایەن وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لەعێراق کاری گەورەی لەسەر کراوەو لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوە بەردەوامە بۆ ئەوەی بەرزی بەنداوەکە کەمبکرێتەوەو کەمترین ناوچە دابپۆشێت، ئەو پرۆژەیە ڕاستە لە هەرێمی کورستانە، بەڵام پرۆژەیەکی عێراقی گەورەیە و ئاسایشی ئاو لەعێراقدا دابین دەکات و عێراق بیری لەوە کردووەتەوە کە ئاسایشی ئاو لە ڕێگەی سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمی کوردستانەوە دابین بکات و ئەو بەنداوەش بە بودجەی عێراق جێبەجێدەکرێت کە بڕی 5ملیار دۆلاری بۆ دابین دەکەن. ڕاوەستانی کارکردن لەو پرۆژەیە پەیوەندی بەحکومەتی عێراقەوە نییەو تەنانەت ئێمە خۆشمان لە ئەنجوومەنی وەزیران لەگەڵ وەستانی نین و تەنها ناڕەزایەتی خەڵکی ناوچەکە ڕایگرتووە، ئەوانیش بە زەحمەتێکی زۆر گوندەکانیان ئاوەدانکردووەتەوەو ئێستا بەلایانەوە زۆر قورسە گوندەکانیان بکەوێتە ژێرئاوەوە. ئێمە داوامان لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە کە هەوڵەکانی خۆی بخاتە کارو ڕازیان بکات کە گوندەکانیان بەشێوەی جوانترو باشتر لەئێستا بۆ دروستبکەینەوە و لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی بەغدا خەریکین بۆ ئەوەی بەرزی بەنداوەکە کەم بکەینەوە، بۆئەوەی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ ببێت.

**ڕووداو: ئەگەر نزمبکرێتەوە بەرهەمێکی ئەوتۆی دەبێت؟**

**تەحسین قادر:** بەپێی دیزاینی سەرەتا کە دانرابوو، بەرزییەکەی 600مەتر بوو لەرووی دەریاوە و زیاتر لە 60 گوند ژێر ئاو دەکەوتن و توانای گلدانەوەی 17ملیار مەتر سێجا ئاوی هەبوو و توانای بەرهەمهێنانی 1500میگاوات کارەبای دەبوو،توانای ئاودانی زیاتر لەدوو ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی دەبوو. پاش ئەوەی ئەو داوایەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەرگیراوە، ئەوان دەڵێن چەند کەمی بکەینەوەو چەند ئەلتەرناتیڤێک باسکراوە، یەک لەو ئەلتەرناتیڤانە ئەوەیە کە بەرزییەکەی بکرێتە 550مەتر لەسەر ڕووی دەریاوەو بەمەش توانای گلدانەوەی ئاو دەبێتە نیوەو بەرهەمی کارەباکەشی دادەبەزێ بۆ 840میگاوات و توانای ئاودانیشی کەمدەبێت، بەڵام ئەوکات ئەو گوندانەی کە دایدەپۆشێت دەبنە کەمتر لەنیوە. بەڵام دیسان یەکێک دەبێت لەبەنداوە گەورەکان، چونکە بەنداوی دوکان لەبەرزترین ئاستیدا 6.8 ملیار مەتر سێجا دەگرێت و دەربەندیخان سێ ملیار دەگرێت، بەڵام بەنداوی ئەلیسۆ کەئێستا تورکیا دروستی دەکات یازدە ملیار مەترسێجا ئاو دەگرێت، بەنداوی بێخمە بڕی 700 ملیۆن دۆلاری تێدا خەرجکراوەو ئەوەش سوودی لێوەردەگیرێت.

### 1 ملیۆن دۆنم زەوی بەراو دەکرێت

**ڕووداو: ئەی پرۆژەی ئەو 28 بەنداوۆچکەی کەبڕیارە دروست بکرێن؟**

**تەحسین قادر:** ئێمە لەسەرەتای کابینەی پێنجەمەوە دەستمان بە دروستکردنی چەند بەنداوێک کردووە وەک بەنداوی باوەشاسوار لەناوچەی گەرمیان، کە کاریگەری زۆری دەبێت بۆ ئەو ناوچەیەو لە سنووری حەوت ملیۆن مەتر سێجا ئاودەگرێت، بۆ ئاوی خواردنەوەو ئاودێری گرنگە، بەنداوی حەمامۆک لەکۆیە و ئەو شوێنانەمان دیاریکردووە کە بەکاری بەنداو دروستکردن دێن. جاری یەکەم نزیکەی 100 بەنداومان خستە بەرنامەوەو لەساڵی 2008دا دیراسەی 12 بەنداومان کردووە لە هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک و گەرمیان و دەمانەوێ لە ساڵی 2009پارەی بۆتەرخان بکەین و دەست بەجێبەجێکردنیان بکەین.

لە چوارچێوەی بەرنامەی بووژانەوەی کشتوکاڵی، کە بەرنامەیەکی ستراتیژییە و لە ئەولەویەتی کارەکانی حکومەتی هەرێمە، پلانێکی پێنج ساڵەمان داناوە، کە وەزارەتی کشتوکاڵ و پلاندانان و پیشەسازی و بازرگانی تێیدا بەشدارن و لەوەشدا هەشت بەنداوی گەورەو دەیان بەنداوی مامناوەندی و بچووکی تێدایەو لە ساڵی یەکەمدا 130ملیۆن دۆلارمان داواکردووە بۆ دیراسەکردن و دیزاینیان و لەساڵی 2010دا دەست بەکارەکان دەکرێت و زیاتر لە یەک ملیار دۆلاری بۆ داواکراوە. خۆی پرۆژەی بووژانەوەی کشتوکاڵی سنووری 10ملیار دۆلاری دەوێت و 7 ملیاری بۆ پرۆژەکانی سەرچاوەکانی ئاوە، چونکە ئاو کۆڵەکەی سەرەکی بووژاندنەوەی کشتوکاڵە و ئەو پلانە کوردستان دەکاتە وڵاتێکی بەرهەمهێنەر.

**ڕووداو: بەتەواوبوونی ئەو هەموو بەنداوانەی لەبەرنامەتاندان، هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی چەند ملیار مەترسێجا ئاو؟**

**تەحسین قادر:** هەرێمی کوردستان ساڵانە 50 ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیە، بەنداوەکانی دوکان و سلێمانی و دەربەندیخان و دهۆکیش بەهەمووی دەکاتە دە ملیار مەتر سێجا، بەگوێرەی ئەو پلانەی بۆ بووژانەوەی کشتوکاڵ هەمانە، توانای گلدانەوەی ئاو بە ڕادەی 14ملیار مەتر سێجا زیاد دەکات، ئەگەر پلانەکە جێبەجێ بکرێت. ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ئەگەر شەش ملیۆن کەسیش بێت، ئەوا بەگوێرەی ستاندارده جیهانییەکان هەر کەسێک هەزار مەتر سێجا ئاوی دەوێت و ئەوکات پێداویستی هەرێمی کوردستان دەبێتە شەش ملیار مەتر سێجا، کە ئێمە 44ملیارمان بەس لە ئاوی سەرزەوی زیاددەبێت و ئەوکات دەتوانرێت ئاو ببێتە فاکتەرێکی بەهێزی هەرێمی کوردستان.

## ئەگەر داراییمان شەفاف نەبێت بانکی نێودەوڵەتی و دەزگاکانی دیکە مامەڵەمان لەگەڵ ناکەن

**ڕووداو: ئەمساڵ بەساڵی بووژانەوەی کشتوکاڵ دیاریکراو پارەیەکی ئێجگار زۆر بۆ ئەوە ڕاگەیێندرا، پێتوایە بەهۆی ململانێی هەڵبژاردنەکان و دواکەوتنی بودجەوە ئەمساڵ لەوبوارەدا هیچ بکرێت؟**

**تەحسین قادر:** پرۆژەیەکی زۆر گرنگە و لەکوردستان هەشت ملیۆن مەتر زەوی گونجاو هەیە بۆ بەراوکردن و لەو هەشت ملیۆنە نزیکەی 300هەزار دۆنمی بەکارهێنراوە، ئەگەر ئەو پلانە پێنج ساڵیەمان سەربگرێت ئەوا ئەو ڕووبەرە زەویانەی کە ئاو دەدرێن یەک ملیۆن دۆنم زیاد دەکات و دەبێتە 1 ملیۆن و 300 هەزار دۆنم زەوی، کە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە.

**ڕووداو: بەپێی قسەکانت قەیرانە داراییەکە گرفت لەبەردەم پلانە پێنج ساڵییەکەی بووژاندنەوەی کشتوکاڵ دروستدەکات؟**

**تەحسین قادر:** ئێمە سوورین لەسەر جێبەجێکردنی و لەگەڵ ئەوەن کە سیستەمی بانکی لە کوردستان بەشێوەیەک ڕێکبخرێتەوە کە بتوانین ڕاستەوخۆ لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی مامەڵەبکەین، چونکە بەگوێرەی پێوەرەکانی سندوقی هاوکاری نێودەوڵەتی، عیراق و کوردستان توانای دانەوەی ئەو قەرزانەی هەیە لە داهاتوودا. ئێمە ئاو و نەوت و خاکی بەپیتمان هەیە، بۆیە لەگەڵ ئەوەین کە بەقەرزی دەرەکیش بێت ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەین، ئەگەر قەرزەکە لەحکومەتی عێراقیش بکەین، چونکە عێراق پارەیەکی زۆری لەبانکدا هەیە.

### ئاوی کوردستان و عێراق

**ڕووداو: ڕێکخراوی قەندیل دەڵێ ئەگەر خەڵک ئاوا ئاو بەکاربێنن، تاوەکو دەساڵی دیکە قەیرانی ئاوی خواردنەوە لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، بۆچی تائێستا یاسای بەکارهێنانی ئاو نییە؟**

**تەحسین قادر:** لە دروستبوونی وەزارەتەکەمانەوە بایەخی یاسای ئاومان زانیوەو داوامان لەئەنجوومەنی وەزیران کردووە ڕەزامەندی لە خەرجکردنی بودجەیەک بۆ دانانی یاسای ئاو بدات، بەڵام تائێستا وەڵاممان وەرنەگرتووەتەوە، داوامان لە USAIDکردووە کە هاوکاریمان بکات لەو بوارەدا. ئیشی وەزارەتی شارەوانییەکە بەتۆڕەکانی ئاوی خواردنەوەدا بچێتەوەو هەندێکیان بگۆڕێت و پێوەر دابنێت، لەهەمانکاتدا نرخیش گرنگە، چونکە لە وڵاتان هوشیاری بەتەنها کۆنترۆڵی ئەو بابەتەی نەکردووەو پارەو غەرامە کۆنترۆڵی کردووە.

**ڕووداو: بیرتان لە دانانی سەعاتی ئاوی ماڵان نەکردووەتەوە؟**

**تەحسین قادر:** ئەوە ئیشی وەزارەتی شارەوانییەو بچن لەوان بپرسن، ئومێد دەکەم بیریان لێکردبێتەوە.

**ڕووداو: لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوە ئاوییەکانی بەغدا هەماهەنگی پێویستتان نییەو بەو هۆیەوە زۆرجار پرۆژە لەنێوانتاندا دووبارە دەبنەوە، بۆچی؟**

**تەحسین قادر:** لەبەر ئەوەی دیجلەو فورات کۆمەڵێک بەنداویان لەلایەن تورکیا و سوریاوە لەسەر دروستکراوە، بەغدا ناچارە بۆ ئاو پشت بەهەرێمی کوردستان ببەستێت. وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لەسەرەتای پرۆسەی ئازادییەوە هەندێک پرۆژەی بە پارەی خۆی لە هەرێمی کوردستان دروستکردووەو لەگەڵ بەهێزبوونەوەی حکومەتی بەغدا خەریکی پاشگەزبوونەوەن لەو پرۆژانەو لە ساڵی 2006 و 2007 و2008هەر پارەیەک کە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق خەرجی دەکات، وەزارەتی دارایی عێراق دەچێت لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەیبڕێت، لەکاتێکدا پێیاندەڵێن ئێوە پشتتان بە سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بەستووە. لەگەڵ بەهێزبوونەوەی بەغدا، تێڕوانینە شۆڤێنییەکانیش لە نێو هەندێک دەزگاو وەزارەتیشیاندا دروستبووەتەوە، ئەوەش وایکردووە کە دەستی وەزارەتەکان کراوە نەبێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان.

### نووسراوی بەخشین

**ڕووداو: عیماد ئەحمەد جێگری سەرۆک وەزیران وتی تەحسین قادر و عوسمانی حاجی مەحمود ئیستیقالەیان کردووە،کەچی تۆ هەردەوام دەکەیت؟**

**تەحسین قادر:** من لە2009/1/23 نەشتەرگەرییەکی گەورەم کرد لە دەرەوەی وڵات، کە دوو نەشتەرگەرییە و بەپێی نووسراوی پزیشک من شەش مانگم دەوێت بۆ پشوودان، بۆیە لە ڕۆژی 2009/2/10 لە هەستکردن بەلێپرسراوێتی لە بەرامبەر گەلەکەم و حکومەت، داوامکرد من ببەخشن لەو بەرپرسیارێتییە بۆ ئەوەی کەسێک لەجێگەم دابنێن کە بتوانێت ئەرکی خۆی ببینێت و نیوەدەوام و کەمتەرخەمی لە وەزارەتەکە دروست نەبێت، بەڵام من هیچ وەڵامێکی فەرمیم وەرنەگرتووەتەوە، لە ڕۆژی 3/16 گەرامەوە بۆ وڵات و کاک عیماد خۆی داوای لێکردم و وتی ئەگەر تەندروستیت ڕێگەت دەدات، حەزدەکەم لەکارەکانت بەردەوام بیت، منیش پێمگوت کە تەندروستیم تەواو نییە. بەڵام کاروبارەکان هەر بەڕێوەدەبەم تا ئەوکاتەی داواکەم پەسەند دەکرێت.

**ڕووداو: دەست لەکارکێشانەوەکەی تۆ هاوکات بوو لەگەڵ دەست لەکارکێشانەوەی چوار ئەندامەکەی باڵی ریفۆرم لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئایا تۆش باڵی ریفۆرمی؟**

**تەحسین قادر:** من پێش ئەو برادەرانە داوام کرد و من بۆخۆم زۆر باوەڕم بەنوێبوونەوەو گۆڕان هەیە کە ئینسان لەسەر ئاستی خودی خۆی و خێزان و کۆمەڵگەو حیزب و حکومەتیش بیکات، بەڵام من وەکو پەیوەندی، پەیوەندیم بەباڵی ریفۆرمەوە نییەو شانازی بە هاوڕێیەتی ئەو برادەرانەشەوە دەکەم.

**ڕووداو: داواتکردووە کەسێکی تەکنۆکرات لەجێگەت دابنرێت، پێتوانییە هەموو وەزارەتەکان پێویستە کەسانی تەکنۆکراتیان بۆ دابنرێت؟**

**تەحسین قادر:** کەسانی تەکنۆکرات پێویستە لەهەموو وەزارەتەکان دابنرێن، ڕەنگە هەندێک کەس خۆی بەتەکنۆکرات بزانێ، بەڵام ئەوەی من بەڕاستی دەزانم ئەوەیە کە لەمن تەکنۆکراتتر هەیە. پێویستە لەحیزبەکاندا و لەپەرلەمان و حکومەتدا گۆڕان هەبێت، نەک تەنها لە وەزارەتەکەی من. خۆ ئەگەر تەکنۆکرات لەسەر ئاستی وەزیریش نەبێت، لەسەر ئاستی بریکاری وەزیرەکان بێت و حیزب وەزارەتەکان پڕنەکات لە خەڵکانی ناشایستە، چونکە لەئەزموونی دەوڵەتی عێراقیش کاتی خۆی زۆر لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکان خەڵکانی تەکنۆکرات بوون.

**ڕووداو: ئەگەر بۆخۆت سەرپشک بکرێیت، لەکوردستان کێ لەو جێگەیەی خۆت دادەنێی کە ببێتە وەزیرێکی باش بۆ سەرچاوەکانی ئاو؟**

## بەغدا لە پرۆژەکانی سێ ساڵی ڕابردووی پاشگەز دەبێتەوە و پارەیان لە کوردستان دەگێڕێتەوە

**تەحسین قادر:** لەو نووسراوەدا کە من پێشکەشم کردووە پێشنیازم کردووە کە کەسێکی گەنج و تەکنۆکرات لەشوێنی من دابنرێت، من پێم باشە پۆست بەژنانیش بدرێت. کوردستان تورکمان و ئاشوری و کلدانیشی تێدایە، من لەگەڵ ئەوەدام کە بایەخ بەوانە بدرێت بۆ ئەوەی کوردستان هی هەموو ئەو نەتەوانە بێت کەتێیدا دەژین. پێشنیازی ئەو گەنجانەم کردووە کە لەوەزارەتەکەی خۆمدا هاوکارم بوون و دڵنیام لە توانایان، بەڵام ئەوە پێشنیازەو بڕیارەکە دەگەڕێتەوە بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی.



## د.سەلاحەدین سەعید، پسپۆڕی بواری ئاو:

# ساڵانە 36 ملیار مەتر سێجای ئاوی کوردستان بەفیڕۆ دەڕوات

**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو– سلێمانی**

پسپۆڕێکی بواری ئاو لە کوردستان ڕایگەیاند کە ساڵانە زیاتر لە 6 ملیار مەتر سێجا ئاوی کوردستان سوودی لێوەرناگیرێ، گوتیشی "26%ی ئەو ئاوەی مرۆڤ بەکاریدەهێنێت لە ئاودەست دەڕوات".

د.سەلاحەدین سەعید، پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە زانکۆی سلێمانی بە پێچەوانەی زۆر لەو شارەزایانەی کە باسی ئەگەری قەیرانی ئاو دەکەن لەهەرێمی کوردستان، دەڵێ " لە هەرێمی کوردستان کێشەی ئاومان نییە، بەڵکو کێشەی مامەڵەکردن و نەبوونی پلانمان هەیە بۆ ئاو".

وا بڕیارە وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق 88 بەنداو لە کوردستان دروستبکات، بەڵام ئەو پسپۆرەی ئاو دەڵێت " شوێنی هەندێک لە بەنداوەکان خراپە، نازانم چۆن ئەو شوێنانەیان دەست نیشان کردووە". ناوبراو ڕەخنەش لەوە دەگرێ، کە هەماهەنگی تەواو لە نێوان هەردوو وەزارەت دا نییە بۆ دروستکردنی ئەو بەنداوانە.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەبەردەست د.سەلاحەدین دان، کوردستان ساڵانە 28 ملیار مەترسێجا ئاوی سەرزەوی و 12ملیار مەترسێجا ئاوی ڕووبار و 4 ملیار مەتر سێجا ئاوی ژێر زەوی هەیە و، 60%ی باراناو دەبێتە ئاوی سەر ڕێژو دەچێتە جۆگەو دەریاچەکانەوەو، لەبەرامبەریشدا ساڵانە 36 ملیار مەتر سێجا ئاو زیادەیە لە پێویستی "بەڵام بەهۆی ئەوەی بەرنامەو پلانمان نییە بۆ ئەو ئاوە زیادەیە، بەهەدەر دەڕوات".

بەنداوی بێخمە کە ئێستا کارەکانی وەستاوە، بەگەورەترین بەنداوی کوردستان دادەنرێت، کە 17ملیار مەتر سێجا ئاودەگرێت و وەک ئەو پرۆفیسۆرەی بواری ئاو باسیدەکات، ئەگەر بەنداوەکە بەوشێوەیە دروست بکرێت کە لەدیزاینەکەدا هەیە "لەئاییندە هەرێمی کوردستان دەکاتە خاوەن چەکی ئاو"، هەروەها نابراو دەڵێت "سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەژێر فشاری گوندەکانی ئەو ناوچەیە ڕازی نییە بەوشێوەیە دروست بکرێت، کە لەڕاستیدا لەڕووی ئاسایشی نەتەوەییەوە، بەنداوەکە لەچارەنووسی ئەو گوندانە گرنگترەو دەبێتە چەکێکی جیۆپۆلەتیکی گەورە بەدەستمانەوە".

بەنداوی بێخمە، کە توانای بەرهەمهێنانی 1700 مێگاوات کارەبای هەیە، لەسەر زێی گەورە دروست دەکرێت، لە ساڵی 1990دا حکومەتی پێشووی عێراق تەنها 30%ی کارەکانی ئەو بەنداوەی تەواو کرد، ئێستاش وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی عێراق دیزاین و نەخشەی کارکردنی بۆ ئامادە کردووەتەوە.

بە مەبەستی گلدانەوەی ئاوی دیجلە تورکیا 22 بەنداوی لەسەر ڕووبارەکە دروستکردووە، د.سەلاحەدین سەعید پێیوایە دروستکردنی ئەو بەنداوانە زیان بە هەرێمی کوردستان ناگەیێنێت. گوتیشی "لەداهاتوودا ئەگەر هەرێمێکی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان لەباکووری کوردستان دروست ببێت، ئەو بەنداوانە بۆ کورد جێدەمێنن". ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئاوی دیجلە 48%ی لەناو عێراقدایەو 52% لەناو تورکیایە، لەو بەشەی عێراقیش 62%ی لەناو خاکی کوردستاندایە، پێویستە حکومەتی کوردستانیش بەنداو دروستبکات.

قەیرانی ئاو ئێستا بەرۆکی هەندێک وڵاتی جیهانی گرتووە، ڕەنگە شەڕی ئایندە شەڕی ئاو بێ، ئێستا لە جیهاندا 25 ملیۆن کەس بەهۆی کەمی ئاوەوە ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و چاوەڕوان دەکرێت تا ساڵی 2050، بەگشتی 50%ی دانیشتوانی جیهان ئاوی شیرینیان دەست نەکەوێت. ئەو مامۆستایەی زانکۆی سلێمانی کەچەند ساڵێک ڕاوێژکاری ڕێکخراوی فاو بووە بۆ پرسی ئاو ڕایگەیاند "لەکوردستان کێشەی ئاومان نییە".

لەچەندساڵی ڕابردوودا بەهۆی کێشەی کەمئاوییەوە لێشاوێکی بەربڵاوی بیرهەڵکەندن لەلایەن هاووڵاتیان و حکومەتەوە شاروشارۆچکەو گوندەکانی هەرێمی گرتەوە، زۆربەی شارەزایانی ئاویش گڵۆپی سوریان بەرامبەر ئەو دیاردەیە هەڵکرد و بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانیش، زیاتر لە10هەزار بیر لەسلێمانی هەڵکەندراون.

د.سەلاحەدین سەعید دەڵێ، زۆرترین بیری ئیرتیوازی لەناوچەی سلێمانی هەیەو بەشێوەی زانستی زیانی نییە . وەک ئەو ڕونیکردەوە "پێکهاتەی ئەو عەمبارە ئاوانەی لەو ناوچانەی سلێمانی هەیە، لەجۆرێک لەچینە بەردەکانەو بڕە ئاوێکی دیاریکراوی کەمی هەیە، بۆیە کاریگەری ئەوتۆی نابێت".

مانگی ڕابردوو ڕێکخراوی قەندیل هۆشداری دا لەبارەی خراپ بەکارهێنانی ئاو لەلایەن هاووڵاتیان و ڕایگەیاند "ئەگەر خەڵک بەو شێوەیە ئاو بەکاربهێنن، تا 10 ساڵی دیکە قەیرانێکی زۆر گەورەی ئاو دروست دەبێ".

د.سەلاحەدین سەعید دەڵێ، پێویستمان بەیاسای بەکارهێنانی ئاو هەیەو پێویستە خەڵک لەسەر خراپ بەکارهێنانی ئاو سزابدرێن و گوتیشی "خەڵک و حکومەت هەردووکیان خراپ ئاو بەکاردێنن". نمونەشی لەسەر حکومەت هێنایەوەوگوتی "تائێستاش حکومەت باخچەکان بەئاوی شیرین و پاکژ ئاو دەدات، کە پارەیەکی زۆر لەو ئاوە خەرجکراوە".

ئەو پرۆفیسۆری یاریدەدەرە دەڵێ، بە هەموو بەردانەوەیەکی فلۆشی توالێت 7لیتر ئاو دەڕوات و بەستاندارد هەر کەسێک 300لیتر ئاو خەرجدەکات لەڕۆژێکدا، پێویستە کەمبکرێتەوە بۆ 70لیتر . هەروەها دەڵێ "28%ی ئەو ئاوەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێت لە ئاودەست، 9% لە حەمام، 12%بۆکاری ناوماڵ و لە9%ش بۆ ئامێری جلشۆر خەرج دەکرێت".

| دینار | | | 1 تەن |
|---|---|---|---|
| 100 $ | 118000 | 540 $ |  |
| 100 € | 157000 | 120 $ |  |

## ئابووری

**بەغدا دەست بەسەر 263 ملیار دیناری کوردستاندا دەگرێت**



ڕووداو-بەغدا

د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزیری دارایی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ(ڕووداو) گوتی بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی سیاسی لە نێوان بەغدا و هەولێر، بەغدا کەوتووەتە بیانو هێنانەوە بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەک بێت ڕەوشی کوردستان تێکبدات بەتایبەتی لەبواری داراییدا، لەو چوارچێوەیەشدا "263 ملیار دیناریان لە پارەی مانگی 12ی بودجەی 2008 گلداوەتەوە و پاساوەکەشیان ئەوەیە کە عێراق 100% پارەی خۆی خەرج نەکردووەو ناکرێت کوردستانیش 100% پارەی خۆی خەرجبکات".

### د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# پێشبینی دەکەم بەم زووانە لەگەڵ عێراق بگەینە ڕێککەوتن و نەوت بنێرینە دەرەوە



**د.ئاشتی هەورامی وردەکاری بەرهەمهێنانی نەوت و گرفتەکانی نێوان و هەولێر و بەغدا لە دیمانەیەکی (ڕووداو)دا دخاتەڕوو، ئاماژە بەوەش دەدات کە 30 کۆمپانیای جیهانی لەبواری بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستاندا کاردەکەن و بەشێوەیەکی گشتی تەنیا 4%ی قازانجەکە بۆ ئەو کۆمپانیایانەیەو ئەویتر بۆ عێراقە.**

هەڤپەیڤین:عەلی حەمە ساڵح

**ڕووداو: وەزیری نەوتی عێراق، دەڵێ هەرێمی کوردستان ڕێگری لەوە دەکات دوو پاڵاوگە لە هەرێمی کوردستان دروستبکەین؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** هیچ ڕاستییەک لەوەدانییە و ئێمە بەهیچ شێوەیەک ئاگاداری ئەوە نین ، هەر کەسێک پاڵاوگە دادەنێت بەخێربێت سەر سەر و سەرچاوان، ئەوە هەر قسەیەو ڕاست نییەو داواشیان نەکردووە.

**ڕووداو: ئەگەر لەگەڵ حکومەتی بەغدا نەگەیشتنە ڕێککەوتن بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەو هەموو نەوتەی کوردستان چ سوودێکی دەبێت؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** ئێمە 17%ی خۆمان هەر وەردەگرین،عێراق زەرەر لەوە دەکات. ئەوەش سیاسەتێکی فاشیلە، لەبەرئەوە من وای بۆناچم کە ئەو حاڵەتە بەردەوام بێت و، بەم زووانە هەماهەنگی دروستدەبێ و نەوتی کوردستانیش دەچێتە دەرەوە.

**ڕووداو: نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق (یونامی)، وۆرکشۆپێکی لەهەولێر بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەڕێوەبردنی سامانی نەوتی ڕێکخستووە، بەڵام دەڵێن شەهرستانی داوەتکرابوو و نەهات، پێتوایە حکومەتی بەغدا هیچ نرخێک بۆ ئەو وۆرکشۆپە و گفتوگۆکانی دابنێت؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** د.حوسێن شەهرستانی ویستی خۆیەتی کە نایێت، خۆ ناکرێ بەسەریدا بسەپێندرێ کە بێت، ئەوە ئیشی (یونامی)یە.

**ڕووداو:د.حوسێن شەهرستانی، دەڵێت هەرێمی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای پلە چوار و پێنجدا کردووە، بۆچی کۆمپانیای دیکە نایێنە کوردستان؟**

**د.ئاشتی هەرارمی:** ئەوە قسەیەکی زۆر خراپە، ئەوانە کۆمپانیای بەڕێزن و شارەزاییان زۆرە، لە وڵاتانی دیکەش نەوتیان دۆزیوەتەوە، لە بواری دۆزینەوەدا زۆر زۆرباشن و توانای داراییشیان بەهێزە، کە دێنە کوردستان ئەو ڕۆژەی گرێبەست واژۆ دەکەن دەستدەکەن بە کارکردن. هەروەها وەک پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ بە ریش نییە بە ئیشە. ئەگەر ئەنجامی کاری کۆمپانیاکە باش بێت کەی گرفتە کۆمپانیاکە بچووکە یان گەورەیە، خۆ ئێمە کۆمپانیاکەمان نەکڕیوە، ئیشەکەی ئەوم کڕیوە کە باش بیکات. ئەم کۆمپانیانە ئێستا نەوتی پلە یەک دەدۆزنەوە لە کوردستان. بەقەبارەی کارەکەیان و خێرایی کارەکەیان لەماوەیەکی کەمدا بە خەرجییەکی کەم بە قازانجێکی کەم بۆ خۆیان و بە قازانجێکی زۆر بۆ عێراق، نەوتێکی زۆرباشیان دۆزیوەتەوە، کە ئەنجامیشی وابێت، بە پێوەری جیهانی ئەوە یەکەمە. لەلایەکی دیکەوە پێمخۆشە ئەوەش ڕوونبکەمەوە، وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر هەموو یەدەگی نەوتی عێراق دانیشتووە، ئەو وەزارەتە دەبێ ژمارە یەک بێت لەجیهاندا بەپێی زۆری یەدەگی نەوتی عێراق، بەڵام سەیری پێوەرە جیهانییەکان بکەن، لە هیچ پێوەرێکدا نابینین و ژمارە سەتیش نییە. بۆیەش ئێمە دەڵێین با ئەو پێوەرەکەی خۆی چارەسەر بکات، پێش ئەوەی ڕەخنە لە ئێمە بگرێت.

## 25 گرێبەستی نەوتمان لەگەڵ 30 کۆمپانیا مۆرکردوون

**ڕووداو: پاش ئەوەی حکومەتی عێراق دوو کۆمپانیای نەوتی کۆری خستە لیستی ڕەشەوە، بەهۆی گرێبەست کردنیان لەگەڵ کوردستان، ئەو بڕیارە ئەنجامێکی خراپی نابێت بۆ کوردستان؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** نەخێر، ئەوان گوتوویانە ئێمە دەمێنینەوەو گرنگی بەو لێدوانانەی بەغدا نادەین و دەزانین حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی دەستوور کاریکردووەو کار دەکات و، بەردەوام دەبین لەسەر گرێبەستەکانمان.

**ڕووداو: گرفتەکانی هەولێر و بەغدا دەستوورین یان سیاسین و، ئایندەی ئەو کێشەیە چۆن دەبینی؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** دەستوورین وسیاسیشن. لەوانەیە ئەو چەند مانگەی داهاتوو گفتوگۆی زۆر بکرێ و کێشەکە چارەسەر ببێت، ئەگەر چارەسەر نەبوو سەری ساڵ حکومەتێکی نوێ دێت و ئەوە شتێکی دیکەیە.

**ڕوووداو: دەگوترێت یەکێک لە کێشەکانی ئێوەو حکومەتی بەغدا ئەوەیە، ئەوان دەڵێن ئێوە ڕێژەیەکی زۆر قازانجتان داوەتە کۆمپانیا نەوتییەکان و ئەوانیش ئامادەنین ئەو قازانجە بدەن،ئەوە چۆنە؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** ئەوە کێشە نییە، ئەو قازانجەی دەیدەینە کۆمپانیاکان 10%یە واتە 90%ی قازانجەکە بۆ حکومەتی عێراقە.

**ڕووداو: بەڵام لە ڕۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە کە 60% قازانج بۆ کۆمپانیاکانە؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** نەک ڕاست نییە، بەڵکو درۆیەکی زۆر گەورەیە، 10%یە بۆ کۆمپانیاکە بەبێ ئەوەی کە موجازەفەکەش حیساب بکرێت، ئەگەر موجازەفەکەش حسێب بکرێت دەگاتە 4%، چونکە تۆ کێڵگەت نەداوەتێ، دۆزینەوەت داوەتێ، ئەو کە حیسابی موجازەفە دەکات ئەو بەشەی کە 10%یە دەبێتە 4%. ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ میللەتی عێراقەو کوردستانیش بەشدارە لەو قازانجە لە چوارچێوەی عێراق دا.

**ڕووداو: بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستان گەیشتووەتە کوێ؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** گەیشتووینەتە ئەنجامی باش، کێشەی کارەبا خەریکە چارەسەر دەبێت، چونکە دەستمانکردووە بەبەرهەمهێنانی غازو، وا میللەت ئەنجامەکەی دەبینێ لە ساڵ و دوو ساڵی ئایندەدا.

**ڕووداو:ئەی داهاتی نەوت بۆ ناوخۆی کوردستان؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** پاوڵاگەمان دەستپێکردووەو ڕۆژانە نزیکەی 180هەزار بەرمیل بەرهەمدێنێت و لە دوو ساڵی ئایندەدا گرفتی سووتەمەنی خەڵکی کوردستانیش چارەسەر دەبێت.

**ڕووداو: تائێستا چەند گرێبەستی نەوتتان کردوون؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** 25 گرێبەستمان لەگەڵ نزیکەی سی کۆمپانیای بیانی واژۆ کردوون و 15 دەوڵەت تێیدا بەشدارن و هاوکاری گەلی کوردستان دەکەن و لێرە پرۆژەی بەرهەمهێنانی نەوت دەکەن، یەکێک لەو کۆمپانیانە 200 ملیۆن دۆلار لەسەر ئەرکی خۆی بۆ ناوچەی گەرمیان خەرج دەکات. ئەگەر بەرهەمی نەوتیشمان بەرزبووەوە ژێرخانی ئابووری کوردستان بەرز دەبێتەوە.

**ڕووداو: کوردستان توانای بەرهەمهێنانی چەندە؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** لەمانگی ڕابردووەوە 100 هەزار بەرمیل نەوتمان لەڕۆژێکدا ئامادەیە بۆ چوونە دەرەوە.

**ڕووداو: ئەی بۆ ئایندە؟**

**د.ئاشتی هەورامی:** بۆ سەری ساڵی ئایندە دەیگەیێنینە 250 هەزار بەرمیل و بۆ ساڵی پاشتریش دەگاتە 450هەزار بەرمیل و بۆ چوار ساڵی ئایندەش دەتوانین لە ڕۆژێکدا یەک ملیۆن بەرمیل نەوت بنێرینە دەرەوە.

## کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوت تەنیا 4 %ی قازانجیان بۆ دەمێنێتەوە

# گرێبەستەکان گەرم دەبنەوە

### سەرۆکی لیژنەی نەوت لە پەرلەمانی عێراق: شەهرستانی دەستووری نەخوێندووەیتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

شەهرستانی پێداگیرە لەسەر بە نایاسایی لەقەڵەمدانی گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان و گرێبەست لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەکدا ناکات کە گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا هەبێت، بەرپرسانی کوردیش پێیانوایە ئەم هەڵوێستانەی شەهرستانی بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانی وەزارەتەکەیەتی.

د.حسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق، حکوومەتی بەغدا بەتاکە لایەن دەزانێت کە نوێنەرایەتی عێراق دەکات بۆ گرێبەستە نەوتییەکان و دەڵێت "هیچ ناوچەیەکی عێراق مافی ئەوەی نییە بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی ناوەندی مامەڵە لەگەڵ سامانی نەوتدا بکات".

بەبڕیاری حسێن شەهرستانی، تەواوی ئەو کۆمپانیانەی لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا گرێبەستیان کردووە، ڕێگەیان پێنادرێت لەناوچەکانی دیکەی عێراق کاربکەن. عەلی حوسێن بەلۆ، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لە پەرلەمانی عێراق، ئەم بڕیارەی شەهرستانی بە "ڕق"دادەنێ و دەڵێت"ئەو بڕیارە دەستووری نییە و ڕقێکی شەخسییە".

شەهرستانی لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە "هیچ کۆمپانیایەکی بیانی مافی ئەوەی نییە بەبێ ڕەزامەندیی حکومەتی ناوەندی لەسەر خاکی عێراق کاربکات و بەهیچ شێوەیەکیش پابەند نابین بەو گرێبەستانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان مۆری کردوون". تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا، لەبارەی مەسەلەی نەوتەوە، تەنیا لەسەر مادەی 111ی دەستووری عێراق کۆکن کە دەڵێت نەوت موڵکی هەمووعێراقییەکانە.

حوسێن شەهرستانی، هەروەها دەڵێت "لەگەڵ حکومەتی کوردستاندا گەیشتووینەتە لێککگەیشتنێک کە دەبێت داهاتەکانی نەوتی بەرهەمهێنراو لە کوردستان بچێتە خەزێنەی دەوڵەت لەبەغدا و لەوێ لە ڕێی بودجەی گشتییەوە دووبارە دابەش بکرێتەوە".

شەهرستانی، حکومەتی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئەو کۆمپانیایانەی گرێبەستی لەگەڵ کردوون کۆمپانیای پلە چوار و پلە پێنجن "هەموو گرێبەستەکانیش بەبێ کێبڕکێ و دوور لەشەفافیەت مۆرکراون، گرێبەستی نهێنین و پێشانی کەس نەدراون نە حکومەتی عێراق و نە گەلی کورد، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو گرێبەستانە نایاسایین".

شەهرستانی ڕەخنەی زیاتر لەکورد دەگرێت بەوەی کە کۆمپانیاکانی لەداهاتی فرۆشتنی نەوتدا بەشدارکردووەو حکومەتی بەغدا ئەوەی قبوڵ نییە.

عەلی حەسەن بەلۆ، لێدوانەکانی شەهرستانی بە نادەستوری ناو دەبات "هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و پێدەچێت خۆی بۆ خوێندنەوەی دەستووری عێراق ماندوو نەکردبێت، ئەگەر خۆی ماندووش کردبێت، حەز ناکات ئەوشتانەی لە دەسەڵاتی هەرێمدان بزانێت".

بەلۆ، ڕەخنەی ئەوەش لە شەهرستانی دەگرێت کە هەمیشە پێداگیری لەسەر مادەی 111ی دەستور دەکات کە دەڵێت داهاتی نەوتی عێراق بۆ هەموو عێراقییەکانە "تەماشای مادەی 112 و115 و121 ناکات، کە لەوێ بەئاشکرا دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکانی دیاریکردووە".

سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق، هۆکاری هەڵوێستەکانی شەهرستانیش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە "لێدوانەکانی شەهرستانی گرێ‌کوێرەیەکیان بەرامبەرهەرێمی کوردستان پێوەدیارە، دەیەوێت فەشەلی خۆی بە هەرێمی کوردستان داپۆشێت، چونکە کاری زۆر خراپ بووە، ئەویش بەهۆی دواکەوتن و کەمبوونەوەی بەرهەمهێنانی نەوت.هەروەها ڕەوشی کێڵگە نەوتی و بیرە نەوتییەکان و بۆڕییە نەوتییەکان زۆر خراپە و پلانێکی وای نەبووە کە خزمەتی کەرتی نەوت بکات".

شەهرستانی، سوورە لەسەر ئەوەی کە گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان نایاساییین و حکومەتی کوردستانیش هەنگاوەکانی خۆی بۆ یاساییبوونی گرێبەستە نەوتییەکان ڕووندەکاتەوە.

محەمەد قەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، دەڵێت" دوای پرسکردن و لێکۆڵینەوە، دەرکەوتووە کە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی هەرێمی کوردستان ئەنجامیداون هیچیان لادان نین لە دەستووری عێراق".

محەمەد قەرەداخی سووربوونی حکومەتی کوردستانی لەسەر کارکردن بەو گرێبەستە نەوتییانە ڕادەگەیینێ و دەڵێ "بەردەوام دەبین لەکاری خۆمان، بەڵام بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدرالی بەغدا و ناردنە دەرەوەی نەوتیش لەڕێگەی حکومەتی فیدرالییەوە دەبێت".



حوسێن شەهرستانی، وەزیری نەوتی عێراق لە کۆمپانیایەکی نەوتی عێراقدا

(فۆتۆ:AFP)

### داوای ئۆتۆمبێلی 200 هەزار دۆلاری و 600 مەتر زەوییان کردووە

# مانگانەی وەزیر و پەرلەمانتارانی عێراق 23 ملیۆن دینارە



دیمەنێک لە ناو پەرلەمانی عێراق

**ڕووداو-هەولێر**

هەر پەرلەمانتار و وەزیرێکی عێراق مانگانە 23 ملیۆن دینار وەردەگرێت، بەڵام داوای پارچە زەوییەکی 600 مەتری و جۆرە ئۆتۆمبێلێکیان کردووە کە نرخەکەی 200 هەزار دۆلارە، هەروەها داوای پاسپۆرتی دیپلۆماسی هەمیشەیی بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دەکەن.

لە وڵاتانی جیهانی سێیەم، لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆتایی هاتنی ماوەی خولەکانی پەرلەمان و کابینەکانی حکومەت، ئەندامەکانیان دەکەونە خۆیان بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر. ئەوە ئێستا لە نێو پەرلەمانی عێراقیش دا دەستیپێکردووە.

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕەخنەی لەپەرلەمانتارانی عێراق گرت، کە تەماشای بژێوی ژیانی خەڵک ناکەن و بەردەوام داوای دەستکەوتی زیاتر بۆ خۆیان دەکەن "پەرلەمانتاران داوای ئۆتۆمبێلێکیان کردووە کە فیشەک نایبڕێت و نرخەکەی 200 هەزار دۆلارەو داوای پارچە زەوییەکی 600 مەتری و پاسپۆرتی دیپلۆماسی دەکەن بۆ خۆیان و خێزانیان".

سامی ئەترۆشی، شێوازی ئەو داواکارییانەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوە، کە کۆمەڵێک ئەندام پەرلەمانی عێراق داوایان کردبو و، پاشان واژۆیان بۆ کۆکردەوە تاوەکو وەک پرۆژە یاسایەک پێشکێشی پەرلەمانی بکەن "ڕەشنووسی یاسایەکیان پێشکەشکرد لەو پرۆژەیەدا داوای پاسپۆرتی دیپلۆماسی و زەوییان کرد، بەڵام ئۆتۆمبێلە تایبەتەکە داوایەکی دیکە بوو لەو پرۆژەیەدا نەبوو".

داواکاری پەرلەمانتاران بۆ پاسپۆرتی دیپلۆماسی لە کاتێکدایە کە ئێستا هەر پەرلەمانتارێک بیەوێت سەفەری دەرەوە بکات حکومەتی عێراق ئەو پاسپۆرتەی دەداتێ . سامی ئەترۆشی، کە جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقە دەڵێت، ئەو پاسپۆرتە دیپلۆماسییەی پەرلەمانتاران داوایان کردبوو، کە وەک پاسپۆرتێکی هەمیشەیی بدرێتە خۆیان و خێزانەکانیان لەلایەن سەرۆکایەتی کۆمارەوە ڕەتکرایەوە "چونکە پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییە، لەبەرئەوەی کە زەوییەکەش لەگەڵ ئەو داوایەدا بوو ئەویش قبوڵناکرێت و پرۆژەکە بەگشتی ڕەتکرایەوە".

بەپێی بەدواداچوونێکی (ڕووداو) دەرکەوتووە مانگانە وەزیر و پەرلەمانتارانی عێراق 23 ملیۆن دینار وەردەگرن. بەشێکی زۆری ئەو پارانەش کەپەرلەمانتاران وەریدەگرن، بەناوی پاسەوانەکانیانە، بەڵام زۆربەی پەرلەمانتارانی کورد، یەک دوو پاسەوانیان هەیە و مووچەی ئەوانی دیکە دەخەنە گیرفانی خۆیانەوە، لەوانەش زۆر لە پەرلەمانتارانی کورد.

بەپێی گوتەی سامی ئەترۆشی، مووچەی بنەڕەتی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان) 9 ملیۆن و 900 هەزار دینارە، کە بەپێی یاسا هاوتایە لەگەڵ مووچەی وەزیردا "بەڵام مانگانە نزیکەی ملیۆنێک و 300هەزار لە مووچەی پەرلەمانتاران دەگێڕدرێتەوە بۆ خانەنشینی و باج".

لەنێوەڕاستی ساڵی ڕابردووەوە بڕی 3 ملیۆن دینار بۆ مووچەی وەزیرەکان زیادکراوە، هەروەها بڕی 10 ملیۆن دیناریش نەسرییەی تایبەت بۆ سەردان و میوانداری وەردەگرن کە پەیوەندی بەکاری وەزارەتەوە نییە.

بەپێی گوتەی ئەو پەرلەمانتارە "لە هەر ئیفادێکی فەرمی بۆ دەرەوە، بەلایەنی کەمەوە ڕۆژانە 600 دۆلار بۆ وەزیر و پەرلەمانتار خەرجدەکرێت".

مانگانە هەر پەرلەمانتارێک جگە لە مووچەکەی 15 ملیۆن دیناری دیکە بۆ پاسەوانوەردەگرێت،بەپێی‌بەدواداچوونەکانی (ڕووداو) پەرلەمانتارانی کورد زۆربەیان ئەم پارەیە نادەنە پاسەوانەکان، بەشێکیان تەنیا دوو پاسەوانیان هەیە، پارەکەش بۆ خۆیان هەڵدەگرن، پەرلەمانتارانی یەکگرتووش پارەی پاسەوانەکان دەدەنە حیزبەکەیان.

سامی ئەترۆشی، کە ئەندامی پەرلەمانە لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی ئەوە ناشارێتەوە "ئێمە پارەی پاسەوانەکان دەدەینە حیزبەکەی خۆمان، ناوی پاسەوانەکان ئەوان داویانەتە ئێمە، تەنانەت هەندێک ناوی پاسەوانەکانی خۆمم لایە هەر نایانناسم".

سامی ئەترۆشی، ئەم بەرنامەی پەرلەمان بەکارێکی هەڵە دەزانێت "نابێت مووچەی پەرلەمانتار و کرێی پاسەوان بەیەکەوە بدرێتە دەست پەرلەمانتار، چونکە پەرلەمان چاودێری ئەوە ناکات ئایا پارەکە دەدرێتە پاسەوان یان نا، دەبێت میکانیزمێکی گونجاو بۆ دانی پارەی پاسەوانەکان بدۆزرێتەوە".

قۆناخی ڕازیکردن تەواو بوو، ئەمجارە پەرلەمانێکی بەتوانامان دەوێت



**گفتوگۆکردن لەسەر هەڵبژاردن و لیستە بەشدارەکانی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژ بە ڕۆژ گەرمتردەبێ، کە پێشبینی دەکرێ بەهۆی بەڕێوەچوونی بە فرە لیستییەوە، هەڵبژاردنی ئەمجارە لەجارەکانی پێشوو گەرمتر بێ. مەحموود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەڵامی پرسیارەکانی (ڕووداو)ی لەوبارەوە دایەوە:**



لەکاتی دەنگدان دا نارازییەکانیش دەنگ دەدەنەوە حیزبەکەیان

## مەحموود محەممەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# چاوەڕێ ناکەین موفاجەئە لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دا ڕووبدات



**ڕووداو: وەک دیارە هەڵبژاردن لەوادەی خۆی دوادەکەوێ، زۆر کەس دەڵێن پارتی و یەکێتی لەهەڵبژاردن دەترسێن بۆیە هێدی هێدی دوایدەخەن، ترسێکی لەوجۆرەتان هەیە؟**

**مەحمود محەممەد:** ئێمە هۆکاری دواکەوتنی هەڵبژاردن نین، چەند مانگێک لەوەبەر ڕامانگەیاندووە کە ئێمە ئامادەین لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکەین و هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم هەڵبژاردن نابینین، هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن لە پەرلەمان هەندێ دواکەوت، کە دەکرا زووتر چارەسەر بکرێ. ئێمە وەکو پارتی هیچ ترسێکمان نییەو پێمانوایە زۆرینەی خەڵکی کوردستان باوەڕیان بەو ڕێبازو حیزبە هەیە، باوەڕیان بەرابردووی ئەو حیزبەو دەستکەوتەکانی هەیەو باوەڕیان بەوە هەیە کە ئەو مافانەشی هێشتا بەدەست نەهاتوون دەتوانێ لەئاییندە بەدەستیان بێنێ.

**ڕووداو: ئەوە یەکلایی کراوەتەوە کە ئێوەو یەکێتی بەیەک لیست بەشداریی دەکەن؟**

**مەحمود محەممەد:** بەڵێ.

**ڕووداو: ژمارەی پاڵێوراوانی هەردوولا لەو لیستەدا وەک یەک دەبن؟**

**مەحمود محەممەد:** ئێمە کە دەڵێین بەیەک لیست، واتە بە تەوافوق و بەشێوەیەکی هاوسەنگ لیست دروست دەکەین، واتە وەک یەک دەبێت.

**ڕووداو: بەڵام جەعفەر ئیمینکی بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دەڵێت جۆرێک لەنارازیبوون لەنێو قاعیدەی پارتی هەیە سەبارەت بەوە، هەندێک لەو قاعیدەیە دەڵێن یەکێتی لەناوخۆیدا دابەش بووەو زۆر لە جەماوەری یەکێتی دەنگ دەدەنە لیستی نەوشیروان مستەفا، پێتوانییە لەنێو قاعیدەی پارتی نارازیبوونێک هەبێ؟**

**مەحمود محەممەد:** لەوانەیە جۆرە نیگەرانییەک هەبێت، بەڵام بێگومان دوای ئەوەی کە ڕوونکرایەوە، سروشتی کادیرو قاعیدەی پارتی وایە کە باوەڕیان بەسەرکردایەتی خۆیان هەیە چیدەکات.

**ڕووداو: چ پلانێکتان هەیە کە ئێوە بەرەوڕووی لیستێک دەبنەوە هێشتا لەبارەی جیابوونەوەی لەیەکێتی هەڵوێستێکی ڕانەگەیاندووە، لەوبارەوە هیچ شتێکتان لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی باسکردووە؟**

**مەحمود محەممەد:** ئێمە بڕیارمانداوە نەچینە ناو وردەکارییەکانی ئەو کێشەیەی لەنێو یەکێتی پەیدابووە، ئەوە بەئەرکی خۆیان دەزانین کە چۆن چارەسەری کێشەکە دەکەن.

**ڕووداو: بەرای هەندێ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، زۆر لە دەنگەکانی جەماوەری یەکێتی بۆ لیستی نەوشیروان مستەفا دەچن، ئێوە چ حسابێکتان بۆ ئەو حاڵەتە کردووە؟**

**مەحمود محەممەد:** ئەو مەسەلەیە بەتەئکید گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەوەی ئێمە لێی ئاگادارین سەرکردایەتی یەکێتی دەبێ ڕێوشوێنی دانابێت کە لیستی هاوبەش دەنگی ئەندامان و لایەنگرانی خۆیان بێنێ.

**ڕووداو: ئێوە وەک پارتی چۆن لەو لیستەی نەوشیروان مستەفا دەڕوانن، ئایا کارێکی ئاساییەو ئەویش لیستێکە وەک هەر لیستێکی دیکە؟**

**مەحمود محەممەد:** دەستوور مافی بەهەموو کەسێک داوە هەم دەنگ بداو هەم خۆیشی کاندید بکات بۆ هەڵبژاردن بەپێی ئەو ڕێوشوێنانەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دیاریکردوون، بۆیە شتێکی ئاساییە بەلای ئێمەوە لیستی دیکە هەبن و بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن، بە لیستی نەوشیروان مستەفاشەوە.

**ڕووداو: زۆر لە لایەنگرانی لیستی نەوشیروان مستەفا پێیانوایە ئەو لیستە ڕێککەوتننامەی ستراتیژی یەکێتی و پارتی هەڵدەوەشێنێتەوە، ئایا دەتوانێت؟**

**مەحمود محەممەد:** ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەیە لەدژی هیچ حیزب و لایەن و تاکەکەسێک نییە، بەڵکو پێمانوایە لەخزمەتی پرۆسەی سیاسیی کوردستانە، بەرژەوەندیی ئەم وڵاتەو بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە فەزایەکی کراوەو دوور لەگرژی لەکوردستان هەبێ بۆ ئەوەی هەموو لایەک بتوانن بەشداریی لەپرۆسەی سیاسی بکەن، یەکبوونی کوردو ڕێکبوونی نێو ماڵی کورد هێزێک دەداتە کورد لە پرۆسەی سیاسی عێراقداو هەروەها بەرامبەر بە دەوڵەتانی دەرەوەش. لەو ڕوانگەیەوە ئێمە باوەڕمان بەو ڕێککەوتنە هەیەو سەرکردایەتی یەکێتیش پابەندن بەو ڕێککەوتنە. بۆیە بڕواناکەم ئەو لیستە بتوانێ ڕێککەوتننامەی ستراتیژییە هەڵبوەشێنێتەوە.

**ڕووداو: پێتانوایە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕان بەدوای خۆیدا بێنێ و بەوپێیەی لیستی دیکەش بەشداریی دەکەن و کاریگەریی لەسەر ژمارەی کورسییەکانی پارتی و یەکێتی هەبێ؟**

**مەحمود محەممەد:** ئەوەی لەدوای هەڵبژاردنی ساڵی 2005 تائێستا هەستمان پێکردووە، بەنیسبەت خۆمان وەک پارتی لەگەشەکردنێکی خێراتردابووین لەچاو جاران. لەلایەکی دیکەش تائێستا خەڵکێکی زۆر باوەڕیان بەرابردووی حیزبەکان هەیە لەوەی کە ئەو حیزبانە چ دەستکەوتیان هەبووە بۆ گەلەکەیان وچییان کردووە بۆ نیشتمانەکەیان، هەروەها متمانە هەبوون بەوەی کە جڵەوی کار لەدەستی کێدابێت ئەمینترەو تووشی هەڵدێری ناکات، هەروەها ئەو مافانەی تائێستا بەدەست نەهاتوون کام لایەن دەتوانێ زیاتر دڵنیایان بکات لەوەی ئەو مافانەش دەگەڕێننەوە. بۆیە باوەڕم وایە جەماوەری ئێمە نەک هەر کەم نەبوونەتەوە بەڵکو زیاتریش بووە، زۆربوونی لیستەکانیش پێموایە نیشانەی ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئێستای کوردستان فەزایەکی ئازاد و دیموکراتی دروستکردووە. ئەگەر ئەو حیزبانەی لەدەسەڵاتن باوەڕیان بە دیموکراسی و ئازادییەکان نەبووایە لەوانەبوو بتوانن ڕێگریی زۆر دروست بکەن.

**ڕووداو: کەواتە ئێوە ترستان لە ئەنجامی بە موفاجەئە و چاوەڕواننەکراو نییە؟**

**مەحمود محەممەد:** بەڵێ گەشبینین، موفاجەئە هەمیشە هەبووە، بەڵام ئەوە لەشوێنێک ڕوودەدا کە بەرچاوڕوونی لەزۆر شتدا نەبێ، بەڵام لەکوردستان زۆرشت ڕوونەو دیارە خەڵکێکی زۆر چ وەک ئەندام یان لایەنگر یان وەکو جەماوەری ئەم دوو حیزبە لەمەیدانەکەدان، بۆیە شتی چاوەڕواننەکراو ڕوونادات.

**ڕووداو: بەڵام زۆر لە چاودێران دەڵێن، خەڵکێکی زۆری توورە و نارازی هەن کە ئەمجارە دەنگ نادەنە پارتی و یەکێتی؟**

**مەحمود محەممەد:** ئێمە دەبێ توورەبوون و نارازیبوون لە دژایەتیکردن جیابکەینەوە، خەڵکێک لەوانەیە توورەبێ لەوەی پێیوایە دەبوو زیاتر بکرێت لەوەی کە کراوە، بەڵام ئەوە بەمانای ئەوە نییە کە ئەم دەسەڵاتە بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە. من ناڵێم نارازییەکان هەموویان بەوشێوەیەن، بەڵام کە گەیشتە مەسەلەی دەنگدان زۆربەیان هەر دەنگ بەو حیزبە دەدەن کە ئینتیمایان بۆی هەبووە، نارازیبوون لەچییەوە دێت؟ لەوەوە دێت کە ڕۆشنبیری لەنێو لاوان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و خەڵکی سیاسی بەرفراوانتر بووەو ئێستا مەسەلەکە لەچوارچێوەی نوخبە دەرچووە، بۆیە لەوانەیە ئەم واقیعە شایستەی ئەم قۆناغەی ئێستای ژیانی خەڵکی کوردستان نەبێ و دەیانەوێ لەوە باشتر بێت، بەڵام خۆ لەگەڵ ئەوەنین کە بیرووخێنن و لەناوی ببەن.

**ڕووداو: جارەکانی پێشوو جۆرە نارەزاییەک هەبووە سەبارەت بەو کاندیدانەی پارتی و یەکێتی ناردوویانن بۆ پەرلەمان، دەڵێن هەندێ لەوانە بۆ ڕازیکردن نێردراون یان بۆئەوەی مووچەیەکیان هەبێ، ئەمجارە بەنیازنین ئەو شێوازە بگۆڕن؟**

**مەحمود محەممەد:** سیاسەتکردن قۆناغی خۆی هەیە. ئەمجارە پەرلەمانێکی چالاکمان دەوێ کە لەئاستی ڕووداوەکانی ئێستای کوردستان و دەوروبەردا بێت و لەئاست تێگەیشتنی ڕۆشنبیران و خەڵکی سیاسیدا بێت، دەبێ پاڵێوراو کەسێکی خەمخۆربێ و لەڕووی فکرییەوە توانای هەبێ، ئێمە 14 لیژنەمان لەپەرلەمان هەیەو دەبێ کەسانێکی پسپۆڕو شارەزا دابنێین کە ئەو لیژنانە بەڕێوەببەن. سیاسەتی ڕازیکردن بۆ قۆناغێک بووەو دەبێ لەمەودوا بیر لەپێکهێنانی پەرلەمانێک بکەینەوە کە بتوانێ بەشێک بێت لە پێشخستنی وڵات و دانانی یاسای باش و سەردەمیانە بەشێوەیەک کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی دنیا بگونجێ. دنیا لەپێشکەوتنێکی خێرادایەو ئەگەر وەک ساڵانی ڕابردوو ڕەفتار بکەین لەوانەیە دوابکەوین، بۆیە دەبێ پەرلەمانی ئەمجارە پەرلەمانێکی کاراو بەتوانا بێت و بتوانێ چاودێریی دامودەزگاکانی حکومەت بکات.

**ڕووداو: ئەمجارە هەست دەکرێ حیزبەکانی دیکە زۆر خوازیاری ئەوەنین بێنە ناو لیستی پارتی و یەکێتی، لەحیزبە دیارەکانەوە هیچ داوایەک هەبووە بۆئەوەی بەشداریی لیستی ئێوە بکەن؟**

**مەحمود محەممەد:** تائێستا دەست بەدروستکردنی لیست نەکراوەو هەموو هەر چاوەڕوانن، بۆیە هیچ ئاماژەیەک بۆ ڕەغبەت یان نارەغبەت بەدی نەکراوە.

**ڕووداو: دەنگۆی ئەوە هەبوو کە نوری مالیکی دەیەوێ دەست وەربداتە هەڵبژاردن و پشتگیری لیستێک بکات لەدژی پارتی و یەکێتی، ئەوە هیچ بنەمایەکی هەیە؟**

**مەحمود محەممەد:** بڕوا ناکەم مالیکی بیەوێ لیست دروست بکات، لەسیاسەتدا شتێکی واریدە کە بیانەوێ کەسێک یان لایەنێک دەربخەن لەدژی لایەنێکی دیکە ئەوەش نەک وەک لیست دروستکردن بەڵکو لەوانەیە وەک یارمەتیدان، بۆئەوەش بەڕاستی ئێمە زانیارییەکی وردمان نییە شتی وا هەبێت.

**ڕووداو: بەرپرسی ڕاگەیاندنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەعێراق دەڵێ ئێمە پێمانخۆشە لەکوردستان فرەلیستی هەبێ، هەست ناکەن ئەمریکا کەسی بۆ ئەوە هاندابێت؟**

**مەحمود محەممەد:** ئەوە بەدوور نازانم، بەڵام ئەوە دەکەوێتە سەر ئەو بەرپرسانەی لەعێراق و کوردستان هەیانە کە چۆن لەبارودۆخی ئێستای کوردستان تێدەگەن و چ خوێندنەوەیەکیان بۆ حیزبەکانی ناو دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات هەیە، بەڵام ئەگەر بڵێی بەشێوەیەکی ڕەسمی ئەوە بەرنامەی حکومەتی ئەمریکایە، هەستمان بەشتی لەوجۆرە نەکردووە.

**ڕووداو: لیستی نەوشیروان مستەفا دەڵێن نابێ حیزب هیچ بودجەیەک لە حکومەت وەربگرێ، پێتوایە بۆ ئێستای کوردستان، زەمینە بۆ شتی لەوجۆرە هەیە؟**

**مەحمود محەممەد:** لەهەموو دنیا حیزب بەپێی یاسایەک دروستدەکرێ، ئەو یاسایەش ڕەوایی دەداتە ئەو بودجەیەی حکومەت دەیداتە حیزبەکان، ئەمە لەوڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، لە زۆر وڵات ئەوە هەیە. یاسای حیزبەکان لە کوردستان ڕێگای داوە بەحکومەت یارمەتی حیزبەکان بدات، لەوانەیە ئەگەر دەسەڵاتێکی دیکە بێتە سەرکار ئەو پێی خۆشبێت یارمەتی نەدرێ بەحیزبەکان، ئەوە دەمێنێتە سەرئەوەی ئایا دەتوانێ تەئمینی ئەو حیزبانە بکات کە بێنە سەر دەسەڵات و دواییش یارمەتی لەحکومەت وەرنەگرن، ئەوەندەی ئێمە هەستمان پێکردووە لەزۆربەی وڵاتانی دنیا یارمەتیدانی حیزب و ڕێکخراوەکان شتێکی سروشتییەو هەیە.

**ڕووداو: ڕاستە بودجەی هەریەک لەیەکێتی و پارتی 35 ملیۆن دۆلارە؟**

**مەحمود محەممەد:** هیچ تەعلیقێکم لەسەر ئەو قسەیە نییە کە کاک عومەری سەیدعەلی گوتی، نازانم ئەوان چییان حساب کردووە تا ئەوەندە پارەیان دەرخستووە، لەوانەیە ئەوان کۆمەڵێک پارەیان حساب کردبێ بەپارەی پێشمەرگەو ئاسایش و ئەوانەشەوە. لای ئێمە بودجەی پێشمەرگە لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە دەدراو نەدراوەتە حیزب، چونکە ڕێکخرابوو بۆ ئەوەی کە دامودەزگاکان وەک حکومەت ئەو پارەیە بدەن، ئەوی دیکەی بەڵێ ئێمە یارمەتی لەحکومەت وەردەگرین و بەشێوەیەکی یاساییش داوامان لەحکومەت کردووە کە بودجەیەک بدرێتە ئێمە، حیزبێک شەست و ئەوەندە ساڵە دامەزراوەو هەموو ژیانی لەخەبات و تێکۆشاندا بووە ئێستا کۆمەڵێک ئەرکی کەوتووەتە ئەستۆ کە ئەوەش پێویستی بەئیمکانات هەیە. خۆزگە بگەینە ئەو قۆناغەی حیزبەکان پێویستیان بەحکومەت نەمێنێ و لەسەرپێی خۆیان بوەستن، بەڵام ئەوە پێویستی بەکات هەیە.

> بودجەی پارتی زۆر لە 35 ملیۆن دۆلار کەمترە

**ڕووداو: بودجەکە بەو قەبارەیە کە باس دەکرێ؟**

**مەحمود محەممەد:** بڕوا ناکەم، نەک بەو قەبارەیە نییە، زۆر لەوە کەمترە کە باسکراوە.

**ڕووداو: شێخ ئەدهەم بارزانی کە لەسەر لیستی پارتی ئەندامی پەرلەمانە، دەڵێ لیست دروست دەکەم، ئێوە پێتان خۆشە لیست دروست بکات؟**

**مەحمود محەممەد:** من چاوپێکەوتنەکانی ئەوم خوێندووەتەوە، ئەو دەڵێ ئێمە ئازادین و مافی خۆمانە لیست دروست بکەین، بەڵام تائێستا بڕیارم نەداوە. هیچ ڕێگرییەک لەبەردەم هیچ کەسێک نییە کە بیەوێ بەلیستی جیا بەشداریی هەڵبژاردن بکات.

**ڕووداو: بەڵام بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا یەکێتی و پارتی یەک لیستیان هەیەو ئەوەی لیستی دیکەی هەبێ لەدەرەوەی ئەو دوو حیزبەیە؟**

**مەحمود محەممەد:** بەتەئکید، ئەوەی لەناو لیستێکی دیکەدا بێت مانای وایە پارتی یان یەکێتی نییە. بەڵام ئەندامانی ئێمە بڕواناکەم کەسیان لیستی جیا دروست بکەن.

**ڕووداو: ئەوەی کە بڵاوکرایەوە گوایە کاک مەسعود بارزانی هەوڵی گەڕانەوەی چوار ئەندامەکەی باڵی ڕیفۆرمی ناو مەکتەبی سیاسی یەکێتی دابێت، ئەوە ڕاست بوو؟**

**مەحمود محەممەد:** ئەوە هەر ئەوکات بوو کە ئەو چوار کەسە لەگەڵ کاک کۆسرەت توورە ببوون، کاک مەسعود نیگەرانی خۆی دەربڕی، لەوە زیاتر شتێکی دیکە نەکراوە. چونکە تەدەخول کرا لەوەی با فڵان بێتەوەو ئەوە بکەن باشە، ئیدی بەشێوەیەک لەشێوەکان دەچیتە ناو وردەکاریی کێشەکە، ئەوەش سیاسەتی ئێمە نییە.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە کە دەچنە ناو یەک لیستەوە لەکاتی هەڵبژاردن لیستی نەوشیروان مستەفا دێتە بەرامبەر کە تاڕادەیەکی زۆر لیستی ئەوانەیە کە لەیەکێتی کشاونەتەوە، لەهەڵمەتی هەڵبژاردن بەشێوەیەک لەشێوەکان نابنە لایەنێک لەو کێشەیە؟**

**مەحمود محەممەد:** خۆی هەموو لێکترازانێک ئەو مەترسییەی هەیە، بەتایبەتی لەکاتێکی وەک ئێستادا کە بەرەو هەڵبژاردن دەچین و زۆرجاریش لەکاتی پروپاگەندەدا شتی نارەوا دەگوترێ و شتی بچووک گەورە دەکرێت، ئومێد دەکەین ئەوە ڕوونەدات، دەکرێ بەرنامەو نەهجی خۆمان بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوەو پروپاگەندەی بۆ بکەین و هیوادارین لیستەکانی دیکەش هەرخەریکی ناساندنی بەرنامەی خۆیان بن و پەلاماری لایەنی دیکە نەدەن، چونکە بەپێی یاساش قبووڵ نییە من پروپاگەندە بۆ لیستی خۆم بکەم و لەهەمان کاتیش شتی نارەواو ناشیرین بخەمە پاڵ لیستەکانی دیکە. ئەگەر ئەوە بکرێ لەکاتی هەڵبژاردن، ئەوکات کە جەماوەری پارتی و یەکێتیش دەخرۆشێن لەوانەیە کۆنترۆڵ نەکرێن، ئەوانیش شتی دیکە بەرامبەر ئەو لایەن و کەسانە بڵێن کە قسەی ناشیرین بەئێمە دەڵێن.

# پارتی و یەکێتی بیر لە پاڵێوراوەکانیان دەکەنەوە

## 22 ڕێکخراوی لاوان دەچنە لای حیزبەکان بۆ ئەوەی لاو لە لیستەکانیاندا دابنێن

**ڕووداو-هەولێر**

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی ڕایگەیاند کە پارتی بەشێک لە پەرمانتارانی ئەو خولە جارێکی دیکە هەڵدەبژێرێتەوە، لێپرسراوی مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتیش دەڵێ پێشنیازمان کردووە پاڵێوراوانی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لە بڕوانامەی ماستەر کەمتریان نەبێ و چەند زمانێکیش بزانن.

هەرچەندە بەهۆی گرفتی دابینکردنی بودجەی هەڵبژاردن، تاوەکوئێستا ڕۆژی هەڵبژاردنی سێیەمین خولی پەرلەمانی کوردستان دیارینەکراوە، بەڵام زۆر پێشبینییەکان مەزندە دەکەن، هەڵبژاردنەکە لە کۆتایی مانگی حوزەیران، ئەنجامبدرێت.

هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی، لیژنەیەکی باڵای هاوبەشیان بۆ هەڵبژاردن پێکهێناوە. جەعفەر ئیمینکی، سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لقەکانی پارتی ڕاسپێردراون تا لەسنووری لقەکانیان پاڵێوراوەکان دەستنیشانبکەن و ناوی پاڵێوراوەکانیان بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی بەرز بکەنەوە، گوتیشی "هەموو ئامادەکارییەکمان بۆ هەڵبژاردن کردووە و چاوەڕێی دەستەی کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دەکەین تا ڕۆژی هەڵبژاردن و کاتی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران دیاریبکەن".

هەروەها شۆڕش ئیسماعیل، لێپرسراوی دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتیش بەهەمانشێوە گوتی ئامادەکاریی تەواویان کردووەو چاوەڕێی دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنن لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵا.

پەرلەمانی کوردستان لەو خوولەیدا ڕووبەڕووی گلەییەکی زۆر بووەوە، کە وەکو پێویست نەیتوانیوە نوێنەرایەتی خەڵک بکات. تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی کە وێنەی پەرلەمانتارانی کوردستان بە خەوتوویی لەنێو دانیشتەکانی پەرلەماندا لە ئاژانسەکاندا بڵاو ببێتەوە. بۆیە لایەنگرانی پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی دیکە داوادەکەن، ئەمجارە ورد بن لە دەستنیشانکردنی کاندیدەکان.

زیاد نادر، 28 ساڵ، فەرمانبەر، لەبارەی پەرلەمانتارانی ئێستاوە لەو بڕوایەدایە کە "هەندێک لە پەرلەمانتاران زۆر باشبوون و بەڕاستی نوێنەرایەتی خەڵکیان دەکرد، بەڵام هەندێکیان ئەوەندە سست بوون، جگە لە کەسوکاری خۆیان و ئەندامانی پەرلەمان کەس نەیدەناسین". زیاد نادر داوا لە پارتی و یەکێتی دەکات بۆ هەڵبژاردنی ئەمجارە، بڕوانامەی کاندیدکراوەکان لەبەر چاو بگرن.

جەعفەر ئیمینکی پێیوایە پەرلەمانی کوردستان لەو خوولەدا بەو شێوەیە کارا نەبوو کە چاوەڕواندەکرا "ئەدای پەرلەمان لاواز بوو، ڕەنگە هەڵەکە لەسیستمی ئیداری کوردستان بێ، بەڵام دەکرا پەرلەمان چالاکتر بێ، بەداخەوە پەرلەمانتار هەبوو تەنیا بۆ مووچە ئەندامی پەرلەمان بوو".

بەڵام ئارام ڕەسول مامەند، ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی زەرد دەڵێت "هەرکەسێک زانیاری زیاتری لەسەر پەرلەمان هەبێ ئەو بۆچوونەی نابێ کە پەرلەمان سستە، تەنیا ئەگەر پەرلەمانی کوردستان لەڕووی دەرکردنی یاساوە بە پەرلەمانی وڵاتانی دیکە بەراوردی بکەین، دەبینین 10 ئەوەندی پەرلەمانی وڵاتانی دیکە یاسای دەکردووە".

هەردوو بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی و یەکێتی جەختیان کردەوە کە کاندیدەکانی ئەمجارە جیاوازدەبن لەوانەی خولی دووەم. جەعفەر ئیمینکی دەڵێت "ئەمجارە زیاتر کەسانی تەشریعی و ئەکادیمی دەبەینە پەرلەمان، چونکە پەرلەمان ئەمجارە ئەرکی تەشریعی زۆری لەبەردەمدایە". لە هەمانکاتدا گوتیشی کە هەندێک لە پەرلەمانتارانی ئەو خوولە کاندید دەکەنەوە"ڕەنگە هەندێک لەوانەی ئێستا کاندید بکەینەوە، بەتایبەت ئەوانەی ئەزموونیان زۆرە لەنێو پەرلەمان".

ئیمینکی گوتیشی"ئەو کەسەی کاندید دەکرێ دەبێ چالاک بێ، توانای نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی هەبێت، وشیار بێ لە ڕووی سیاسی و نێوبانگێکی باشی هەبێ لەناو خەڵک".

شۆڕش ئیسماعیل لەبارەی کاندیدەکانی ئەمجارەی یەکێتی بۆ پەرلەمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"بەپێی ئەو پێوەرەی دانراوە، هەوڵدەدرێ زیاتر کەسانی گەنج ببەینە پەرلەمان، بەڵام دواجار مەکتەبی سیاسی بڕیار دەدات کە کێ بچێتە پەرلەمان، بەپێی ئەو پێوەرانەی دایناون".

شۆڕش ئیسماعیل ڕاشیگەیاند کە وەکو دەزگای هەڵبژاردنی یەکێتی پرۆژەیەکیان پێشکێشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کردووە بۆ دیاریکردنی کاندید. ئەو نێوەڕۆکی پرۆژەکەی بۆ (ڕووداو) ئاشکراکردو گوتی "داوامان کردووە کاندیدەکان لەئاستێکی باشدابن و تەکنۆکرات بن، کەسانێک بن پەیوەندییان بەحیزبەکەی خۆیانەوە هەبێت، تاوەکو بتوانێ بەرنامەو پرۆگرامی حیزبەکەی جێبەجێ بکات. هەروەها چەند زمانێک بزانێت و دکتۆرا یان ماستەری هەبێت و ئەزموونی لە کاری ڕێکخراوەیی و کۆمەڵگەی مەدەنی و خزمەتکردنی خەڵکیدا هەبێت". هەرچەندە تا ئێستا مەکتەبی سیاسی وەڵامی پرۆژەکەی نەداوەتەوە، بەڵام شۆڕش پێشبینی ویلامێکی باش دەکات و دەڵێت "وەڵامی مەکتەبی سیاسی بۆ پرۆژەکەمان ئیجابی دەبێ".

ئارام ڕەسول مامەند، وێڕای ئەوەی زۆر پەسنی پەرلەمانتارانی ئەو خوولەی دا، لەبارەی کاندیدەکانی ئەمجارە بۆ پەرلەمان ڕای وایە " دەبێ کاندید، بە کردەوە نوێنەری خەڵک بێ و بتوانێ نوێنەرایەتی ڕای خەڵک بکات و بەرژەوەندی خەڵک لەبەرچاو بگرێ".

دوای ئەوەی لە یاسای هەڵبژاردن ڕێژەی نوێنەرانی ئافرەت لە 25%وە زیادکرا بۆ 30%، تەمەنی پەرلەمانتاریش لە 30 ساڵەوە کەمکرایەوە بۆ 25 ساڵ، هەردوو توێژی لاوان و ژنان کەوتوونەتە خۆ.

د.کوردستان موکریانی، سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لەگەڵ مەکتەبی سیاسی پارتی قسەیان کردووە و داوایان کردووە کە نوێنەریان لە پەرلەمان هەبێ "چونکە ئافرەتی واماں هەن، بتوانن ئەو ئەرکانەی لە پەرلەمان هەن جێبەجێی بکەن". سەبارەت بە وەڵامی مەکتەبی سیاسی حیزبەکەشیان، موکریانی گوتی "وەڵامەکەیان ئیجابی بوو".

هەروەها نەجات باپیر سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لەبارەی گەیشتنی گەنجانی تەمەن 25 ساڵ بۆ پەرلەمان گوتی "22 ڕێکخراوی لاوان کۆبووینەوەو بڕیارمانداوە سەردانی مەکتەبی سیاسی حیزبەکان بکەین و داوایان لێدەکەین، کە گەنج بخەنە نێو لیستی پاڵێوراوەکانیان".



## هەردی ستایشی کارە جوانەکانی خوا دەکات

عەبدولغەفار عەبدوڵڵا
رووداو– هەولێر

هەردی سەلاح لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانی ئەلبوومێکی تازەیە، کە لەوانەیە 14 گۆرانی لەخۆ بگرێت و، کاری موزیکی ئەو ئەلبوومەی لەتورکیا لەلایەن چەند موزیکژەنێکی بەتوانا ئەنجامدراوە. هەردی گوتی "لەئەلبوومی ئەم جارەمدا چەند گۆرانکارییەکی سەرنج راکێشم ئامادەکردووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی نێو ئەلبومەکەم ستایشێکە بۆ کارە جوانەکانی خوای گەورە". هەردی لەبارەی بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکەشی گوتی "کاری ئامادەکاری بەشێک لە گۆرانییەکان تەواو بووە، بەڵام جارێ لەگەڵ هیچ کۆمپانیایەک و دەزگایەک گرێبەستم نەکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی".



### حەزرەتی یوسف بۆ (رووداو):

# لەنێو 3000 کەسدا من بۆ رۆڵگێڕانی حەزرەتی یوسف هەڵبژێردرام

فیلمـی حەزرەتی یوسـف کە ئێستا شەوانی هەینی و یەکشەممە لەکەناڵی 1و قورئانی ئێرانەوە پەخش دەکرێت بینەریکی زۆری لەدەوری خـۆی کۆکردووەتەوە لە کوردستانیش بەتایبەت لەشارەکانی دەڤەری گەرمیان و سـۆران و ناوچە سنورییەکان بەهۆی ئەوەی پەخشی کەناڵەکانی ئێرانی لێوەردەگیرێ بینەریکی زۆری هەیە. (رووداو) لە تاران لەگەڵ مسـتەفا زەمانی دانیشت و ئەو هەڤپەیڤینەی لێ هاتە کایەوە:
**بیلال سەعید / رووداو –تاران**

**رووداو: دەربارەی خۆت پێمان بڵێ؟**
**زەمانی:** من مسـتەفا زەمانی لەدایکبووی ساڵی 1980، بەئەسـڵ خەڵکی فریدون کنـاری باکووری ئێرانم، ئێستا پسپۆری بواری پیشەسازیم لە زانکۆی ئەمـەل، لە خیزانێکی 7 نەفەری گـەورە بووم، کە لە چوار براو یەک خوشـک پێکهاتووین، من سێیەم منداڵی خیزانەکەمانم.
**رووداو: لەمنداڵی تا چ رادەیەک حەزت دەکرد ببیە ئەکتەر؟**
**زەمانی:** لە سـەرەتای منداڵیمەوە، حەزێکی زۆرم هەبـوو بۆ بواری نوانـدن، رۆژانە سـەیری زۆربەی فیلمەکانی تەلەڤزیۆنم دەکرد،بـەڵام بەهۆی دووری ناوچەکەمان لەشـارەوە، پیشـووتر هیچ بیرم لەوە نەدەکردەوە رۆژێک ببمە ئەکتەر و رۆڵ ببینم.
**رووداو:یەکەم بواری نواندنت کەی بوو؟**
**زەمانی:** کاتێک گەیشتمە زانکۆ دەرگایەکی دیکەی نواندن بەرووی حەزو ئارەزووەکانی مندا کرایەوە، لە شانۆکانی زانکۆ بەشداریم دەکرد .

**رووداو:چـۆن بوو رۆڵی یوسـف درایە تۆ لە فیلمی حەزرەتی یوسف؟**
**زەمانی:**لە رێگەی یەکێـک لە هاورێکانمەوە ئاگادارکرامەوە کە تاقیکردنـەوە دەکرێت بۆ گەنجان بۆ ئەوەی یەکێـک رۆڵی حەزرەتی یوسف بگێڕێت، چەند جارێک هاوڕێیەکەم دووبـارەی دەکردەوە کـە دەبێت بڕۆت بەشـداری ئـەو تاقیکردنەوەیە بکەی، بەڵـکـو بتوانی سـەرکەوی بۆ بینینی ئەو رۆلە، بەڵام من شـتکەم بەجدی وەرنەگرتبوو، دەمگوت پێموانییە بە دوای کەسێکی وەک مندا بگەڕێن، بـەڵام هاوڕێکـەم زۆر دووبارەی دەکردەوە کە دەبێت بەشـداری بکەی لـەو تاقیکردنەوەیە، بۆیە لە یەکەم بەشـداریکردن کە تەنها سـەیرکردن بوو لەلایەن دەرهێنەرەوە قبوڵکـرام و داوای لێکردم لە تاقیکردنەوەکانی دیکەش بەشداری بکەم، بەڵام دوای تاقیکردنەوەکـە ئاگادار کرامەوە کـە 3هەزار نەفەر تاقیکردنەوەیان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی رۆڵی حەزرتی یوسف ببینن، ئەگەر ئەوکاتە بمزانیایە تاقیکردنەوەم ئەنجام نەدەدا چونکە پێموانەبوو لەو 3هەزار نەفەرە من سـەرکەوتن بەدەسـت بێنم . بەڵام لەبەرئەوەی رێژەیەکی زۆر لە ئەکتەرەکانی ئێران تاقیکردنەوەیان ئەنجامدابـوو، بەڵام بەلای دەرهێنـەرەوە گرنگ بوو کەسێک دیاریی بکات بۆ بینینی رۆڵەکە کە پیشووتر رۆڵـی نەبینیبێ بۆ ئەوەی بینەر بەئاسـانی بتوانێ سەیری فیلمەکە بکەن.

## خەڵک رۆژانە دەستخۆشیم لێدەکەن

**رووداو:لەفیلمی حەزرەتی یوسـف، لەسـەرەتادا منداڵێک رۆڵی یوسـف دەبینێ کە زۆر هاوشـێوەی خۆتە دەربارەی ئەوە چت هەیە بیڵێی؟**
**زەمانـی:** بەڵی هەروەک چـۆن دەرهێنەر بەدوای گەنجێک دەگەرا کە رۆڵی حەزرەتی یوسف ببینی، بە هەمان شێوە بەدوای کەسێک دەگەڕا کە رۆڵی تەمەنی منداڵی یوسف ببینی کە چەند ئەلقەیەکی سەرەتای پێکدەهێنا، منیش بەوانم راگەیاند کوڕێکی خاڵم هەیە دەتوانێ ئەو رۆڵە بگێڕێ کە ئێستا یەکێکە لە ئەکتەرە باشەکانی بواری منداڵان کە لە شاری مازندەرانە، دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکە بۆ ئەوکرا ئەویش سەرکەوتنی بەدەسـتهێنا و رۆڵی سەرەتای فیلمەکە کە تەمەنی منداڵی یوسفە، رۆڵەکەی بینی.
**رووداو:رات چییە سەبارەت رۆڵی کتایون ریاحی کە رۆڵی زولێخا دەبینێ لە فیلمی حەزرەتی یوسف؟**
**زەمانی:**کتایۆن یەکێکە لە ئەکتەرە باشەکانی بواری فیلمسـازی لە ئێران، بە جوانترین شـێوە رۆڵەکەی بینی، لەبەر ئەوەی ئەو دەتوانێ بە ئاسانترین شێوە لە یەک کاتـدا رۆڵی گەنج و پیرییش ببینێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چونکە ئەکتەریکی بەنێوبانگە یارمەتی منیدا لـە رۆڵ بینینەکەم چونکە من یەکەمجارم بوو بێمە سـەر شاشەی تەلەڤزیۆن و لە فیلمدا بەشداری بکەم، لە بەرئەوەش هەرشتێک پیویستی بکردایە بۆ فیلمەکە پێیدەگوتم.
**رووداو:دوای فیلمەکە چ رووداوێک هاتە پێشت؟**
**زەمانی:** دوای فیلمەکە بەهۆی ئەو گوڕانکاریانەی لە فیلمەکەدا بەسەر شـێوەمدا هینابوویان، خەڵک بەئاسـانی نەی دەناسـیمەوە، بـەڵام دواتر بەهۆی راگەیاندنەکانەوە خەڵک پێی زانیم و، ئێسـتا رۆژانە خەڵک دەستخۆشی زۆرم لێدەکەن.



مستەفا زەمانی لە رۆڵی حەزرەتی یوسفدا

# تا گیانیشی سپارد 1000 دۆلارەکەی وەرنەگرت



### پەیکەرساز سەربەست عومەر:

## هونەری پەیکەرسازی بووەتە کاری بەڵێندەرایەتی

بەختیار محەممەد
رووداو– هەولێر

نزیکـەی 6 مانـگ پێش ئەوەی کۆچـی دوایی بـکات، هونەرمەندی پەیکەرساز سەربەست عومەر، لە دوای ئێوارەیەکی درەنگ لە پارکی منارە، دەردە دڵی خۆی بۆ (رووداو) باسـکرد کە چۆن هونەری پەیکەرسـازی لە کوردسـتان فەرامۆشکراوە و وەکو کاری بەڵێندەرایەتی بەسەرهاتووە، هەروەها زۆر گلەییش لە راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت کرد کە دوای دروستکردنی پەیکەری شـەهیدانی 1ی شوبات لە بەرامبەر ئەو بەڵێنەی پێیاندابوو لە دروسـتکردنی پەیکەری شـەهیدانی 1ی شوبات، تا ئێستا 1000 دۆلارەکەی پێنەداوە.

لە شـەوێکی درەنگ وەختدا 5 رۆژ پێش دەرچوونی گۆڤاری (هەرێمی کوردسـتان) لە ماڵەوە بەجەڵتەی دڵ گیان لەدەسـتدەدات. ئەو ماوەی دوو ساڵ بوو لەگۆڤارەکە گۆشەیەکی هەفتانەی کاریکاتێری هەبوو بەناوی (زمانێکی دیکە).

سەربەست لەساڵی 1968 لەکۆیە لەدایکبووە، ئەگەر پەیمانگای هونەرە جوانەکان نەبووایە بڕیاری نەدابوو لەخوێندن بەردەوام بێت، لەساڵی 1988 بەشی پەیکەرسازی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواوکردووە، یەکەمین پێشـانگای تایبەتی لە 1979 لەکتێبخانەی کۆیە کردووەتەوەو خاوەنی سـێ پێشانگای تایبەتییە و بەشداری لە 50 پێشانگای هاوبەش کردووە لە (کۆیە، هەولێر، سـلێمانی، دهۆک، بەسرە، ئێران، ئەڵمانیا)، لەسـەردەمی شەڕی ناوخۆدا لەسـاڵی 1995 لەگەڵ چەند هونەرمەندێک دەسـتەی (تەم)ی شێوەکاری دادەمەزرێنن، تا کۆچی دواییکردنی ماوەی 8 ساڵ وەک مامۆستای بەشی پەیکەرسازی لە هونەرە جوانەکانی هەولێر وانەی پەیکەرسازی دەڵێتەوە.

ئەو پرۆژەیەی کە سەربەست زۆر شانازی پێوە دەکات دیزاینی یادگاری شەهیدانی1ی شوبات بوو، کە بیرۆکەکەی فەوزیە شنگاری، خێزانی شەهید سامی عەبدولرەحمان دایڕشتبوو. سەربەست لەبارەی ئەو یادگارەوە گوتی "کارێکی قورس بوو، دەتوانم بڵێم خەریکبوو لێیەوە فێری هونەری بیناسازی ببم"، جگە لەمانـەش هەریەک لە پرۆژەی ئەسـپەکەی لای پەرلەمان و پەیکەری شەهید فرەنسۆ هەریری و پەیکەری ئافرەتی ئازاد و دیواربەندی شـۆڕش و ئازادی لە هاوینەهەواری پیرمام و چەندین پرۆژەی دیکەشی ئەنجامداوە، لە دوو پرۆژەشدا هونەرمەند جەمال موشیر و هەردوو قوتابی، هۆشەنگ عەبدولرەحمان و شـوان عەبدولڕەحمان هاوکاری سەربەستیان کردووە. دەڵێت "چونکە هونەری پەیکەرسـازی گەورە، هونەرێکی دەستە جەمعییە بە تاکە کەس ناکرێت".

"تاکە هونەر لەدوای راپەڕینەوە بسـتێک بەرەو پێشـەوە نەچووبێت بەگشـتی هونەری شێوەکاری و بەتایبەتیش هونەری پەیکەرسازییە"، بە پەراوێزخسـتنی ئەو هونەرە سەربەست بەمشـێوەیە رای خۆی دەربڕی، ئاماژەی بەوەشـکرد کە کەمتەرخەمییەکە لەلایـەن حکومەتەوەیە نەک هونەرمەندان "زۆر پرۆژە پێشکێش کراوە، بەدەستی خۆم پرۆژەم پێشکێشی سـەرۆکی حکومەت کردووە، بەڵام وەڵامی نەبووە، رۆتین ئەوەندە بێزارت دەکات تووشی شۆک دەبیت، مەگەر بڵێی خوا چاکی بکات".

دۆزینەوەی فەزای گونجا و بۆ پەیکەرەکان و لێژنەی هەڵسـەنگاندنی پەیکەر، یەکێکە لەو بۆشاییانەی کە هونەرمەند سەربەست عومەر باسیان دەکات "کێشـەکە ئەوەندە گەورەیە، شـارەوانی پلانی دوو ساڵی دیکەی نییە بۆ دۆزینەوەی شوێن بۆ پەیکەرەکان"، سەربەست نموونەی پەیکەری شەهید عیزەددین فەیزی باس دەکات کە بەرامبەر بە چێشتخانەکان دانراوە، دەڵێت "بەڕاستی شوێنێکی زۆر نەشیاوە، کە سەیری پەیکەرەکە دەکەیت، رێک هەندێک ریکلامی چێشـتخانەکان دەبینیت، زۆر ناڕێکە، ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە پلان نییە".

سەربەست ساڵێک و 8 مانگ لەگەڵ ئەندازیارەکان بە پرۆژەی شەهیدانی 1ی شوباتەوە خەریکبووە، 535 هەزار دیناری وەکو پاداشت بۆ هاتەوە. ئەو گلەیی لەوەکرد و گوتی" هەموو بڕوانامەیەکی رێزلێنان هەزار دۆلاری وەک دیاری لەگەڵدایە، هەڵکەوت زاهیر بڕیاربوو ئەو پاداشـتەم پێ بدات، ئیتر هەر گوتی ئەمڕۆ نا سـبەی، بەڕاستی منیش ئەو کەسە نیم لەپرسگەکان بکەوم، یەک دووجار تەلەفۆنم بۆ کرد گوتی بە شوفێرەکەم بۆت دەنێرم، بەڵام تا ئێسـتا نەیناردووەو ئەوە ماوەی 3 سـاڵ تێپەڕی، من پەرۆشی پارەکە نیم، بەڵام زۆرم پێناخۆشە راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان وابکات". ئەو هونەرمەندە کە لە 2008/2/19 کۆچی دواییکرد، بەخەمخۆرییەوە باسی لەپەراوێزخستنی هونەری پەیکەرسازی دەکرد لەشـاری هەولێر کە وای لە هونەرمەند کردووە چۆک دابدات، ئەو راشـکاوانە گوتی "ئەمڕۆ هونەری پەیکەرسـازی بووەتە بەڵێندەرایەتی، یەکێـک دەچـێ پەیکەرێک لە پارێزگا دەگرێت، هەرچـی پەیوەندی بەو هونـەرەوە هەیە نییەتی، بەبێ ئەوەی پەنجەیەکیـان بەقوڕ بێت، دوایی دێت دەیفرۆشێتەوە بە پەیکەرسازەکان و خۆی دەکاتە شەریک، لەکاتێکدا ئەوەی تێیدا ماندووبووە و بەشخوراوە هونەرمەندەکەیە".

### خاوەنی سەنتەری ئەسفەهان: بەهۆی کێشەی دارایی تەنیا بەژێرنووس دەتوانین زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکانی ئێران بکەینە کوردی

# کوردستان چاوی لەسینەمای ئێرانە

**رووداو– هەولێر**

کەسێکی زۆر بێ شانسە، هەر کەس دەیبینێ وادەزانێ یەکێکی دیکەیە، چەند جارێک بەکەسێکی بەنێوبانگ دەیشوبهێنن و هەندێ جاریش بەکەسێکی تاوانبار، یەخەی دەگرن و کێشەی بۆ دروست دەبێ، مەسعود شەسـتچی بەبێ ئەوەی بیـەوێ دەبێتە بەڕێوەبەر، دەرهێنەر، راهێنەر، گۆرانیبێژ.

مێهران مودیری، دەرهێنەری زنجیرەی (پیاوی دوو هەزار رووخسـار= مرد دو هزار چهره)، کە مەسـعود شەستچی سەرەکیترین ئەکتەری زنجیرەکەیە، بەیەکێک لە سـەرکەوتووترین دەرهێنـەرو ئەکتەرانـی ئێران دادەنرێت، تەنانـەت بەهۆی دەرهێنان و رۆڵبینینی لە زنجیـرەی (کرێچی) کە بینەرێکی زۆری لەباشـووری کوردستان لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە، مێهران لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بانگهێشتی سلێمانی کراوە، بەڵام تائێستا نەهاتووە.

زنجیرە تەلەڤزیۆنییە ئێرانییەکان زۆرترین بینەریان هەیە. لەماوەی ساڵێک، زیاتر لە 150 زنجیرەی تەلەڤزیۆنی لە ئێران دروستکراون، بەشێکیان تەواو پەخشکراون و بەشێکیشیان ئێستا لەسەر شاشـەی تەلەڤزیۆنەکانن و بینەرێکی زۆر بـە دوای ئەلقەکانیاندا دەچن. بەپێی راپرسییەکی ماڵپەڕی سینەمایی (سینەماتیک) 70%ی خەڵکی ئێران تەماشـای ئەو زنجیرە تەلەڤزیۆنیانەی ئێران دەکەن، ئەو زنجیرە تەلەڤزیۆنیانەی تائێستاش زۆرترین بینەریان هەبووە، زنجیرەی (پیاوی دوو هەزار رووخسار) و (یوسف پێغەمبەر) بووە.

ئێستا 28 زنجیرەی تەلەڤزیۆنی لە کەناڵە ناوخۆیی و ئاسـمانییەکانی ئێران پەخش دەکرێن، دیارترینیان (فرمێسـکەکان و زەردەخەنەکان، مانگی هەنگوینی، پیاوی دوو هەزار رووخسار، 88 عەیار، جەژنی ئەمساڵ، یوسف پێغەمبەر)ە کە لەکەناڵەکانی 1 و 2 و 3 و 4و 5 و کەناڵی تاران پەخش دەکرێن.

بەپێی راپرسییەکی دیکە کە سایتی (پرشین تول) بڵاویکردووەتـەوە، لەنێو ئەو زنجیـرە تەلەفزیۆنانەی ئێسـتا بەبۆنەی نەورۆزەوە پەخش دەکرێن زنجیرەی (کڵاوسـوور) کە زنجیرەیەکـی گاڵتەئامێزی منداڵانە، لەرووی بینەرەوە 77%ی دەنگەکانی بەدەسـتهێناوە، دوای ئەویش زنجیرەی (پیاوی دوو هەزار رووخسـار) دێت بە 45%.

بەڵام لەسـەرووی هەموو ئەو زنجیرە تەلەڤزیۆنییانە ئەوەی ئێسـتا بینەرێکی زۆری لەخـۆ کۆکردووەتەوە زنجیـرەی (یوسـف پێغەمبەر)ە کە لـە رۆژهەڵات و باکوورو باشووری کوردستانیش بینەرێکی زۆری هەیە. تەنانەت هەندێ لەکەناڵە ئاسمانییەکانی تورکی خەریکی دۆبلاژکردنەوەی (یوسف پێغەمبەر)ن.

عەلی شەقڵاوەیی، کە خاوەنی سەنتەری ئەسفەهانە لەشـاری هەولێـر و تەنیا فیلـم و گۆرانی فارسـی دەفرۆشـێت، لەبارەی زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکانی ئێران ئاماژەی بەوەدا کە خەڵکێکی زۆر سـەردانی دەکەن بۆ کڕینی زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکانی ئێران، دەڵێ "ئەوانەی زنجیرەی فارسییان دەوێ زۆربەیان کچن، هەموویان یان ئەوانەن لەئێران گەڕاونەتەوە یان کوردی ئێرەن و داوای ژێرنووسکردن و دۆبلاژکردنی ئەو زنجیرانە دەکەن". عەلی دەڵێ هەندێ لەتەلەڤزیۆنەکانی باشـووری کوردستان خەریکی دۆبلاژکردنی ئەو زنجیرانەن.





بەڵام بەهۆی کێشەی داراییەوە تائێستا نەمانتوانیوە". هەروەها گوتی "پێشتر ویستم هەردوو زنجیرەی (یوسف پێغەمبەر، پیاوی دوو هەزار رووخسـار) دۆبلاژ بکەم، بەڵام ئەوە پارەیەکی زۆر و ستافێکی باشی دەوێت".

شەقلاوەیی ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی ئەوەی زنجیرە تەلەڤزیۆنی کوردی لە کوردستان کەمن "تەنانەت دەتوانم بڵێم هەر نییە، ئەگەر هەشبێت ناوەرۆکیان بەهێز نییە، بۆیـە خەڵک روو لە زنجیـرە تەلەڤزیۆنییەکانی ئێران دەکات".

شـەهێن هەولێری، کـە کچە کوردێکی باشـووری کوردسـتانە، بینەرێکی بەردەوامی هـەردوو زنجیرەی (پیاوی دوو هەزار رووخسـار) و (یوسف پێغەمبەر)ە، دەڵێ "ئەگەر ئەڵقەیەکی یەکێک لەو زنجیرانەم لەکیس بچێت خۆم دەکوژم، بەڕاستی جوانیان دروستکردوون". هەروەهـا دەڵـێ "ئێمەی کورد زۆرمان مـاوە بتوانین زنجیرەیەکی وا دروست بکەین، ئێمە تائێستا سینەمامان نییە، تا بتوانین زنجیرەمان هەبێ". شەهێن بینەرێکی زۆر دڵگەرمی کەناڵی ئاسمانی سەحەری ئێرانە و دەڵێ " زنجیرەکانی لە کیس خۆم نادەم".

هادی محەممەدی، بەڕێوەبەری بەشی کوردی کەناڵی سـەحەر، لەدیدارێکدا بـە (رووداو)ی راگەیاند، ئەوان ئێستا خەریکی دۆبلاژکردنی هەردوو زنجیرەی (یوسف پێغەمبـەر) و (ئەسـتێرەی سـیوەیل)ن و بەمزووانە پەخشـیاندەکەن، چونکە بینەرێکی زۆر لە باشـووری کوردسـتان پەیوەندییان پێوە کردوون و ئەو داوایەیان لێکردوون.



مێهران مودیری، دەرهێنەر و ئەکتەری زنجیرەی (پیاوی دوو هەزار رووخسار)

شەقڵاوەیی، ئێستا بەهاوکاری چەند کەسێک خەریکی ژێرنووسکردنی زنجیرە تەلەڤزیۆنی (یوسف پێغەمبەر)ە، دەڵـێ "بەهۆی ئـەوەی بینەرێکـی زۆر داوای زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکانـی ئێران دەکـەن، ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی ئێرانم کرد، تاکو ئەو زنجیرانەی ئێستا پەخش دەکرێن لەکوردسـتانیش بەکوردی پەخشیان بکەین،

# (شۆرش و شیرین) لەلایەن ئەوروپاوە خەڵات دەکرێ



**رووداو–بەرلین**

لە ئەڵمانیا فیلمێک کەباسـی دوو قوربانی شەڕی عێـراق دەکات خەڵاتکرا. کورتە فیلمی (شـۆرش و شـیرین) ئەمساڵ خەڵاتی گەنجان و خەڵاتی میدیای ئەوروپا بۆ گونجاندن CÎVÎSی وەرگرت. سـیناریۆی ئەو فیلمە لەلایەن سەرکال کوس نووسراوەو، کاسرین گەبی کاری دەرهێنانی فیلمەکەی کردووە.

(شۆرش و شیرین) باسـی چیرۆکی دوو منداڵی کوردی باشـووری کوردسـتان دەکات، کە لە کاتی شـەڕی عێراق دا، دایک و باوکی خۆیان لەدەسـتدا و بە سـەختی بریندار دەبن. لەبەر ئەوە باپیرێکیان لە سـاڵی 2003دا ئەوانی بۆ چارەسەرکردن ناردنە ئەڵمانیا. شۆرش و شـیرین چوار ساڵ لە هامبۆرگ لەماڵی ئافرەتێکی ئەڵمان دەژین. شۆرش هیچ دڵخۆش نییە کە ماوەی مانەوەی ساڵ بە ساڵ درێژدەکرێتەوە، ئەو حـەزی لە ژیانی ئەڵمانیا نییـە و دەیەوێ زوو بگەڕێتەوە کوردسـتان . ئەو بە خوشکەکەی دەڵێ " باپیـری ئێمە، ئێمەی بۆ ئـەوە نەناردووەتە ئێرە تاوەکو ببینە ئەڵمان". بەڵام شـیرین حەز لە ژیانی هامبـۆرگ دەکات و دەیەوێ لە ئەڵمانیا بمێنێتەوە. دۆخەکەیان سـەخت دەبێ، تاوەکو رۆژێک باپیریان دەگاتە ئەڵمانیا، بۆ ئـەوەی نەوەکانی بباتەوە. ئەو خەنجەری بنەماڵەکەیان دەداتە شۆرش و بۆ شیرینیش شتێکی هێناوە، دەسماڵی دایکی . شیرین دەسماڵەکە لەسەر سـەری دێنێتە خوارەوەو دەڵێ " من نامەوێ وەک دایکم لە گوند تێکبچم، ئێوە ئەوتان نەنارده قوتابخانە". ئەو زۆر توڕەدەبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا، جانتـای خۆی دێنێت و لەگـەڵ باپیر و براکەی رووەو گەراجی پاسـەکان دەچن بۆ گەڕانەوە، بەڵام لەوێ رووداوی سەرنج راکێش روودەدەن.

خوێندکارانی قوتابخانەی هامبەر میدیا، ئەمساڵ ئـەو چیرۆکەیان کـردە فیلم و تائێسـتا ژمارەیەک خەڵاتیان پـێ وەرگرتووە. بەهـای دارایی خەڵاتی CÎVÎS 2500یۆرۆیە.

# تاراوگە

**پێنج هەڵەبجەیی 3 کۆمپانیای ئەمریکی دەدەنە دادگا**



**رووداو- مێریلاند**

**پێنج رزگاربووی کیمیابارانی هەڵەبجە کە دانیشتووی ئەمریکان، 3 کۆمپانیای ئەمریکیان داوەتە دادگایەکی ولایەتی مێریلاندی ئەمریکی. لەو داوایەی بۆ دادگا بەرزیانکردووەتەوە دەڵێن ئەو سێ کۆمپانیایە پێداویستی دروستکردنی چەکی کیمیاییان داوەتە حکومەتی پێشووی عێراق، کە لە کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفال دا بەکاریهێنا . ناوی کۆمپانیاکانیش بریتین لە (ئالکۆلاک، وێست چێستەر و VWR ئینتەرناشناڵ). میران عەبدوڵڵا کە یەکێکە لەو پێنج کوردانە، گوتی " هیوادارین کەسوکاری قوربانیان قەرەبووبکرێنەوەو یارمەتی چارەسەرکردنی بریندارانی ئەو چەکانە بدرێت".**

# کورد لە ئۆکرانیا بۆنی سێویان لێدێت



دوو خوێندکاری ئۆکرانی تەماشای وێنەکانی پێشانگەی (بۆنی سێو) دەکەن (فۆتۆ: رووداو)

**زیرەک عەبدوڵڵا**
**رووداو-ئۆکرانیا**

"نەمتوانی سەیری هەموو وێنەکان بکەم، چونکە ئەگەر سەیری هەمووانم بکردبا پێویستیم بە نەخۆشخانە دەبوو"ئەمە قسەی (فاتیمە)یە. ئەو خەڵکی قەفقازیایە، ئێستا مامۆستای زانکۆیە لەئۆکرانیا.

قسەی ناوبراو لەبارەی هەندێک لە وێنەکان کارەساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەیە. فاتیمە ئاماژە بەوە دەکات کە ماوەیەکی زۆرە کورد دەناسێت، چونکە لەساڵی (1976)ەوە قوتابی کوردی هەبووە، بەڵام دەڵێ "تا ئێستا هیچم لەبارەی کارەساتی هەڵەبجەوەنەبیستووە".

فاتیمە یەکێکە لەو سەدان کەسەی لە دوای بینینی وێنە تراژیدییەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، بەخەمبارییەکی زۆرەوە قسەیان لەبارەی ئەو تاوانەوە دەکرد، هاوسۆزی خۆیان بۆ نەتەوەی کورد دەردەبڕی. (زەپاخ یابلەکە= بۆنی سێو) ناونیشانی ئەو پیشانگایەیە کە رۆژی 2009/3/16 لەبەردەم باڵەخانەی کولتووری زانکۆی پۆلتینێکنیکی نێودەوڵەتی لەسەر شەقامی گشتی شڤیشنکۆ، لە شاری ئۆدیسای وڵاتی ئۆکرانیا کرایەوە.

ئودیسا یەکێکە لەشارە جوان و دڵگیرەکانی ئۆکرانیا، کەوتووەتە باشووری رۆژئاوای ئەو وڵاتە و بەسەر دەریای رەشدا دەڕوانێت. ژمارەی دانیشتوانی ئەو شارە یەک ملیۆن کەسە، جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر خەڵکی وڵاتانی دیکەی جیهان لەوشارە دەژین. تایبەتمەندی ئۆدیسا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کارەساتی هەڵەبجە زیاتر لەو شارەدا بە جیهان بناسێنرێت.

ئەو پیشانگایە لەلایەن لیژنەیەکی هاوبەش سەرپەرشتیکرا، کە پێکهاتبوو لە نوێنەرایەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و کۆمەڵەی



فاتیمە فرمێسکەکانی دوای بینینی وێنەکانی هەڵەبجە دەسڕێتەوە

خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئۆکرانیا، بەیارمەتی کۆمەڵێک قوتابی سەربەخۆ و کوردانی پارچەکانی کوردستان سازکرا.

سەرەتا وا بڕیار بوو لەشاری فارکۆڤ بکرێتەوە، بەڵام دواتر بەهۆی گرفتێک نەتوانرا لەوشارە بکرێتەوە و گواسترایەوە ئۆدیسا.

لەبارەی هۆکاری گواستنەوەی شوێنی پێشانگاکە عادل تەها، سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئۆکرانیا ئاماژەی بەوەکرد کە کۆمەڵەیەکی کوردی لە شاری فارکۆڤ بووە هۆی دروستبوونی تەگەرە لە پێش ئەنجامدانی ئەو چالاکییە لە فارکۆڤ. هەربۆیە وتی" داوا لە ناوەندی سیاسی کوردی دەکەین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پرسە بکات".



وێنەی عومەری خاوەر لەشەقامێکی شاری ئۆدیسای ئۆکرانیا

هەرچەندە ئەو چالاکییە لەفارکۆڤ ئەنجام نەدرا، بەڵام محەممەد رەزا، بەرپرسی نووسینگەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان وتی "ئێمە هەرسوورین کە ئەو چالاکییە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر لەشاری فارکۆڤ بکەین".

ئەوهەردووبەرپرسەی قوتابیان وخوێندکاران، جەختیان لەوە کردەوە ئەو کارەیان بۆ ناساندنی ئێستا و ئازار و کارەساتە مێژووییەکانی گەلی کوردە بەهاووڵاتیانی ئۆکرانی.

ژمارەیەکی زۆر لە قوتابیان و مامۆستایانی زانکۆی ناوبراو سەیری وێنەکانیان کرد، سەرەڕای ژمارەیەک لەو هاتووچۆکەرانەی بەو شەقامەدا گوزەریان دەکرد، هەرچەندە ئەمانە تەمەنیان جۆراوجۆر بوو، بەڵام کەسانی بەتەمەنی زۆر تێدا بوو.

ڤالا، ژنێکی تەمەن 60 ساڵە، زۆر بە وردی سەیری وێنەکانی دەکرد، زۆر بە درەنگ وێنەیەکی جێدەهێشت و بەرەو یەکێکیتر هەنگاوی دەنا، ئەو لەکاتی سەیرکردنی وێنەکاندا فرمێسک لەژێر چاویلکەکەی و لەسەر روومەتە سوورەکەی قەترەی کردبوو. دوای سڕینەوەی فرمێسکەکانی وتی "کورد گوناهە وسەدام دیکتاتۆرە"، دواتریش لەبەر خۆیەوە بە دەنگێکی نزم بەردەوام دەیوت " کەشمەڕ. کەشمەڕ سەدام حوسێن". ئەو هیچی لەبارەی کورد و کارەساتی هەڵەبجە نەدەزانی، ئەوەش وایلێکردبوو زیاتر سەری بسوڕمێ.

ڤالا، تاکە کەس نەبوو کە هیچی لەبارەی کارەساتی هەڵەبجە نەدەزانی، بەڵکو شۆڤبیل ویبسلاڤ، کە راگری کۆلیژی پۆلیتیکنیکی نێودەوڵەتییە بۆ کاروباری قوتابیانی دەرەوە، بەهەمان شێوە هیچی لەبارەی ئەو رووداوە نەدەزانی. ئەو وتی "دەزانم کە کوردستان دابەشکراوە، بەڵام هیچ لەبارەی ئەو کارەساتە نازانم".

ویپسلاڤ وەکو هاوسۆزییەک بۆ خەڵکی شاری هەڵەبجە وتی " یارمەتی قوتابیانی ئەو شارە دەدەین بۆ ئەوەی بێن لێرە بخوێنن".

شاپۆل ستیلە ستیپانۆڤنە، جێگری سەرۆکی زانکۆی ناوبراو بۆ کاروباری قوتابیانی دەرەوە ئاماژەی بە خۆراگری و بە توانایی گەلی کورد کرد و وتی" هەموو کەسێک ناتوانێت تەحەمولی ئەو تراژیدیایە بکات، دیارە کورد نەتەوەیەکی بەهێزە بۆیە توانیویەتی تەحەمولی کارەساتی وابکات".

هەروەها وتیشی "هیوادارم ئەو کارەساتە بەسەر منداڵەکانتان دووبارە نەبێتەوە".

شاپۆل ئامۆژگاری بۆ گەلی کورد ئەوەبوو "پێویستە منداڵەکانتان لەبارەی ئەوکارەساتەوە زانیارییان هەبێت و پێی بزانن".

جگە لە قوتابیان و مامۆستایان و هاووڵاتییان، هەندێک لە رۆژنامەنووسانی ئەو شارەش سەیری وێنەکانی ئەو پیشانگایەیان دەکرد و وێنەی جۆراوجۆریان دۆکیۆمێنت دەکرد.

ئێگەت تروبایڤ، رۆژنامەنووسێکە لە رۆژنامەی کۆمۆنیستی ئۆکرانی کار دەکات وتی " تراژیدیایەکی گەورەیە کە دەبینم خەڵکی مەدەنی ئەو کارەساتەیان بەسەر هاتووە".

ئەو لەبارەی ناسینی گەلی کورد وتی " بیستوومە گەلی کورد بۆ ئازادی هەوڵدەدات، بەڵام ئازادبوونیش باجدانی پێویستە".

زۆر لە تەماشاکەران یاداشتیان لە دەفتەری یادەوەری تۆمار کرد، (فاتیمە) بەقسەی خۆی لە دەفتەری یادەوەریدا نووسیوویەتی "هیوادارم کورستان بەهێز و سەرکەوتوو بێت، خەڵکەکەی لەش ساخبن و ببنە خاوەن دەوڵەتی خۆیان".

## سیامەند بەننا، باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا:

# جاری یەکەم لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کراو جاری دووەم شاژن میوانداری کردم



**رووداو- ئەمستەردام**

سیامەند بەننا باڵیۆزی عێراق لە هۆڵەندا بە هەناسەهەڵکێشانێکی قوڵەوە بە هەواڵنێری رۆژنامەی بەناوبانگی هۆڵەندی دە فۆلکسکرانت دەڵێت :" ئەگەر عێراقییەکان یەک لە سەر ملیۆنی ژیری ئێوەیان هەبووایە، ئێستا رەوشی دیمۆکراسی لای ئێمە بە شێوەیەکی دیکە دەبوو". باڵیۆزی عێراق نموونەیەک دێنێتەوە:" ئەگەر ئێستا نوێنەری پێنج رێکخراوی ئافرەتانی عێراق کە لە هۆڵەندان لەسەر مێزێک کۆبکەمەوە هێندە بێبڕوان بە یەکتر قبوڵ ناکەن بە یەکەوە کار بکەن".

### باڵیۆزی خۆپیشاندەر

هەواڵنێری رۆژنامە هۆڵەندییەکە لە کاتێکدا خەریکی هەڤپەیڤینە لە گەڵ باڵیۆزی عێراقدا، دەنگی خۆپیشاندەران دەبیستێت کە لە بەردەم باڵیۆزخانەکەدا بە دەهۆڵکوتان و هاوار کردن دەیانەوێت گوێیان لێ بگیرێت. بەڵام سیامەند بەننای باڵیۆز لە ژوورەکەی خۆی و لە پشت مێزی کارکردنەکەیەوە وێنەیەک پیشانی هەواڵنێرەکە دەدات کە خۆی تێیدا وەک خۆپیشاندەرێک دەردەکەوێت. ئەو کە سەردەمێک لە بەردەم هەمان باڵیۆزخانەدا خۆپیشاندانی کردووە، ئێستا بووەتە باڵیۆز و خەڵکیتر لەودیوەوە خۆپیشاندان دەکەن.

" ئەوە منم"، سیامەند بەننا بە هەواڵنێرەکە دەڵێت. لە وێنەکەدا سیامەند بەننا کراسێکی سپی لەبەرە و کڵاوێکی خوریی لەسەرە. دەموچاویشی بە پەرۆیەک پێچراوە:" ئێمە ئەوکات دەترساین کە بناسرێینەوە، پیاوەکانی سەددام لە هۆڵەندا بەرامبەر ئێمە هیچیان پێنەدەکرا، بەڵام ماڵباتەکانیان لە عێراق ئازار دەدایین". بەننا باسی ئەوە بۆ رۆژنامەنووسەکە دەکات کە لەوان رۆژاندا مەبەستی سەرەکییان ئەوەبووە کە هۆڵەندا وەئاگابێننەوە سەبارەت بەو زوڵمەی دەرهەق بە کوردان دەکرا.

### تەوقە لەگەڵ براوەدا

باڵیۆزی عێراق بە پێکەنینەوە باسی جیاوازی سی ساڵ لەمەوبەر و ئێستا دەکات:" ئەوکات کە بۆ یەکەمجار هاتمە ئێرە دەبووایە چەندین کاژێر لە ژوورێکی بچکۆلەدا وەک پەنابەرێک لە ژێر لێکۆڵینەوەدا وەڵامی پرسیاران بدەمەوە، بەڵام کە جاری دووەم هاتمەوە لەلایەن خاوەن شکۆ شاژنەوە لە کۆشکەکەیدا بە چا میوانداری کرام".

سیامەند بەننا نایشارێتەوە کە ئومێدێکی گەورەی بە گۆڕان و پەیدابوونی عێراقێکی دیموکراسی هەیە. بەڵام دەڵێت ئەوە بە ساڵێک و دوو ساڵ ناکرێت. چونکە وەک ئەو دەڵێت: " ئەگەر ئێمە یەک لەسەر ملیۆنی ژیریی ئێوەمان هەبووایە دەمانتوانی ئەو کارە بە زوویی بکەین، بەڵام ئێمە زۆر هەستیارین و کولتورێکی پارێزگارانەشمان هەیە. ناشتوانین ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا دۆڕاین بە رۆحێکی وەرزشییانەوە تەوقە لەگەڵ لایەنی براوەدا بکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ بخوازین، ئەوەی ئێمە پێمان دەکرێت تەی کردنی لەسەرخۆی رێگاکە و سازکردنی دیمۆکراسییەکی تایبەت بە خۆمانە".

### دەوڵەتی ئیسلامی چوو

باڵیۆزە کوردەکەی عێراق لە دەنهاخ سەرلەنوێ پەیدابوونەوەی تەقینەوە خۆکوژییەکان وەک دوایین هەوڵی رێکخراوی قاعیدە لە عێراقدا دەناسێنێ و دەڵێت: " توندوتیژییە مەزنەکە پێدەچێ کۆتاییی هاتبێ. ئێستا قاعیدە دەزانێ کە تازە خەونی سازکردنی دەوڵەتە ئیسلامییەکەی لە عێراقدا نایێتە دی. بۆیە ئەوەی کە ئێستا دەیکەن سەرەتای کۆتاییانە".

# بەسەرهاتی خێزانێکی جوولەکەی زاخۆیی

## بارودۆخی جولەکانی کوردستان و عێراق جیاوازبوو



ژمارەیەک جوولەکەی زاخۆ لە کاتی شاییکردندا

**رووداو-لۆسئەنجلس**

واڵتەر فیسکێڵ، کە ئەمەریکاییەکی ئەکادیمییە، لە ساڵی 1940 سەردانی ئەو جولەکانەی کرد کە لە کوردستان بوون و بە سەرسامییەوە گوتی "ئەو جولەکانە، پیاوەکانیان چوارشانە و کەڵەگەت بوون و ئافرەتەکانیشیان گوندی بوون و جلوبەرگی گوندیان لەبەردابوو، دەستومەچەکیان بازنە و مستیلەیان پێوە بوو، تەنانەت چەند سیمبولێکی کولتوری خۆشیان لەسەر دەموچاویان کوتیبوو..".

ئەوکات نزیکەی 25 هەزار جولەکە لە کوردستان دەژیان، 18 هەزار لە عێراق و ئەوانیتریش بەسەر سووریا، تورکیا و ئێراندا بڵاو ببوونەوە.

زۆرینەیان نەخوێندەوار بوون، بەڵام هەموویان لەکارە دەستییەکاندا بەهرەمەند بوون. ئەو جوولەکانە زمانی ئارامیان بەکاردەهێنا.

جوولەکەکانی کوردستان پێش دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، لە نزیکەی 200 گوند و شارۆچکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستی موسڵمان نشین هەبوون.

ئاریال سەبار، کە رۆژنامەنووسێکی ئەمەریکی بووە، لە زۆربەی کەس زیاتر زانیاری لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە کە زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی لە ساڵانی 1950 لە زاخۆوە بەرەو ئیسرائیل هەڵاتوون.

سەبار کتێبێکی لەسەر جوولەکەکانی کوردستان بە ناوی (لەنێو بەهەشتەکەی باوکم: گەڕانی کوڕێک بەدوای رابردووە جوولەکەکەی لە کوردستانی عێراق) بڵاوکردەوە، ئەو کتێبە باس لە ژیانی جوولەکەکانی کوردستان دەکات.

هەروەکو لە نێونیشانی کتێبەکەشدا هاتووە، کتێبەکە باس لە باوکی ئاریال دەکات بەناوی (یۆنا) کە زمانەوان و توێژەر و پرۆفیسۆری زمانی عیبرییە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری لۆسئەنجلس.

یۆنا لە شارۆچکەی زاخۆ لە باکووری عێراق لەدایکبووە، بەڵام لە ئیسرائیل گەورە بووە. یۆنا سەبار نزیکەی 90 نامیلکەی نووسیووە، وێڕای دوو کتێبیش لەسەر زمانی ئارامی کە ئەمڕۆ خەریکە لەناودەچێت و زمانی کۆنی جوولەکەکانی کوردە.

سەرەڕای ئەوەی باوکی زانایەکی بەنێوبانگ بوو، بەڵام ئاریال هەمیشە هەستی بە شەرمەزاری کردووە کە لەباوکی نزیک ببێتەوە.

لەم بارەیەوە ئاریال دەڵێ" بەردەوام جنێوی ناشرینم پێدەدا و هەوڵمدەدا زۆر لێوەی دووربم و نەمدەویست هیچم لەو بچێت".

ئاریال لە لۆسئەنجلس لەدایکبووە، هەروەکو منداڵی ئەوێ مامەڵەی لەگەڵ باوکیدا دەکرد. لەکاتێکدا باوکی حەزی لە شێوەی ژیانی ئەمریکا نەدەکرد، ئاریال ئەوەندەی دیکە رقی لێ دەبووەوە.

لەبارەی پێوەندی خۆی و باوکییەوە، ئاریال دەڵێ" کاتێک شەڕمان دەکرد، جنێوی پێسم پێدەدا و شتم تێدەگرت".

بەڵام لەگەڵ گەورەبوونی ئاریال و بیرکردنەوەی لە کولتور و داوونەریتی باوکی، ئاریال هەوڵدەدات لەباوکی نزیک ببێتەوە و سەردانی شارۆچکەی زاخۆ دەکات.

جوولەکەکانی زاخۆ لەنێو 26 هەزار کوردی موسڵماندا دەژیان و، گەڕەکی جووان کۆنترین گەڕەکی ئەو شارۆچکەیەیە و دەکەوێتە نزیک پردی دەلال.

جوولەکەکان بە زمانی ئارامی قسەیان دەکرد. بەپێی هەموو




دۆکیمێنتەکان، کورد و جوولەکە بە خۆشی پێکەوە ژیاون، هەتا دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی 1948 . ئاریال رایگەیاند کە زایۆنیزم ئومێد بەخشبوو بۆ جوولەکەکانی زاخۆ، بۆ گەیشتن بە ژیانێکی خۆشتر.

خانەوادەکەی ئاریال لە ساڵی 1951 زاخۆیان بەجێهێشت و حکوومەتی ئەوکاتی عێراقیش یاسایەکی پەسەند کرد کە رەگەزنامەی عێراقی لە هەموو جوولەکەکان سەندەوە و دەست بەسەر هەموو ماڵ و موڵکەکانیاندا گیرا.

باوکی ئاریال تەنیا تەمەنی 13 ساڵان بوو کە لەگەڵ کەسوکاری شارۆچکەی زاخۆیان بەجێهێشت.

بە سەدان کورد ماڵئاوایان لە جوولەکەکان کرد، بەڵام لە بەغدا کەشوهەواکە جیاواز بوو، ئاریال دەڵێ" لە فڕۆکەخانە، گرووپێکی لە کەسانی تووڕە دەیانویست هێرش بکەنە سەر ئەو جوولەکانە و شتیان تێدەگرتن".

ژیان بۆ خانەوادەی سەبار لە ئۆرشەلیم زۆر سەخت و گران بوو، بەتایبەتی بۆ داپیری.

بەڵام یۆنای باوکی ئاریال، قوتابییەکی زیرەک و ژیر بوو، هەر زوو خۆی لەگەڵ کەشوهەوای ئۆرشەلیمدا گونجاند و پاشانیش کە لە زانکۆ دەرچوو، زەمالەیەکی خوێندنی لە زانکۆی یاڵی ئەمەریکی وەرگرت و چووە ئەمریکا.

لە ساڵی 1972، واتە ساڵێک پێش ئەوەی ئاریال لەدایک ببێت، یۆنا لە زانکۆی کالیفۆرنیا داواکرا و لەوێ شوێنی خۆی کردەوە.

**لە ماڵپەڕی cjnews.com-ی کەنەدی وەرگیراوە**

# کاروباری ژنان

## ئەندام لقێکی پارتی سووتا



ڕووداو-شەقلاوە
ڕۆژی 2009/3/20 سانیە محەممەد، تەمەن 30 ساڵ، ئەندامی لقی 24ی پارتی لەناو ماڵەکەی خۆی سووتا، سانیە ماوەی ساڵێک بوو سەر بە هەوێ شووی کردبوو، یەکێک لە هاوڕێکانی بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند، سانیە لەسەرەتاوە کێشەی لەگەڵ هەوێیەکەی هەبوو، بۆیە خۆی سوتاند. بەڵام نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، گوتی "نەتوانراوە ئیفادەکەی وەربگیرێت بۆیە تا ئێستا ڕوون نییە، چۆن سوتاوە".

# ساردی سێکسی ڕێژەی تەڵاق لە کوردستان بەرز دەکاتەوە



**بیلال سەعید ومهاباد مەحمود**
**ڕووداو-کەلار**

کاروان جەلال، 24 ساڵ، زۆر بە خۆشییەوە چووە ناو قەفەسی زێڕینی هاوسەرییەوە، بەڵام کاتێک بینی خێزانەکەی لەکاتی سێکسکردن ساردەو بە ویستی ئەو هەڵسوکەوت ناکات، دوای چەند مانگێک بە بیانووی خراپی باری ئابوورییان لە یەکدی جیابوونەوە.

تا ئێستا لە دادگاکان ئامارێکی ورد نییە لەسەر ئەو جیابوونەوانەی بەهۆی ساردی سێکسی لە نێوان ژن و پیاوان ڕوودەدەن، چونکە بەهۆی نەریتی شەرمنی کۆمەڵگەی کوردییەوە، هیچیان ئامادە نین ئەو ڕاستییە بدرکێنن، بەڵکو ئەوە زۆرجار بە پاساوی خراپی بژێوی ژیان و نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و پاساوی دیکە دادەپۆشن. بەپێی ئامارێکی دادگای کەلار کە وێنەیەکی دراوەتە (ڕووداو)، ساڵی ڕابردوو 116 حاڵەتی تەڵاق و 68 حاڵەتی جیابوونەوە لە دادگای ناوبراو تۆمار کراون.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و بەتایبەت پەیدابوونی سەتەلایت و ئینتەرنێت، بەبڕوای کۆمەڵناسان هۆکارێکن بۆ خێراکردنی جیابوونەوەی ئەو ژن و مێردانەی کێشەی سێکسیان هەیە، چونکە ڕۆژانە لە ڕێی ئەو ئامێرانەوە چەندین دیمەنی سێکسی پەخش دەکرێن، زۆر کەس بەتایبەتی گەنجان دەیانەوێ لاساییان بکەنەوە. بەمەش کێشە لەنێوان ژن و مێرد دروست دەبێ، چونکە زۆرجار ژن یان مێرد ڕەنگە نەتوانێ بەپێی ویستی بەرامبەرەکە هەڵسوکەوت بکات.

### سەتەلایت هۆکارێکی ئەو ساردییە

سادق ئەحمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە چاولێکردن لەو جۆرە کردە سێکسیانەی کەناڵەکانی سەتەلایت پەخش دەکرێن، هۆکارێکن بۆ لەبەریەکهەڵوەشانەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی خێزان و زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق. زۆرجار قوربانی ژنە، بەڵام هەندێ پیاویش هەن ئامادەن قوربانی بۆ ژنەکانیان بدەن. ئازاد وادی، 29 ساڵ، تەنیا دوو مانگ دوای پرۆسەی هاوسەرگیری لە خێزانەکەی جیابووەتەوە. ئازاد هۆکاری جیابوونەوەکەی بۆ (ڕووداو) باسکردو گوتی " لە ڕووی سێکسیەوە من زۆر لاواز بووم، خێزانەکەشم ئارەزووی سێکسی زۆر بوو، نەمدەتوانی بەپێی داواکاری ئەو هەڵسوکەوت بکەم، بۆیە بڕیارمدا لە یەکتری جیا بینەوە".

ڕەنگە ئازاد کەموکوڕییەکی زۆر سادەی هەبووبێ، بەڵام وەک خۆی باسیکرد "شەرمم دەکرد لەلای خزمانم بیدرکێنم، لە ڕووشم نەدەهات سەردانی پزیشک بکەم".

حاکم حوسێن محێدین، دادوەری باری کەسێتی لە کەلار لەو باوەڕەدایە بەشێک لە جیابوونەوەکان پەیوەندییان بە ساردی سێسکی نێوان ژن و مێردەوە هەیە، بەڵام گوتی تا ئێستا هیچ یەکێک لەوانەی لە خێزانەکانیان جیا بوونەتەوە باسی ئەو کێشەیان نەکردووە "بەداخەوە شەرمکردن ڕێگەیان پێنادات باسی ئەو کێشەیە بکەن".

پەیدابوونی باندی لەشفرۆشی، بەڕای مامۆستا سادق یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق، ئەو مامۆستایە دەڵێت "پەیوەندی نێوان ژن و مێرد زۆر لاواز بووە، لە گەرمیان پیاو پێویستی بە ژن نەماوە، چونکە ئەمڕۆ ژنی لەشفرۆش زۆر بە ئاسانی دەستدەکەون، هەندێک لە پیاوان گوێنادەنە داب و نەریت و ڕێگرییە ئاینییەکان و، وەکو ئاژەڵ مامەڵە لەگەڵ هاوسەرەکانیان دەکەن".

ناوبراو ڕەخنەی لە ڕێکخراوەکانی ژنانی دەڤەرەکە گرت کە هیچ ڕۆڵێکیان نییە لە کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق لە ناوچەکەدا. باشترین چارەسەریش بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی تەڵاق، بەبڕوای مامۆستا سادق ئەوەیە کە "بگەڕێنەوە بۆ بەها کۆمەڵاتییەکان و لە ئارەزووبازی و لاساییکردنەوەی کۆمەڵگە نەخۆشەکان دووربکەونەوە".

قانع خورشیدی نووسەر، بە پێچەوانەی مامۆستا سادق، پێیوایە زۆربەی حاڵەتەکانی جیابوونەوە پەیوەندی بە باری ئابووری کەسەکانەوە هەیە " زۆرجار ژن و مێرد توانای چارەسەرکردنی ئەو گرفتە ئابوورییەیان نییە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بۆیە جیابوونەوە بە باشترین چارەسەر دادەنێن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو گرفتەدا".

## چیرۆکەکانی گرتووخانەی ژنان

# ئەدیبە بە قسەی مێردەکەی سەبیحەش بە قسەی دراوسێکەی کەوتە زیندان



**ئازیز مەحمود**
azizshane@yahoo.com

**ڕووداو- سلێمانی**

کاتێک مێردەکەی دەمرێ، ئەدیبە لەسەر داوای باوکی مێرد بە شووبراکەی دەکاتەوە، بەڵام شوو براکەی نەک جێگەی مێردەکەی ناگرێتەوە، بەڵکو تۆمەتی "گەوادیکردن"ی دەخاتە پاڵ و دەیخاتە زیندانەوە.

هەر لەو زیندانەی ئەدیبەی تێدایە، ژنێکی عەرەبی ئەسمەری باڵا بەرز بەنێوی سەبیحە سەرنجت ڕادەکێشێ. سەبیحە دەڵێت دراوسێکەی تۆمەتی کاری لەشفرۆشی بۆ دروستکرد. ئەو ئێستا چاوەڕێی دادگاییکردنە بۆ ئەوەی ڕاستی و ناڕاستی تۆمەتەکەی ساخ بکاتەوە.

ئێستا 18 ژن لە بەشی ژنانی گرتووخانەی گرتن و گواستنەوەی سلێمانیدان، کە بە تۆمەتی جیاجیا دەستگیرکراون، بەشێکیان گلەیی ئەوە دەکەن کە دادگاییکردنیان دواکەوتووە. داوا دەکەن بە زووترین کات کێشەکانیان یەکلایی بکرێتەوە.

لەنێو ئەو 18 ژنە دەستگیرکراوەدا، ئەدیبە خاوەن چیرۆکێکی تاڵە لەگەڵ مێردی دووەمی، هەر بەهۆی ئەویش خراوەتە زیندان، ئەدیبە بە بێزارییەوە گوتی "خۆزگە هەر بێوەژن بوومایە". ئەدیبە بەهرام، 48 ساڵ، خاوەنی سێ منداڵ، ماوەی سێ هەفتەیە خراوەتە زیندان، وەک بۆ (ڕووداو)ی باسکرد، بەخۆشەویستی شووی کردووە، بەڵام مێردەکەی مردووە، بۆیە لەسەر داوای باوکی، مێرد بە شوو براکەی دەکاتەوە. بەڵام مێردی دووەمی نەک جێگەی مێردی یەکەم ناگرێتەوە، بەڵکو ژیانی بەرەو نەهامەتی دەبات.

ئەدیبە زۆر گلەیی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری مێردەکەی دەکات و دەڵێ "پیاوەکەم گەوادی دەکردو کچی عەرەبی دەهێنایەوە ماڵ و کاری لەشفرۆشی پێدەکردن، هەرچەندە من بەو کارە ڕازی نەبووم، بەڵام هەڕەشەی کوشتنی منداڵەکانی لێکردم، بۆیە نەموێرا قسە بکەم".

دزینی مۆبایلی یەکێک لەو کچە عەرەبانە لەلایەن چەند کوڕێکەوە کە بۆ ئەنجامدانی کاری سێکسی ڕوویان لەو ماڵە کردبوو، دواتر بردنی مۆبایلەکە بۆ پۆلیس بووە هۆی دەستگیرکردنی ئەدیبە. ئەو گوتی "کە پۆلیس هات ئەوان ڕایانکردبوو، مێردەکەشم تۆمەتی بۆ دروستکردم کە من گەوادم و کاری لەشفرۆشیم بەو ژنانە کردووە".

ئەدیبە گوتی "جگە لە کچە عەرەبەکان، ڕۆژانە چەند کچێکی کوردیش بۆ هەمان مەبەست دەهاتنە ماڵەکەمان، ئێوارانیش کە دەگەڕانەوە مێردەکەم پارەکەی لەگەڵ بەشدەکردن". بەگوتەی ئەدیبە، هاوسەرەکەی فەرمانبەرە لە یەکێک لە فەرمانگەکان و باری دارایشی باشبووە "بەڵام نازانم بۆ ئەو کارەی دەکرد".

ئەو ژنە کە خۆی بەبێ تاوان دەزانێ، زۆر لە ژیانی نێو زیندان بێتاقەت بووە، ئەویش بەهۆی دووری لە منداڵەکانی. ئەدبیە گوتی "ڕۆژێکیان منداڵەکانیان بۆ هێنامە زیندان، دەیانگوت دایە کەی دێیەوە چێشتمان بۆ لێ بنێی". ئەدیبە بەدەم گریانەوە گوتی "چوار ساڵ بە نانکەری و فەرش شۆری ماڵان منداڵەکانم بەخێو کردوون".

بەمردنی هاوسەری یەکەمی، ئەدیبە تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت و ئێستا لەلایەن پزیشکەوە چاودێری دەکرێ و دەڵێ "هەر کاتێک تووشی نەخۆشییەکە دەبم،سەرم لە دارو دیوار دەدەم".



### دراوسێکەم تۆمەتی بۆ دروستکردم

سەبیحە، یەکێکی دیکەیە لە ژنە زیندانیکراوەکانی ئەو بەشە، ئەویش چیرۆکی ژیانی پڕە لە هەورازو نشێو. بەهۆی نەبوونییەوە پەڕاگەندەی شارو وڵاتان بووەو دواتر لە سلێمانی گیرساوەتەوە، لەوێش لەسەر قسەی دراوسێکەی، ئێستا وا لە زیندان دایە.

سەبیحە، تەمەن 43 ساڵ، بە ڕەچەڵەک عەرەبە و خەڵکی بەغدایە، خاوەنی 3 منداڵە، بەهۆی خراپی باری ئەمنی و کوژرانی کوڕە 18 ساڵییەکەی لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانەوە، ناچار دەبن لەگەڵ مێردەکەی بچنە سووریا، ماوەیەک لەوێ ژیان بەسەر دەبەن، بەڵام بەهۆی خراپی گوزەرانیان دەگەڕێنەوە عێراق و دواتر دێنە سلێمانی.

سەبیحە، کە بە تۆمەتی کاری لەشفرۆشی خراوەتە زیندان، ماوەی سێ مانگە هاتووەتە سلێمانی، ئەو گوتی "ئێمە ئاگاداری هیچ نەبووین دراوسێیەکمان تۆمەتی بۆ دروستکردین گوایە ئەو ماڵە لەشفرۆشن، بۆیە دەستگیریان کردین". بەڵام سەبیحە ئەو تۆمەتەی ڕەتکردەوە.

ئەو جار جار لە پەنجەرەی گرتووخانەکەوە سەیری دەرەوەی دەکرد بۆ ئەوەی خۆر ببینێ، گوتی "هەر کەسێک لێرەبێت دەبێ ژیانی چۆن بێت، نازانین کەی بڕیاری دادگا دەردەچێت". ڕێگە نەدان بە بینینی هاوسەرەکەی بە بیانووی نەبوونی گرێبەستی هاوسەرێتی، سەبیحەی تەواو نیگەران کردووەو خەمەکانی زیاترکردوون، بەڵام کارمەندێکی گرووخانەکە دەڵێت "هەرکەسێک گرێبەستی هاوسەری نەبێت، ناتوانێت هاوسەرەکەی لەزیندان ببینێ"

سەبیحە، داوا دەکات دادگا کێشەکەی یەکلایی بکاتەوە، بۆ ئەوەی چیدی لە چاوەڕوانیدا نەمێنێتەوە.

# بەسەرهاتی کچە ئەندەنووسیەکی خزمەتکار لە کوردستان

# کۆمپانیا بەنێوی ئیتاڵیا منی ناردە کوردستان



### کارەکەم لە دوبەی باش بوو، بەڵام بەڕێوەبەرەکە دەیویست سێکسی لەگەڵ بکەم

**ڕووداو-ئەندەنووسیا**

وەکو هەموو کەسێک، کاتێک ئێلی ئەنیتا گەیشتە تەمەنی 16، ویستی کارێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەو لە وڵاتێکدا دەژیا کە ڕێژەی بێکاری زۆر بەرز بوو، هەروەها ڕکابەرایەتی بۆ بەدەستهێنانی کارێک زەحمەت بوو.

ئێلی دەڵێت" خەڵک هەیە بڕوانامەی بەرزیشی هەیە و کاری دەست ناکەوێت، منیش لەگەڵ ئەوەی تەنیا بڕوانامەی سەرەتاییم هەیە، بە زەحمەت کارم دەستدەکەوێت، هەروەکو زۆر گەنجی ئەم وڵاتە، بڕیارمدا بچمە دەرەوەی وڵات بۆ کار کردن و ببمە خزمەتکار".

ئێلی دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەو و هاوڕێکانی خۆشحاڵبوون بەوەی بەشدارییان لە پرۆسەی وەرگرتنی کارمەندان کرد و توانی بە سەرکەوتوویی هەموو پرۆسەکە تەواو بکات و قۆناخی نوێی ژیانی خۆی وەکو خزمەتکارێکی بیانی دەست پێکرد.

ئەو چاوەڕێی دەکرد، پارەیەکی زۆر وەربگرێت و ئەو پێشبینیەشی ڕاست دەرچوو، بەڵام ناوبراو چەند جارێک دووچاری دەستدرێژی سێکسی و لێدان بووەوە.

لە ساڵی 1997، ئێلی گەیشتە مالیزیا و لەوێ بووە چاودێری منداڵ و ماوەی دوو ساڵ لەوێ مایەوە، پاشان چووە هۆنگ کۆنگ و لەوێ بووە شاگرد لە ئارایشگایەکی خانمان و لەوێش بۆ ماوەی دوو ساڵ مایەوە و پاشان وازی لە کارەکەی هێنا، لەو بارەوە ئێلی گوتی" لەبەرئەوەی نە پارەیان دامێ و نە پشووشم هەبوو، وازم لەو کارە هێنا".

پاشان ئێلی گەڕایەوە هۆنگ کۆنگ و ئەمجارەیان کارەکەی بریتی بوو لە هاتووچۆ پێکردنی قوتابیانی سەرەتایی لە ماڵەوە بۆ قوتابخانە، بەڵام لە ڕاستیدا کارەکە بەو شێوەیە نەبوو، کاتێک گەیشتە هۆنگ کۆنگ ئێلی دەبوایە خزمەتی ژنێکی بەتەمەنی بکردایە کە هەروەکو خۆی دەڵێت "نەخۆشی دەروونی هەبوو".

ئێلی ناچار لەو کارە زەحمەتە دوور دەکەوێتەوە و ڕوو دەکاتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە کافتریایەکی بەحرێنی دەبێتە شاگرد.

دوای ئەوەش لە هاوینی 2006، ڕوویکردە دوبەی و لەوێ بووە سکرتێری بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک و لەوبارەیەوە ئێلی گوتی" لەڕاستیدا کارەکە باش بوو، هەروەها پارەکەش باش بوو، بەڵام بەڕێوەبەرەکە دەیوست سێکسی لەگەڵ بکەم و چەند جارێکیش پەلاماری دام".

پاشان ئێلی شکاتی لە بەڕێوەبەرەکەی کرد، بەڵام بەڕێوەبەری ئەو کۆمپانیایەی کە ئێلی هێنابووە دوبەی هەڕەشەی لێکرد کە پارەی کارەکەی نەداتێ و ڕاستەوخۆش ڕەوانەی ئەندەنووسیای دەکاتەوە. پاشان کۆمپانیاکە پێی ڕاگەیاند کە دەینێرێت بۆ ئیتاڵیا، بەڵام پاشان دەرکەوت کە ئیتاڵیا نییە و کوردستانی عێراقە. لە کوردستانی عێراق، ئێلی ماوەی 10مانگ لە ماڵێک کاری کرد و لەو ماوەیەدا ئێلی دووچاری نەخۆشی هات و خانەوادەکە، مووچەکەیان کەمکردەوە لەبەرئەوەی داودەرمانیان بۆ کڕی بوو. لە بارەی ژیانی لە کوردستان، ئێلی گوتی" لە کوردستان ئەوانەی کارم بۆ دەکردن، باش بوون، بەڵام بارودۆخەکە نالەبار بوو".

لە کۆتاییدا ئێلی لە کوردستان چووە لای ڕێکخراوی پەنابەرانی نێودەوڵەتی IOM و ئەو ڕێکخراوە ڕەوانەی وڵاتەکەی خۆی کردەوە .

**لە ڕۆژنامەی Jakarta post-ەوە وەرگیراوە**

# لەعێراق ژنان 3 ملیۆن خێزان بەخێودەکەن

**ڕووداو- بەغدا**

ئوم ئەحمەد، 54 ساڵ، مێردەکەی و کوڕە تاقانەکەی لەیەک ڕووداوی تەقینەوەی خۆکوژیدا کە مەیدانێکی ڕاوەستانی کرێکارانی لەشاری بەغدا کردە ئامانج، پێکەوە لەدەستدان. ئەحمەدی کوڕی، ژنەکەی و دوو منداڵی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە کە یەکەمیان 6 ساڵانەو دووەمیان 4 ساڵان، بووکەکەی پاش ماوەیەک لەو ڕووداوە دەچێتەوە ماڵی باوکی و منداڵەکان بۆ داپیرەیان بەجێدەهێڵێ کە هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی شک نابات و نازانێ چۆن خۆراک و پێداویستی ئەو دوو منداڵە دابین بکات. ئوم ئەحمەد لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کۆمەڵایەتی سەر بەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ڕاوەستاوەو نووسراوێکی ئەنجومەنی گەڕەکەکەی بەدەستەوەیە کە ڕاستیی قسەکانی دووپات دەکاتەوە. ئەو ژنە باس لەوەدەکات کە ماوەی پتر لەساڵێکە بەڕێی هاتوچۆی ئەو بەڕێوەبەرایەتییەوەیە بەبێ ئەوەی تائێستا یەک دیناری وەرگرتبێت. دەشڵێت "ئەگەر خێرو سەدەقەی دراوسێکانمان نەبووایە خۆم و هەردوو منداڵەکە لەبرسان دەمردین".

نەجوا ژنێکی دیکەی تەمەن 40 ساڵەو چیرۆکی ئەویش بەهەمان شێوەیە، دووساڵ لەمەوبەر لەکاتێکدا مێردەکەی بەڕێگاوە بووە بگاتە سەر کارەکەی لەیەکێک لەکۆمپانیا بازرگانییەکان کە ئەو وەک خزمەتگوزار بەکرێی ڕۆژانە کاری تێدا کردووە، لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە ڕفێنراوەو ئیدی لەوکاتەوە بێ سەروشوێنە. نەجوا دەڵێ "بڕوانامەیەکم نییە لەشوێنێک دابمەزرێم و خۆم و منداڵە تاقانەکەمی پێ بژێنم، ساڵ و نیوێکە بەڵگەنامەکانی خۆم داوەتە چاودێری کۆمەڵایەتی تائێستا وەڵامیان نەداومەتەوەو ناوم لەهیچ تۆمارێکی ئەو کەسانەدا نییە کە یارمەتییان بۆ دەرچووە". نەجوا دەڵێ ئەگەر دراوسێ بەرگدرووەکەی نەبووایە کە هەندێ ئیشی ساکاری فێرکردووەو لەبەرامبەردا مووچەیەکی کەمی دەداتێ، ئێستا خۆی و منداڵەکەی لەبرسان مردبوون.

کۆمەڵناس نەرمین عەلی دەڵێت "نەجواو ئوم ئەحمەد دوو نموونەن لەو سەدان هەزار ئافرەتەی مێردو سەرچاوەی بژێوییان لەدەستداوەو خەمی بەخێوکردنی خێزانیان بەسەردا کەوتووە".

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەربارەی ڕەوشی ژیانی خێزانی لەعێراق، نزیکەی سێ ملیۆن خێزان لەعێراقدا هەن کە بەخێوکردنیان بەسەر ژندا بەجێماوەو لێکۆڵینەوەکە لەو چوارچێوەیەدا ئاماژەی بەدووجۆر خێزان کردووە: یەکەمیان ئەو خێزانانەی بەخێوکەریان لەجەنگە زۆروزەوەندەکانی عێراق، یان لەتەقینەوەو کاری توندوتیژیی پاش ساڵی 2003دا لەدەستداوە. دووەمیشیان ئەوانەن کە بەخێوکەری خێزانیان بەهۆی هەمان ئەو ڕووداوانە کەمئەندام بوون و توانای کارکردنیان نەماوەو خەمی پەیداکردنی نان کەوتووەتە ئەستۆی ژنەکە.

لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوەدەکات کە زۆربەی ئەو پیاوانەی لەناوچوون یان کەمئەندام بوون، پێشتر کارو پیشەیەکی جێگیری حکومییان نەبووە کە ئێستا خێزانەکانیان بتوانن مووچەیەکی خانەنشینیی پێوەرگرن، زۆربەی ئەو پیاوانە لەوانەبوونە کە بەکرێی ڕۆژانە کاریان کردووەو هیچ دەستەبەرێکی کۆمەڵایەتییان نەبووە.

سەبارەت بەئافرەتەکانیش کەئێستا بوونەتە پەیداکەری بژێویی خێزان، زۆربەیان لەوانەن کە مووچەخۆری حکومەت نین و بڕوانامەیەکی ئەوتۆیان نییە، کەمێکیان نەبێ کە مامۆستان یان لەکەرتی پەروەردەو هەندێ بواری دیکە کارو پیشەیەکی سادەیان هەیە، ئەوانی دیکە لەدامودەزگا حکومییەکاندا خزمەتگوزارن و زۆربەشیان بوونەتە دەستگێڕ یان لەسەر شۆستەی شەقامەکان خەریکی فرۆشتنی هەندێ شتی سادەو ساکارن.

لێکۆڵینەوەکە ڕەخنە لەدەزگای چاودێریی کۆمەڵایەتی دەگرێ کە لەو کێشەیەدا وەک پێویست هەڵنەسووڕاوەو نەیتوانیوە لەچوارچێوەی پرۆگرامی تۆڕی پاراستنی خێزان و چاودێری کۆمەڵایەتی کۆمەک و یارمەتی پێویست بۆ ئەو خێزانانە دەستەبەر بکات، یان کار بۆ ئەوانەیان بدۆزێتەوە کە توانای کارکردنیان هەیە.

لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەو ژمارە زۆرەی ئافرەتان کردووە کە لەهەموو شارەکانی عێراق، ڕۆژانە لەبەردەم دەزگاکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتنی بڕێک یارمەتی ڕادەوەستن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان نەبێ، ئەوانی دیکە بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێنەوە، هۆکاری ئەوەش بۆ خراپیی ئیدارەو بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دارایی و ئیداری لەنێو ئەو دەزگایەدا دەگێڕێتەوە.

**لە ڕۆژنامەی (الحیاه)**



(فۆتۆ:AFP)

دوو ئافرەتی عێراقی لە بەغدا

# کۆمەڵایەتی



## ئاواز خۆی سووتاند

ڕووداو- هەولێر

ڕۆژی 2009/4/4 لە کۆمەڵگەی شاوێس ژنێک بەناوی ئاواز ئەحمەد محەممەد، دوای کێشەی لەگەڵ مێردەکەی خۆی سووتاند، نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئاواز و مێردەکەی لەسەر خانووی کرێ بووەتە کێشەیان، چونکە خاوەنەکەی خانووەکەی لێ وەرگرتوونەتەوە، دواتر ئاوازو مێردەکەی دەبێتە کێشەیان بۆیە ئاواز خۆی سووتاند، ئێستا مێردی ئاواز بەپێی ماددەی 240 دەسگیر کراوە".

# بکوژانی ڕەشید بە ئازادی دەسوڕێنەوە



ڕەشید ڕەسول عەزیز باوکی پێنج منداڵ

ڕووداو-هەریر

ئەو کەسانەی 3 مانگ بەر لە ئێستا (ڕەشید ڕەسول عەزین)یان لە نوێژی هەینیدا لەبەردەم مزگەوتێکی هەریر کوشت و سێ برای ڕەشیدیشیان بریندار کردن، تا ئێستا دەستگیر نەکراون و بە ئازادی دەسوڕێنەوە.

ڕەشید ڕەسول عەزیز، 41 ساڵ، شوفێری تەکسی، کە خاوەنی پێنج منداڵ بوو لەشاری هەولێر دادەنیشت، کاتێک بەسەردان دەچێتە ماڵی براکانی لە شارۆچکەی هەریر تووشی شەڕێک دێت لەگەڵ ئامۆزاکانی و لە ئەنجامدا دەکوژرێ.

وشیار، کە برای ڕەشیدە، ڕۆژی 2009/1/16 لەلایەن سێ لە مام و ئامۆزاکانی لەنێو بازاڕی هەریر هێرشیکرایە سەر، دوای سووکاتیپێکردنێکی زۆر هەڕەشەی کوشتنیشیان لێکرد. وشیار دەڵێت "حوسێن عەزیزی مامم و هەردوو کوڕەکانی هێرشیان کردە سەرم، ویستیان بمرفێنن، بەڵام نەیانتوانی". وشیار لەبەرامبەر ئەوهەڕەشە لێکردن و سووکایەتیپێکردنە، پەنا دەباتە بەر یاساو بۆ تۆمارکردنی سکاڵایەک دەچێتە بنکەی پۆلیس، بەڵام کەس گوێی لێناگرێت. وشیار گوتی "چوومە بنکەی پۆلیسی هەریر تاوەکو سکاڵای یاسایی لەسەر ئەو سێ کەسە تۆمار بکەم، بەڵام ئەفسەری ئێشکگر پێیگوتم برۆ کاژێر 2ی پاش نیوەڕۆ وەرەوە، منیش پێمگوت، برام خۆ عیادەی پزیشکی نییە، دوای نیوەڕۆ بێمەوە، من لە ژێر هەڕەشەی کوشتندام".

دوای ئەوەی وشیار بە بێئومێدی لە بنکەی پۆلیس دێتە دەرەوە، لەگەڵ براکانی ڕوو لە مزگەوت دەکەن بۆ نوێژی هەینی، بەڵام لەبەردەم مزگەوت دیسان لەگەڵ ئامۆزاکانی بە کێشە دێن، وشیار گوتی" لەپێش مزگەوت تووشی یەکتر بووین، شەڕە تەقە لەنێوانمان دروستبوو، لە ئەنجامدا ڕەشیدی برام کوژراو من و عەزیزو خۆشەوی براشم بریندار بووین، برینی عەزیزی برام سەختە و بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی 80%ی چالاکییەکانی جەستەی لەدەستداوە". هەروەها دەڵێت "حوسێنی مامم بریندار بوو، دوو کوڕەکەشی کە یەکێکیان مولازمی نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی هەریرە سەلامەت دەرچوون و ڕایانکرد، ئێمەشیان بە برینداری خستە زیندان، ئەوانیش تا ئێستا دەستگیرنەکراون و بە ئازادی دەسوڕێنەوە".

### ئێمەیان ناچارکرد تەنازوول بۆ ئەو مولازمە بکەین کە بە دەمانچەی حکومەت تەقەی لێکردین

وشیاری برای ڕەشید

وشیار لەگەڵ براکانی کە بۆ ماوەی 19 ڕۆژ زیندانیکراوە، گلەیی کرد کە ناهەقییەکی زۆریان بەرامبەر کراوە "فشاریان بۆ هێناین کە تەنازول لە داواکەمان بکەین، پێیانگوتین ئێوە تۆمەتبارن ئەگەر تەنازول نەکەن هەر لە زیندان دەمێننەوە و ئازاد ناکرێن، بۆیە ئێمەیان ناچارکرد تەنازوول بۆ ئەو مولازمە بکەین کە بە دەمانچەی حکومەت تەقەی لێکردین".

وشیار دادگای هەریر و بنکەی پۆلیسی هەریر و نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی هەریری بە کەمتەرخەم زانی لەبەرامبەر کێشەکەیان و گوتی "دوای ڕووداوەکە چوومە دادگای هەریر سکاڵا تۆمار بکەم، دادوەری هەریر سکاڵای لێوەرنەگرتم و پێیگوتم کێ ناڵێ درۆ ناکەی".

کوردستان فایەق، خێزانی ڕەشید ڕەسول ڕایگەیاند، هێشتا تازیەی مێردەکەی هەڵنەگیرابوو، لە چەندین لاوە فشاریان بۆ هێناوە کە سکاڵا لەسەر بکوژانی مێردەکەی تۆمار نەکات. بەپێی قسەی خێزانی کوژراوەکە بکوژانی مێردەکەی "چونکە دەسەڵاتدارن" تا ئێستاش بە ئازادی دەسوڕێنەوەو دەستگیرنەکراون. کوردستان گوتیشی "ئەگەر مافم پارێزراو بێت و کەس فشارم نەخاتە سەر، سکاڵا لەسەر بکوژانی مێردەکەم تۆمار دەکەم و تەنازولیش ناکەم"، ئەو ژنە گوتیشی "تۆمەتباران تەنیا سێ ڕۆژ گیران و دواتر ئازاد کران".

(ڕووداو) پەیوەندی بەدادگای هەریرو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوون لێدوان لەسەر کێشەی ئەو خێزانە بدەن.

# 2009 دەبێتە ساڵی کوڕ لە سلێمانی

موعاز فەرحان
ڕووداو– سلێمانی

لە شاری سلێمانی ڕێژەی لەدایکبوونی کوڕان بەبەراورد لەگەڵ کچان لەهەڵکشاندایە و مامۆستایەکی ئاینیش ئەو جیاوازی لەدایکبوونەی نێوان هەردوو ڕەگەز بە باش دەزانێ "بۆ ئەوەی کۆمەڵگەکەمان ڕووبەڕووی کێشەی قەیرە کچی نەبێتەوە".

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی منداڵبوونی سلێمانی لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی لەدایکبوونی کوڕان بەرز بووەتەوە، بەپێی ئامارەکە ساڵی 2007 لەسنووری پارێزگای سلێمانی 7052 منداڵی کوڕو 6834 منداڵی کچ لەدایکبوون. هەروەها دوو منداڵی نێرەمووکیش لەدایکبوون. ئەو زیاتر لە دایکبوونەی کوڕان لەساڵی ڕابردووشدا بەردەوامبوو، کە 7042 کوڕ و 6589 کچ، بەهەمان شێوە دوو منداڵی نێرەمووکیش لەدایکبوون.

ئاماری سێ مانگی ڕابردووی ئەمساڵیش دەریدەخات، کە ئەمساڵیش ساڵی کوڕ دەبێ لە سلێمانی، بەجۆرێک لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا 1765 کوڕو 1703 کچ لەدایکبوون، بەڵام لە مانگی کانوونی دووەم ڕێژەی لەدایکبوونی کچان زیاتر بوو، کە 625 کوڕ و635 کچ و منداڵێکی نێرەمووک لەدایکبوون.

جوان ئیحسان، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، زیادبوونی ڕێژەی کوڕان بەشتێکی ئاسایی دەزانێ و لەو باوەڕەدانییە ببێتە کێشە، ئەو گوتی "زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان لەکوردستاندا بەو جۆرە نییە کە نا هاوسەنگی لەنێوان ڕەگەزەکاندا دروست بکات، کوڕ زیاد دەبێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ڕێژەی مردن کەمبێتەوە". بەڵام بەپێی لێدوانەکانی وەزیری تەندروستی ڕێژەی مردن لە کوردستان زۆرەو، خەڵک لە کوردستان زۆر تەمەن ناکەن و لە تەمەنێکی زوودا دەمرن.

مەلا عەبدوڵڵا، کە بەکالۆریۆسی لەشەریعەت و ئادابی عەرەبیدا هەیە، زیادبوونی ڕێژەی کوڕ بەحاڵەتێکی باش وەسفدەکات و دەڵێت "زۆرباشە ڕێژەی کوڕ زیاد ببێت بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەکوردستان زیاتربێ و کچان دووچاری قەیرەیی نەبنەوە".



### زیاتربوونی کوڕان شتێکی باشە بۆ زۆربوونی ژنهێنان و کەمبوونەوەی قەیرەبوونی کچان

پسپۆڕێکی شەریعەت

# چایچییەکی عاشقی کتێب سووتا





سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو–تۆبزاوا

لەگەڵ بیستنی قیژە و هاواری ژنان، زانا عوسمان بەپەلە خۆی گەیاندە ماڵی ماجیدی دراوسێی، لەوێ بەچاوی خۆی بینی کە چۆن ئاگر لە جەستەی ماجید بەرز دەبێتەوە و ژنەکەشی بە دیارییەوە دەگری و خەڵکیش بە لێفەو بەتانی خەریکی کوژاندنەوەی ئاگرەکەن. زانا بە مخابنییەوە دەڵێ "کاک ماجد کوڕێکی زۆر باش بوو".

ماجد سەعید سادق، 48 ساڵ، دانیشتووی ناحیەی ڕزگاری شاری هەولێر، ڕۆژی 2009/4/7 لەنێو ماڵەکەی خۆیدا ئاگری تێبەربوو، بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەی، کە 100% ی پلە سێ بوو، دوای گەیاندنی بۆ نەخۆشخانە، تەنیا 20 کاژێر بە زیندوویی مایەوەو، گیانی لەدەستدا.

ماجدی باوکی سێ منداڵ، نزیکەی 20ساڵە ژنی هێناوە، چایچی بوو. زانا عوسمان کە دراوسێی ماڵی ماجدە، دەڵێت "ماجد پیاوێکی بێدەنگ و بێ کێشە بوو، زیاتر خەریکی خوێندنەوەی کتێب بوو، بەڵام لەگەڵ ژنەکەی دەنگە دەنگیان دەهات".

لەگەڵ سووتانی ماجد، کاوەی برای خۆی دەگەیەنێتە نەخۆشخانە، تا گیان لەدەستدانی بەدیاریەوە دەبێ. کاوە قسەکانی ماجدی دەگێڕایەوە، کە گوتویەتی ئێوارە خێزانەکەی خەریکی نان خواردن بوون، ویستوویەتی خۆی بشوات، سۆپای ناو حەمامەکەش نەوتی تێدا نەبووە، لەوکاتەی خەریکی تێکردنی نەوت بووە، سۆپاکە کڵپەی کردووە، ئەو نەوتەی بە دەستییەوە بووە بەسەر لاشەیدا ڕژاوەو سووتاوە.

بەڵام زانا کە یەکەم کەس بووە گەیشتووەتە ماڵی ماجد دەڵێت، ئەو پیاوە جلەکانی لەبەربوو، بەهیچ شێوەیەک ئاگر لەناو حەمامەکە نەکرابووەوە، تەنیا سۆپایەکی تێدا بوو "ماجید بە ئاگرەوە لەناو حەوشەکە بوو، پروشکە نەوت لە ناو حەمامەکە ڕژابوون، سۆپاکەش هیچ نەوتی تێدانەبوو".

کاوە، دڵنیا نییە براکەی خۆی سووتاندووە یان بە ڕێکەوت سوتاوە، بەڵام دەڵێت نەمزانیووە لە ماڵەوە هیچ کێشەی خێزانی هەبووبێت، بەڵام کاوە ئاماژەی بەوەدا ماجد لەلای ئەو گوتویەتی دووجار سەردانی پزیشکی دەروونیم کردووە، لەو ماوەیەدا چەند چارەسەرێکیان پێداوم، بەڵام "بارە دەروونیەکەی بەو شێوەیە نەبووە کە خۆی بسووتێنێت".

هەرچەندە کەسوکارەکەی دەڵێن ماجد بەهۆی سۆپاوە سووتاوە، بەڵام زۆری ڕێژەی سووتانەکە و قسەکانی زانا، گومانیان دروستکردووە، کە ماجید بە قەزاو قەدەر سووتابێ.

د.ڕەوەند مشیر، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ئیمرجنسی هەولێر، دەڵێت ئەو سووتانەی کە ڕێژەکەی لە 60%زیاتر بێت، زۆربەیان خۆیان سووتاندووە.

هەژار لە سێیەم ڕۆژی پرسەی براکەی لە مزگەوت خەریکی بەڕێکردنی ئەو کەسانە بوو کە بۆ سەرەخۆشی دەهاتن، بێگومان بوو کە ماجیدی برای بە قەزاو قەدەر سووتاوە، لەسەرەمەرگیشدا ئەوەی بۆ یەکلایی کردوونەتەوە "ماجد دەیگوت قەرزداری کەس نیم و کێشەشم لەگەڵ کەس نییە، سۆپا کڵپەی کردو سوتام".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی قەزای خەبات بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند تا ئێستا دیار نییە ماجد خۆی سووتاندووە یان بە قەزاو قەدەر سووتاوە، بەڵام ماجید لە ئیفادەکەی دەڵێت، بەهۆی کڵپەی ئاگری سۆپا سووتاوە "لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

# "باوکە گیان، دایە گیان یەخەی کەس مەگرن"



کارزان حەیدەر
ڕووداو-تەقتەق

ڕۆژی 2009/3/28 گەنجێک بەنێوی دەشتی سەردار عەبدولکەریم، 22 ساڵ، قوتابی پۆلی 12ی ئامادەیی، لە شارۆچکەی تەقتەق خۆی کوشت و لەدوای خۆشی نامەیەکی جێهێشت کە تێیدانووسیویەتی "باوکەگیان، دایەگیان یەخەی کەس مەگرن، خۆم بڕیاری خۆکوشتنم داوە".

ڕووداوەکانی خۆکوشتن لەنێو گەنجاندان دا لە زیادبووندان و، مەترسی ئەوەی لێدەکرێ ئەگەر ئەو ڕووداوانە هەروا بەبێ لێکۆڵینەوە تێپەڕن لە ئایندەدا ببێتە دیاردە لە کوردستان. هەر یەک لە عەمید عەبدولخالق تەڵعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر و عەمید هێرش ئەحمەد محەممەد، بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوان لە هەولێر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە 2 ڕۆژ بەر لەهاتنی جەژنی نەورۆز سازیان کرد، ڕایانگەیاند کە دیاردەی خۆکوشتن ڕوو لە زیاد بوونە.

نەقیب کاروان عەبدولکەریم، ئەفسەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر لە بارەی خۆ کوشتنی دەشتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەشتی بەفیشەکێک کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بزانرێ". گوتیشی "هەرچەندە دەشتی دەستبەجێ گیانی لەدەستنەداوە، بەڵام بەهۆی سەختی برینەکەی نەتوانراوە وتەی وەربگیرێ، بۆیە هۆکاری خۆکوشتنەکەی ڕوون نییە".

سەبارەت بەو لێکۆڵینەوانەی لە ڕووداوەکە کراون، نەقیب کاروان گوتی "پاش ڕووداوەکە دەستبەجێ لێکۆڵینەوە دەستی پێکرد و لە شوێنی ڕووداوەکە دەمانچەیەکی جۆری (میکاریۆف) دەسک سوور ژمارە HY 4160 دۆزراوەتەوەو خوێنێکی زۆریش لەگەڵ مێشکی دەشتی لە شوێنەکە بینراوە، پۆلیس دەستی بەسەر دەمانچەکەدا گرتووە".

هەروەها ناوبراو ئاشکراشیکرد کە دەشتی نامەیەکی لەدوای خۆی جێهێشتووە "لەکاتی ڕووداوەکە نامەیەک و بڕی 32500 دینار لەلایەن قوتابییەکی پەیمانگەی تەکنیکی کۆیە بە ناوی شۆڕش خدر نادر، لەنێو گیرفانی دەشتی دۆزراوەتەوە، ئێوارەی هەمان ڕۆژیش نامەکە لەلایەن بەکر عەبدولڕەحمان حەمەدەمین، کە فەرمانبەری شارەوانی تەقتەقە لە شۆڕش وەرگیراوەتەوە".

سەبارەت بەنێوەڕۆکی نامەکە، نەقیب کاروان گوتی " دەشتی لە نامەکەدا نووسیوویەتی: باوکە گیان، دایە گیان یەخەی کەس مەگرن، من خۆم بڕیاری خۆکوشتنم داوە". نەقیب کاروان گوتیشی "نامەکە تەسلیمی دادگا کراوەو داوەریش بڕیاریداوە شاهیدەکان (شۆڕش و بەکر) ئامادەی دادگا بن".

# ناز کۆڵنادات

ڕووداو- DİHA

لە شاری ئەنتاکیای تورکیا، فەریدە ناز، تەمەن 53 ساڵ، هەموو ڕۆژ بۆ ئەوەی منداڵەکانی لە برسان نەمرن، کاژێر 5ی سەر لە بەیانی بەکاتی تورکیا، لەخەو هەڵدەستێت و تا نیوەی شەو، خەریکی دۆزینەوەی کاخەز دەبێ لەنێو زبڵ دا و بەپشتی خۆی دەیانکێشێتەوە.

فەریدە ناز، لەگەڵ سێ منداڵی لە ئەنتاکیا دەژیت. ئەو بۆ ئەوەی بژێوی خێزانەکەی دابین بکات، ئەو کاخەزانەی فرێدەدرێن کۆدەکاتەوە و دەیانفرۆشێت. فەریدە ناز بەو شێوەیە باس لە هەژاری و سەختی ژیانی خۆی دەکات" لەو وڵاتەدا کەس چاوی لە ئێمەی هەژار نییە. بۆ ئەوەی بژێوی خێزانەکەم دابین بکەم، پشتم دەخەمە ژێر گوش و فەردەی گەورەو تا ئێوارە درەنگ، کاخەز لە کۆڵان و شەقامەکان کۆدەکەمەوە. هاوسەرەکەم نەخۆشە، سێ منداڵم هەیە. بۆ ئەوەی خەرجی ماڵ و خوێندنی منداڵەکانم پەیدا بکەم بەسەر شوێنی زبڵ و گوفەکەکان دەگەڕێم و کاغەز کۆدەکەمەوە".

فەریدە ناز، کە ئێوارە چووەوە لەماڵ دانانیشێت، دوای کردنی هەندێ کاری ماڵ، جارێکی دیکە بەشەو لەگەڵ منداڵەکانی دێتە دەرەوەو کاخەز کۆدەکەنەوە، ئەو دەڵێ " لەوکارە سەختە ڕۆژانە تەنیا 5-10 لیرەمان (8 تاوەکو 17 دۆلار) دەستدەکەوێت. بەو چەند قوروشە مرۆڤ چۆن دەتوانێت بەڕێوەبچێت؟".

هەروەها ناز گوتی چەندین ژنی دیکەی وەکو ئەو هەن ئەو کارە دەکەن، ئەو دەڵێ زۆرجار ئەو و ئەو ژنانەی دیکەش لەنێو زبڵ و شتە فرێدراوەکاندا سەوزەومیوەی فرێدراویش بۆ منداڵەکانیان کۆدەکەنەوە.



میوەی ناوزبڵیش بۆ منداڵان: فەریدە ناز دەڵێ لەگەڵ کاغەز کۆکردنەوە بۆ فرۆشتن، زۆر جار میوەی فڕێدراویش بۆ منداڵەکانی کۆدەکاتەوە
(فۆتۆ: DİHA)





## لەساڵیادی کۆمەڵکوژییەکەیدا

# ڕواندا بەدوای ئاشتی دا دەگەڕێ

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

کاتێک لە1993/4/7 دا کوشتنی سەدان هەزار کەس لە ڕواندا دەستیپێکرد، مرۆڤ دەیگووت هەموو مرۆڤەکانی ئەو وڵاتە شێت بوون . هەر کەسێک بەکوشتنی یەکێکیترەوە سەرقاڵ بوو. ڕواندا ئێستا دوای 16 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر ئەو جینۆسایدە دڕندانەدا، برینەکانی بە بیر دێنێتەوە و بەدوای ڕێی ئاشتیدا دەگەڕێ. هەروەها لە ساڵیادی ئەو کۆمەڵکوژییەدا، وەک هەمیشە ڕۆڵی ڕۆژئاوا لەو کردارەدا هەڵدەسەنگێنرێت.

لەنێو وڵاتانی نێوەڕاستی ئەفریقیا، ڕواندا 16 ساڵ بوو مەیدانی یەکێک لە دڕندانەترین کۆمەڵکوژی مرۆڤایەتی بوو. ئێستا دانیشتووانی ئەو وڵاتە بەدبەختە هەوڵدەدەن برینەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە، کە لە ئەنجامیدا سەدان هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، جارێکیتر یاد بکەنەوە.

نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕواندا، Jacques-Roger Boo-Boo جاکوس ڕۆگێر بوو، دوو مانگ بەر لەکۆمەڵکوژییەکە، بروسکەیەکی بۆUN ناردبوو، تێیدا هاتبوو:"خۆپیشاندانی توندوتیژ، هێرشی بەنارنجۆک، کردەوەکانی کوشتنی سیاسی و ئەتنیکی ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندان. زۆر زانیاری هەن کە گرووپی چەکدارەکان دەیانەوێ چەک بەسەر لایەنگرانیان دا دابەش بکەن. ئەگەر ئەو چەکانە دابەشبکرێن ڕەوشی ئاسایش زۆر خراپ دەبێ . هەروەها ئەو ڕەوشە بۆ کارکردنی نوێنەرانیUN و کەسە مەدەنییەکانیش زۆر مەترسیدارە".

### دەیانتوانی ڕێگا لەو کۆمەڵکوژیە بگرن

ئەو بروسکەیەی نوێنەری UN یەکێکبوو لە زۆر ئاماژەی دیکەی ڕوودانی کۆمەڵکوژییەکە. لەساڵی 1993 هێزی ئاشتیپارێزیUN لە ڕواندا جێگیربببوو. ڕاپۆرتی ئەوان و ڕاپۆرتەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا هەمان هەواڵیان ڕەوانەی ناوەندەکانیان دەکردن و هۆشدارییان پێدەدان . بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانە، هوتووە توندڕەوەکان چەکیان کۆدەکردەوە، مەشقیان بە چەکدارانیان دەکرد، بارەگای نهێنیان دادەناو هێرشیان دەکردە سەر توتسییەکان.

نووسەری بەریتانی لیندا مالڤێرن، بۆ میدیای جیهانی دەینووسی و دەیگووت زۆر بەرژەنگ و بەڵگەی دروستبوونی کۆمەڵکوژی بەڕێگاوەن :" بۆ نموونە حکوومەتی بەلجیکا لەمەترسی ئەو کۆمەڵکوژیە ئاگاداربوو. بەلجیکییەکان هەفتەیەک بەر لە کۆمەڵکوژییەکە داوایان لە دیپلۆماتکارە ئەمەریکی و بەریتانی و نەتەوەیەکگرتووەکانیان کردبوو ژمارەی سەربازانی ئاشتیپارێز لە ڕواندا زیاد بکەن. ئەمریکا و بەریتانیا لەبەر هۆکارە دارایییەکان ئەو داوایەی بەلجیکایان ڕەتکردەوە. ئەمەش پەیامێکی کراوەبوو بۆ ئامادەکارانی کۆمەڵکوژییەکە. بەم شێوەیە ئەوان دەیانزانی ئیدی دەتوانن ئەو کۆمەڵکوژییە ئەنجامبدەن و جیهانیش ناتوانێ هیچیان لەبەرامبەر بکات".



### UNڕێی لێنەگرتن

لیندامەلڤێرن، دوای کۆمەڵکوژییەکە، کتێبێکی بەنێوی ( ئەو مرۆڤانەی خیانەتیان لێکرا-ڕۆڵی ڕۆژئاوا لە کۆمەڵکوژی ڕواندا دا)بڵاوکردەوە . ئەو لەپەرتووکەکەیدا ڕۆڵی وڵاتانی ڕۆژئاوای لە ڕوودانی کۆمەڵکوژی ڕواندادا ئاشکراکرد. مەلڤێرن لەدادگای نێودەوڵەتی تایبەت بەتاوانەکانی جەنگ، کە بۆ لێکۆڵینەوەو دادگاییکردنی تاوانبارانی کۆمەڵکوژی ڕواندا دامەزرا، وەک پسپۆر کاریدەکرد . ئەو خانمە ئینگلیزە، لە شاهێدی دانەکەیدا ئاشکرای کرد، کاتێک لە 7ی نیسان، کۆمەڵکوژییەکە دەستیپێکرد، سەربازانی UN سەیریان دەکرد. بەپێی قسەکانی ئەو نووسەرە، سەرۆک وەزیرانی ڕواندا لەبەر چاوی سەربازانی UN ڕفێندراو کوژرا.

لە ڕووداوێکی دیکەشدا 3000هاووڵاتی مەدەنی توتسی پەنایان بردە بەر ئەو ناوچەیەی لە ژێر پاراستنی هێزەکانی بەلجیکا دابوو. دوای ئەوەی چەند سەربازێکی بەلجیکی کوژران، ئەوانیتر لەناوچەکە کشانەوە و ئەومەدەنیانەش لەو ناوچە ئابلۆقەدراوەدا بێ پاراستن مانەوەو لەئەنجامدا هەموویان لەلایەن چەکدارانی هووتۆوە کوژران. لەکاتێکدا کە ئەو هێرشە دڕندانەیە ئەنجامدەدرا، نە UNو نە وڵاتانی دیکە ڕێیان لێنەگرت و بێ هەڵوێست وەستابوون . لیندا مەلڤێرن دەڵێ جیهان گوێی خۆی لە هاواری تووتسییەکان خەواندبوو " لەجیاتی ئەوەی هاوکاریان بکەن، خەریکی یۆگسلاڤیای کۆن بوون. لەسەرەتای کۆمەڵکوژییەکەی ڕواندادا، میدیا و UN سەرقاڵی ڕووداوەکانی بەلقان بوون. بۆ ئەوان ڕواندا بابەتێکی سەرەکی نەبوو. تەنانەت کاتێک دەزگای خێرخوازی Oxfam یەکەمجار لە 29ی نیسان باسی لەو کۆمەڵکوژییە کرد، کەس گوێی لێنەگرت و لە میدیاش دا هیچ ڕاپۆرتێک لەو بارەوە بڵاونەکرایەوە. ئەمەش چۆن تاوانی سیاسەتە، بەهەمان شێوەش تاوانی میدیایە".

### ڕۆژئاوا سەیری دەکرد

ئەرکی هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی UNلە ڕواندا، بۆ ئەوەی گیانیان نەکەوێتە مەترسییەوە، تەنیا دەربازکردنی خەڵکی بیانی بوو بۆ دەرەوەی ڕواندا. بەڵام فەرماندەی کەنەدی هێزە نێودەوڵەتییەکان لە ڕواندا، دەیگووت ئەرکی UN ڕێگرتنە لەو کۆمەڵکوژییە. بەڵام ئەنجوومەنی ئاسایشی UN ئەویان ناچار کرد کە تەنیا تەماشای کۆمەڵکوژییەکە بکات. سیاسەتمەدارانی ڕۆژئاوا دەستەواژەی ( کۆمەڵکوژی) یان لەدەم نەدەهاتەدەر. بیل کلینتۆن، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا ئەوەی وەک" شەڕی نێوان عەشیرەتەکان" باسدەکرد.

کۆفی ئەنان، ئەمینداری گشتیی UNیەکێکبوو لەو کەسانەی کە لە دوای چەند ساڵ، بەرپرسیارێتییەکەی خستە ئەستۆی خۆی و گوتی : "پێویستە هەموومان، هیچ کاتێک لەبیر نەکەین کە بە هەموومان نەمانتوانی ژیانی 800 هەزار بێتاوانی ژن، پیاو و منداڵی ڕواندی بپارێزین. پێویستە ئەو بەرپرسیارێتییە بخەینە ئەستۆی خۆمان، کە بە شێوەی پێویست هەوڵمان نەدا و کارمان نەکرد بۆ ڕێگرتن لەو کۆمەڵکوژییە ".

# گەندەڵی هەڕەشە لە چین دەکات

## گەندەڵی بەرپرسانی چین بە ژن و خانووە گرانبەهاکان ئاشکرا دەبێت

**ڕووداو-هۆڵەندا**

لە سەردەمی ماو، لە وڵاتی چین بەرتیل وەکو تاوانی هەر گەورەی دەوڵەت دادەنرا. هەرچەندە چەند قۆناغێک بەسەر سەردەمی ماو تێدەپەڕن. بەگوێرەی ئەو ڕۆژنامەڤانانەی دەچنە ئەو وڵاتە و ڕووداوەکانی ئەو گەشتانەیان بۆ چین دەنووسنەوە، هێشتا یەکێک لە گلەییەکانی خەڵکی چین بەرتیلی فەرمانگەکانی دەوڵەت و گەندەڵییە . بەڵێ چینیش لەژێر هەڕەشەی گەندەڵیدایە . بەپێی قسەی ڕۆشنبیرانی چین، بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان بکەوێتە ڕۆژڤی پشکێکی بۆ خۆشەویستەکەی وەرگرتبوو، ئاشکرابوو. بەرپرسێکی دیکە کە هەتا لووتی کەوتبووە نێو گەندەڵی، هەموو نهێنیەکانی لەلایەن دۆستەکەیەوە دەزانران، کوشتی. بەڵام دواتر دەستگیرکراو لە سێدارەدرا.

دوای ئەوەی لەکۆتایی ساڵانی 1970 سیاسەتی کرانەوە بەڕووی دەرەوەدا کەوتە ڕۆژەڤەوە، هاوسەنگیەکانی وڵات تێکچوون. زۆر کارمەند و بازرگانی بیانی ڕوویانکردە چین. ئەوەش هێزێکی گەورەی دایە بەرپرسەکان. بە وازۆیەک بڕیاری کارێکی ملیۆنیان دەدا . دوای بووەتە یەک و، دوای ئەوەی ئەمریکا و ڕووسیا بە توانای خۆیان مانگی دەستکردیان ڕەوانەی ئاسمان کرد، ئەوەی لەپێش چاوە ئەو ڕەوشەی دوای تێکچوونی یەکێتی بەسەر ڕووسیا هات، چین تێینەکەوێت.

لە چین سزای بەرتیل تاوەکو لە سێدارەدان دەچێت. لەساڵی 2000 پارێزگاری هەرێمی هو چانگچنگ و جێگری ئەنجوومەنی نەتەوەیی، چەن کژە لەسێدارە درا. ئەویش بە گوللەیەک کە لە پشتی ملی درا.

لە ساڵی 2008دا، بەرپرسێکی گەورە بەنێوی جین شیائۆیۆ، کە بەڕێوەبەری دەرمان و خواردن بوو، لەبەر ئەوەی بڕی 850هەزار دۆلاری وەک بەرتیل لە 8 کۆمپانیای بیانی وەرگرتبوو، لەلایەن جەلادەکانی دەوڵەتەوە کوژرا.

بەرپرسانی چین گلەیی ئەوە دەکەن کە زۆر لەو تاوانبارانەی ڕادەکەنە وڵاتانی دیکە، نادرێنەوە ئەوان. سەرەڕای ئەوەی چین پەیماننامەی ڕادەستکردنەوەی تاوانبارانی لەگەڵ چەندین وڵات واژۆ کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە چین سزای لە سێدارەدان هەیە، تاوانبار نادرێنەوە چین . ساڵی ڕابردوو لەبەرئەوەی چین بەڵێنی بە ئەمریکادا بەرتیل خۆرێک ڕادەستی پەکین کرایەوە، لە ئەنجامدا یو کە کارمەندێکی دەوڵەت بوو، لەبەر ئەوەی 250 هەزار یەنی پارەی دەوڵەتی خواردبوو بە 12 ساڵ زیندان سزادرا . یو لەبەرئەوەی قومارچی بوو کەوتبووە ناو بەرتیلخواردن.

لەلایەکی دیکەوە، چەندین ڕۆژنامەنووس و دیپلۆماتکار کە چاودێری ڕەوشی چین دەکەن، دەڵێن بەرپرسانی ئەو وڵاتە هەستیان بە هەڕەشەی گەندەڵی کردووەو زۆر بە بایەخەوە لەدژی دەوەستنەوە. بەو کارەشیان زۆر خۆشحاڵن.



**کۆمۆنیستێکی خاوەن 11 ژن: سکرتێری ویلایەتی شەنگهای پالێوراوی پۆستی گەورەبوو، بەڵام لەجیاتی ئەوە ئێستا لە زیندان دایە**

ماوەیەک بەر لە ئێستا لەو وڵاتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت کرایەوە. بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، پابەند دەبێت بەپەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی. بەرپرسانی پارتی کۆمۆنیستی چین، لەوبارەوە سوود لە ئەزموونی نێودەوڵەتی وەردەگرن.

ماوەیەک بەر لە ئێستا پارتی کۆمۆنیستی چین، بابەتێکی لەسەر (خراپی بەرتیل) خستە نێو پەرتووکەکانی قوتابخانەوە. بەرتیل لەسەردەمی ماوەوە تا ئێستا بە یەکێک لە 6 تاوانە گەورەکە دادەنرێت و لە ڕیزی یەکەمدایە.

ماوەیەک ویستیان ئەو ئاوە باخەکەی ئەوانیش بڕوێنێ. بەم شێوەیە گەندەڵی دەستیپێکرد.

بازرگانێکی بیانی زانیبووی بۆ ئەوەی کارەکەی مەیسەر بێ، پێویستە بەرتیل بداتە بەرپرسێکی چینی، ئەولە ئۆتۆمبێلی بەرپرسەکە پێکەوە سوار ببوو و جانتایەکی پڕ لە پارەی لەنێو ئۆتۆمۆبێلی بەرپرسەکە جێهێشتبوو. ئەو بەرپرسە وای بۆدەچوو کە ئەو کارێکی خراپی نەکردووە . زیانی بە وڵاتەکەی و کۆمپانیاکەی نەگەیاندووە، تەنیا سوودی بەخۆ گەیاندووە و بڕایەوە!

زۆر لەو بازرگانانەی لەپکین کاردەکەن، دەڵێن ئەو بیروباوەڕە لەو وڵاتە زۆر بەربڵاوە. لە میدیای چینیشدا دەگوترێ کە وڵاتەکەیان لەو 20 ساڵەی دواییدا لەگەڵ ئابووری جیهان نێودەوڵەتییەوە پێویستە یان کارەساتێکی سروشتی ڕووبدات یاخود ڕووداوێکی دیکەی نەرێنی بێتە ئاراوە.

لەو ماوەیەی دواییدا، ڕۆژنامەکانی ئەورووپا زۆریان لە بارەی یارییەکانی منداڵان و ئەو دەرمانانەی لە چین دروستدەکرێن و زیان بەتەندروستی دەگەیێنن، نووسی. ئەو یاری و دەرمانە مەترسیدارانە لە هەرێمی کوردستانیش دەفرۆشرێن. ئەورووپییەکان لەمێژە هاتنی ئەو کەلوپەلانەیان بۆ وڵاتەکانیان قەدەخەکردووە. بەڵام لەو ڕۆژانەی دواییدا، زۆر هەواڵ و شرۆڤە لەبارەی گەندەڵی بەرپرسانی چین بڵاوکرانەوە، ئەمەش ڕۆشنبیرانی چینی دلخۆش کرد.

پارتی کۆمۆنیستی چین، کە کۆنگرەی نەتەوەیی خۆی سازکرد، ڕایگەیاند لەو ماوەیەی دواییدا، 60 هەزار لە ئەندامەکانی دۆسیەی گەندەڵیان هەیە . هەروەها دەگوترێ ئەو تۆمەتبارانەی گەندەڵی جگە لە ژنەکانیان پەیوەندیان لەگەڵ ژنی دیکەش هەیە. سکرتێری ویلایەتی شەنگەهای پارتی کۆمۆنیستی چین، چەن لیانگیو لەساڵی ڕابردوو بە تاوانی گەندەڵی دەستگیرکراو دەرکەوت کە بەلانیکەم 11 ژنی هەیە. سکرتێرایەتی ویلایەتی شەنگهای لەناو حیزب دا، لە ئاستێکی هێندە بەرزدایە، ئەوانە دەکەنە پۆستی سەرۆکی حکومەتیش . لەبەر ئەوەش ئەو ڕەوشەی لیانگیو لەناو حیزب دا وەک هەڕەشەیەک هەڵدەسەنگێندرێ .

لەلایەکی دیکە ئەو گەندەڵیانەی تا ئێستا ئاشکرابوون، هەموویان بەهۆی مەسەلەی ژنان یاخود خانووی گرانبەهاوە ئاشکرابوون. گەندەڵیی جێگری سەرۆک شارەوانی پەکین، لیو زیهوا کە بەهۆی ئەوەی لە پرۆژەی دروستکردنی کۆمەڵگەی یارییە ئۆلۆمپییەکانی پەکین



سزای بەرتیل کوشتنە!

# فوژیمۆری سەرۆک کۆماری پیرۆ بە 25 ساڵ زیندان سزادرا



سەرۆک کۆمار لە دادگا لەنێو پۆلیسان دا

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

سەرۆکی پێشووی پیرۆ، بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی دەسەڵاتداری خۆیدا فەرمانی کوشتن و ڕفاندنی داوەتە پۆلیس، بە 25 ساڵ زیندان سزادرا.

ئەلبەرتۆ فوژیمۆری، لە ساڵی 1990 تاوەکو 2000 سەرۆک کۆماری پیرۆ بوو.

دادگایکردنی فۆژیمۆری لە لیمای پایتەخت، 15 مانگی خایاند. دەستەی دادگا، سەرۆک کۆماری لەبەر دروستکردنی تیمێکی کوشتن لەنێو سوپادا فەرمانی کوشتنی 25 کەسی دابوو، ئەویان سزا دا .

فۆژیمۆری، لەنێو وڵاتانی ئەمریکای باشووردا، یەکەم سەرۆک کۆماربوو بەشێوازێکی دیموکراتیانە هەڵبژێردرێ، دواتر بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ سزابدرێ.

فۆژیمۆری تەمەنی 70 ساڵە و چاوەڕێدەکرا بە 30 ساڵ سزابدرێ . لەلایەکی دیکەوە سەرۆک کۆمار مافی ئەوەی هەیە بڕیاری دادگا تەمیز بکاتەوەو بیباتە دادگایەکی باڵاتر.

لەنێو کردەوەکانی تیمی کوشتندا کە بەنێوی La Colina لاکۆلینا دەناسرێ، تاوانی کوشتنی منداڵێکی 8 ساڵانیش هەبوو. ئەو تیمە لەساڵی 1992 بە کوشتنی ڕۆژنامەنووسێک و فەرمانبەرێکیش تاوانبار دەکرێت.

دوای ئەوەی فیژۆمۆری دەستی لە پۆستی سەرۆک کۆماری کێشایەوە، لەساڵی 2005 بەرەو ژاپۆن ڕایکرد، بەڵام حکومەتی تۆکیۆ لەساڵی 2007 دا ئەوی گەڕاندەوە پیرۆ.

### تیمەکانی کوشتن دادگایی کران

لەلایەکی دیکەوە، پیاوکوژانی فوژیمۆری لەلایەن هەمان دادگاوە سزادران. ئەو تیمەی لەنێو سوپای پیرۆدا بەنێوی (تیمەکانی کوشتن) دادگایی کرا، لەساڵی 1992 چەندین کەسیان بەتۆمەتی بوونی پەیوەندی لەگەڵ گەریلا ماوییەکان کوشتن. لەنێو قوربانیانی دەستی ئەو تیمەدا 9 خوێندکارو پرۆفیسۆرێکیش هەبوون. ئەو تیمە لە 4 کەس پێکدەهات کە لەگەڵ فوژیمۆری، ئەندامانی ئەو تیمەش دادگایی کران. سەرۆکی تیمەکە بە 35 ساڵ و ئەوانی دیکەش بە 15 ساڵ زیندانیکردن سزادران. دوای ئەوان، فوژیمۆریش سزادرا .

بەپێی بەڵگەکانی دادگا، ئەو تیمە لە ساڵی 1992 لە زانکۆی لاکانتوتا La Cantuta 9 خوێندکار و پرۆفیسۆرێکیان کوشتووە. حکومەتی فوژیمۆری بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەوانە پەیوەندییان لەگەڵ گەریلا ماوییەکان هەیە. بەڵام دەرکەوت ئەو تۆمەتە ڕاست نییە. پاشماوەی تەرمەکانیشیان دوای چەند ساڵێک لە گۆڕستانێکی بە کۆمەڵدا دۆزرانەوە.

ئەندامانی ئەو تیمە سەربازبوون لە سوپای پیرۆ و فەرماندەکەشیان جەنەڕاڵ ژولیو سالیزار مۆنرۆ Julio Salazar Monroe بوو. لە پیرۆ چەندین سەربازو پۆلیس بەهۆی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دادگایی کران، لە دادگادا دەیانگوت " ئێمە تەنیا فەرمانەکانی سەرووی خۆمان جێبەجێکردووەو ئێمە بێتاوانین"، بەم شێوەیەش یان سزایەکی کەم دران یاخود بێ سزادان ڕزگاریان بوو.

ئەو تیمەی دوایی سزادرا، بەشێوەیەکی نایاسایی دروستکرابوو. دروستکردنی ئەو تیمەش یەکێکبوو لەو تاوانانەی ڕووبەڕووی فوژیمۆری کرایەوە. هەرچوار ئەندامەکەی ئەو تیمە بەکوشتنی 15 کەسیتریش لەگەڕەکێکی لیمای پایتەخت تاوانبار دەکران. فوژیمۆری لەسەر ئەو تاوانەش حوکمدرا.

داواکاری گشتی گوتی" ئەگەر ئەو کەسانەی ئەو تاوانانەیان ئەنجامداوە تاوانبارن، ئەوا فوژیمۆریش لەبەر ئەوەی فەرمانی پێداون تاوانبارە". فوژیمۆریش ئەو تاوانانەی ئاراستەی کرابوو ڕەتدەکردنەوە. یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیمە لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی:" بێ فەرمان و ڕەزامەندی سەرۆک کۆمار، نەدەکرا ئەو کردەوانە ئەنجامبدرێن ".

بەپێی وتەی لایەنگرانی فوژیمۆری، سەرۆک کۆمار دەتوانرێ لە کردەوەکانی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری بە بەرپرسیار دابندرێ. سەرۆکی دەزگای هەواڵگریش بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند:" بێ ڕەزامەندی سەرۆک کۆمار نە من و نە کەسێکی دیکە ناتوانێ تیمی بەوشێوەیە دابمەزرێنێ".

فوژیمۆری لە تشرینی دووەمی ساڵی ڕابردوودا، بە تۆمەتی " خراپ بەکارهێنانی پۆستەکەی"، بە6 ساڵ زیندان و 92 هەزار دۆلار سزادرابوو. بەم شێوەیە سزای سەرۆک کۆماری پێشووی پیرۆ گەیشتە 31 ساڵ زیندانیکردن.

## لە شەشەمین ساڵی ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا

# ئامارەکان قسە دەکەن

**سوعاد ناجی عەزاوی***

شانازی دەکەم کە توێژەر و مامۆستایەکی زانکۆم. پیشەی ئەکادیمی خۆم بە پێی تیۆری زانستی و داتا و ئامار ئەنجامدەدەم. من وەکو مامۆستایەک قوتابیانم فێر دەکەم بە شێوەیەکی زانستی بۆ هەموو ڕووداو و دیاردەکان بچن. یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی ژیانم داگیرکردنی عێراق بووە. بەڵام وەکو توێژەرو چاودێرێک ڕێگە نادەم سۆز لەو بابەتەشدا کارم تێبکات کە لە وێرانییەکانی شەڕ و داگیرکردن دەکۆڵمەوە و، هەستدەکەم سەرم ژان دەکات و فرمێسک لە چاوانم دێتە خوارەوە.

شەش ساڵ بەسەر هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق تێپەڕی، لە ئازاری 2003 ەوە، ئەمساڵ دەمەوێت وەکو زانایەک بڕوانمە ئەو ڕووداوە . من بە سۆز هێرش ناکەم با داتاو ئامارەکان قسە بکەن.

**شەش ساڵ پاش داگیرکردن:**

- 72مانگ وێرانی و ڕووخان.
- 607ملیار دۆلار خەرجی شەڕ بووە .
- 2ملیون بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا دەفرۆشرێت.
- 2ملیون هاووڵاتی لەسەر ماڵی خۆیان ڕۆیشتوون.
- 3ملیۆن عێراقی وڵاتیان بە جێهێشتووە.
- 2615پرۆفیسۆر و مامۆستای زانکۆ تیرۆرکراون.
- 338ڕۆژنامەڤان کوژراون.
- 13ملیار دۆلار بە هۆی گەندەڵی بە فیڕۆ چووە.
- 400ملیار دۆلار بۆ ژێرخانی ئابووری.
- 3کاژێر کارەبا لە ڕۆژدا.
- 24بۆمبی چێندراو لە مانگێکدا.
- 7مافیای گەورە عێراق بەڕێوە دەبەن.
- 4260ئەمریکی کوژراون.
- 10000نەخۆشی کولێرا لە یەک ساڵدا.
- 50کەس لە برادەرانم کوژراون.
- 22کەس لە خزمانم کوژراون.
- 15کەس لە خزمان و برادەرانم ڕفێندراون.
- لانیکەم یەک ملیون و 300هەزار هاووڵاتی لە 2003وە تا ئێستا کوژراون.

شەش ساڵ لە داگیرکردن تێپەڕی و ئامارەکان بە تەواوی لە بەردەستماندا نین، ساڵانە ژمارەی کوژراو وبریندارەکان زیاتر دەبێت، لەم ڕووەوە ئامارەکان خۆیان دەدوێن. شەش مانگ پێویست بوو بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی عێراقی بزانن ئەو داگیرکردنە دەرهاویشتەی باشی نەبووە، بەڵام جیهان شەش ساڵی پێویست بوو تا لەو کارەساتە بگات، شەش ساڵ شەش ملیون عێراقی ئاوارەی ناوخۆ و دەرەوە بوون و زیاتر لە یەک ملیۆن مرۆڤ گیانی لە دەستدا.

***پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی بەغدا**
**وەرگێڕانی: موسا**



## باشترین ڕۆژنامەنووسی لاوی عەرەب چاوی لە پەیوەندیی کولتورییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان

### جابر حەرەمی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الشرق)ی قەتەری:

# ڕۆژنامەمان هەیە ژمارەی لاپەڕەکانی دەگاتە 88 لاپەڕە

**ڕاسان ڕۆژگار**
**ڕووداو- دەوحە**

سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الشرق)ی قەتەری پێیوایە هەرێمی کوردستان تا ئێستا بۆ قەتەر و زۆربەی وڵاتانی کەنداو هەرێمێکی نامۆیە و ڕۆژنامەکانی کەنداو، وردەکاری بارودۆخی هەرێمی کوردستان نازانن.

جابر حەرەمی (جابر الحرمی)، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الشرق) لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەنووسینگەکەی خۆیدا لە دەوحە،ئاماژەی بە کەمتەرخەمی ڕاگەیاندنی وڵاتانی کەنداو کرد سەبارەت بە ڕەوشی هەرێمی کوردستان و هیوای خواست دوای سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تێکەڵاوی زیاتر لە نێوان هەرێمی کوردستان و قەتەر دروستببێ و پەیوەندییەکان هەر لە بواری سیاسیدا قەتیس نەمێننەوە. ناوبراو داوای کرد ئەو ڕێککەوتنانەی لەکاتی سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مۆرکراون هەر لەسەر کاغەز نەمێننەوەو بکرێنە کردار و گوتیشی "چاومان لە دروستبوونی پەیوەندی کولتوریشە لەگەڵ دەزگا کولتوریی و ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان".

ڕۆژنامەی (الشرق) کە ڕۆژانە بە 80لاپەڕە بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکرێتەوە، بەربڵاوترین ڕۆژنامەی قەتەرە، کە تیراژی لە دەوروبەری 20هەزارە و بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکرێتەوە.

لەبارەی ڕەوشی ڕۆژنامەگەری لە قەتەر سەرنووسەری (الشرق) ڕوونیکردەوە کە" سەرەتای ڕۆژنامەگەری لە قەتەر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، پێ بەپێ ئەو ڕۆژنامەگەرییە بەرەو پێشچوو، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئێستا 4ڕۆژنامەی ڕۆژانەی عەرەبی و 3ڕۆژنامە بە زمانی ئینگلیزی لە قەتەر دەردەچن و بڵاودەکرێنەوە". بە گوێرەی قسەی ئەو سەرنووسەرە لە قەتەر پانتاییەکی فرەوانی ئازادی چاپەمەنی هەیە، لەڕووی تەکنەلۆجیای چاپەمەنیشەوە ڕۆژنامەگەری قەتەر بازی گەورەی هاوێشتوون" ڕۆژنامەکانی قەتەر لەسەرەتادا ژمارەی لاپەڕەکانیان سنووردابوو، نەدەگەیشتە 16لاپەڕە، بەڵام ئێستا ڕۆژنامەمان هەیە ڕۆژانە بە 88لاپەڕە دەردەچێت".

لەبارەی کۆنترۆلکردنی ئەو ڕۆژنامانەش لەلایەن حکومەتی قەتەرەوە جابر حەرەمی، کە لە ساڵی 1996 خەڵاتی باشترین ڕۆژنامەنووسی لاوی عەرەبی لە لایەن کۆمکاری عەرەبی (الجامعە العربیە) پێ بەخشراوە گوتی" قەتەر یەکەمین دەوڵەتی عەرەبییە، کە وەزارەتی ڕاگەیاندنی هەڵوەشاندوەوە، ئەمەش لە سەرەتای ساڵی 1996بوو، ئەوکاتەی شێخ حەمەد ئال خەلیفە حوکمی وڵاتی گرتە دەست، ئەمەش وەک متمانەکردنێک بوو بە ئاستی ڕۆژنامەگەری قەتەری".

دوای ئەوەی شێخ حەمەد، کودەتایەکی سپی بەسەر باوکی خۆیدا کرد، قەتەر پێشکەوت، ئەوەی یارمەتی ئەو بەدیارکەوتنەی قەتەری دا بەقسەی هەموو چاودێران ئەو کرانەوە ڕاگەیاندنییە بوو، کە لە میرنشینەکەیدا دروستیکرد، کە چڵەپۆپەکەی دانانی کەناڵی (الجزیرە)بوو. ئێستا قەتەر دەیەوێ لە ڕووی ڕۆژنامەگەری کاغەزیشەوە پێش ئیمارات و سعودیە بکەوێت.

دواتر هاتە سەر بوونی سانسۆر لە ناو ڕۆژنامەکانی قەتەری و ڕوونیکردەوە"بە دڵنیایی سانسۆر هەیە، ئەو سانسۆرەش زاتییە، نەک لە لایەن حکومەتەوە بێت، ئەوانەی ڕۆژنامەکان بە ڕێوەدەبەن، ئەو بابەتانە بڵاوناکەنەوە کە ببنە مایەی لەکەدارکردن و بریندارکردنی خەڵک، بەو پەڕی توانا بە دوای ڕاستگۆیی و ڕاشکاویدا دەگەڕێین و بابەتیانە پرسەکان دەخەینەڕوو، دواجاریش دادگا پەیوەندی ئێمە و خوێنەر ڕێکدەخات ئەو گرفتەکان چارەسەر دەکات کە دروست دەبن".



## چوار دەردەچن یەک و دوو و سێ هەڵدەپەڕن

# ئاهەنگەکانی وێنەگرتن هۆڵەکانی خوێندن چۆڵدەکەن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەر لەوەی ئاهەنگی وێنەگرتنی قوتابیانی دوا قۆناخی خوێندنی زانکۆ دەستپێبکات، ئاری، سەرجەم هاوڕێکانی لە کۆلێژەکانی دیکە ئاگادار کردووەتەوە، کە لە ڕۆژی وێنەگرتنی کۆلێژەکەیان ئاگاداری بکەنەوە. دەوامنەکردن لەو ڕۆژەدا بەلای ئارییەوە زۆر گرنگ نییە "ئەوەی بەلای منەوە گرنگە بینینی کچی جوان و بەسەربردنی کاتێکی خۆشە".

ئاری بورهان، قوتابی قۆناخی یەکەمی کۆلێژی کارگێری و ئابووری زانکۆی سەلاحەددین، لەساڵی ڕابردوو هەرچەندە هێشتا لەکۆلێژ وەرنەگیرا بوو، بەشداری زۆربەی ئاهەنگەکانی کۆلێژەکانی کرد، ئەو دەڵێت "وانەکانمان زۆر وشکن، ئاگاداریشم کەس لەسەر غیابات پێش ئێمە فەسل نەکراوە، بۆیە نەک من، زۆربەی قوتابیان لە ڕۆژی وێنەگرتنی کۆلێژەکاندا هۆڵی خوێندن جێدەهێڵن".

ئاهەنگی وێنەگرتن ودەرچوونی سەرجەم کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەددین پێشتر لەیەک ڕۆژ ئەنجامدەدرا، بەڵام چەند ساڵێکە هەر کۆلێژێک بەجیا لەڕۆژێکی تایبەت ئاهەنگەکە دەگێڕێت، ئەمەش بەبڕوای مامۆستایانی زانکۆ کاری کردووەتە سەر پرۆسەی خوێندن، چونکە قوتابیان بەدرێژایی ئەو ڕۆژانە پابەند نابن بە دەوامکردن، پێشتر باشتربوو چونکە هەر یەک ڕۆژ بوو.

د.شەماڵ محەممەد ئەمین، یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بۆ کاروباری زانستی، دەڵێت پێویستە سەرۆکایەتی زانکۆ هەوڵبدات ژمارەی ڕۆژەکانی پشوو کەمبکاتەوە و ئاهەنگی وێنەگرتنی سەرجەم کۆلێژەکان بکاتە یەک ڕۆژ "چونکە ئەگەر ئاهەنگەکە هەر ڕۆژ لە کۆلێژێک بێت، قوتابیان ئەو ماوەیە پابەند نابن بە دەوام و دەچنە ئاهەنگەکان".

دەربارەی تۆمارکردنی غیابات وبەرزکردنەوەی ناوی ئەو قوتابیانەی ڕێژەی نەهاتنیان گەیشتووەتە ڕێژەی یاسایی، د. شەماڵ، دەڵێت "بڕیاری فەسڵکردنی ئەو قوتابیانە لەلایەن ڕاگرایەتی کۆلێژەکان بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ بەرز دەکرێتەوە، بەڵام زۆر جار بەبڕیارێکی سەرووی زانکۆ دووبارە بڕیارەکە جێبەجێ ناکرێ".

بەشێک لەقوتابیان پێیانوایە کەس لەسەر غیابات فەسل ناکرێت و تۆمارکردنیشی تەنیا شتێکی ڕۆتینییە، بۆیە زۆربەی قوتابیان لەکاتی بوونی هەر ئاهەنگێک بێ دوودڵی هۆڵەکانی خوێندن بەجێدەهێڵن.

جێگر عەلی، قوتابی قۆناخی سێیەمی بەشی ئینگلیزی کۆلێژی زمان، یەکێکە لەو قوتابیانەی حەز لە بەشداریکردن لە ئاهەنگەکاندا دەکات، گوتی "هیچ ئاهەنگێک لەدەست نادەم". سەبارەت بە لێپێچینەوەکانی دەوامنەکردنیش، جێگر، بە پێکەنینەوە گوتی "ئیجرائاتی چی، پار خۆم لەسەر غیابات بڕیاری فەسڵکردنم بۆ دەرچوو، بەڵام بڕیارەکەیان جێبەجێنەکرد".

بەشێک لەبەرپرسانی زانکۆ هۆکاری ئیجرائات نەکردنی زانکۆ بەرامبەر بە قوتابییە نەهاتووەکان دەگەڕێننەوە بۆ دەستتێوەردانی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران و قوتابیان و بەرپرسانی حکومی و سەربازی لەبڕیارەکانی زانکۆ.

عومەر بەکر، بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕەتیکردەوە کە ڕێکخراوەکەیان دەست لە کاروبارەکانی زانکۆ وەربدات "یەکێتی قوتابیان هەمیشە جەختیکردووە کە دەبێت قوتابیان پابەندی بڕیارەکان بن، بەهیچ شێوەیەکیش پاڵپشتی لەهیچ قوتابیەک ناکەین کە بەبێ هۆکار هۆڵەکانی خوێندن بەجێبێڵێت".

یەکێک لەو پێوەرانەی بۆ متمانەکردنی بڕوانامەکان لەنێوان زانکۆکانی جیهان دانراوە پێوەری دەوامکردنی قوتابییە لە زانکۆ، بەپێی ئەو پێوەرە کە ڕێکخراوی یونسکۆ دایناوە قوتابی لە ساڵێکدا دەبێ 30 هەفتە دەوام بکات.

د.ئیدریس محەممەد، یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری قوتابیان، ئاماژەی بەوەدا ئەوان وەک سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین، هەموو ڕێوشوێنێک دەگرنەبەر بۆ ئەوەی لەسەرجەم کۆلێژەکان 100% کار بەو پێوەرەی یونسکۆ بکرێ. بەڵام گوتی "دەوام نەکردنی بەشێک لەقوتابیان تائێستا نەبووەتە دابەزینی ئاستی زانستی زانکۆی سەلاحەددین لە لیستی یونسکۆ، بەڵام دەبێت ڕێوشوێنی توند بگرینەبەر بۆ ئەوەی ئەو متمانەیە لەدەست نەدەین".



# گەنجێن بەهدینا هێشتا ڕەبەنێت خودێ نە

**نەجمەددین نێرۆەیی**
**ڕووداو- زاخۆ**

زانکۆ ژبلی لایێ زانست و زانینێ ئەڤرۆکە بوویە جهێ دەست نیشانکرن و پەیداکرنا هەڤاڵ و هەڤالا ژیانا کوڕ و کچان، دڤان چار ساڵێن کو پێکڤە تێدا دخوینن. لێ ل دەڤەرا بەهدینان نەریت و تیتالێن جڤاکی ئەڤەژی ژ زانکۆیێ ستاندییە.

فەرسەت ماجد، کو قوابیێ قۆناخا سێیەمە ل زانکۆیا دهۆک دبێژیت، ئەو نەشێن و دترسن داخوازا هەڤالینیێ ژ کچەکێ بکەن "نەکە ڕازی نەبیت و پاشی ب درێژایا خاندنێ ل کۆلیژێ گاڤا چاڤێ مە ب وێ کچێ بکەڤیت دێ ئێکسەر خۆ بەرامبەر وێ کێم بینین". هەروەها وی ڕەخنە ل کچان گرت کو "نها کچ حەز ل کوڕێن فەقیر ناکەن و چاڤێ وان بەس یێ ل کوڕێن زەنگینا، ڤێجا بلا قەدرێ ڤیانێژی نەزانن". ئەو دبێژی زیدەتری ئەو پەیوەندیێن کو ل سەر حەزکرنا پارا نەک ڤیانێ دروست دبن، دوماهیا وان ئاریشەیە.

کاوە عوسمان، کو ل قۆناخا چارێ یە ئەو ژی هەمان بۆچوونێن فەرەسەتی دووبارە دکەت، هەروەسا دبێژیت دیاردەیەکا دیکەیا زۆر کرێت ڕێکێ ل دروستبوونا دۆستانیا کچ و کوڕان دگریت "نها ل کۆلیژێن مە ئەگەر تۆ پێنج دەقیقان بتنێ بچی دگەل کچەکێ باخڤی ئێکسەر دەمێ تۆ ل دەڤ دهێی دێ هەڤالێن تە بێژنە تە :ها برا تە تشتەک ژێ چێکر یان ڕڤیوزەک دا تە، لەوما کچ و کوڕ ل بەر ڤان گۆت گۆتکان نەشێن هیچ جۆرە پەیوەندییان چێکەن، ژبەر هندێ کوڕ بتەنێ نە و کچ ژی بتەنێ ل زانکۆیێ".

نەهلا محەممەد، کو ئەو ژی ل قۆناخا چارێ دخوینی، دبێژی وێ نەڤێت تێکەلی کوڕان ببیت، چونکی کوڕ درەوا ل کچان دکەن و تەنێ بۆ وەخت ڕابواردنێ دگەل وان و هەر ئێکی دەه دەزگرێن هەی، ژ بلی هندێ ژی ئەڤ یەکە دبیتە ڕێگریا تەواوکرنا خواندنێ بۆ وان. ئەو هەڤالەکا خۆ دکەتە نموونە و ڤەدگێڕیتەڤە "من هەڤالا خۆ یا دیتی دەما کو ڕۆژەکێ دگەل کورەکێ پیاسە دکر چ پێ نەچوو کولیژا مە هەمیێ زانی و تا دەنگ و باس گەهشتینە مالا وان و وانژی نەهێلا ئێدی ئەو بەردەوامیێ بدەتە خاندنا خۆ".

"دەیکا من دبێژیت ما من حەز کێ کرییە حەتا تۆ حەز ئێکێ بکەی". ئەڤە گۆتنا کچەکێ یە بناڤێ هۆزان حەسەن، کو قوتابیا قوناغا دوویێ ل زانکۆیێ، ئەو دبێژیت کچ هێشتا نەبوویە خودانا گۆتنا بەلێ و نەخێر دبێژیت" گۆتنا بەلێ و نەخێر بۆ کوری هێشتا نە ددەستێت مەدایە، بەلکو ئەگەر سەد جارا ئەم بێژینە کورەکی ب دلێ خۆ بەلێ، نە یا گرنگە چونکو تا دایک و باب و براێن مە ڕازی نەبن گۆتنا مە ب چ ناچیت،دەیک و بابێن مە دبێژنە مە ئەم وە نادەینە خەلکێ بیانی و ئەو کەسێن کو ژ عەشیرا مە نەبن".

دلبین ڕەشید، گۆت ئەم دەما ل پولا شەشێ دەرباز دبین و بەرەڤ زانکۆیێ دهێین ل جهەکێ دیر ژ کوران هاتینە "چونکو قوتابخانێت کچ و کوران ژێک د جودانە، ل قوتابخانا مامۆستایا نە دهێلا زۆر جارا ئەم لناڤ گورەپانێ و پیاسا بکەین بێهین دا بێژنە مە وەرنە ژوورڤە نەکە کور وە ببینن ل گورەپانێ، شەرمە و خەلک دێ بەحسێ قوتابخانا مە کەن، ئەڤجا دەما دهێینە زانکۆیێ یا ژ مەڤە هەر نێزیک بوونا کوری شەرمە".

ئێحسان حازم، نەبوونا خانی و داهاتەکی مانگانە پشتی دامەزراندنێ وەکی ئاستەنگ دبینی کو ئێکەک بکاری کچەکەکێ ل زانکۆیێ بخۆڤە گرێبدەت " ڤێجا حەوجە ناکەت مروڤ خۆ شەرمزار بکەت بلا مرۆڤ هەر یێ بتنێ بیت باشترە".

"ئەز وێ کچێ نائینمە ناڤ مالا خۆ یا سپێدێ دەردکەڤیت و ئێڤاری بهێتە ڤە"، ئەڤە گۆتنا بابێ کاروان یە. لەوما کاروان عەبدوڵلا کو قوتابیێ قۆناخا ئێکێ، دبێژیت "ژبەر ڤێ بڕیارا بابێ من ئەز نەشێم خۆ تێکەلی چ کچێن زانکۆیێ بکەم و سەرێ خۆ بێشینم، چونکی ئەو کچا شانزدە ساڵا دخوینیت بۆ هندێ یە کارەکی بکەت نەکو ل ماڵ ببیتە خزمەتکار".

محەممەد خالد، مامۆستایێ زانکۆیا دهۆکێ، دبێژیت کۆنترۆلا نەریتێن جڤاکی و ئاینی ڕێگرە ل بەردەم تێکەلیێن کوڕ و کچان، داکو بشێن ب شێوەیەکێ ئازادانە دگەل ئێک باخڤن و تێکبگەهن " ژبەر هندێ هێشتا دایک و باب نوینەرێن بڕیارا کوڕ و کچانە". ئەو دبێژیت نەبوونا دەزگەهەکی تایبەت بۆ بلاڤکرنا ڕەوشەنبیریێ لسەر ڤێ چەندێ ڤی بابەتی، ڕۆل نەدیتنا ڕاگەهاندنێ و لاوازیا بارێ ئابووری یێ کوری و زێدە خاستن ژ لایێ کچێ و مالا وێڤە کو هێشتا ل هندەک مالان دیاردا نەختی مایە و نە پیتەدانا حکومەتێ ب ڕەوشا گەنجان "کو پشتی دەرچۆنێ ل زانکۆیێ پێویستیا وان ب خانی، ماڵ و کاری هەیە، ئەلبەت ئەگەر کۆلێژ تەواو کر و کارێ وی بوو گەریانا لسەر جادا، ئەڤە ئەو چ هزرێ د ڤانبابەتاندا ناکەت".



# ڕۆژنامەکان متمانەی گەنجانیان بە کەلووەکان لاواز کردووە

## د.کەریم شەریف قەرەچەتانی "پێشبینی کەلوەکان شتی هەڵبەستراون"

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

خوێندنەوەی کەلوەکان لەلایەن هاژە، مانایەکی تایبەتی هەیە و بڕوای تەواوی بەپێشبینی کەلوەکان هەیە، بۆیە کاریگەریەکی زۆریان لەسەر ئاراستەی ژیانی ڕۆژانەی ئەو کچە دروستکردووە، بەڵام ئەو لە ڕۆژنامەکانی کوردستان نا، بەڵکو لە ئینتەرنێتدەیانخوێنێتەوە.

هاژە وریا ئەحمەد، قوتابی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددینە، ئاماژە بەوە دەدات هەمیشە بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی پێشبینی کەلوی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان بوو، بەڵام ئێستا وازی لێهێناون و پشت بە ئینتەرنێت دەبەستێت بۆ خوێندنەوەی کەلووەکان، ئەو دەڵێت "دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت بەشێک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان پێشبینی کەلوەکان لەخۆیانەوە دەنووسن، ئێستا لە ئینتەرنێت کەلووەکان دەخوێنمەوە".

زۆر لە ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان کەلووەکان بڵاودەکەنەوە، بەڵام بەبڕوای بەشێک لەخوێنەران ڕۆژنامەکانی کوردستان نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی زانستی پێشبینی کەلووەکان بخەنەڕوو. زۆر لە پسپۆڕانی دەروونناسی و گەردووناسی لەبنەڕەتەوە بڕوایان بە کەلووەکان نییە.

پسپۆڕانی بواری دەروونناسی، پێیانوایە کەلوەکان هیچ کاریگەریەکیان لەسەر دەروون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ نییە، ئەو پێشبینیانەی لەڕۆژنامەکان بۆ کەلوەکان دەنووسرێن قسەی هەڵبەستراون. کەریم شەریف قەرەچەتانی، پسپۆڕی سایکۆلۆژی ڕاستی پێشبینی کەلوەکان ڕەتدەکاتەوەو دەڵێت کەلوەکان هیچ بنەمایەکی زانستییان نییە، چونکە بە بڕوای ئەو هیچ زانستێک بوونی نییە بە ناوی زانستی کەلوەکان "بەڵکو تەنیا زانستی فەلەکناسی هەیە، کە ئەویش لێکۆڵینەوە لەسەر پێکهاتەی هەسارە و ئەستێرەکان و دووری و نزیکی و کاریگەرییان لەسەر زەوی دەکات، کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی بە بوونی کەلوەکانەوە نییە". گوتیشی" ئەو پێشبینیانەی لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەناوی کەلوەکان دەنووسرێن و بڵاودەکرێنەوە جگە لەشتی هەڵبەستراو شتێکی دیکە نین".

بەپێچەوانەوە ئایار فەلەکی، کە وەک شارەزایەکی ئەو بوارە ناسراوە، ئاماژە بەوە دەدات ئەستێرەکان کاتێک بەئاسماندا دەسوڕێنەوە گۆشە دروست دەکەن، ئەو گۆشانە دەبنە پێوەرێک بۆ پسپۆڕانی گەردوونی تا بنەماکانی پێشبینی کەلوەکان و کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ دیاری بکەن، گوتیشی "ئێمە دەزانین ئەستێرەکان بۆ چ ئاراستەیەک دەڕۆن و دەگەڕێنەوە و لە چ کاتێک گۆشە دروستدەکەن، بەخوێندنەوەمان بۆیان دەتوانین پێشبینی ڕۆژانە و هەفتانە و تەنانەت ساڵانەش بکەین".

ڕۆژنامەی (خەبات)، یەکێکە لەو ڕۆژنامانەی ڕۆژانە پێشبینی کەلوەکان بڵاودەکاتەوە، وەک بەرپرسانی ڕۆژنامەکەش ئاماژەی پێدەدەن بە هۆی بەدواداچوونیان بۆیان دەرکەتووە کە کەلوەکان زۆرترین خوێنەریان هەیە. یاسین هێژا، کە ماوەی 5 ساڵە ئامادەکردنی کەلوەکانی ڕۆژنامەکەی گرتووەتە ئەستۆ، ئاماژە بەوە دەدات کە بەشێکی زۆر لە خوێنەرانی (خەبات) تەنانەت ئەوانەی بڕواشیان بەکەلوەکان نییە، حەز بەخوێندنەوەی دەکەن، دەربارەی کەموکوڕییەکانی داڕشتنەوەی کەلوەکان گوتی "داڕشتنەوەی پێشبینی کەلوەکان شتێکی ئاسان نییە، بۆیە بە بڕوای من هیچ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە ناتوانێت هەقی تەواو بەداڕشتنەوەی کەلوەکان بدات". لەبارەی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ پێشبینی کەلوەکان پشتی پێدەبەستن، یاسین گوتی"سەرچاوە زۆرن، بەڵام زیاتر پشت بە پەرتووکەکانی ماغی فەرەح دەبەستین".

لەبارەی ئەو جیاوازییەی لەپێشبینی کەلوەکان لەنێو ڕۆژنامەکان بەرچاو دەکەوێت،ئایار فەلەکی دەڵێت "ڕۆژنامەکان بۆ داڕشتنەوەی پێشنبینیەکان پشت بەکەسی پسپۆڕ و شارەزا نابەستن، هەریەکەیان بەئارەزووی خۆی لە ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت یان ڕۆژنامەیەکی کۆن پێشبینییەکان وەردەگرن، بۆیە زۆر جار جیاوازی لەنێو پێشبینیەکان دەردەکەوێت، ئەمەش بووەتە هۆکارێک کەخەڵک بڕوای بەکەلوەکان کەم بێت".

ئایار، دەڵێت "ئەو زانستە چەندین کەس دکتۆرای لەسەر وەرگرتووەو، تەنانەت هەزاران پەرتووکی لەسەر نووسراوە، ئەگەر بنەمایەکی زانستی نەبوایە بڕوانامەی زانستی لەبارەیەوە لەزانکۆکان پێنەدەدرا".

هیوا قادر، قوتابی قۆناخی سێیەمی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئاداب، هەرچەندە یەکێکە لەخوێنەرە بەردەوامەکانی کەلووی ڕۆژنامەکان، بەڵام لەهەمانکاتدانایشارێتەوەکە هیچ بڕوایەکی بەپێشبینی کەلوەکان نییە، چونکە بەبڕوای هیوا، ئەوکەسانەی پێشبینی کەلوەکان لەڕۆژنامەکان دەنووسن هیچ پێشینەیەکی گەردووناسیان نییە و بەئارەزووی خۆیان کەلوەکان دەنووسنەوە. هیوا دەڵێت "ڕۆژنامەکان تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی خوێنەران و پڕکردنەوەی ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان کەلوەکان دەنووسن، دەنا هیچ بنەمایەکی زانستی بۆ پێشبینی کەلوەکان نییە".






rudaw@rudaw.net

## چەقۆ وەشێنەکە کامەران بوو

لە ژمارە 50ی (رووداو) لە لاپەڕە 13 لە ڕیپۆرتاژی "فەراشێک بەڕێوەبەرەکەی کوێـــر دەکات و 6 چەقۆش لە ژنەکـــەی دەدات"، بە هەڵە ناوی (جەبار کەریم مستەفا) نووســـراوە راستییەکەی فەراشەکە ناوی (کامەران ئیسماعیل)ە نەک (جەبار کەریم). بۆیە ئەو راستکردنەوەیەم بەپێویست زانی.

**شەوقی کانەبی**

## مەسعود هەورامی کوردی دەزانێ

لە راپۆرتێکی ژمارەی رابردووی (رووداو)دا ســـەبارەت بە ژیانی بزنســـمانی کورد ئازاد هەورامی، نووسرابوو کە مەسعود هەورامی باوکی ئازاد کوردی نازانێ، بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کە تەنیا خۆی کوردی نازانێ، باوکی دەیزانێ.

**(رووداو)**



# سۆران چەندە گوناحە

زوهری ئێدلبی

چەند جوانە کاتێک لە گەلی عەلی بەگ دەردەچی و بە شەقامێکی جوانی دوو ساید داخڵی شـــارۆچکەی ســـۆران دەبی، لەوەش جوانتر کە دەبینی، ترافک لایتی کەســـک و سوور و زەرد ئۆتۆمبێلەکانی بەدوای یەکدا ریز کردووە، بەڵام جێگەی پرسیارە بۆچی 6 ساڵە پرۆژەی رێگەو بان و جوانکردنی شارۆچکەی سۆران تەواو نەبووە. لەوەش ناشیرینتر ئەوەیە کە لە تەنیشت ترافیک لایتی کەسک و سوور، سەری ئەو چاڵە ناشیرنە دانەپۆشراوەیە کە لە چواریانەکەدایە.

چەند خـــۆش و مێژوویی بوو، ئەو رۆژەی بۆ یەکەمجار چـــرای گڵۆپی ســـتوونەکانی کارەبـــا، شـــەقامەکانی ســـۆرانیان رووناک کـــردەوە، بـــەڵام چەند ناخـــۆش و ناڕێکە، کاتێک شەوان گڵۆپەکان دادەگیرسێن، یەک هەڵدەبـــێ و دوو ســـووتاون. چەندە جوان بوو کاتێک شـــەقامی بەرپرسان (حریق) بە درەخت رازێنراوە و شۆڵدەرەکانیش شتایگەر رێژکران،، بەڵام چەندە ناشرینیشـــە کاتێک دەبینی شـــتایگەرەکان پارچە پارچە بوون، لەوەش ناشیرینیتر شەقامە تازەکەی بەردەم وێستگەی کارەبایە، کە پڕە لە تاسە و کەند.

چەندە دڵخۆشـــکەرە، بۆ هەر لایەک ئاوڕ دەدەیـــەوە تابلۆی پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری دەبینی، بـــەڵام چەند وەرســـکەرە کە هیچ پرۆژەیەک بەبێ کەموکوڕی تەواو نابێ. چەند خۆش بوو کاتێک بیســـتم رێگەی سۆران_ســـیدەکان نۆژەن دەکرێتەوە بـــەلام چەند ئازاردەریشـــە کە چەندین ساڵە چاوەروانم و هیچ دیار نییە کەی نوژەن دەکرێتەوە، چەند خۆش بوو کاتێک بینیم شـــەقامی گشتی ناو دیانا دروســـت دەکرێت، بەڵام دڵتەنگ دەبم، کـــە رۆژانە دەبینم لای مزگەوتی حاجی حمد وەکو لافـــاو دار و بەرد و خۆڵ پێکەوە دێنە سەر شەقامەکە.

دڵـــم زۆر خـــۆش بـــوو کاتێـــک بینیم رێگای دیانا-ســـەروچاوە فراوانکـــرا، بەڵام دڵخۆشـــییەکەم زۆری نەبـــرد، هـــەر چەند مانگێک بەســـەر نۆژەنکردنەوەی شەقامەکە تێپەڕی، شەقامەکە لە جارانی خراپتر بەسەر هـــات. هیچ لەوە جوانتر نییە، کاتێک چاوت بە کۆمەڵگەی دارایی سۆران دەکەوێ، بەڵام کاتێک دەچیتە نـــاو بینایەکە و ئەو هەموو کەرســـتە فـــوول عادیانەی نـــاوی دەبینی، بیانەکـــەت لەبەر چـــاو دەکـــەوێ، لەوەش کارەســـاتتر شـــوێنی ئەسانســـۆری بیناکە بەدارێکی سوور داپۆشراوە، چی دەبوو ئەگەر بۆ یەکەمجـــار لە مێژوودا ســـۆرانیش ببایە خاوەن ئاسانسور؟!

من لە بەرپرســـان دەپرسم، تاکەی حاڵی ئەو شـــارۆچکەیە وابێ، تاکەی خەڵکی ئەو شارۆچکەیە ســـەبری ئەیوبی هەبێ، ئەگەر بەیانـــی هەڵبژاردن هاتە پێش چۆن داوا لەو خەڵکە دەکەن دەنگیان پێبدەن.

Zuhre_edlbi@yahoo.com

## منداڵانی هەڵەبجە لەگەڵیان خاکەناس هەڵدەگرن
# تۆم و لیزی شاری یاری بۆ منداڵانی هەڵەبجە دروستدەکەن

**کەلسوم حوسێن**
**رووداو-هەڵەبجەی شەهید**

تۆم و لیزی زۆر بە پەرۆشن تا پارکەکە تەواو دەبێ، بـــەڵام منداڵانی هەڵەبجە لەوان بـــە پەلەترن، هـــەر بۆیە رۆژانە هەر یەکەیان قازمەیەک یان خاکەنازێک بەدەستەوە دەگرێت بۆ کارکردن لەگەڵ تۆم و لیزی لە پارکەکەدا.

تـــۆم دوای ئەوەی بەســـەردان دێتە هەڵەبجـــە و گوزەرێـــک بەناو شـــاری هەڵەبجـــەدا دەکات، هیـــچ پارکێکـــی منداڵانی بەرچـــاو ناکەوێت، بۆیە بڕیار دەدات پارکێکی منداڵانی بۆ دروستبکات. ئێســـتا لە گەڕەکی گوڵانی هەڵەبجەی شەهید لەگەڵ لیزی هاوکاری، خەریکی دروستکردنی پارکەکەن.

تۆم کاریگەن، تەمەنی 46 ســـاڵە. ئـــەو بەڕێوەبەری پرۆژەکەیـــە، رۆژانە لەگەڵ لیزی هاوکاری، منداڵانی هەڵەبجە کۆدەکەنەوە قەڵەم و کاخەزیان دەدەنە دەســـت، داوایان لێدەکـــەن وێنەی ئەو یارییانە بکێشن کە حەزیان لێدەکەن بۆ ئەوەی لە پارکەکە دایبنێن.

تۆم لەبارەی دروستکردنی ئەو پارکە، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "بیرۆکەی پارکەکـــە هی من و نەریمانی وەرگێڕم بوو، کە گەڕامەوە بەریتانیا 6 هاووڵاتی بەریتانی و دوو رێکخـــراو بەڵێنیان دا هاوکاریم بکەن بۆ دروستکردنی پارکەکە، بەڵام هاوکارییەکەیان زۆر کەمبوو".

تۆم بۆ ئەوەی لە کارەکەی سەرکەوتوو بێ، ئێستا سەرقاڵی خوێندنی کۆرسێکە لـــە بەریتانیا لەبارەی پـــارک و یاری منداڵان" لە بەریتانیا ئەگەر شارەزاییت لە شـــتێک نەبێت لێناگەڕێن دەســـتی بۆ ببەی"، هەروەها لیزی هاوکاریشـــی کـــە پســـپۆرە لـــەو بـــوارەدا، رۆژانە هاوکاری دەکات بۆ دەوڵەمەندترکردنی بیرۆکەکەی. منداڵان زۆر دڵخۆشـــن بە دروستکردنی ئەو پارکە، ئەوەی ئەوانی زیاتر دڵخۆشکردووە، ئەوەیە کە پرسیان پێدەکرێ لـــە دانانی جۆری یارییەکانی نێو پارکەکـــە، هەر ئەمەش وایکردووە، رۆژانە هاوشانی تۆم و لیزی بەخۆشیان کار لە پارکەکەدا بکەن.

شـــاکار ئەحمـــەد، 11 ســـاڵ، کە لەشـــوێنی دروســـتکردنی پارکەکـــە خاکەناسـێکی بەدەســـتەوەبوو، زۆر دڵخۆشبوو بەدروســـتکردنی پارکەکە، شاکار گوتی "ئەو پارکە زۆر خۆشدەبێ، چونکە ئـــەو یارییانەی لێ دادەنرێن کە ئێمە حەزیان لێدەکەین، یاری پارکەکانی دیکە ئەوەندە دووبـــارەن، لێیان بێزار بووین".

ســـەبارەت بە هاوکاریکردنی لایەنە حکومییەکانیـــش، تۆم گوتـــی "تەنیا شـــارەوانی هەڵەبجە هاوکاریکردووین، ئەویـــش بە دانی پارچـــە زەوییەک کە رووبەرەکـــەی 2500 مەتـــر دووجایە، هەروەها سەرۆکی شارەوانی حەفارەی بـــۆ دابینکردیـــن بۆ لێدانـــی بناخەی پارکەکە".

تۆم، ئێســـتا لـــە بارودۆخێکی زۆر ئاڵـــۆزو پـــڕ کاردا دەژی، لەلایـــەک سەرقاڵی کارکردنە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی، لەلایەکیش خەریکی دروستکردنی پارکەکەیـــە "ئیشـــو کارم زۆر ئاڵۆزە، بەتایبەتـــی ئەو کاتانـــەی دەگەڕێمەوە بەریتانیا، دەبێ کار بکەم بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان، هەروەها لەگەڵ هاوکارانم کۆ دەبینـــەوە باس لەدروســـتکردنی پارکەکە دەکەین".

تۆم ئاماژەی بەوەشـــدا ئەو پارکەی ئەوان دروســـتی دەکـــەن زۆر جیاوازە لـــەو پارکانەی لە هەڵەبجەدا هەن "ئەو پارکانەی هەن هیچ منداڵێک یاری تێدا ناکات، چونکە بە خواستی منداڵ دروســـت نەکراون، لێرە کەس پرس بە منداڵ نـــاکات بڵێت چیتان دەوێ؟ یان حەزتـــان لە چییە؟ بۆیە هیچ شـــتێک لەسەر خواستی منداڵ دروست ناکرێت". هەروەها تۆم و لیزی رۆژانە یاری لەگەڵ منداڵەکان دەکەن و فێریان دەکەن چۆن پارێـــزگاری لـــە کەلوپەلەکانیان بکەن "چونکە کە فێربـــوون چۆن پارێزگاری لە پارکەکە بکەن، پارکەکە پێویستی بە چاودێریکردن نابێ".

ســـەبارەت بـــە وادەی تەواوبوونی پارکەکەش، تۆم دەڵێ جارێ کارەکەیان لـــە بناخەدانـــان و نەخشەکێشـــانی پارکەکـــەدا بەردەوامدەبـــێ و گوتـــی "پارکەکە ئەمســـاڵ تەواو دەبێ، بەڵام کاری ئێمـــە تا منداڵ مابێ تەواو نابێ، چونکە حـــەزی منداڵ بـــە بەردەوامی دەگـــۆڕێ، ئەمڕۆ حەزی لە شـــتێکە، بەیانی لە شتێکی دیکە". هەروەها تۆم گوتی بەنیازن چەند کەسێکی پسپۆر لە بارەی یاری منداڵان لە لەندەنەوە بهێننە کوردستان تاوەکو خول بۆ هاوکارانیان لە کوردستان بکەنەوە.



## رای شەقام

### ئەگەر خزمایەتی تێبکەوێ، کەسی نەشیاو دەچنە پەرلەمان



**رووداو-هەولێر**

**رزگار فەیزوڵڵا، 28 ساڵ، کاسبکار، دانیشتووی شاری هەولێر، پێیوایە ئەگەر لیســـتەکان بکەونە ژێر کاریگەری خزمایەتی، پەرلەمانی ئەمجارەش نوێنەری میللەت نابێت.**

**رووداو: حەز دەکەی کاندیدی پەرلەمان چۆن بێت؟**

**رزگار:** کەســـێکی لێهاتوو و خاوەن بڕوانامە ودڵســـۆزی میللەت بێت.

**رووداو: پێتوایە حیزبەکان کەســـانی بەوشـــێوەیە کاندید بکەن؟**

**رزگار:** نازانـــم، بـــەڵام ئەگـــەر جارێکیتریـــش خزمێنەو واستەکاری کەوتە ناو لیستی کاندیدەکان، دووبارە کەسانی نەشیاو دەبنە ئەندام پەرلەمان.

**رووداو: حـــەز دەکـــەی ئەنـــدام پەرلەمانەکانی ئێســـتا لەپۆستەکانیان بمێننەوە؟**

**رزگار:** نەخێر، چونکە زۆربەیان خاوەن بڕیاری خۆیان نین و بـــۆ حیزب کار دەکەن نـــەک میللەت. لەکاتی دەنگدانی دانیشـــتنەکانی پەرلەمانیش ســـەیری دەورپشتی خۆیان دەکەن بۆ دەنگدان.

**رووداو: ئەی چی بکرێت باشە؟**

**رزگار:** دەبێت میللەت هۆشیار لەدەنگدان دا،لەو بڕوایەشدام پەرلەمانی ئەمجارە باشتر دەبێت.

### لیستا هاوپەیمانی کوردستان وەکو بەرێ دەنگان نائینیت



**محەمەد عەبدولحەمید رەشاڤەیی، 37سالی، وەک جاڤدێرەک بەردەوام ل رەوشا سیاسی یا کوردستانێ دنێریت.**

**رووداو-دهۆک**

**رووداو: هەلبژاردنێن پەرلەمانێ کوردســـتانێ ڤێ جارێ دێ گەرم بن؟**

**محەمەد:** بەلێ، ژبەرکو دێ لیســـتێن جیـــاواز هەبن ژ بلی لیستێن پارتێن دەسهەلاتدار، ژبەرکو گازاندێن خەلکی گەلەک زۆرن ل دەسەلاتێ.

**رووداو: لیســـتا هاوپەیمانیا کوردستانێ وەکی هەلبژاردنێن بەرێ دێ دەنگا ئینیت؟**

**محەمـــەد:** بێگومان پارتی و یەکێتی پارتێن ســـەرەکینە و خودان جەماوەرن، لێ ئەگەر هەلبژاردن ب رەنگەکێ ئازاد ب رێڤە بچیت و چ کارێن سەختەکاری نەهێنە کرن، دێ ژمارەکا زۆر ژ دەنگێن خو وندا کەن.

**رووداو: لیستێن دی دێ گەلەک کورسییا ئینن؟**

**محەمەد:** وەکی دیار ڤێ جارێ لیســـتێن ب هێز دێ هەبن، هەڤسەنگیا پەرلەمانی دێ ڤێ جارێ هێتە گوهرین و دێ هێزا سێیەم ژی پەیدا بیت.

**رووداو: رێـــژا بەشـــدارییا خەلکـــی دێ یـــا چـــاوا بیت بو هەلبژارنا؟**

**محەمەد:** پێشبینی دکەم پتر ژ 80% ێ دێ خەلک بەشدارێ کەت.

# پۆلیس نەوت لە ژێر 4 هەزار نەمام دەکات

**نەبەز محەممەد**
**رووداو-سلێمانی**

هێزێکی بنکەی پۆلیســـی ناحیـــەی زەلان و پاسەوانی بەڕێوەبەری ناحیەکە، 4 هەزار نەمامی جوتیارانی گوندی ســـپێدارە دەشکێنن و پاشان نـــەوت لە ژێر نەمامەکان دەکەن تا وشـــک بن. ئەنجوومەنی گوندەکەش دەڵێت سکاڵای یاسایی لەدژی ئەوە تۆمار دەکەین.

ئەنـــوەر حەمە عەلـــی، ئەنجوومەنی گوندی ســـپێدارە بە (رووداو)ی راگەیاند ئەو نەمامانەی کە پۆلیس لەناوی بـــردن بریتیبوون لە نەمامی گوێز، بســـتە و چوالە و چەند جۆرە نەمامێکی دیکە. گوتیشی "ئەونەمامانە بەپێی گرێبەستێکی یاســـایی لە 2005/6/23 لە نێـــوان وەزارەتی کشـــتوکاڵ و جوتیارانی گوندەکـــە چێندراون و ئێســـتاش وەبەرهەم هاتوون". ناوبـــراو هۆکاری سەرهەڵدانی کێشـــەکەی بۆ (رووداو) باسکردو گوتی "ئەو شوێنەی کشتوکاڵی لێکراوە دەکەوێتە ســـنووری پارچە زەوی 45 کە سنووری گوندی ســـپێدارەیە، بەڵام لەسەر داوای خەڵکی گوندی چەمەک، بەبیانووی ئەوەی جێی لەوەرگای مەڕ و ماڵاتی ئەو گوندەیە، پۆلیس ئەو کارەی کرد".

هـــەروەک ئەنـــوەر دەڵـــێ "لەوکاتـــەی کە پۆلیسەکان خەریکی شکاندنی نەمامەکان بوون، ئەوان بە پۆلیسەکانیان گوت کە ئەوان بەبڕیاری وەزارەتی کشـــتوکاڵ ئەو نەمامانەیان چاندوون، بەڵام پۆلیســـەکان گوتویانە وەزیری کشتوکاڵ وەزیری ئێمە نییە".

ئەکـــرەم حەمە رەئوف، ئەفســـەری بنکەی پۆلیســـی زەلان، رایگەیاند کە ئـــەوان بەبڕیاری ناحیە ئەو کارەیان کـــرد "بەبڕیاری بەڕێوەبەری ناحیەی زەلان ئەو کارەمان کرد، پاســـەوانەکانی بەڕێوەبەری ناحیەشمان لەگەڵ بوون".

ســـەلاح مەعـــروف، بەڕێوەبـــەری ناحیەی زەلانیـــش دەڵێ کـــە ئەویش بڕیاری ســـەرووی خۆی جێبەجێکـــردووە "منیش بڕیاری قایمقامی شارباژێڕ و پارێزگای سلێمانیم جێبەجێکردووە". بەڕێوەبەری ناحیە گوتیشـــی "گرێبەســـتی ئەو جوتیارانە هەڵوەشاتەوەو کاری پێناکرێت".

ئەنجوومەنی گوندی سپێدارە گلەیی لە هێزەکانی پۆلیس دەکەن کە بەو شێوەیە دارەکانیان لەناو بردوون "ئەو کارەی ئـــەوان کردیان پێچەوانەی یاســـای ژینگەیە، رەنگە سکاڵای یاسایی تۆمار بکەین، وەک مافێکی یاســـایی خۆمان، چونکە تێکدانی ئەو پرۆژە کشتوکاڵییە لەکاتێکدایە کە وەزارەتی کشـــتوکاڵ لـــە 2009/4/6 بڕیارێکی دەرکردووە، کەنابێ ئەو پرۆژەیە تێکبدرێ و دەبێ لە رێگەی لێژنەیەکی بەدواداچوونەوە کێشـــەکە یەکلایی بکرێتەوە".

جـــەلال حەمە غەریب، ســـەرۆکی کۆمەڵەی کوردســـتانێکی ســـەوز، رایگەیاند کە پێشـــتر بە نووســـراوێک لەلایەن دانیشـــتووانی گوندی چەمەک لـــە کێشـــەکە ئـــاگادار کراونەتەوە و دواتریش دانیشتووانی گوندی چەمەک بۆ هەمان مەبەست سەردانیان کردوون. سەرۆکی کۆمەڵەی کوردســـتانێکی سەوز گوتیشی "ئەو زەوییەی کە خەڵکی سپێدارە باخیان لەسەر دروستکردووە، زەوی هاوبەشـــە لەنێوان هـــەردوو گوند، زەوی لەوەڕەو شـــوێنێکی بەردەڵانـــەو ناکرێتە باخ، کاتێکیش کێشەی لەسەر دروست بووە، بەبڕیاری دادگا بڕیاری لەناوبردنی نەمامەکان دراوە".

لەبەرامبـــەر ســـووتاندن و لەناوبردنـــی ئەو نەمامانە، دانیشـــتووانی گوندی ســـپێدارە وەک کاردانەوەیەک چەند باخێکی گوندی چەمەکیان تێکداوە. جەلال حەمەغەریب ئەو کاردانەوەیەی بە شتێکی باش نەزانی و هەروەها گوتیشی"لەو رۆژانە ســـەردانی هـــەردوو گوندەکە دەکەین بۆ ئەوەی بە وردی لەکێشەکە تێبگەین".

هاووڵاتیەک لەگوندی چەمەکەوە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە گوتی "خەڵکی سپێدارە بۆیە هاتـــوون باخەکانی ئێمەیان شـــێواندووە، وایان زانیوە ئێمە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانیمان هانـــداوە باخەکانی ئـــەوان تێکبـــدەن، بەڵام باخەکانی ئەوان لەسەر زەوی لەوەڕ دروستکراون بۆیە تێکدران".

## هەرێمی کوردستان داوادەکات زانستیانەو عادیلانە بێت
# تشرینی یەکەمی داهاتوو سەرژمێریی گشتی دەکرێ

**رووداو- هەولێر**

حکومەتی عێراق رۆژی 2009/10/24ی وەک رۆژی ئەنجامدانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان راگەیاندو سەرۆکی دەزگای ئامارو تەکنەلۆژیای زانیارییەکانیش لەوەزارەتـــی پلاندانانی عێراق گرەنتـــی دەدات کە هیچ دەســـتتێوەردانێکی سیاسی و ئاینیی و ئیتنیکی لەو سەرژمێرییەدا ناکرێت. ئەو سەرژمێرییە کە لە دوای سەرژمێری ســـاڵی 1997 بە یەکەمین سەرژمێری دادەنرێ لەســـەر ئاستی عێراق و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش یەکەمین سەرژمێرییە لە ماوەی 22 ساڵی رابردوودا، لەبەر ئەوەی ئەو سەرژمێرییە لە کوردستان دا نەکرا. بڕیارە 250 هەزار کارمەندی ســـەر بە هەردوو وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان، جگە لەکارمەندانی هەردوو دەزگای ئاماری ســـەر بـــە وەزارەتی پلاندانان لەبەغداو هەولێر بەشداریی تێدابکەن.

مەهـــدی عەللاق، ســـەرۆکی دەزگای ئامارو تەکنەلۆژیای زانیاری لـــە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی بەغدا بە ماڵپەڕی (ایلاف)ی راگەیاند کە بەوپەڕی نهێنی مامەڵە لەگەڵ ئامارو ژمارەکان دەکەن و سەرژمێرییەکە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ ئەنجامـــدەدەن، بەو مەبەســـتەی زانیاری وردو دروستیان لەسەر ژمارەی دانیشتوانی ئێستای عێراق و عێراقییەکانی نیشـــتەجێی دەرەوەی وڵات دەستبکەوێ. عەللاق هەروەها گوتی "ئەم سەرژمێرییە یەکەمین سەرژمێرییە لە ماوەی 12 ساڵی رابردوودا، کە دوایین سەرژمێری لەساڵی 1997دا کراو هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە، بۆیە ئەم سەرژمێرییە بۆ هەرێمی کوردستان یەکەمین سەرژمێری دەبێت لەماوەی 22 ساڵی رابردوودا کـــە دوایین ســـەرژمێری لەو هەرێمـــە کرابێت لەساڵی 1987دا بووە". سەرۆکی دەزگای ئامار روونیکردەوە کە ســـەرژمێریی ئەمجارە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەبێت.

ســـەرچاوەیەکی بەرپـــرس لـــە وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردســـتان بـــە (رووداو)ی راگەیاند "هەموو رێوشـــوێنێک گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی ســـەرژمێرییەکە بەشێوەیەکی عادیلانەو زانستیانە بکرێ".

ئەوسەرژمێرییە لەکاتێکدایە کە هێشتا لەنێوان هەولێروبەغدا چەندین دۆسیە بەچارەسەرنەکراوی و هەڵواسراوی ماونەتەوەو رەنگە تەنیا ئامارێکی دروست بتوانێ قسەی یەکلاکەرەوەیان تێدابکات، لەوانەش مـــاددەی 140ی تایبەت بەناوچەکانی جێی ناکۆکـــی و دابەشـــبوونی نەتەوەیی لەو ناوچانەدا و بەشی هەرێمی کوردستان لەبودجەی عێراق کە هیچ ساڵێک لەکاتی دیاریکردنیدا بێ مشـــتومڕ تێناپەڕێ. هـــەروەک وەزیری دارایی عێراق ئەمساڵ بەمەرجی حیسابکردنەوە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاریدا رازیبێت لەســـەر دانی 17% بە هەرێمی کوردســـتان، کە بەکـــردەوە 12%ی بۆدەچێت بەهۆی خەرجییە سیادییەکان.

هەرچەندە بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی ئامار دەڵێن حسابی ئەوەیان کردووە کە فێڵ لەکورد نەکرێ، بەڵام سەرچاوەکەی وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردســـتان رایگەیاند کـــە کورد نابێ ئەگەری گەمەکردن بەژمـــارەکان بەدووربزانێ، گوتیشـــی "ئێمە لەدەســـتەی ئاماری هەرێمی کوردستان شەش مانگ زیاترە خەریکی مەشق و راهێنان و ئامادەکارین بۆئەوەی ئەرکی خۆمان لەو ســـەرژمێرییەدا بەجێبگەیێنین". هەروەها گوتی "هەســـتدەکەین دەزگای ئاماری بەغداش بێلایەنـــن و زانســـتیانە کاردەکـــەن، ئێمەش نوێنەرمان لەبەغدا هەیە بۆ سەرژمێریی ئەوانەی لـــەدەرەوەی عێراقن. هەروەهـــا تیمەکانی UN و چەند رێکخراوێکی بیانی بەشـــداریی دەکەن و هەموو رێوشـــوێنێک گیراوەتەبـــەر بۆئەوەی سەرژمێرییەکە بەشێوەیەکی عادیلانەو زانستیانە بکرێ". دەربارەی میکانیزمی کارکردنی هەردوو دەزگای ئاماری بەغداو هەرێمی کوردســـتانیش لەو سەرژمێرییەدا روونیکردەوە "لەو ناوچانەی بەهەرێمـــی کوردســـتان دادەنرێـــن ئێمە لێی بەرپرسین، لەناوچە دابڕاوەکانیش تیمی هاوبەش دروست دەکرێ".

مەهدی عەللاق، ســـەرۆکی دەزگای ئامارو تەکنەلۆژیای زانیاری عێراقیـــش رایگەیاند کە لە رۆژی ســـەرژمێریدا جموجـــوڵ و هاتووچۆی هاووڵاتیـــان قەدەخەدەکـــرێ و 250 هـــەزار مامۆستای ســـەر بەوەزارەتی پەروەردە کە بۆ ئەو کارە ئامادە دەکرێن، سەرژمێرییەکە ئەنجام دەدەن. گوتیشی "سەرژمێریی گشتی پەیوەندی راســـتەوخۆی بەپلاندانـــان و گەشـــەپێدانەوە هەیـــەو هیـــچ پەیوەندییەکی بەسیاســـەتەوە نییە، ئامانج لەسەرژمێری دەرخستنی ژمارەی دانیشـــتوان و کۆکردنـــەوەی زانیارییـــە کـــە لەبوارەکانی پێشکەشـــکردنی خزمەتگوزاری و سیاســـەتی ئابووری و تەندروستیدا سوودیان لێوەردەگیرێ".

سەرچاوەکەی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (رووداو)ی روونکردەوە کە لەو سەرژمێرییەدا پرسیار لەمەزهەب ناکرێ، هەر بۆیە سەرژمێرییەکە هیچ زانیارییەک دەربارەی دابەشـــبوونی مەزهەبی لەعێراق بەدەســـتەوە نادات، بەڵام پرســـیاری ئاین و نەتەوە دەکرێت بۆیە بۆ زانینـــی رێژەی کوردو کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانی عێراق ئەو سەرژمێرییە کارێکی گرنگ دەبێت. بەگوێرەی یاسای سەرژمێری ساڵی 1972، هەر 10 ســـاڵ جارێک سەرژمێرییەکی گشتی لەعێراق ئەنجام دەدرێ، بەپێی رێنماییە نێودەوڵەتییەکانیش، دەبێت وڵاتان هەر 5 یان 10 ســـاڵ جارێک سەرژمێریی بکەن. عێراق کە دوایین ســـەرژمێری لەساڵی 1997 ئەنجامداوە، ساڵی 2007 بەهۆی خراپیی بارودۆخی ئەمنی نەیتوانی ئەو سەرژمێرییە ئەنجامبدات. ژمارەی دانیشـــتوانی عێراق کە لەســـەرژمێریی ساڵی 1957دا بریتیبوو لە 6،538،109 کەس، لەساڵی 1997دا گەیشـــتە 22،017،982 کەس. مانگی ئەیلوولی رابردووش دەزگای ئامارو تەکنەلۆژیای زانیارییەکانی عێراق بەگوێرەی پسولەی خۆراک ژمارەی دانیشـــتوانی عێراقی بە 29،682،081 مەزەندەکرد کە تەنیا ژمارەی دانیشتوانی بەغدا 7،145،470 کەسە.

# هەمەجۆر

## 10 لێوە وروژێنەرەکەی جیهان هەڵبژێردران



ڕووداو- 13above

ڕێکخراوی جیهانی foshi کە بارەگای سەرەکی لە ئەمریکایە، لەنێوان هەزاران لێودا 10 لە هەرە وروژێنەرترین لێوەکانی ژنانی جیهانی هەڵبژارد. بە پێی راپرسی ئەو ڕێکخراوە، کە زیاتر لە 20 هەزار کەس بەشداری تێدا کرد، 10 لێوی ژنانی بەنێوبانگی جیهان هەڵبژێردران، لێوی (ناتالی باسینگ تواێگت) بە یەکەمین و وروژێنەرترین لێوی جیهان هەڵبژێردرا، 2 - کێت ڕیچی، 3 - مێگان گالێ، 4 - ئێلێ مێکفێرسۆن، 5 - میراندا کێیر، 6 - بیک هیویت، 7 - جاکیی ئۆ، 8 - سۆفی مۆنک، 9 - کیلی مینگۆ، 10 – ئێریکا هێیناتز.

# دڵنیا: کە قەڵەوبووم خەڵک زیاتر خۆشیاندەویستم و پێیاندەگوتم خەپە



نەوزاد چارلس

ڕووداو- هەولێر

هونەرمەنـد دڵنیـا قەرەداخـی، دوور لە کاری هونەری چەند لاپەرەیەکی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ (ڕووداو) دەخاتـەڕوو، ئەو باس لەوە دەکات لەتەمەنی منداڵی، هێمن و لەسـەرەخۆ و قەڵەو بووە، وەک چەند ساڵ پێش ئێستا، بەڵام دواتر بەهاوکاری دکتۆرێکی شاری هەولێر کێشی خۆی دابەزاند. دڵنیا دەڵێ "کە کێشـم کەمبووەوە زۆر ئاسـودە بووم، بەڵام ئێستا کەمتر خۆشەویستم لـەلای خەڵـک، خەڵک بە قەڵـەوی منیـان زیاتر خۆشدەویست، پێیاندەگوتم خەپە".

دڵنیا قەرەداخی کاتەکانی ژیانی خۆی بۆ چەند کارێک دابەشکردووە " رۆژانە 3 کاژێر وەرزش دەکەم، کاتەکانـی دیکەش بەخوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامەکان بەسەر دەبەم و حەزم لەنوێترین هەواڵـی هونەرمەندانە".

دەربارەی کارەکانی نێو ماڵیش دڵنیـا گوتـی "لەکارەکانی ماڵەوە تەمبەڵ نیم، زۆر حـەزم لەجوڵەیە، چێشت لێدەنێم، بەینی خۆمان بێت چێشتەکانم زۆر خۆشن و زۆر حەزم لە شفتەیە".

دڵنیا وەکو خۆی گوتی لەتەمەنی لاویدا کچێکی ڕووخسار جوان بوو" زۆرجار کـوڕان داوای پەیوەندییان لێکردووم، بەڵام داوایەکەیانم ڕەتکردووەتەوە، هەش بووە خۆم حەزم لێبووە، بەڵام ئەو داواکەی منی ڕەتکردووەتەوە". لەبارەی پێکهێنانی ژیانی هاوسەری لەگەڵ (ئاری حەمە سەعید)، دڵنیا دەڵێ "من لەتەلەڤزیۆنی Ktv بووم و ئاریش لەوێبوو، هەردووکمان لە سـتافی بەرنامەی منـداڵان بووین، ئاری کوڕێکی زۆر شـەرمن بوو، کە یەکتریمان ناسی دواتر من داوای پەیوەندیم لێکردو ئیتر لەسـەر ژیانی هاوسـەری ڕێککەوتین و ئێستا منداڵێکمان هەیە".

وەکو خۆی باسیکرد دڵنیا زۆر رقی لە "غیرە"یە و دەڵێ "کەمێک دڵپیسم، ئەگەر ئاری هاوسەرم لەگەڵ کچێکدا قسە بکات و کچەکە خۆی لێ نزیک بکاتەوە لێی جیادەبمەوە". هەروەها دەڵێ "جیا لە ئافرەتانی دیکە حەزم لەزێڕو پارە نییە، تەنها حەز دەکەم بارودۆخم وابێت پێویستم بەکەس نەبێت".

دڵنیا کە لەساڵی 1995 دەستی بەکاری هونەری کردووە، دوایین بەرهەمی بەنێوی (بۆ کوڕێک)ە، کە لە 8 گۆرانی پێکهاتووە، کە یەکێک لـە گۆرانییەکانی بە عەرەبییە و لەمانگی 5 بڵاویدەکاتەوە، وەکو خۆیشی گوتی "زۆر حەز دەکەم لە ئەمریکا کۆنسێرت ساز بکەم".

# حەمکۆ لەلایەن تەلەڤزیۆنەکانەوە هاک دەکرێ



عەبدولغەفار عەبدوڵڵا

ڕووداو- هەولێر

حەمکۆ ئەمین لە لێدوانێکیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من نازانم دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردسـتان بۆچی لەبەردەم کار و پرۆژەکانم ڕادەکەن..؟ لەکاتێکدا من ئێسـتا لەوپەڕی بیرکردنەوەدام کـە کار و بەرهەمی بـاش بئافرێنم، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە تا ئێسـتا ڕێزی هونـەری (کۆمیدیا) ناگیرێت و بە گاڵتەجاری تێیدەگەن".

حەمکۆ هەروەها گوتی "من تائێستا هەوڵمداوە لەگەڵ چەند تەلەڤزیۆنێک ڕێکبکەوم و بەرنامەی جۆراوجۆریان بۆ ئامادە بکەم، بەڵام هەریەکەو بە بیانوێک خۆی دوور دەخاتەوە، بەداخەوە وا هەسـتدەکەم (هاک) کراوم، لەکاتێکدا سەردەمانێک (حەمکۆ و هاوتا ئەسعەد) و چەند کەسـێکی دیکە دەنگی مقاومەت و خۆڕاگری و دەنگی جەماوەر بوون، بەڵام ئێستا نازانن حەمکۆ لە کوێیە و هاوتا لە کوێیە".

حەمکـۆ لەکۆتاییـدا گوتی "چەندیـن پرۆگرامی جۆراوجـۆرم لەبەردەسـتدایە،چەندین کاری تازەی کۆمیدیـم لە هەگبەدایە، بەڵام نازانم کەی دەگەیێنمە بەر دیـدی بینەرانم، ئەگەر لەگەڵ هیچ تەلەڤزیۆنێک ڕێکنەکەوتم لە ڕێگەی یەکێک لە کۆمپانیا هونەرییەکان بڵاوی دەکەمـەوە، یان تەلەڤزیۆنێکـی ئینتەرنێتی دادەمەزرێنم".

حەمکۆ داوا دەکات کەناڵەکان ڕوونکردنەوەی خۆیان بدەن کە بۆچی بەرهەمەکانی بڵاوناکەنەوە.

# 4 هونەرمەند ئامادەن ئاهەنگی سەرکەوتن بگێڕن

کارزان گلی

ڕووداو- هەولێر

بەبۆنـەی بردنەوەی 91 شـارەوانی لەلایەن پارتی کۆمەڵگـەی دیموکراتی DTP لەباکووری کوردستان، 4 هونەرمەندی باشووری کوردستان ئامادەن ئاهەنگێکی جەماوەری بۆ بردنەوەی DTP بگێڕن.

هونەرمەنـدان محەممەد ڕەئـووف کەرکوکی، باکـووری، ئامانج غازی، سـابیر کوردسـتانی، بە (ڕووداو) یان ڕاگەیاند کـە دەیانەوێ بەبۆنەی بردنـەوەو سـەرکەوتنی DTP کۆنسـێرتێکی جەماوەری لەباشـووری کوردسـتان سازبکەن، وەکو محەممـەد ڕەئوف کەرکووکـی گوتی "من ئامادەم گۆرانی بـۆ بردنەوەی DTP بڵێم، بەڵام دەبێ لایەنێک یان ڕێکخراوێک پشتگیریمان بکات، بۆ ئەوەی ئەم ئاهەنگـە بگێڕین، ئەوەش ئەرکی ڕێکخراوی هونەرمەندی کوردستانە".

هەروەها هونەرمەند باکووری، کە زۆر دڵخۆشە بەوسەرکەوتنەی DTP دەڵێت "من دەمێکە گۆرانی ناڵێم و لە هیچ بۆنە و ئاهەنگێکیش بەشدار نەبوومە، بـەڵام لەبەر بردنـەوەی DTP ئامادەم گۆرانی و سروود بڵێم، چونکە ئەوان هاوسۆز و برای ئێمەن، جگـە لەوەش بۆ خۆم خەڵکی گوندەکانی دەور و بەری شاری (وان)م و هەمیشە بیرم لەوێیە".

ئامانج غازی، کە بەیەکێـک لەمووزیکژەنە بە تواناکانی کوردسـتان دادەنرێ، ئەویش ئامادەیی خۆی بۆ سازدانی ئاهەنگێکی جەماوەری دەربڕی "بـەڵام نـەک وەک پاشـکۆیەکی حیزبایەتی بۆ DTP، بەڵکو بۆ پشتیوانی خەباتی کورد لە پێناو مافەکانی، سەرکەوتنی DTP بۆ هەموو کوردێک باشە و دەبێت پێمان خۆش بێت".

هونەرمەند سابیر کوردستانیش دەڵێت " ئامادەم گۆرانی بۆ هەموو حیزبێکی سیاسی کوردی بڵێم، لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت".

## بۆ کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتووچۆ

# تەنوورەی کورت قەدەخە دەکرێ



ڕووداو- ئینرۆز

لەباشـووری ئیتاڵیـا پۆلیـس هەڵمەتێکـی دەسـتپێکردووە، بۆ دەسـتگیرکردنی ئـەو کچانەی کە تەنوورەی کورتیان لەبەردایە، ئامانج لـەو هەڵمەتـەش کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆیە.

پۆلیسـی شـاری تۆرنتیـۆی باشووری ئیتاڵیا لە بڕیارێکی سەیردا لەبەرکردنـی تەنـوورەی کورتـی قەدەخە کرد، بۆ ئەوەی نەبنە جێگەی سەرنجی شۆفێران، کە سەرئەنجام ڕووداوی هاتووچۆی لێدەکەوێتەوە. پۆلیـس لەراگەیێندراوێکدا ئاماژەی بـۆ ئـەوە کـردووە، لە مـاوەی رابـردوودا لـە شـارێکی ئیتاڵیا ژمارەیەکـی زۆر ڕووداوی ئۆتۆمبێل ڕوویـداوەو هۆکارەکەشـی بۆ ئەو کچانە دەگەڕێتـەوە کە جلوبەرگو تەنـوورەی کورت لەبـەر دەکەن، لەپێنـاو ڕاکێشـانی سـەرنجی گەنجان، بەو هۆیەشـەوە چەندین ڕووداوی ئۆتۆمبیـل ڕوویانـداوە. لەراگەیێندراوەکەی پۆلیسدا هاتووە هەر کچێـک تەنوورەی کورت لەبەر بکات، بەئامانجی سەرنج ڕاکێشانی شۆفێران و گەنجان، زیندانی دەکرێتو بەبڕێک پارەش سزا دەدرێت.

# نارین و مێردەکەی لێک جیابوونەوە



ڕووداو-ستۆکهۆلم

هونەرمەنـدی کورد نارین فەقی، لـە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاشـکرای کرد کە ئەو ئێستا بێ هاوسەرە و ئازادە.

هەرچەندە هەواڵی مێردکردنی نارین مانگی ڕابردوو لە میدیای باشـووری کوردستان دا بڵاوبووەوە، بـەڵام نارین لە درێژەی لێدوانەکەیدا گوتی " ئەوە چەند مانگێکە من جیابوومەتـەوە". نارین کە تەمەنی 29 ساڵە و خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستانە و چەند سـاڵێکە نیشتەجێی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سـوێدە، دەڵێ " من بەو ئازادیەی خۆم دڵخۆشم".

نارین کە ئەو مانگـە ئەلبوومێکی تـازەی خۆی بەنێوی (هێڤی) بڵاوکـردەوە، کە لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەکەوە بەرهەم هاتووە. لەو ئەلبوومەدا گۆرانی (خەم و دەم)ی کلیپ کـردووەو، لە کەناڵی کۆڕەک میوزیک دا بڵاوبووەتەوە. نارین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئێسـتا خەریکی دروستکردنی دوو کلیپی نوێیە.

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

بیرۆکەکانت کەسانی دەورووبەری تۆی سەرسـام کردووە، بەردەوام شتی نوێ دادەهێنن، بەزوویـی بڕیار دەدەن، هەر ئەوەش وادەکات زۆرجار بکەونە هەڵەوە، پێتخۆش نییە کەس دەسـت وەربداتە کارەکانتو حەزت لە سەربەستییە.

### گا
Apr 20-May 20

زوو درک بەگۆڕانەکانـی دەورووبەرت دەکەی و بەئاسـانی دەتوانی کەسانی دەوروبـەرت بخوێنیـەوە، لەگـەڵ خۆتدا ڕاسـتگۆی، بەئاسـانی متمانە بەهەموو کەسـێک ناکـەی و بە وردی لەدەورووبەرەکەت دەڕوانی.

### جمک
May 21-Jun 21

کەسـێکی کۆمەڵایەتـی و زۆر بەئاسـانی دەتوانی لەگەڵ هەموو جۆرە کەسـایەتییەکاندا خـۆت بگونجێنـی، توڕەبوونـت زۆر کەمـەو بەزوویی هێور دەبییەوە، دڵسۆزی بۆ خۆشەویستەکانت، کەسێکی متمانەپێکراو و نهێنی پارێزی.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

بۆ بڕیـارە گرنگەکان زۆر بەهێواشـی هەنـگاو بنێ، ئـەو هەفتەیـەی تێیدای کاریگـەری زۆری هەیە بـۆ دیاریکردنی جۆری کەسایەتیت، تازەترین لێکۆڵینەوەی دەروونناسیش کەسایەتی مرۆڤ بەپێی ئەو کارانەی دەیکات پۆلێن دەکرێ.

### شێر
Jul 23-Aug 22

کەسـێکی لەخۆبووردی و زۆر بەزوویی ئەو ئەرکانـە ڕادەپەڕێنی کـە دەکەوێتە سەر شانت، شەرمنی و دوور دەکەویتەوە لەو جێگایانەی خەڵکانێکی زۆری تێدایە، لەپێناو هاوڕێکانیت دەسـت لە زۆر مافی خۆت هەڵدەگری.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

سـووری لەسـەربۆچوونەکانی خۆت و زۆربەی کات تاکڕەوانـە بڕیار دەدەی، حەز ناکەی کەس ڕێنماییت بکات، ئەوەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵە بکەی، لەڕووی داراییەوە کەسێکی دەستبڵاوی.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

کەسـێکی زیرەکـی و زۆرگرنگـی بەفێربوونی شـتی نوێ دەدەی، زۆربەی کات بۆچوونەکانـت لەجێگەی خۆیاندایە، ئەوەش وایکـردووە زۆر گوێت لێبگیرێت، کەسێکی ڕووخۆشو دەم بەپێکەنینی و، حەز بەخۆدەرخستن ناکەی.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

حەز بەیارمەتیدانی کەسانی دیکە دەکەی و بەسەرکەوتنی دۆستو خزمەکانت ئاسوودە دەبـی، توانایەکـی زۆری بیرکردنـەوەت هەیە بـۆ ڕاوێژپێکردن، بـەڵام هەندێجار دوودڵی لەبڕیاردانو بەزوویی بۆچوونەکانت دەگۆڕیت.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

هەمیشە حەز بەقەرەباڵغیو تێکەڵبوونی کەسانی دیکە دەکەی، زۆربەی کات خۆت بەفێربوونی شتی نوێیەوە خەریک دەکەی، بەختێکی باشـت هەیە، توانایەکی زۆرت هەیە بۆ ڕازیکردنی دەورووبەرەکەت.

### کارژۆڵە
Dec 22-Jan 19

کەسێکی سەرنجراکێشـنو دەورووبەر بەهەڵسـووکەوتەکانتان سەرسام دەکەن، پێش هـەر بڕیارێک بەوردی بیر بکەنەوە، کـەس حەزی لێنییە درۆ ببیسـێت، هەر گرفتێکیشـت هەبێ بەراوێژ چارەسـەر دەبێ.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

بەزوویی دەستبەرداری مافەکانی خۆت نابی و هەوڵـی زۆری بۆ دەدەی، هەروەها هەوڵ بۆ سەرخسـتنی ئەو پرۆژانە دەدەی کـە لەخەیاڵتدایـە، گەشـبینن بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی دەورووبەر و، کەسـێکی کەمتر حەز بەتێکەڵاوبوون دەکەی.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

کەسـێکی حـەز بەهونـەر دەکـەی و توانـای داهێنانـت هەیـە، لـەڕووی سۆزداریشەوە کەسێکی سەرکەوتوو نیت، حـەزت لەدەسـتکەوتی داراییـی زۆرە و هەوڵی بەردەوامی بـۆ دەدەی، لەزۆربەی هەنگاوەکانت بەخت یاوەرتە.

کەشوهەوای کوردستان

| ڕۆژ | | هەولێر | سلێمانی | دهۆک |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| دووشەممە | 4/13 | نزمی: 8 بەرزی: 23 | نزمی: 8 بەرزی: 21 | نزمی: 6 بەرزی: 19 |
| سێشەممە | 4/14 | نزمی: 11 بەرزی: 27 | نزمی: 11 بەرزی: 24 | نزمی: 8 بەرزی: 22 |
| چوارشەممە | 4/15 | نزمی: 10 بەرزی: 29 | نزمی: 9 بەرزی: 27 | نزمی: 6 بەرزی: 23 |
| پێنجشەممە | 4/16 | نزمی: 9 بەرزی: 28 | نزمی: 9 بەرزی: 28 | نزمی: 6 بەرزی: 21 |
| هەینی | 4/17 | نزمی: 9 بەرزی: 26 | نزمی: 9 بەرزی: 26 | نزمی: 6 بەرزی: 19 |
| شەممە | 4/18 | نزمی: 9 بەرزی: 27 | نزمی: 9 بەرزی: 27 | نزمی: 6 بەرزی: 21 |
| یەکشەممە | 4/19 | نزمی: 8 بەرزی: 24 | نزمی: 8 بەرزی: 24 | نزمی: 6 بەرزی: 18 |

AccuWeather.com INTERNATIONAL

# ئۆباما پشیلەی کوردی نەبرد

ڕووداو-وان

ئەو گوندەی باکووری کوردسـتان کە بەبۆنەی سـەرکەوتنی بـاراک ئۆباماوە لە هەڵبژاردنەکانی سـەرۆکایەتی، 44 سەرە مەڕیان کردە قوربانی، بەو هیوایە بوون کە ئۆباما لەمیانەی سـەردانەکەیدا بۆ تورکیا، سەردانی ئەو گوندەش بکات، بەڵام ئۆباما نەیتوانی ئەو سـەردانە بکات و لە ڕێگای کونسوڵخانەی ئەمەریکی لە شاری ئەدەنە، سوپاسی خۆی گەیاندە گوندنیشینەکانی گوندی (چاڤوشتەپە)ی سەر بە شاری وان.

لەم بارەیەوە دانیشتوویەکی ئەو گوندە بە ناوی عەبدولکەریم گولاز گوتی" ئەگەرئۆباما بهاتبایە گوندەکەمان،بەنیازبووین پشیلەیەکی بدەینێ، بەڵام کونسوڵخانەی ئەمەریکا پێی ڕاگەیاندین کە ئۆباما ناتوانێت سـەردانیان بکات و ئەگـەر سـەرۆک ئۆباما پشـیلەکەی بوێت، ئەوا بۆی ڕەوانە دەکەین".





له تۆرنتۆوه

## بەرپرسیاری میری لە هەرێمی کوردستان
# لە بێسەروشوێن بوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری کشتوکاڵیدا



رامیار مەحمود-کەنەدا
karwanmramyar55@gmail.com

ئایا دەتوانین بیر لە بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی بکەینەوە لە هەرێمدا کە ماوەیەک پێش ئێستا هەمان باس ورووژێنراوە بە ناوی ئابووری گوندەوە، ئەمەیان تارادەیەک بەستراوەتەوە بەوەوە کە ئابووری کشتوکاڵی چالاکییەکە دەکەوێتە سنووری کۆمەڵایەتی و جوگرافی گوندەوەو دیمەنێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی جیاوازیشمان دەهێنێتە بەرچاو، تەواو جیاوازە لەو دیمەنە کۆمەڵایەتی و ئابورییەی شار دەیهێنێتە بەرچاومان کە لە پشت هەریەکێکیانەوە دوو جۆر هێزی کاری جیاواز خۆیان نمایش دەکەن، یاخود بە یەکجاری ئەو مەسەلەیە فەرامۆش بکەین بەهۆی ئەوەی کە قازانجە ئابوورییەکەی ماوە درێژە و سەرنج ڕاکێش نییە بۆ میری و ئەوانەی لەو بوارەدا ئارەزووی خۆتاقیکردنەوەیان هەیە. میری لە هەرێمی کوردستان تا چەند ئامادەیە بچێتە پاڵ ئەم پرۆژەیەو بۆچی دەبێت بچێتە پاڵ پرۆژەیەکی لەو جۆرە؟ ڕەنگە خەڵکێکی زۆری شارە سەرەتاییەکانی هەرێمی کوردستان پێیان خۆش بێت خەڵکی ئەو لادێیانە لەسەر ورگیان لاچن و شارەکان چۆڵکەن و بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان. شارەکانی هەرێمی کوردستان هەڵگری هەڵمەتێکی گەورەی دیسکریمینەیشن بوون بەرامبەر بە دانیشتوانی دەرەوەی شار بەبێ ئەوەی سیفەتی جەوهەری جیاوازیشیان هەبێت لە دەرەوەی شار. بەشێکی زۆری بێهەستی سیاسی وئینسانی هەرێمەکەش بەرامبەر ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە قوربانیانی ئەنفال خەڵکی دەرەوەی شارن. لە باشترین حاڵەتدا ڕەنگە قوربانیکردنی خەڵکی دەرەوەی شار بێت بە بابەتێک، ئەمە ئەگەر گریمان ئەو قسەیەی مەلا بەختیار ڕاست بێت کە بە ناوی مام جەلالەوە دەڵێت کارەسات و هەڵەبجەو ئەنفال و شکست سەرەتای سەرکەوتنە.

من نازانم ئەم جۆرە بینینە هی تاڵەبانییە یان مەزەندەکردن و شێوە گێڕانەوەی مەلابەختیار خۆیەتی، بۆ قسەیەکی تاڵەبانی. هەرچەندە مەسەلەی دیسکریمینەشن و ڕەگەزپەرستی لە وڵاتی ئێمەدا لە ئاستێکی بەرزدایەو تەنها ئەوان ناگرێتەوە، بۆنمونە ئەو مووچە کەمەی کە کەمئەندام هەیەتی لە وڵاتی ئێمەدا بەرامبەر بەو مووچە زۆرەی کە ئەندام پەرلەمانێک هەیەتی تەواو نادادپەروەرانەیە. بەڵام کەمئەندام کێیە؟ لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەو وشەیە پەیوەندی بە قۆناخی یارمەتییە مرۆییەکانەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان. ئەم زاراوەیە لەڕێی کارو پیشەی ئەوانەوە پەڕییەوە بۆ ناو ئێمە، ئەگینا ئێمە تەنها ئەوەی لە زەینماندایەو ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی زەینماندا پیادەی دەکەین شەل و کوێرو قەڵەو گۆج و ورگەو شت گەلێکی زۆری لەو بابەتەیە، چونکە لە زەینی خەڵکی لای ئێمەدا کەم ئەندام واتا کەسێکی بێفەڕ کە توانجێکی ئامادەکراومان هەیە بۆی، بۆیە شتێکی ئاساییە کوێر و بێ قاچ لە ناو پەرلەمان و میرییەکەی ئێمەدا جێگای نەبێت، تەنانەت هەروەک چۆن لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا جێگای لە خوارەوەی ڕیزبەندی کۆمەڵایەتیدایە، نە قوتابخانەو نە فەرمانگەو نە هیچ شوێنێکیش ئاماژەیەکی وای پێوە نییە کە باری ڕەخسێنراو هەیە بۆ کەمئەندام. ئەمە لە وڵاتێکدا کە ڕێژەیەکی زۆری کەمئەندامی هەیە بە هۆی جەنگ و شۆڕشەوە یان هەلومەرجی زگماگییەوە یان ڕوداوی ئاسایی، تەنانەت زۆر جار کە خەڵک قسە لەسەر کاربەدەستێکی سیاسی دەکات ئەوەندە دڵڕەق و نا ئینسانی قسە دەکات بەڕادەیەک توانجەکان دەپەڕنەوە بۆ شکڵیان وەک ورگ و قەڵەوی و شەلی وجلوبەرگە فۆلکلۆرییەکەی. کە ئەمە بۆ من زۆر جێگەی ئازارە، چونکە بە هیچ شێوەیەک نابێت گاڵتە بە شکڵی ئینسان بکەین، کاتێک ئێمە گاڵتە بە شکڵی دیاریکراوی ئینسانێک دەکەین واتە هەموو شکڵەکانی وەک ئەو لامان ناشرینە. مەبەستم ئەوە نییە دەست لەو مافە هەڵبگیرێت کە مافی گاڵتەکردنە بە سەرۆک، تەنانەت دەبێت مافی ئەوەش پارێزراو بێت مرۆڤ بۆی هەبێت لە کاتی ناوبردنی سەرۆکدا بتوانێت جرتیش بکێشێت، بەڵام گاڵتەکردن بە جلوبەرگ و شکلیان ناکرێت ڕێگەپێدراو بێت، چونکە نە دین ڕێگەی پێدەدات نە یاسا. دوو نمونەی باشمان لەبەردەمدایە بۆ ئەمە، مامۆستایەکم هەیە وانەیەکی پێوتمەوە لەسەر سیستەمی کەنەدی و لیڤلەکانی حکومەت لە کەنەدا، بە ڕێکەوت لە کاتی ناوبردنی (ستیڤن هارپەر) دا بە جرتو دەنگی ڕشانەوەوە ناوی برد، چونکە دژی سیاسەت و بەرنامەکەیەتی، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە و کەسیش ناتوانێت مافی ئەوەت لێ زەوت بکات، بەڵام ناتوانین بەکەس بڵێین قەڵەو یان گۆج و شەل. خۆشبەختانە لە وڵاتێکی وەک کەنەدا کەمئەندام بەهایەکی گەورەی هەیە و لە هەموو شوێنێکدا ماف و پێویستییەکانی دەستەبەرکراون، تەنانەت گەفەرنەرجەنەراڵی حکومەتی هەرێمەکەی من لە ئۆنتاریۆ کابرایەکی کەمئەندامە کە ناوی (دەیڤد لۆنلی)یە و بە یەکێک لە قارەمانەکانی دۆزی کەمئەندامان دادەنرێت لەم وڵاتەدا.

هیوادارم خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆرتر بە شوێن ئەو دۆزەدا بچن. بە هەرحاڵ با لە بابەتەکەم دوور نەکەومەوە بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی کشتوکاڵ، هەرچەندە من دڵنیانیم بتوانم بە باشی قسە لەم بوارەدا بکەم، بەڵام هەر هەوڵدەدەم هەندێک سەرنج تاوتوێ بکەم، گرنگییەکە لەوەدا یە کە ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوانەی بە دروستکردنی سیاسەتەوە سەرقاڵن، مەسەلەیەکی ئێجگار ئاڵۆزو گرنگی ئەوانە لە بواری سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگادا. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە زۆر لە وڵاتانی ئەفریقاو ئاسیا سەربەخۆییان وەرگرت، بەشێک لەو وڵاتانە سیاسەتی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆییان گرتەبەر، لە ڕێی گرتنەبەری باج و کۆسپی هەمەجۆر بۆ هاوردەی دەرەوە، لە میانەی بازرگانی جیهانیدا. ئایا بوونی سەرچاوە ناوخۆییەکانی خۆراک گرنگن؟ ئایا ئەمە گرفتێکی گەورەیە ئەگەر هەموو سەرچاوە خۆراکییەکانمان هاوردەبن؟ چۆن دەتوانین لەسەردەمی گلۆبالیزەشندا سەرچاوەی خۆراکی ناوخۆیی بخەینە گەڕ؟ یەکێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی ئابووری لەسەردەمی گلۆبالیزەشندا بازرگانی و ئاڵوگۆڕی سەرچاوەی سروشتی و کشتوکاڵە، ئەرگومێنتە کلاسیکییەکەش کە بەلای ئازادی و بێکۆت و بەندیدا دەیشکێنێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئادەم سمیس و دەیڤید ریکاردۆ کە ئامانجی بە تایبەتیکردنی ئەو چالاکییە ئابوورییانەیە. بەڵام بازرگانی جیهانی زۆرجار دەبێتە هۆی بێسەروشوێنکردنی کولتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە زۆر وڵاتدا. لە وڵاتی ئێمەدا جەنگ و بازرگانی دەرەکی و سیاسەتی میری بەشداری لەو بێشوێنکرنەدا دەکەن. هەفتەی ئایندە دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە.

# لە کوردستان
# لیبراڵیزەکردنی دیموکراتی پێویستە



مەهاباد قەرەداخی
mahabad03@hotmail.com

فیکر و فەلسەفەی سیاسەت وزەی هزریین و تیۆریسێنەکان ڕوانگەی سیاسی لێ پێکدەهێنن و ڕابەرێک یان سەرکردەیەکی سیاسی دێت لەگەڵ ڕیالیتەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەیانگونجێنێ تا بۆ پیادەکردن دەستبدەن و، ببنە ڕێبازی ڕوونی سیاسی و هێڵی گشتی بزاڤەکان دیاری بکەن.

جیهانی سیاسەت لە کۆن و ئێستاشدا ئەزموونگەی دەیان فیکری سیاسی بووە و، حیزب و ڕێکخراوی هەمەجۆر هەڵگر و پەیڕەوکاری ئەو فیکرانەبوون چ لە سەردەمی تێکۆشانیان لە ئۆپۆزیسیۆندا و، چ لە قۆناخی فەرمانڕەوایی و دەوڵەتداریدا بەکاریان بردوون. ڕۆژئاوا زاینگەی هەموو تیۆرییە سیاسییەکان بووە، وەلێ چونکە فیکر وزەی عەقڵە و عەقڵیش وزیەکی بازنەییە و بە هەموو گەردووندا دەگەڕێ، ئەو فیکرانەش بە هەموو جیهاندا گەڕاون و دەگەڕێن. لە هەر شوێنێکدا بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ دۆخی کلتووری و کۆمەڵایەتی ئەو زەمینەیە کاری پێکراوە.

وەک فیکرێکی تیۆری و وەک ڕێبازی سیاسی پیادەکراویش، دیموکراتی وەک سیستەمێک لە مێژە لە جیهاندا کاری پێدەکرێت و گەشەی پێدەدرێت. ئەگەر سەرەتا بیست و پێنج سەدە پێش ئێستاییەکەی لە زێدی خۆی (یۆنان) بوو بێ، گەشەکردنی لەم دوو سەت ساڵەی دواییدا لە وڵات و کیشوەرەکانی دیکەی جیهاندا بە خێراییەکی زۆر ڕوویداوە و بەردەوام لەگەڵ جۆگەلەی فیکری دیکەدا تێکەڵ کراوە و دیدگا و ڕێبازی نوێتری لێ پێکهێنراوە.

لە کوردستاندا کەمتر لە سەدەیەکە فیکری دیموکراتی ناسراوە و وەک ڕێباز کاری لەسەر دەکرێ و لە پەیڕەونامەی زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان جێگەی هەیەو هەموو دروشمەکان لەسەر ئەو بنەمایە داڕێژراون. بەڵام ئەوەی سەرنج لە دیموکراتی پیادەکراوی کوردستان بدات، ڕووبەڕووی کەموکوڕییەکانی دەبێتەوە و هەست بە ناکارایی مەیدانی پراکتیزەکردنی دەکات، کە ئەمە تا ڕادەیەک بۆ بارودۆخی ناسەقامگیری سیاسی کوردستان لەمەوپێش ئاسایی بووە، بەڵام لەمەودوا دەبنە جێگەی ڕەخنەی جیدی ئەگەر دەست بە چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکان نەکرێت. دیموکراتی وەک فیکرێکی پەتی بۆ هەندێ لە قۆناخەکانی خەبات گونجاوە و، لە هەندێ قۆناخی دیکەشدا پێویستی بە گەشەپێدان و کامڵکردنە، ئەویش بە ریفۆرم ئەنجام دەدرێت.

لە باشووری کوردستاندا، ئەگەر تا ئەمڕۆ ئەو بەرگە دیموکراتییەی حیزبەکان پۆشیویانە "بە کەموکوڕییەکانیشییەوە" پڕ بە بەری کۆمەڵگە بووبێ، چونکە پێش ئێستا کۆمەڵگەیەکی فیوداڵی و کۆلێکتیف بووە، بەڵام ماوەیەکە هەست بە تەسکبوونەوەی ئەم بەرگە دەکرێت و، پێویستی فراوانکردنەوەی هاتووەتە ئاراوە.

بەهۆی گۆڕانکاری دیار و بەرچاو لە پێگەی کوردستان وەک دەوڵەتێکی (نزیکەی) سەربەخۆ و، پێگەی کۆمەڵگەی کوردستان کە بەهۆی گەشەسەندنی ئابووری و تێکەڵبوونی بازاڕەکانی جیهان بە بازاڕەکانییەوە، ڕووەو کرانەوە و جڤاکێکی تاکگەرایی هەنگاوەکانی یەکەمی ناوە و لەمەودواش بە تێمپۆیەکی خێراتر بەردەوام دەبێت، دەشێ ڕوانگەیەکی گونجاویش بخوازرێت و فیکری سیاسی مۆدێرن و گونجاو لەگەڵ دۆخی نوێیدا پیادەبکرێت کە هاوتەریب و هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ هەنگاوەکانی دیکەی کۆمەڵگە. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە گەشەپێدان و، فراوانکردنی ئەو دیموکراتییە کلاسیکییە هەیە، لە ڕێگەی ڕیفۆرمەوە.

ئێمە دەتوانین هاوکات و هاوتەریب لەگەڵ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی دیموکراسی پیادەکراو و چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی، هەوڵێکی جیدیش بۆ لیبراڵیزەکردنی ئەم دیموکراتییە بدەین، کە بۆ قۆناغی ئێستای کوردستان دیدێکی گونجاوە و لە سەر زەمینی واقیعی هاوچەرخی کوردستاندا ئاسانتر پراکتیزە دەکرێت.

لیبراڵیزم (ئازادیخوازیی) وەک ئایدیا لە دوای کەوتنی کۆمۆنیزمەوە بڕەوی زیاتر پەیدا کرد و لە وڵاتە خۆشنوودەکاندا ئاوێتەی سیستەمە دیموکراتەکان کرا و لیبراڵیزمێکی دیموکراتی لێ پێکهێنرا کە ئەلتەرناتیڤێکی لەبار بوو بۆ سیستەمی سیاسی پیادەکراو و، بەڕێوەبردنی وڵات. ئەم ڕوانگە نوێیەش لەسەر بنەمای: مافی یەکسان، بێلایەنکردنی توخم و ڕەگەز و کولتوورەکان، گەشەپێدانی کولتووری سیاسی و ریفۆرم و ریئۆرگانیزەکردنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، چاکسازی لە گوزەرانی خەڵک لە ڕێگەی گەشەپێدان و پتەوکردنی ژێرخانی کۆمەڵگە و گەشەپێدانی هێز و وزەی مرۆیی، بنیاتنرا و خرایە بواری پراکتیکەوە. لەوسەریشەوە ئەنجامی دڵخوازانەی بەدەستەوە دا. بۆیە برەوی پەیدا کرد و دەشێ لە بارودۆخی کۆمەڵگەکانی دیکەشدا هەمان ئەو ئەنجامانەی هەبێت.

تیۆرییەکانی لیبرالیزم لە سەر دەستی جۆن ڕاوڵ، میشیل ساند، چارلس تایلۆر و میشیل والزار دانران و، ئەمانە بە گشتی ڕوانگەی لیبرالیزمیان لەبارەی: مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ، بەشداری خەڵک لە پرۆسەی بڕیاردان، دروستکردنی پرد لە نێوان گەلان، گەشەپێدانی هاوهەستی لە نێوان گرووپە جیاوازەکان و ڕەگەز و توخمەجیاوازەکان و هتد، دەربڕی و ڕووندەکردەوە. بەو پێیەش (فرەیی) لە دیاردەکاندا مایەی (زەنگینی) کۆمەڵگە دەبێ و، وەک سامانێکی مرۆیی چاوی لێدەکرێت.

فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی (کۆتایی مێژوو و دواترین مرۆڤ) دا دوا ڕێگە چارە بۆ حکومەتەکانی ئایندەی جیهان لەوەدا دەبینێت کە فیکری لیبراڵدیموکراتی بە جیهانی ببێت و پراکتیزەبکرێت. جگە لەو دانێل بیل، سۆسیۆلۆژی ئەمریکایی، ئەم سەردەمەی بە کۆتایی سەردەمی ئەو حکومەتانە دانا کە لەسەر بنچینەی ئایدۆلۆژیا دادەمەزرێن و کار دەگوزەرێنن. ئەم دوو تیۆرییە هەردووکیان لە کاتێکدا بوون کە هێشتا ئایدۆلۆژیای سۆشیالیستی لە یەکێتی سۆڤیەتدا لەسەر پێ بوو، بەڵام ئەوان پێشبینییان کرد کە سەرجەم ئەو حکومەتانەی کە بەردەوامی فاشیزم و کۆمۆنیزم و ئایدۆلۆژیا هاوجۆرەکانن شکست دەهێنن. پێچەوانەی ئەمەش پێشبینی ئەوەیان دەکرد حکومەتە لیبراڵدیموکراتییەکان پێشدەکەون و گەشە دەکەن.

دیدگای دیموکراتی پەیوەستکراو بە لیبراڵیزمەوە ڕەچاوی جیادۆخی و هاودۆخی کلتوورەکان دەکات و دەیکاتە خاڵی دەستپێکی فرەکلتووری و فرەلایەنی. لەم گۆشەنیگایەوە بە ڕوونی دەبینرێت چۆن جیاوازییەکان هێزن و یەکتری بە وزەیەکی نوێ بەهرەمەند دەکەن. ناوازەیی ئەزموونێکی وا لەوەدایە کە ئەنجامی ئەوەت نیشاندەدات کە وزە جیاوازەکان یەکتری دەوڵەمەند دەکەن و، پێکەوە هێزێکی گەورەترن و بە ڕێگایەکی قەدبڕ گەیشتن بە ئامانجەکان مسۆگەر دەکەن.

مرۆڤ کە هەڵگری بیری جیاوازە، خاوەنی کولتووری جیاوازیشە. ئەمانە جودا و دوور لە یەک فیکری دابڕاو و پچڕ پچڕن، بەڵام پێکەوە موزایکێکی سیاسی پێکدەهێنن، کە دەشێ بە سیاسەتێکی فرەکلتوور ناوی ببەین. فرەکلتووری خۆی لە خۆیدا دەوڵەمەندییە و سیمایەکی لیبراڵانەتر دەداتە دیموکراتی، ئەگەر لە نێو پارت یان هەر ڕێکخراوێکی سیاسیدا پیادە بکرێت، دەرگاکانی ئەو پارتە بەڕووی وزە و توانای نوێ دەکاتەوە و، ئەوانیش بە هەستکردن بە ئازادی و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی خۆیان، وزە و تواناکانی خۆیان دەخەنە کۆنتۆی هێزی فیکری ئەو پارتەوە و لەوێشەوە لە خزمەتی کۆمەڵگەدا دەخرێنەگەڕ. کۆکردنەوەی بیر و توانا و ئەزموونە ڕەنگین و لێکنەچووەکان و کردنیان بە سامانێکی برەودار، دەشێ لە ژێر چەترێکی وەک لیبراڵ دیموکراتی جێگەی بێتەوە، کە بۆ ئەمڕۆی کوردستان جێگەی بایەخێکی زۆرە و دەشێ هەر پارتێکی هەڵگری بیرێکی وا بکاتە پارتێکی پێشڕەوی کۆمەڵگە و، ئەودەم لە نێو حکومەتیشدا پیادەی دەکات و حکومەتێکی بەهێز بەو وزە مرۆییانە پێکدێت.

حیزب تەنها ئۆرگانێکی سیاسی نییە، بەڵکو سۆسیۆ سیاسیە، بۆیە کرانەوەی دەروازەکانی بەڕووی ئازادییەکان و بیری نوێ، کرانەوەی کۆمەڵگەشە بە ڕووی دنیابینی تازە و کلتوورە جۆراوجۆرەکان و نۆرمی نوێ و لە ئاکامیشدا گەشەسەندنی تاکەکانی کۆمەڵگە.

دیموکراتی لیبراڵ ئەو ڕێبازەیە کە شێوەی بازنەیی و، کولتووری بازنەیی و داخراوی ڕێکخراوێکی سیاسی ڕەتدەکاتەوەو، چەندین دەرگا و پەنجەرەی نوێ لەو ڕێکخراوە دەکاتەوە و ڕێگاکان هەموار دەکات بۆ بەدیهێنانی خێراتری ئامانجەکان. گوژمەی ئەو وزە جیاواز و نوێیانەی کە بەهۆی لیبراڵبوونی پارتێکەوە دێنە مەیدانەوە، بەهرە بە پارتەکە دەبەخشن و بەردەوام بە هێزی ئاوەزی نوێ شارژی دەکەن. ئەمەش وەک هەناسەدانێکی پاک و نوێ وایە کە بەردەوام ئۆکسجین بە سییەکانی ئەو ڕێکخراوە ببەخشێ و بە زیندوێتی و گەنجێتی و بزێوی بیهێڵێتەوە. جگە لەمەش فیکری لیبراڵ دیموکراتی کۆکلیلیشە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی نێوان پارتی سیاسی و ڕژێمی سیاسی و چین و توێژەکانی خەڵک. ئێمە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەست بە مەوداکانی نێوان چین و توێژەکانی خەڵک لەگەڵ حیزبەکان و لەگەڵ حکومەت دەکەین و، چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم دۆخەش بە بڕوای من بەکارهێنانی ئەم کۆکلیلەیە.

دەتوانین پەیوەندی نێوان خەڵک و حیزب و حکومەت لە چوارچێوەی پەیماننامەیەکدا ببینین، کە پایەکانی ئەم پەیماننامەیە تەنها سیاسی نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونیشە. بۆیە لە دۆخی ئێستای کوردستاندا وەک چۆن گەشەسەندنی ئابووری لە بەرژەوەندی بازاڕی ئازادی کوردستاندا یاسای وەبەرهێنانی کرد بە پێویستی و کاری پێدەکرێت و حکومەت و حیزبەکانیش هاندەری ئەو میتوودە ئابوورییەن "ئەگەرچی هێشتا لەسەرەتای هەنگاوەکاندایە و بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو و پێشکەوتوو نییە"، ئاواهیش گەشەسەندنی سیاسی لە بەرژەوەندی ئەو حیزبە سیاسییانەدا دەبێت کە هاندەری ئازادی فیکرن و چوارچێوەی ڕێبازی سیاسی خۆیان فراوان دەکەنەوە بە ئاراستەی لیبرالیزەکردن. ئەم ئازادکردنە پێویستییەکی دەروونیشە بۆ خەڵکی کوردستان، چونکە لە پاش قۆناخێکی دوورودرێژی ژێردەستەیی ڕژێمە داگیرکەرەکان و ستەمی سیاسی چڕ و پڕ، مرۆڤی کورد گیرۆدەی ئەو گرێیانەیە کە لە سەرچاوەی ستەمەوە سەریان هەڵداوە و، پێویستی بە ئازادکردنی دەروونیەتی و ئەم ئازادییەش لە سیستەمێکی سیاسی لیبراڵدیموکراتەوە ئاسایشی دەروونی بۆ فەراهەم دەکات. کەواتە گرەوی پێشڕەوێتی پارتێک لە ئازادکردنی مرۆڤی کوردەوە دەستەبەر دەبێت، لە ڕووی: فیکری و سیاسییەوە، کە ئەمەشیان ڕێگە بۆ ئازادی کۆمەڵایەتی و کلتووری، هەروەها ئازادی دەروونیش دەکاتەوە.

# گوانتانامۆ خاڵی ڕەشی سەر
# نێوبانگی دیموکراسی ئەمریکا



مەریوان حەمەسەعید- ئەمریکا
mariwanh@gmail.com

ڕۆژی 22 ی کانونی دووەم، تەنها دوو ڕۆژ پاش ئەوەی بووە سەرۆکی ئەمەریکا، باراک ئۆباما چەند بڕیارێکی سەرۆکایەتی دەرکرد. یەکێک لەو بڕیارانە بریتیبوو لە داخستنی گرتووخانەی گوانتانامۆ لەماوەی ساڵێکدا. بەم شێوەیە ئۆباما یەکێک لەو بەڵێنانەی جێبەجێکرد کە لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا دابووی بە دەنگدەرانی ئەمەریکی. بڕیارەکەی ئۆباما دڵی هەموو چالاکڤانانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی خۆشکرد کە ساڵانێک بوو داوای داخستنی ئەو گرتووخانەیان دەرکرد و بە پەڵەیەکی ڕەشی سەر نێوبانگی دیموکراسی ئەمەریکایان دادەنا.

نزیکەی هەشت ساڵ بەر لەو بڕیارەی ئۆباما و لە ڕۆژانی دوای هێرشەکانی 11ی ئەیلول بۆ سەر دوو بیناکەی سەنتەری بازرگانی لە نیویۆرک و بینای وەزارەتی بەرگری (پەنتاگۆن) لە واشنتۆنی پایتەخت، ئیدارەی جۆرج بوش، سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا، ڕۆژی 7ی تشرینی یەکەمی 2001 هێرشەکانی "جەنگی دژە تیرۆر"ی بۆ ڕووخاندنی تالیبان و پەرتەوازەکردنی قاعیدە لە ئەفغانستان دەستپێکرد. لە هەمانکاتدا ئیدارەی بوش بیری لە شوێنێک دەکردەوە کە گیراوەکانی شەڕی تێدا زیندانی بکات بە شێوەیەک کە هیچ مافێکی یاساییان نەبێت. ئیدارەکەی بوش نەیدەتوانی ئەو گیراوانە لە ئەمەریکادا زیندانی بکات، چونکە بەپێی دەستووری ئەمەریکا هەموو مافێکی دادگاییکردنی عادیلانەیان پێدەدرا. بۆیە ئەو شوێنەی کە بە بیری ئیدارەکەدا هات بریتیبوو لە کەنداوی گوانتانامۆ کە خاکی کوبایەو هێزی دەریایی (مارینز) ی ئەمەریکی ماوەی زیاتر لە 100 ساڵە بنکەی تێدا داناوە. هەروەها ئیدارەی بوش ناوی ئەو گیراوانەی کردە " جەنگاوەرانی دوژمن" ئەمەش لە جیاتی دەستەواژەی "زیندانیانی جەنگ"، چونکە وشەی دووەمیان چەندین مافی دەدانێ بە پێی ڕێککەوتنامەی جنێف. بەم شێوەیە ئیدارەی بوش چارەسەرێکی بە پەلەو بە ڕواڵەت باشی بۆ کێشەی ئەو گیراوانەی جەنگی ئەفغانستان و تۆمەتبارانی کاری تیرۆریستی دۆزیەوەو دەستبەجێ دەستکرا بە ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی "جەنگاوەرانی دوژمن". ڕۆژی 11ی کانوونی دووەمی ساڵی 2002 یەکەمین جەنگاوەری دوژمن، لە کابوڵی پایتەختی ئەفغانستانەوە کە نزیکەی 13 هەزار کیلۆمەتر لە گوانتانامۆوە دوورە، گەیێنرایە ئەو کەنداوە.

### کەنداوی گوانتانامۆ

ڕۆژی 1898/6/10 بەتالیۆنێکی مارینزی ئەمەریکی لە کەنارەکانی گوانتانامۆ (باشووری ڕۆژهەڵاتی کوبا) دابەزین و ئەو کەنداوەیان لە ژێر دەسەڵاتی ئیسپانییەکان دەرهێنا. ئەو کاتە شەڕی نێوان ئەمریکا و ئیسپانیا بوو. کەنداوەکە لە ژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادا مایەوەو لە ساڵی 1903دا تیۆدۆر ڕۆزەفێلت، سەرۆکی ئەو کاتی ئەمەریکا، دوورگەکەی بە بڕی ساڵانەی 2000 ووردەی ئاڵتون لە حکومەتی کوبا گرت. پاش سێ ساڵ ڕێککەوتننامە تازەکرایەوەو بڕی پارەکە کرایە 2000 دۆلار ساڵانە. ڕووبەری ئەو ناوچەیەی کە ئەمەریکا دەسەڵاتی هەیە بە سەریدا 117 کیلۆمەتر دووجایە و بنکەیەکی هێزی دەریای تێدایە. لە ساڵی 1959وە کە شۆڕشی کوبا سەرکەوت و فیدڵ کاسترۆ بووە سەرۆک، ئەو ئەمەریکاییانەی کە لە بنکەکەدا دەژین ناتوانن بڕۆنە ناو کوباوە. ساڵی 1971 لە وتارێکدا کاسترۆ وتی "ئەو بنکە سەربازییە (ی ئەمەریکا) لە وێدایە تەنها بۆ سوکایەتیکرن بە کوبا: وەک چەقۆیەکە کە چەقێنرابێتە سەر سەروەری و کەرامەتی.. بەڵام لە ڕووی سەربازییەوە بەتەواوەتی (شوێنێکی) بێکەڵکە".

ساڵی 2002 کوبا داوایکرد کە ناوچەکەی بۆ بگەڕێندرێتەوە. بەڵام کێشەی کوبا ئەوەیە کە بە ویستی ئەو نییە. لە دەقی ڕێککەوتننامەیەکی ساڵی 1934ی نێوان ئەمەریکاو کوبادا هاتووە کە دەبێت هەردوولا ڕازیبن لە کۆتاییهێنان بە گرێبەستەکە. بۆیە پێناچێت هەرگیز ئەوە ڕووبدات و ئەمەریکا ڕازی بێت کە لە کرێچێتی دەربچێت.

لە ساڵی 1959وە ساڵانە حکومەتی ئەمریکا چەکێکی بانکی بە بڕی 2000 دۆلار بۆ حکومەتی کوبا دەنێرێت، بەڵام هەرگیز حکومەتی کوبا ئەو چەکانەی لە بانک نەگۆڕیوەتەوە بە دراو.

### گرتووخانەی گوانتانامۆ

لە ساڵی 1991ەوە گرتووخانەیەک لەو کەنداوە کراوتەوە. سەرەتا گرتووخانەکە تەنها بۆ ئەو کوبییانە بوو کە لەو وڵاتە هەڵدەهاتن. گرتووخانەکە بە تەلی دڕکاوی و دیواری بەرز دەورە دراوەو بەردەوام چاودێری لەسەرە. ئەو زیندانییەی ئەوەندە خۆشبەخت بێت بتوانێت لە زیندانییەکە هەڵبێت دەبێت لە بەرزایی نزیکەی 15 مەترەوە خۆی هەڵبداتە ناو ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و نزیکەی دوو کیلۆمەتر بە مەلە بڕوات تادەگاتە سنوورەکانی کوبا. ئەمەش هەرگیز ڕوووینەداوە. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکانی هەواڵ لە ساڵی 2002ەوە تا ناوەڕاستی ساڵی دواتر نزیکەی 600 "جەنگاوەری دوژمن" لەو گرتووخانەیە زیندانیکرابوون و تەنها 10 کەسیان بە ڕەسمی تۆمەتیان ئاراستەکرابوو. لە هەمان ماوەدا 27 لەو زیندانیانە هەوڵی خۆکوشتنیان دابوو. سەرەتای ڕاپۆرتە میدیاییەکان لەسەر گوانتانامۆ لە سەرەتای ساڵی 2002دا بوو کاتێک وێنەی چەند گیراوێک لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە. گیراوەکان لەسەر ئەژنۆ دەڕۆشتن، قاچ و دەستیان بە زنجیری ئاسنین گرێدرابوو، سەریان بە توورەکە داپۆشرابوو. پاشان چەندین ڕاپۆرت بڵاوکرانەوەکە لەسەر مامەڵەی خراپ بەرامبەر بە زیندانییەکان و چەندین جۆر شێوازی ئەشکەنجەدان. هەروەها بەسەرهاتی ئەو زیندانیانە کە پاش ئازادکردنیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرا ئەوەندەیتر هانی خەڵکیاندا کە دژی بوونی ئەو گرتووخانەیەبن. لە ساڵی 2004 وە و پاش ئاشکرابوونی ڕووداوەکانی ناو گرتووخانەی ئەبو غرێب لە عێراق میدیاکانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا ئاشکرایانکرد کە هەندێ لەو شێوازی ئەشکەنجانەی کە لە ئەبو غرێبدا بەکارهێنراون لە گرتووخانەی گوانتانامۆوە هێنراوبوون.

### کاریگەری لەسەر نێوبانگی ئەمەریکا

لەو کاتەوەی کە ڕاپۆرتە میدیاییەکان باسیان لە گرتووخانەی گوانتانامۆو ئەبو غرێب کردووە، زۆر لە خەڵکانی ئەمەریکی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ گومانیان هەیە لە بانگەشەکانی ئەمەریکا کە سەرمەشقی دیموکراسی و ئازادییە لە جیهاندا. چەندین جار داوا لە ئیدارەی بوش کرا کە ئەو گرتووخانەیە دابخات چونکە کاریگەری سلبی لەسەر نێوبانگی ئەو وڵاتە هەبوو، بەڵام هەمیشە داواکان ڕەتدەکرانەوە. کاتێک ئۆباما هەڵمەتی هەڵبژاردنی دەستپێکرد بەڵێنی ئەوەی بە دەنگدەران دا کە ئەگەر هەڵبژاردن بباتەوە ئەوا گوانتانامۆ دادەخات. ئۆباما لە مەراسیمی ئیمزاکردنی بڕیارەکەدا وتی کە ئەو بڕیارە لە پێناوی زیندووکردنەوەی "ئەو بەهایانەی دەستوری ئەمەریکین کە ئەو وڵاتەیان کردووەتەوە وڵاتێکی مەزن تەنانەت لە کاتی شەڕدا و لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ تیرۆرزمیشدا". ئێستا ئیدارەی ئۆباما ماوەی نۆ مانگی ماوە تا چارەسەرێکی باشتر بۆ شوێنی گرتووەکانی گوانتانامۆ بدۆزێتەوەو وردە وردە نێوبانگی ئەمەریکا بەرزبکاتەوە لە ڕووی بانگەشەکردن بۆ دیموکراسی و ئازادی.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# لیستی پاسکیلەکەی ئەحمەد

هێشتا وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە تەواوی دیاری نەکراوە، کەچی شەڕە جنێو و سووک و ریسواکردنی یەکتری لە نێو لیستە پێشبینیکراوەکانی کوردستاندا دەستی پێکردووە. نەوشیروان مستەفا و جەوهەر نامیق، هەر یەکەیان نزیکەی پەنجا ساڵ ئەندامی دیاری حیزبەکانیان بوون و سەختترین شەڕەکانی هەردوو حیزب، ئەمان ڕۆڵی کارایان تێدا گێڕاوە، کەچی ئەمیان بە مەکتەب سیاسییەکەی خۆی دەڵێ مەجلیسی قیادەی سەورەی بەعس و ئەویان سەرکردایەتی حیزب بە قۆرخکردنی سامان و دەسەڵات تۆمەتبار دەکات. لە بەرامبەریشدا نە ینک دانی خێر بە نەوشیروان مستەفادا دەنێت و نە پدک بە جەوهەر نامیق. لەولاشەوە قادر عەزیز لە لایەن برادەرەکانی خۆیەوە تۆمەتی پارە خواردنی دراوەتە پاڵ و ئەمیش، ئەوان بە ئەنجامدانی گەمەی هەڵبژاردن تۆمەتبار دەکات. ئەمە سەرەتایە و جارێ شەڕی ڕاستەقینەی هەڵبژاردن دەستی پێنەکردووە.

لیستی کوردی، ئۆپۆزیسیۆن بێت یان دەسەڵاتدار، بێبەرنامە و بێ ستراتیژە. لیستی کوردی یان ئەوەتا حیزبێکی دەسەڵاتدارە، یان کەسێکی تووڕە و دەسەڵاتداری ناو حیزبێکی دەسەڵاتدار، دۆستی جاران و نەیاری ئێستا، یەک شت کۆیان دەکاتەوە، بێبەرنامەیی.

دیواری دیموکراتی بوونی حیزبە کوردییەکان، یەک دانە خشتی ڕاستی تێدا نییە، ینک و پدک کە بە یەک لیست دادەبەزن، هۆکارەکە ئەوە نییە تەبا و هاوستراتیژن، ئاخر چونکە کەسیان باوەڕیان بە دیموکراسی نییە، بۆیە یان بە یەک لیست دادەبەزن، یان شەڕ دەکەن. لیستی کوردی، چونکە هیچی پێ نییە خەڵکی پێهەڵخەڵەتێنێ، بۆیە باسی باشییەکانی خۆی پێناکرێت و تەنیا باسی خراپیی مونافیسەکانی دەکات. پاڵێوراوی کوردی ناڵێ من باشم، دەڵێ ئەوان بەدن.

لیستی عەمر دەربچێت یان زەید، لەوە ناچێ لە کن خەڵکی سادە و ڕەش و ڕووت بایەخی هەبێ، چاوی خەڵکی کوردستان ئێستا یەک ڕەنگ دەبینێ و چیدیکە سەوز و زەرد و شین و مۆر مانای جیاوازیی بەرنامە ناگەیێنێ، ئەزموونی کوردستان، خەڵکی تووشی ڕەنگکوێری کردووە.

لە یەکی نیساندا، ئەو کاتەی سەرانی لیستەکانی کوردستان خەریکی گاڵتە و گەپی درۆی نیسان بوون، سەعیدی پۆلیس لە بەر هەژاریی، بەڕاستی خۆی سووتاند، ئەحمەدی کوڕی سەعید، دڵی بە پاسکیلێکەوە بووە و باوکی توانای کڕینی نەبووە. من دەنگ دەدەم بە لیستی پاسکیلەکەی ئەحمەد، تا ئەو لیستەش لە کوردستاندا پەیدا دەبێت، ڕۆژانی هەموو هەڵبژاردنەکان، بۆ من دەرفەتێکن بۆ نووستن.

پەیامی ڕووداو

# ئۆباما هاتە لای کورد

ئۆباما لەنێو پەرلەمانی تورکیادا گوتی"پەندێکی تورکی هەیە دەڵێ: تۆ ناتوانی ئاگر بە بڵێسە دابمرکێنیەوە"، جگە لەوە پەیامی سەردانەکەی بۆ کوردانی باشووری کوردستانیش هێز بەخش بوو، کە تورکیای هاندا بەردەوامبێت لە پێشخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ "سەرکردە کوردە عێراقییەکان"، جگە لەوەی وەک چاودێرانی سیاسی عەرەب گوتیان ئۆباما بە سەردانە لەناکاوەکەی بۆ بەغدا ویستی فشارێک بخاتە سەر مالیکی و پێی بڵێ: ئەرکە سیاسییەکانت بەجێبگەیێنە و بۆچوون جیاوازەکان بە تەوافوق بگەیێنە یەکتر.

بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ بینینی ئۆباما، لەکاتێکدا کوردستان پێنج کێشەی لەگەڵ مالیکیدا هەیە، بەهۆی پشتگوێخستنی بنەمای تەوافوق لەلایەن مالیکییەوە، زەمینییەکی باش دروستدەکات بۆ هەڵوێستی کورد بۆ چارەسەری ئەو کێشانە. جگە لەوەی کە ئۆباما ڕاستەوخۆ خرایە بەر بەرپرسیارێتی بەجێنەهێشتنی کێشەکان لەعێراق دا، پێش کێشانەوەی هێزەکانی.

ئۆباما هات لە تورکیاوە پەیامێک بداتە جیهانی ئیسلامی بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا ئاشت ببنەوە،بەڵام لەو سەردانەیدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو کێشانەی بەسەر ئەمریکادا هاتوون، ئۆباما بایەخێکی زۆری بە کێشەی کورددا، کە بە دوو بڕگە لە پەیامەکەیدا جێگەی کردەوە. هەروەها دانیشتنی بەبەرچاوی ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیاوە لەگەڵ ئەحمەد تورکی سەرۆکی DTP کە ئەردۆغان ئامادەنییە تەوقەشی لەگەڵ بکات چونکە حیزبەکەی بە PKKی ناو شار دادەنێ زۆر واتاداربوو .

ئۆباما، ڕچەشکێنییەکی زۆری کرد لەو سەردانەیدا، کە لەبەردەم پەرلەمانی تورکیادا، بە حکومەتی تورکیای گوت خوێندنی کوردی بکەوەو، گوێ مەدە هێزە توندڕەو و شۆڤێنییەکان و، لەدوای کردنەوەی تەلەڤزیۆنی کوردیش بەردەوامبە لە سەر ریفۆرمەکان و دەرفەتدانی زیاتر بە "کوردی تورکیا".

ئەو پەیامانەی ئۆباما، کوردانی باکووری کوردستانی دڵنیاکرد ئیدارەی تازەی ئەمریکا ئەو هاوکێشەی لادا کە کوردی عێراق باشن و کوردی تورکیا خراپن، بەڵکو کێشەی ئەوانیش دەبینێ. پەیامی باشووری کوردستانیشی وەرگرت و گوتی لەبیرم نەکردوون، ئەمجارە تۆپەکە بۆ یاریکردنێکی گەرمی زانایانەی بێ پشتێن لێکردنەوە، هاتووەتەوە گۆڕەپانی کورد.

**ئاکۆ محەممەد**






# له وڵاتی ئێمەدا: قەڵەمتۆز هەرمێ ناگرێ!

حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

ئەگەر یەکێک لە مەرجەکانی شاعیربوون خەونبینین بێ بە دەوڵەتی کوردییەوە، ئەوا هەندێ لە شاعیرانی کورد دەستیان لە بنی هەمبانەوە دەردەچێ و لە شیعر دەچنەوە، چونکە وەک ئەوەی لە حەجی باوەڕدا ئەهریمەن بەردباران بکەن، بیرۆکەی دەوڵەتی کوردییان بەردباران و جنێوباران و شیعرباران و گوتارباران کردووە و بە خەونیشیان نەزانیوە، بەڵام ئێستا بەوە تۆمەتبار دەکرێن گوایە ئەو خەونە حەرام و قەدەخەیە دەبینن!

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا کتێبێکم بە ناوی (اغد و دیمقراگی وحرمان شعب حتی من حق الحلم) خوێندەوە و زۆر بە ناوەڕۆکەکەی سەرسام بووم چونکە بوێرانە بەرپەرچی کەسانێکی شۆڤێنستی عارەبی دژەکوردی تێدا درابووەوە، کە گوتبوویان: دەوڵەتی کوردی خەونی پاسارییە. بۆ من، وەک جێی داخ و ئەسەفە، جێی سەرسوڕمانیشە خاوەنی هەمان ئەو کتێبە، دوای نێزیکەی بیست ساڵ، بە هەمان بوێرییەوە، خۆی دەوڵەتی کوردی بە خەونی شاعیران بزانێ و خەونی شاعیریش نەختێ منداڵانە و چۆلەکانە و ساکارە! خەونی چۆلەکە و خەونی شاعیران، لە پێکهاتنی دەوڵەتی کوردستاندا دەبن بە یەک خەون و برایەتی کورد و عارەبیش بە شێوەی کۆنکرێتی لە لێکدانەوەی ئەو خەونەدا نەبێ ناچەسپێ و خەونی وا دەبێتە خەونی بەدحاڵیبوون و بەدڕەفتارکردنیش دژی بەهەشتی عیراقی هەمیشە خوێناوی! جێی سەرسوڕمانە کە کوردیش هەمان لێکدانەوەی عارەبی شۆڤێنی بۆ خەونی دەوڵەتی کوردی هەبێ! ئیتر بۆ برا نەبن؟!. بران، لە لێکدانەوەی خەونی پاساری و شاعیردا!

لە سەروبەندی ڕووخانی دیواری بەرلیندا، کە دواتر ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەت و پەیکەری ستالین و لینینیشی بە دوادا هات، شاوشیسکۆی جاران خەباتگێڕ و نەترس و هەژار و دژە فاشی، کاتێک بووە خاوەنی دە پانزە کۆشک و ملیۆنان دۆلار ئەوجا بووە دیکتاتۆر، گوتی: شۆڕشی ئێمە، مەگەر ئەو ڕۆژە لەناو بچێ کە داری قەڵەمتۆز هەرمێ بگرێ! بۆ سبەینێ هەمان ئەو ڕۆژە، جەماوەری بوخارست ڕژانە سەر شەقامەکان و هەر یەکەیان لقە قەڵەمتۆزێکیان بە دەستەوە بوو و هەر یەکە لەو لقانەش چەند هەرمێیەکی پێوە هەڵواسرابوون.. هەزاران چڵە قەڵەمتۆز بە هەرمێوە، بوونە لافاو و هەڕەشەی ڕاماڵینیان لە شاوشیسکۆ و ڕژێمەکەی دەکرد و جەماوەری ئەو وڵاتە هەرمێی بە قەڵەمتۆز موتوربە کرد و شاوشیسکۆش، بە خۆی و شۆڕشە خوێناوییەکەیەوە ڕاماڵدرا. قەڵەمتۆز هەرمێی گرت!

کەس بە ئێمەی نەگوتووە تا قەڵەمتۆز هەرمێ نەگرێ کوردستان نابێتە دەوڵەت تا ئێمەش هەرمێ بە چڵە قەڵەمتۆزەوە ببەستین، بەڵام جارێ دەوڵەتی کوردییان بە خەونی چۆلەکە چواندووە و جارێ بە خەونی شاعیران. ئێمەی کوردیش بۆ ئەوەی خەون بە دەوڵەتەوە ببینین و دەستبەرداری ئەو ئاواتە دێرینە نەتەوەییەی خۆمان نەبین، یان دەبێ ببین بە پاساری، یا ببین بە شاعیر. بوونە پاساری مەحاڵە، بەڵام دەشێ خەونەکانی عەبدوڵا پەشێو، بە دۆنادۆن بگوازینەوە ناو خەونی خۆمان، ئەگەر نا، با هەموومان ببین بە شاعیر. من بەش بە حاڵی خۆم، لە پێناوی ئەو خەونەدا، بۆ بوونە شاعیر لە سەر پێم، ئەگەرچی دوانەفەری لیستی شاعیرانیش بم.. لە بری ئەوەی هەرمێ بە چڵە قەڵەمتۆزەوە ببەستم، دەبم بە شاعیر و خەون دەبینم.

لە وڵاتی ئێمەدا، شاعیر وەک چۆلەکە بەستەزمانە و تەنها مافی خەونبینینی هەیە. بەدبەختە ئەو شاعیرە دەوڵەمەندەیە کە دڵی بەوە خۆشە مافی خەونبینینی پێدەدرێ و وەک نەفەرەکانی ناو ڕۆمانی 1984ی جۆرج ئۆروێل،خەونەکانی چاودێری ناکرێن. بەدبەخت ئەو میللەتەیە کە تاجی سەروەری دەخاتە بان سەری ئەو شاعیرەی بەو تۆزە مافە ڕازییە.

خاوەنی ئەو لێکدانەوەیە نەترسە، چونکە لە هەڵوێستی ملیۆنان خەڵکی کوردستان بێ منەتە و لەوە ناسڵەمێتەوە سەرجەمی میللەتێکی لێ ببن بە شاعیر، نەترسە چونکە ناڵێ: دەوڵەت مافی خۆمانە، بەڵام تەبیعەتمان نایبا و نامانەوێ!

ئەم لێکدانەوە و هەڵوێستانە، لە ناو هەر میللەتێکی دیکەی ئەم جیهانە بوونایە، قەڵەمتۆز هەرمێی دەگرت و کەس ئەو مافەی بە خۆی نەدەدا ئاوها لە بری میللەتێک بدوێ، بەڵام ئێمەی کوردی فێرە کۆیلایەتی و موالێتی، هەموو شتێکمان قەبووڵە، لە خیانەت و فایلدارێتی و (عافوات)ەوە بگرە تا بازرگانیکردن بە ئافرەتی کوردەوە. ئەو میللەتەی لە ڕاپرسیدا، لە سەدا نەوەت زیاتری دەنگی بۆ سەربەخۆیی دا، هەر خۆیەتی قەبووڵ دەکا سەربەخۆیی خەونی چۆلەکە و شاعیران بێ. ئەو میللەتەی شۆڕشێکی بە دەیان هەزار شەهیدەوە لە پێناوی کەرکووکدا دۆڕاند، هەر خۆیەتی کەرکووک دەخاتە سەر مێزی قوماری 140ەوە و گومانی کوردستانیبوونی دەخاتە سەر. ئەو میللەتەی دەیان و سەدان هەزاری لێ ئەنفال کرا، هەر خۆیەتی بەرگری لە ئەنفالچی و جەللادی خۆی دەکا و کوڕی خۆی بۆیان دەکاتە بۆدیگارد و هەر خۆیەتی دەبێتە دەڵاڵی پێکەوە لکاندنی پارچەکانی عیراق!

ئەو خەسڵەتانە، تەنها لە میللەتێکی کۆیلەدا پێکەوە هەڵدەکەن، بێ ئەوەی بە کۆیلایەتی خۆی بزانێ، دەنا میللەتی ئازادیخواز خەسڵەتەکانی دیارن و ئیرادەیان وا دەکا قەڵەمتۆز هەرمێ بگرێ. ئەوەش لە کوردستاندا لە کەسەوە دیار نییە! تەنها ئەو کوردانەش لە دەروون و ناخ و ڕۆحدا ئازادن، کە هەست بە کۆیلایەتی خۆیان دەکەن و کار بۆ ئازادی نەتەوەکەیان دەکەن. جا شاعیر بێ یان چۆلەکە!



# به تەمای وەزارەت نەبن

هاوڕێ باخەوان- هۆڵەندا
hawreh@bakhawan.com

بە ڕێنووس دەستپێدەکەم و ناچمە گێژاووی ئەو زمانەی کە من و تۆ و ئەو پێی دەنووسین، چونکە ئەگەر ئەو سەرباسەم ڕاست بێت، ئەوا چەند نووسەر هەیە، هێندە زمانی نووسینیش هەیە!. دیارە مەبەستم بەلایەنی کەمەوە کورد و نووسینی کوردییە.

پێش هەرشتێک من زمانزان و پسپۆری ڕێنووس نیم، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێت تێبینیم لەسەر ئەو دیاردە سەیرانەی ناو نووسینە کوردییەکان نەبێت، بەتایبەتیش لە باری ڕێنووسەوە.

لە هەفتاکاندا ئەو چەند ژمارەی گۆڤارەی کۆڕی زانیاریی کورد یەکێکبوون لە باشترین دەستکەوتەکانی گفتوگۆی کورد و بەعس. لەو گۆڤارانەدا کەم و زۆر باسی ڕێنووسی کوردی دەکرا. ئەوانە بەڕاستی زۆر بەسوود بوون. لە هەشتاکانیشدا، چونکە باسی سیاسەت و گەندەڵی لە بڵاوکراوە کوردییەکاندا ڕێگای پێنەدەدرا، هەریەک لە وێژە و بابەتی زمانەوانی بەشی شێریان هەبوو. زۆرجار لەسەر (یایەکی مراوی) بگرە و بێنەیەکی زۆر دروست دەبوو.

ئێستا ئەوەی باسی نەکرێت ڕێنووسی زمانی کوردییە، ئەو ڕێسایانەش کە کاتی خۆی کۆڕی زانیاریی کورد داینان، هەموویان چوونەوە و کەس بەگوێیان ناکات. زۆری گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکانیش بووە هۆی زۆری نووسین و نووسەران، ئەوانیش هەریەک بەئارەزووی خۆی ڕێنووسی تایبەت بەخۆیان دادەهێنن، بەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیەک ببێت و کەسێک گوێ بە ڕێساکانی نووسین بدات. بارەکە لە دوای ڕاپەڕین هێندە ئالۆزبوو، زانای ڕەوانشاد مەسعود محەممەد دەیگوت :کورد لەسەر هەموو شتێک ڕێکبکەون لەسەر ڕێنووس ڕێکناکەون.

ئێمەی نووسەر وەکو گوێ بە ڕێساکانی ڕێنووسی کوردی نادەین، دیارە ئەگەر هەبن!، ئەوا ڕێسا گشتی و نێودەوڵەتییەکانیشمان پشتگوێخستووە. بۆ نموونە نووسینی واهیت بەرچاو دەکەوێت دەڵێی بیردۆزێکی ماتماتیکییە، ئەوەندە کەوانە و هێماکانی وەک }»«#[]<>%+= ی تێدا بەکارهێنراوە!. ئەمە لە کاتێکدا بەپێی ڕێسا گشتییەکان، لە نووسینە ئاساییەکاندا دەبێت تەنها کەوانەی لە جۆری (...) بەکاربهێنرێت.

کەم نووسین هەیە لە باری ڕێنووسەوە نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان و کەوانەی بەدرووستی تێدا بەکارهاتبێت. زۆرینەی ئەو نووسینانە هێمای "سپەیس" واتە پیتی بەتاڵ دەخەنە پێشیانەوە، کە ئەمە بەتایبەتی بۆ تێکستە دیجیتاڵەکان نابێت و زۆرجار ئەو هێمایانە لە وشەکان جوودا دەبنەوە و بەتەنها دەکەونە سەری دێڕ، کە دیارە ئەمە خواستی نووسەر نییە و هیچ سەری دێڕێکیش بە هێماکانی نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان و کەوانەی داخراو دەستپێناکات!.

کێشەیەکی دیکەی ناو نووسینە کوردییەکان پیتی (واو)ە. ئەم پیتە زۆر جار کە وەک ئامرازی پەیوەندی بەکاردێت، بەهەمان شێوە بە واتای (واو)ی عەرەبی بەکاردێت! کە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. واتە دەنووسێنرێت بەدوای ئەو وشەیەی کە لەپێشییەوەیەتی. پیتی (واو) لە کوردیدا جگە لەوەی ئامرازی پەیوەندییە، دەکرێت وەک وشەیەکی سەربەخۆش وەک هاوواتایەک بۆ وشەی "لەگەڵ" بەکاربهێنرێت، هەربۆیە دەبێت ئەو تیپە کە کەوتە نێوان دوو وشەوە بەتەنیا و سپەیسێک لە پێشییەوە و سپەیسێک لەدوایەوە بنووسرێت.

ئەگەرچی ڕێسای ڕێنووسەکان دەبووایە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە دابنرانایە! بەڵام ئەگەر ئەو وەزارەتە بۆ ماوەی هەژدە دانە ساڵ نەیتوانیبێت فۆنتێکی کوردیی یەکگرتوو دروستبکات!، چۆن دەتوانێت گرنگی بە ڕێنووسی کوردی بدات. کۆڕی زانیارییش هەر هیچ کە ئێستا بووەتە ئەکادیمیا و، هەر دەنگی نییە.

هیوادارم نووسەران باشتر خەریکی ڕێنووس و دیکتەی نووسینەکانیان بن و بەهیوای وەزارەتە ساوا تەمەن هەژدەساڵییەکەی ڕۆشنبیری نەبن.



# کورد هێشتا هەر لەسەر سنوور سەرکەوتووە

مستەفا شەفیق
gare2005@hotmail.de

هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق لە 2009/1/31 و شارەوانییەکانی تورکیا لە 2009/3/29 دا بۆ کورد زۆر بایەخدارن. بەڵام لەو دوو هەڵبژاردنەدا لەسەر خاڵێک دەوەستم، کە وەکو دەرەنجامێکی ئەم هەڵبژاردنانە دەرکەوت و بۆ داهاتووی کورد و دیموکراسی ئەم وڵاتانەش زۆر گرنگە . ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی نەخشەی ئەم هەڵبژاردنانە لە کوردستان بێنینە بەرچاو بۆ کورد دوو ناوچەی جیاواز لە رووی هێز و کاریگەری بە ئاشکرا دیارن . لە باکوور و باشووری کوردستان دوای ئەو دوو هەڵبژاردنە ئەو ڕاستییەی بەئاشکرا دەرکەوت ئەوەیە: لەو ناوچانەی کوردستان کە ڕێژەی دانیشتوانی کورد زۆرەو لە سنووری پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە نزیکن و نەتەوەو کەمەنەتەوەی دیکەی کەمن، هێزی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانیان تێدا لاوازبووەو تا راددەیەکی زۆر ئیرادەیەکی کوردی لەم دەڤەرانەدا خۆی نیشاندەدات. واتە لەم دەڤەرانەدا کورد بوونەتە خاوەن هێز. هەرچی ئەو ناوچانەن کە تێکەڵاون و وێڕای کورد کەمە نەتەوەی دیکە بە ڕێژەیەکی بەرچاو لەگەل کورد دەژین، هێشتان بوونی کورد لە مەترسیدایەو تەنانەت لە کەشوهەوای دیموکراسیشدا کورد نەیتوانی لەم دەڤەرانەدا کاریگەریەکی بەهێز نیشانبدات.

مسۆگەر سیاسەتی عەرەباندن و تورکاندن کە لە رابردوو دژی کورد بەکارهاتووە، هەروەها هەندێک هەستیاری سیاسی لە هەندێک دەڤەری وەکو کەرکوک،کاریگەریان هەبووە لە پەیدابوونی جۆرە ئەنجامێک. بەڵام بەدەر لەهەموو هەلومەرجە بابەتی و کاریگەرییە دەرەکییەکان زۆر گرنگە کورد بزانێت کە باری خودی کورد خالی هەرە سەرەکییە بۆ بەدەستهاتنی ئەم دەرەنجامە نەرێنییە. چ لە ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان و شارە گرنگەکانی وەکو موسڵ، بەغداو دیالە،چ لە شارەکانی باکووری کوردستان وەکو عەنتاب، ئادیەمان، مەرەش، ئەلعەزیز،تەنانەت ماردین و ئاگریش کە بە زۆری لەم شارانەدا، کەمەنەتەوەی دیکەی وەکو تورک،عەرەب،تورکمان، ئازەری و ئاشووری لەگەڵ کورددا دەژین. کورد نەیتوانی هەبوونی خۆی بەباشی نیشانبدات، بەتایبەتی لەوناوچانەی باسمانکردن لە باکووری کوردستان. بۆ نموونە لە شارێکی تورکی وەکو مێرسین کورد تووانی ئەنجامی باش بەدەستبێنێت،بەڵام لە مەرعەش و ئەلعەزیز،کە شاری کوردستانن کورد هیچ ئەنجامیکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. ئەرێ دەتوانین لێرەدا هەڵوێستە دژەکان بە هۆکارو ئەگەری سەرەکی ئەم دەرەنجامانە نیشانبدەین؟

هەندێ سەرکەوتن و دەستکەوت بەدەستهاتوون، بەڵام ئەو دەرەنجامانە بۆ دیموکراسی کوردستان و چارەنووسی نەتەوەی کورد دەرەنجامی خراپن و، دیاریدەکات کە هێزە سیاسییە کوردییەکان بە شێوەیەکی گشتی لە رەوشێکی خۆپاراستنی نەرێنی خراپدان. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هیشتا بڕوای کورد بەسەرکەوتنی خۆی لاوازە. هەرچییەک بۆ کورد مسۆگەربێت بەوە بەس دەکات و ناتوانێت بە گوێرەی ستراتیژێکی دیار بۆ دەسکەوتە نەتەوەییەکانی کاربکات . لەلایەکی دیکەوە هێشتا دیموکراسی و کوردستانیبوون بەڕاستی لە فەرهەنگی سیاسی کورددا روون نەبووەتەوە. لە کوردستاندا جگە لە کورد کۆمەڵێک کەمە نەتەوەی دیکەش هەن و هاووڵاتی کوردستانن، لە رابردوودا بەشێکی زۆری کەمە نەتەوەکان ئەگەر لەسەنگەری دوژمنیشدا نەبووبن، پشتیوانی کوردیش نەبوون. دەرفەتی ئەوەش نەبوو کورد ئەم ڕاستییە بگۆڕێت، بەڵام ئەمڕۆ دەرفەتی تەواو رەخساوە کە کورد نموونەیەکی باشی پێکەوە ژیان نیشانبدات. بەڵام لە نموونەی مووسڵ و هەروەها ئاگری و عەنتابیشدا دیاربووکە کورد هیچ هونەرێکی نییە لەم مەیدانەدا. بۆیە بۆ باکووری کوردستانیش دەکرێت بوترێت،نابێ خۆ بخەلەتێنین و بڵێین دوژمن دەرفەت نادات، یان شەڕی تایبەت بە هێزە. ئەمانە هەمووی بەهانەن و خۆلادانە لە راستی. سیاسەتڤانانی کورد ناخوازن خۆ لە زەمینەی سەخت بدەن. بێگومان گۆڕینی رووی تورکمانەکان، یان ئازەری و ئاشوورییەکان لە ئەنقەرەو بەغدا بەرەو کوردستان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەرکێکە دەبێ کورد بەجێی بگەیێنێت. مۆدیلێکی پێکەوە ژیان بۆ هەموو لایەک پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە، ئەم ئەرکە بەپلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی کورد. ئەگەر کورد لەم ئەرکەیدا سەرنەکەوێت، هەمیشە بۆشاییەک لە سیاسەتی کورددا دەمێنێتەوە کە زەمینەیەکی مەترسیدارە بۆ دەستتێوەردانی دەرەکی.



# سلێمانی کوڕ دەبارێنێ

**ڕووداو-سلێمانی**

لەشاری سلێمانی ڕێژەی لەدایکبوونی کوڕان لە هەڵشکاندایە و بەپێی ئاماری نەخۆشخانەی لەدایکبوونی سلێمانیش لە ماوەی 2 ساڵ و سێ مانگی ڕابردوودا 15859 منداڵی کوڕ و 15126 منداڵی کچ لەدایکبوون، هەر لە هەمان ماوەدا 4 منداڵی نێرەمووک لەدایکبوون.

جوان ئیحسان، مامۆستای زانکۆی سلێمانی، زیادبوونی ڕێژەی کوڕان بەشتێکی ئاسایی دەزانێ و لەو باوەڕەدا نییە ببێتە کێشە، ئەو گوتی "زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان لەکوردستاندا بەو جۆرە نییە کە ناهاوسەنگی لەنێوان ڕەگەزەکاندا دروست بکات، کوڕ زیاد دەبێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ڕێژەی مردن کەمببێتەوە". بەڵام مەلا عەبدوڵڵا، کە بەکالۆریۆسی لەشەریعەت و ئادابی عەرەبیدا هەیە، زیادبوونی ڕێژەی کوڕ بەحاڵەتێکی باش وەسفدەکات و دەڵێت "زۆرباشە ڕێژەی کوڕ زیاد ببێت بۆ ئەوەی پرۆسەی هاوسەرگیری لەکوردستان زیاتربێ و کچان دووچاری قەیرەیی نەبن".



# جگەرە بکێشن گۆرانی ناڵێم

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی پۆپی ئەمریکایی بریتنی سپیرز، بۆ ماوەی نیوکاژێر ئاهەنگێکی خۆی لە شاری فانکۆفەری کەنەدی بەهۆی جگەرەکێشان ڕاگرت. ڕۆژنامەی "پرۆڤینس"ی ئەمریکایی بڵاوی کردەوە، کە سپیرز هەستی بە سوکایەتی پێکردن کردووە، کاتێک بینیویەتی چەند کەسێک لە نزیک سەکۆی ئاهەنگەکە جگەرەیان کێشاوە، هەر بەهۆی ئەم جگەرەکێشانەش هەوای هۆڵەکە پەنگی خواردووە، چەند ژەنیارێکی هاوکاری هەناسەیان تەنگبووە و خۆیان لە ئاهەنگەکە کێشاوەتەوە چوونەتە دەرەوەی هۆڵەکە، دوای نیو کاژێر گەڕاونەتەوە، لە بەرامبەر وەستانی ئاهەنگەکەش سپیرز بریتنی لە سایتەکەی خۆی داوای لێبوردنی لە ئامادەبووان کرد.



# هارون و سۆران کارلێکیان هەبوو

**ڕووداو-سۆران**

دوای نمایشکردنی شانۆگەری هارون لە سۆران دەرهێنەری شانۆگەرییەکە خۆشحاڵی بە نمایشکردنی لەم شارە دەربڕی و، بەیەکێک لە نمایشە سەرکەوتووەکانی لەقەڵەمدا و گوتی" کارلێکی بینەرانی شانۆگەرییەکە بۆ سەرکەوتنی نمایشەکە زۆر گرنگ بوو، کە ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی بینەرانی سۆرانە لە زمانی شانۆ". هەر لەبارەی ئەم شانۆگەرییە شانۆکاری ناسراو تەها خەلیل بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاندو گوتی" کارلێکی گەورەی بینەران لەگەڵ نێوەڕۆکی شانۆگەرییەکە هاندەرێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، کە ئەم شانۆگەرییە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ئەنجامبدەین، ئەمەش مانای بەرزی ئاستی هۆشیاری خەڵکی سۆرانە". شانۆگەرییەکە لە هارون لە دەقێکی حەمەموکی وەرگیراوە و لە لایەن تیپی نواندنی دەزگای ڕاگەیاندنی خاک کراوەتە شانۆگەری.


Rûdaw

Rûdaw read ... know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای ڕووداو

سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

نوێنەری ئەورووپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

دیزاین : عەبدوڵڵا ڕەفیق- بەختیار مستەفا- ڤیان سلێمان

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997

ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوسی Tel: 0750 488 5696

rudaw@rudaw.net www.rudaw.net


## ساڵانە 40 ملیۆن دۆلار لە کوردستانەوە دەچێتە سعودیە

# لە کەعبە بۆنی گۆرەوی لە جیاتی بۆنی هەڵاڵان دێت

**ڕووداو-هەولێر**

چەند حەملەدارێکی عومرە لە هەولێر دەستی زیارەتکارانی مەزارەکانی مەککە و مەدینە دەبڕن و پارەیەکی زیاتریان لەو پارەیە لێوەردەگرن، کە وەزارەتی ئەوقاف دیاریکردووە.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند، کە چەند حەملەدارێکی عومرە لەجیاتی 950دۆلار بڕە پارەیەکی زیاتریان لەو خەڵکە وەرگرتووە، کە بە نیازن بچنە عومرە، تەنانەت لە هەندێ زیارەتکار بڕی 1400تا1600دۆلار وەرگیراوە.

مەریوان نەقشبەندی ڕوونیکردەوە، کە کاروانی عومرە لە 25 ئەم مانگە بۆ سعودیە وەڕێدەکەوێ، چەند حەملەدارێک بەوهۆیەوە سزا دراون، چونکە پارەی زیاتریان لە زیارەتکاران وەرگرتووە.

لەبارەی بڕی ئەو پارەیەش کە ساڵانە لە وەرزەکانی حەج و عومرەدا دەچێتە سعودیە بەڕێوبەری ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە، کە خەرجی ساڵانەی کاروانی حەج و عومرە لە کوردستانەوە بۆ سعودیە خۆی لە 40 ملیۆن دۆلار دەدات.

بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی ئەوقاف هۆشداریدایە زیارەتکار و حاجیانی کوردستان کە لێرەو لە سعویە وریای خۆیان بن دەستیان نەبڕن، چونکە دیاردەی دزی لەدەوروبەری مەزارەکان زۆر باوە.

خودی مەریوان نەقشبەندی کە تا ئێستا 7جار مۆبایلەکەی لە حەج لێ دزراوە، لەمبارەیەوە گوتی" ئەمساڵ 58حاجی کورد دزیان لێکرا، زۆربەی ئەو دزیانەش لە دەوروبەری کەعبە ڕوویاندا".

نەقشبەندی دواتر هاتە سەر دیاردەی پێڵاو دزین، کە دیاردەیەکی زۆر باوە، هەر بەهۆی ئەم دیاردەشەوە نیوەی حاجیان لەکاتی خولانەوە بەدەوری کەعبە و ڕەجمی شەیتان پێڵاوەکانیان دەخەنە ناو عەلاگەیەک و بۆنی گۆرەوی و پێڵاو لەو ناوە مێشکی مرۆڤ دەبات.

بەپێی قسەی بەرێوبەری پۆلیسی مەزارەکانی سعودیە، ساڵی ڕابردوو لەکاتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی حەج 27هەزار پۆلیس چاودێری دۆخی ئەمنی حاجیانیان کرد، بەڵام هێشتا دیاردەی دزی کۆنترۆل نەکرا، تێکڕای دزین و گیرفان بڕین لە ڕۆژێکدا 10حاڵەت بوو. ئەو زانیاریانەش لە ڕۆژنامەکانی سعودیە بڵاوکرانەوە.

سەرچاوەکانی پۆلیس ئاماژە بۆ بوونی تۆڕی دزی و گیرفان بڕین دەکەن، کە زۆربەیان سۆماڵی و سودانین. لە شێوەی تۆڕ ئەو کارانە ئەنجامدەدەن. بەڕێوبەری ڕاگەیاندنی ئەوقاف ڕوونیکردەوە، کە جارێکیان بەبەرچاوی ئەوان کەسێک خۆی لە جانتایەک کردووە و ڕایکردووە بەڵام حاجیانی کورد دوای کەوتوون و لێیان ستاندووەتەوەو بۆ خاوەنەکەیان گەڕاندووەتەوە.



مەریوان نەقشبەندی لەگەڵ چەند حاجییەکی کوردستان لە سعودیە

# سەری ڕەمزی بە150 هەزار دۆلارە

**ڕووداو-دهۆک**

هاووڵاتییەکی شاری دهۆک لەلایەن گرووپێکی توندڕەو لە شاری بەغدا ڕفێندراوەو لەبەرامبەر ئازادکردنیدا داوای یەک ملیۆن دۆلاریان لە کەسوکاری دەکرد، بەڵام دواتر هاتنە خوارەوە بۆ 500هەزار دۆلار.

ئەو هاووڵاتییە کە ناوی ڕەمزی ئیبراهیم، لە پێشەنگەیەکی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل کار دەکات و بە کارێکی تایبەتی خۆی سەردانی بەغدای کردووە، بەڵام لەوێ کەوتووەتە دەست گرووپێکی چەکدارەوە. کەسێکی نزیک لە بنەماڵەی ڕەمزی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەوان ئاگادار نەبوون کە ڕەمزی سەفەری بەغدای کردووە، تاوەکو لەناکاو کەسێک بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردوون، کە ڕەمزی لەلای گرووپێک دەستبەسەرە "ئەو کەسەی پەیوەندیکرد بە زمانی عەرەبی قسەی دەکردو گوتی: ئەگەر ئەو پارەی ئێمە داوای دەکەین بۆمان نەهێنن، ئیدی چیتر پرسیاری ڕەمزی مەکەن". بۆ ڕزگارکردنی گیانی ڕەمزی لەمەترسی، کەسوکارەکەی کەوتنە کۆکردنەوەی پارە و دواتر گروپەکەیان بە 150هەزار دۆلار ڕازی کرد و ڕۆژی 2009/4/11 ئازادکرا.



# لە ئێران دەستیان بۆ هێنام



**ڕووداو-هەولێر**

ئیدیت بوڤیە، ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی و پەیامنێری ڕادیۆی نیشتمانی فەرەنسا، کە پەخشەکەی دەگاتە زۆربەی وڵاتانی جیهان. بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەڤانی، بەتایبەتیش لەبارەی حاڵەتەکانی سو و تا ن هاتووەتە کوردستان.

ئیدیت بە شایکردنی کوڕوکچانی کوردسەرسامە، کە لە سەر هێڵی یەک بازنە دەسوڕێنەوە و دەڵێ "هەندێ لە کوڕ و کچانی کوردستان زۆر جوانن". ئیدیت دەڵێ جوانترین داوونەریتی کوردستان ئەوەیە "خەڵکەکەی لەگەڵ خەڵکی بیانی زۆر باشن و یارمەتیدەرن و بەردەوام ئامادەن خزمەتت بکەن، بە پێچەوانەی فەرەنسا، لەلای ئێمە ئەگەر ونیش ببیت کەس یارمەتیت نادات". پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئێرەشی پێ جوانە، کە بەم شێوەیە پتەوەو لە فەرەنسا کاتی پێویست بۆ پەیوەندی هاوڕێیەتی و خزمایەتی نییە.

ئەو ڕۆژنامەنووسە چەندین وڵات گەڕاوە و سەردانی ئێرانیشی کردووە، لە بارەی جیاوازی نێوان پیاوانی ئێران و کوردستان دەڵێ" لەئێران چەند جارێک پیاوان دەستیان بۆ هێناوم، بەڵام لێرە هیچ ڕووداوێکی لەو شێوەیەم بەسەر نەهاتووە، بەوردیش سەرنجی پیاوانی ئێرەم نەداوە، چونکە بۆیفرێندی خۆم هەیە". بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە "پیاوەکان لە هەولێر زیاتر لە سلێمانی تەماشای ئافرەتان دەکەن". ئیدیت پێیوایە سەنیگال و باشووری ئەفریقیای لە کوردستان پێشکەوتووترن.

ئیدیت دەڵێ نرخی هۆتێل لە کوردستان لە نرخی هۆتێلەکانی فەرەنسا گرانترە و گوتیشی" تاکە کێشەی من لە کوردستان ئەوەیە کە دەمەوێت هەندێ دیاری بۆ هاوڕێکانم بەرمەوە بەتایبەتی زێروزیو، بەڵام ئەوەندە زێڕ و زیوی لێ نییە".

# لەبازاڕ کاری کەسوکاری شەهیدان دەکەن

**ڕاوی‌یار هەورامی**

**ڕووداو—خورماڵ**

ماوەی ساڵێکە لقی خورماڵی کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیایی، بەهۆی بێ پارەیی بێ شوێنن کارەکانیان لە کووچەکۆڵانەکان دەکەن بەرپرسی لقەکەش دەڵێ "لەبازاڕ و شوێنە گشتییەکان مامەڵەی کەسوکاری شەهیدان وەردەگرین و ئیشەکانیان بۆ جێبەجێدەکەین".

جەلیل عەزیز، لێپرسراوی لقی خورماڵی کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیایی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، نەک تەنیا پارەی کرێی خانوو، بگرە هیچ بودجەیەکیشمان نییە بۆ هەڵسوڕاندنی کارەکانی ئەو لقەو ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کەسوکاری شەهیدانی کیمیابارانیش لەناوچەکەماندا هەن.

ئاراس عابید، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیان لەوبارەیەوە گوتی "داخستنی لقی خورماڵی کۆمەڵەکەمان تەنها بەهۆی نەبوونی پارەی کرێی خانوو و بەڕێوەبردنی لقەکەوەیەو ئێمەش تەنیا یەک ملیۆن و 500هەزار دینارمان هەیە، کەهەر بەشی کرێی خانووی کۆمەڵەکەمان دەکات لەهەڵەبجە". ئاراس عابید ڕاشیگەیاند، کەتاوەکو ئێستا هیچ ڕێکخراوێکی ناحکومی هاوکاری نەکردوون و لەبەرنامەیاندایە سەردانی وەزارەتی ناوخۆ بکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

کۆمەڵەی قوربانیانی چەکی کیمیایی لەساڵی 1992 لەهەڵەبجەی شەهید وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی خۆبەخش لەسەر دەستی کەسوکاری شەهیدانی هەڵەبجە پێکهات و لەساڵی 2003لقی خورماڵیش کرایەوە. جەلیل عەزیز، بەرپرسی لقی خورماڵی کۆمەڵەکە کە لە خێزانەکەیدا خاوەنی 16شەهیدی کیمیابارانە وتی" داواکارین لە حکومەت هیچ نەبێت مانگانە کرێی خانوویەکمان بۆ دابین بکات، بۆ ئەوەی ئیشی کەسوکاری شەهیدان بەڕێوە ببەین".

# لە ڕێورەسمێکدا 5 دابەشی 6 کرا



**ڕووداو-سلێمانی**

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو خەڵاتی برایم ئەحمەد پێشکێشی شەش کەسی بەهرەمەند کرا، کە لەسەرەتادا هەر بۆ پێنج کەس تەرخانکرابوو، لەمبارەیەوە ئاکۆ غەریب بەرپرسی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند و گوتی" سێ ساڵە ژمارەی وەرگرانی خەڵاتەکەمان کردووەتە شەش کەس، کە دواهەمینیان خەڵاتە بۆ کارمەندی نموونەیی، ئەمساڵ خەڵاتی نموونەیی زیادکراومان دایە کارمەندێکی ڕەگەزنامە، کەبەڕێوەبەری ڕەگەزنامەی سلێمانییەو هاوڵاتیان دەڵێن کاروبارەکان لەو فەرمانگەیە زۆر بەباشی بەڕێوەدەبات".

لەبارەی نرخی دارایی خەڵاتەکەش ئاکۆ غەریب گوتی" هەرخەڵاتێک بڕی پێنج هەزار دۆلارە لەگەڵ مەدالیایەکی ئاڵتونی، کە مەدالیاکەش بایی دوو هەزار دۆلارە و ڕێکخراوی ئیبراهیم ئەحمەد لە بەریتانیا دابینی دەکات و ئێمەش وەک ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک هاوکاری ڕێکخراوی ناوبراوین بۆ هەڵسوڕاندنی مەراسیمەکانی ڕێزلێنان".

یەک لە خەڵاتەکان ئەمساڵ پێشکەش بە شاکر خەسباک کرا، کە نووسەرێکی دیاری عەرەبی عێراقییەو لەبنەڕەتدا خەڵکی شاری حیللەیە و لەیەمەن دادەنیشێت و خۆی نەیتوانی بەهۆی هەندێک گیروگرفتی بێتە ڕێورەسمەکەی سلێمانی، بۆیە کەسێکی نارد خەڵاتەکە وەربگرێت. کاتێک خەڵاتەکەی پێدرا، پارەکەی دانایەوەو وتی خەسباک وتویەتی ئەو پارەیە بدرێتە ڕێکخراوێکی خێرخوازی کەخزمەتی کەسوکاری شەهیدان یان منداڵان بکات. گوتیشی خەسباک وەسیەتیکردووە دوای مردنی لە سلێمانی بنێژرێ.



# کاک قادر ببینە و گوێ لە ئوم کەلسوم بگرە

**ڕووداو- هەولێر**

تەلەڤزیۆنی KNN لە یەک کاتتدا بە چوار شێوە پەخشی هەواڵەکانی دەکات و بینەرێکی ئەم تەلەڤزیۆنە گوتی، شەوی 11لەسەر12ی ئەم مانگەی تەلەڤزیۆنەکە بۆ ماوەی دووکاژێر دیمەنی ڕووداوەکانی کوردستانی نیشاندا، بەڵام دەنگی پەخشەکە چەند گۆرانییەکی عەرەبی بوو، هەروەها چەند جارێک وێنەی قادر عەزیزی بە دەنگی گۆرانییەکانی ئوم کەلسوم نیشانداوە.

لەمبارەیەوە کوردە حەسەن بەڕێوبەری تەلەڤزیۆنی KNNکۆمپانیای وشە و خاوەنی ڕادیۆی نەوا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کە ئەم حاڵەتە ئاساییە، چونکە لە یەککاتتدا بە چوار جۆر دەنگ لەسەر ئەم کەناڵە پەخش دەکرێ، کە بریتین لە هەردوو شێوە زاری سۆرانی و کرمانجی لەگەڵ پەخشی هەردوو ڕادیۆی نەوا بە زمانی کوردی و عەرەبی.

لەبارەی ئەم تەکنیکە نوێیە کوردە حەسەن گوتی"لەسەر ئاستی عێراق کەناڵی KNN تاکە کەناڵە ئەم تەکنیکە بەکاربێنێت، چەند کەناڵێکی جیهانی وەک EURONEWSیش بەکاری دێنن".

وەک لە قسەکانی بەڕێوبەری تەلەڤزیۆنیKNNی دەرکەوت ئەو بینەرەی کە دیمەنی قادر عەزیز و دەنگی ئوم کەلسومی بەیەکەوە بینیوە، چوارەم دەنگی هەڵبژاردووە، کە پەخشی عەرەبی ڕادیۆی نەوای عەرەبی بووە.

لەبارەی پەخشی عەرەبی ڕادیۆی نەواش کوردە گوتی" لەسەر ئاستی عێراق ڕادیۆیەکی ناسراوە و بە پێی ڕاپرسییەکی ڕێکخراوی Reachلە بەغدا پەخشی عەرەبی ڕادیۆی نەوا بەزمانی عەرەبی بە باشترین ڕادیۆی عێراقی دەرچووە، بێ ئەوەی بزانن کە پەخشەکەی لە کوردستانە".


